وەرچەرخانی مەزن

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: ئەمڕۆ توانستی یەکێتی گەلان ـ لەسەر بنچینەکانی یەکسانی و ئازادی ـ دەخولقێ کە لەلایەن ئێوەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە. لەم رووەوە بەدرێژایی ژیانی شەست ساڵەی تێکۆشانی کۆمۆنیستانەتان زۆرتان ووت و لە بەشداربوونتان لەشەڕی گەریلایی (پارتیزانی) لەسەربنەمایەکی ئەنتەرناسیۆنالیستی زۆر پێش ئێمە کەوتن، تۆ لەشەڕی ناوخۆی یۆناندا گەریلایەکی بەرچاو بوویت. بەر لەوەش پەیوەندیتان بەریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکاوە کردبوو. هەروەها لەنێوان ساڵانی 1940 ـ 1950دا ئەندامێکی چالاکی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بوویت و تا پلەی سەرکردایەتی ـ ئەندامێتی لە کۆمیتەی ناوەندی ـ هەڵکشان. لەنێوان 1950 ـ 1960دا لەو شاڵاوە رەشبگیرییە بەرفراوانەی کە گشت تورکیای گرتەوە ئێوەش دەستگیرکران، هەروەها رۆڵی کاریگەرانەشتان هەبوو لە گەشەپێدانی چەپ و جووڵانەوەی گەلێری و تێکۆشان و هەڵکشانەکانی لاوە شۆڕشگێڕەکان لەنێوان 1960 ـ 1970. لەئاکامی ئەمانەشدا بوونە ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتداران. ئەو تێکۆشانەتان تا ساڵانی 1970 ـ 1980ش بەردەوام بوو. پاشان گەڕانەوە بۆ تاراوگە، ئەو کاتەش رشتبوون لەسەر هەڵوێستی بەپرەنسیپیانە، کە پێیەوە دەناسرێن. ئەمەش لەمیانەی رووبەڕوو بوونەوەتان بوو لەگەڵ سۆسیالیزمی بونیادنراودا کە لە هەڵوەشانەوەدا بوو، بەزرترین نموونەی سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕتان بەرجەستە کرد، بەجۆش و خرۆشێکی بێ سنووریشەوە چاودێری قەڵەمبازی 15ی ئابی 1984تان کرد کە شەڕی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان خولقاندی. لەو کاتەدا هیوا بەخش بوون، لە هەمانکاتیشدا هێزتان لێیەوە وەرگرت، هەروەها ئێوە لە هەڵسەنگاندنی راست و پرەنسیپانەدا لە پێشەوەدا بوون، بەڕادەیەك بوونە نموونە بۆ هەموو لایەك.

ئێمەش ماوەیەکی درێژە دەتناسین، بەڵام ئەم دیدارەمان لەنێو گشت دیدارەکاندا قووڵترین واتا و دەربڕینی هەیە. ئێمە ئەڵێین شۆڕشی

رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان، کەچی ئێوە هەر لەسەرەتاوە ووتتان شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، بەهێزترین جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی لە تورکیا، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەڵسەنگاندنی ئێوە بەم جۆرە بوو: ئەو پەیوەندییەی کە بەیەکەوەمان گرێدەدات لەچوارچێوەی هاوکاری ئەنتەرناسیۆنالیستیانەمانە. پێشتریش شانازی و سەربڵندی خۆتان بۆ ئەو جووڵانەوەیە دەربڕیبوو و، دڵنیایی خۆتان نیشاندا بۆ ئەو هەوڵدانانەی ئێمە لەپێناو دیموکراسییەت و بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم لەسەر ڕێگای گەیشتن بە سۆسیالیزم بۆ گەلەکەتان و گشت گەلانی تر. بێگومان ئێمە لەو تێکۆشانە گشتگیرییەی ئەو ساڵانە ئەنجامتان داوە هێزمان لێ وەرگرتووە و بۆ ئەو بەشدارییەی لەم ڕووەوە پێشکەشمان کردووە هەست بە بەختەوەری و سەربڵندی دەکەین.

ئەو دیدارەمان لەکاتێکدایە کە گەلانمان ـ ئەگەرچی درەنگیش کەوتبێ ـ لەسەر بنەمای تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە لە هەوڵی مەزنکردنی یەکتری دان، بێ ئەوەی لە جەختکردنەوە لەسەر یەکسانی و ئازادیدا بمێنێتەوە، بەڵکو بەخێراییەوە بەرەو بەدیهێنانی چارەسەرییەکی کردارییانە ئاراستەی وەرگرتووە، هەر بۆئەوەش دیدارێکە گەلێك واتا و ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو دیدارە زۆر شادمانی کردم، بەتایبەتی کە دەتانبینم سەرەڕای بەساڵاچوونتان چوست و چالاکی لاوێتیتان پاراستووە. لەسەر ئەو بنەمایە دووبارە سڵاوت لێدەکەم و بەخێرهاتنتان دەکەم، گوێڕادێرتم و چاوەڕوانی راو بۆچوونەکانتم. بەختەوەرم کە گوێت لێبگرم و پرسەکانتان بخەنە ڕوو و ڕەخنەکانتان دەربڕن و، ئێوە و گەلی تورکیا لە ئێمە ئاواتتان چی بێت بیهێننە زمان، واتە لە شەڕی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان، لەمیانەی ئەو دیالۆگەدا بەهەمووتوانامەوە هەوڵ دەدەم وەڵامێکی مەزن و گرنگ بەهەمووان بدەمەوە.

میهری بەللی: لەبەرامبەر ئەو پەیڤە هەست بزوێنانە پێویست دەکات شتێك بڵێم، بەڵام نایدرکێنم، چونکە راستی لەبەر چاوانە، چواردە ساڵ بەر لەئێستا ئەو کاتەی یەکتریمان بینی جووڵانەوەی کوردی دووچاری پارچەبوون و پەرشوبڵاوی هاتبوو، وەکو ئێستا خاوەنی ئەو کاریگەرییە نەبوو، ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لەزۆر شوێن باو بوو. لە دەرئەنجامی ئەو ڕەوشەدا گەلێك ئازارمان چەشت. ئەو ڕەفتار و کردارانەی هێزە کوردییەکان لە تورکیا کە PDK ڕێنمایی دەکردن، تووشی گەلێك برینی قووڵی کردین.

هەڵوێستی ئەنتەرناسیۆنالیستانەمان یەکەمین جار لە PKKدا بینی، بەتایبەتیش لەئێوەی بەڕێز ئۆجەلان کە یەکەمین کەس بوون هەر

لەسەرەتاوە تیژی ئەو ڕێبازەیان خستە ڕوو کە دەڵێت:"هەر دوو شۆڕشی تورکیا و کوردستان هاوتەریب و ئاوێتەن و لەیەکتری جیا نابنەوە، سەرکەوتنی یەکێکیان سەرکەوتنی ئەوەی تریانە، شکستی یەکێکیان شکستی ئەوی تریانە". ئەمە زۆر گرنگە، نهێنی سەرکەوتنی جووڵانەوەکەتان بەتایبەتی لەم خاڵەدا شاردراوەتەوە. سەرکەوتنی جووڵانەوەی نەتەوەیی دیموکراسی کورد لەژێر سەرۆکایەتی ئێوەدا وایکرد کە هزری شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمەمان ببێتە ڕێنیشاندەری تێکۆشانەکەی. بەدەستخستنی کاریگەری و جێگەیەکی شکۆدار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شتێکی ڕێکەوت نییە، بەڵکو دەرەنجامێکی مسۆگەری ئەو ڕێبازە ڕاستەیە کە پەیڕەوی لێدەکەن. دوای ئەم ووتەیە پێویست بەزۆر ووتن ناکات. بەڕاستیش بۆ تورکیا مایەی بەختەوەرییە کە ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکان ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی کوردی ناکەن و، لەو جۆرە کەسانەش نین کە بەهەموو لەیستۆکەکان بخەڵەتێن و ببنە ئامرازێکی ملکەچی دەستی ئیمپریالیزم. خۆش بەختیە کە ئەمڕۆ ئاراستەکاری کاروباری ئەو جووڵانەوەیە، سەرۆکایەتییەکە کە پەیوەستە بە کێشەی گەلەکەی و گشت گەلانی دیکە و، بەشێوەیەکی بنچینەیی و لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی گرێدراوە بەئامانجی بەدیهێنانی یەکێتی ئازادانەی نێوان هەر دوو گەلی تورک و کورد. ئەوە کانگای بەختەوەری ئێمەیە کە زوو بێ یان درەنگ، بەرفراوانترین ناوەندەکانی ڕای گشتی لەو ڕاستییە تێدەگەن و، ڕاستینەی ناوەندە فاشیستەکان ئاشکرا دەبێت کە چۆن ئەو شەڕەیان کردۆتە گۆڕەپانێك بۆ چەتەگەرێتی و دەوڵەمەندبوونێکی هەرزان و، ئەو ڕۆژە دێت کە هێزە نیشتمانی و ئاشتیخواز و دیموکراسیخوازەکان بالادەست بن، باوەڕییەکی نەگۆڕم بەو ڕاستیانە هەیە.

پێم وایە تۆ لە هەر کەسێکی تر باشتر لێکۆڵینەوەت لەسەر مێژووی کورد و پەیوەندیەکانی کورد ـ تورك و مێژووەکەی کردووە. خۆزگە لەو خاڵەوە دەستتان پێبکردایە و، منیش لەلایەن خۆمەوە هەندێ لایەنی کێشەکانی ئێستا ورد دەکەمەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ... لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا پەیوەندیەکانی کورد ـ تورك هەر بەتەنها گرێ کوێرەیەك نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای دژواترین شەڕی گەرمەوە بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێت و لە ئاستێکدا کە خەریکە ئەقڵ و ڕۆحی تەواوی گەلان دەپڕوکێنێ. هەر لەخوت و خۆڕاییەوە مەسەلەکان بەو ڕادەیە نەگەیشتوون، چونکە هیچ دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەر یان ڕووداوێکی کۆمەلایەتی بێ پاشماوەی مێژوویی نییە، بەلام سەبارەت بە پەیوەندی کورد و تورك، لەسەر پاشماوە مێژووییە

سەرسووڕهێنەرەکان بونیادنراوە. کردنەوەی ئەو گرێ ئاڵۆزە و بەدیهێنانی چارەسەری لەسەر تێگەیشتنێکی وردی ئەو مێژووە راوەستاوە.

هەر بۆئەوە ئەمڕۆ لەبنەڕەتدا واتای مێژوو دەگەیەنێ. ئەو تێگەیشتنە دەرەنجامێکی سروشتی تێڕوانینمانە بۆ مێژوو. بەبێ تێگەیشتن و رۆشنایی خستنە سەر ئەو پاشماوە مێژووییە، دژوار دەبێت لە راستی ئێستا تێبگەین و رۆشنایی بخەینە سەر. بۆیە ئەگەر بەکورتیش بێت هەوڵدەدەم واتای پەیوەندی کورد و تورک، بەتایبەتی قۆناخی هاتنی تورکەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنادۆڵ باس بکەم، لەبەر ئەوەی کەسێك نایەوێ بەهیچ شێوەیەك لە راستی ئەو پەیوەندییانە تێبگات. ئەو قۆناخە سەرەکییانەی کە ئەو پەیوەندییانە، هەر لە سەرەتاوە تا رۆژی ئەمڕۆ، پێیدا تێپەڕیون کامانەن؟ ئەو دەرەنجامە سەرەکییانەی کە دەکرێ لێیەوە بەدەست بهێنرێن چین..؟ رۆشنایی خستنە سەر ئەو لایەنانە تەنیا رۆشنکردنەوەی کێشەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو بەهەمان ئەندازەش مەرجێکی سەرەکی چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی زیندووی رۆژی ئەمڕۆمانە. هەربۆیە گرنگیم بەو بابەتە داوە و، بەهەموو توانامەوە بەپێهەڵگرتن لەو زانیارییە سنووردارانەم و، لەبنچینەدا بەپشت بەستن بەو راستییە لەبەرچاوانەی کە تێکۆشانمان دەریخستۆتە روو، هەوڵدەدەم هەڵسەنگاندنێك بکەم، کە لەو باوەڕەدام زۆر لە راستییەوە نزیك بێت.

بێگومان پەیوەندی کورد و تورك ئەمڕۆ لەدایك نەبووە. بەبێ تاوتوێکردنی راستی مێژوویی ئەو پەیوەندییانە، هەرگیز تێگەیشتنێکی راست بۆ مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدینایەت. لەوەش زیاتر، راست تێگەیشتن لێی دەبێتە کلیلی تێگەیشتن لە کێشە زۆر و زەبەندەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها دەکرێ رۆڵێکی گرنگ ببینی بۆ دەربازبوون لەو نکۆڵیکردنە تۆقێنەرەی لەناوەندە زانستییەکانی تورکیادا هەیە. پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) و مێژوو ناسی لە تورکیادا پشت بە نکۆڵیکردنێکی تۆقێنەر دەبەستن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری نامۆبوون و شێواندنی هزری. لەبەر ئەم هۆیە بیر و بۆچوونی ئێمە گرنگییەکی ئەکادیمی زۆری هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تا رادەیەکی دوور رۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاپلەیەکی بەرزیش بناخەی مەیلە شۆڤێنیستییەکان بنکۆڵ دەکات. هەموو ئەو تایبەتمەندییانە جۆش و خرۆشێکی زیاترمان دەداتێ بۆ ئەوەی گرنگی بەو بابەتە بدەین، هەموو هیوامان ئەوەیە کە لە دۆزینەوەی دەروازەیەکی گونجاو بۆ رزگاربوون سەردەکەوین.

پەیوەندی کورد و تورک کێشەیەکی هەروا ساکار نییە کە پشتگوێ بخرێت. پەیوەندییەکی سەرەکییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڕوایەکی تەواتان هەبێت کە تورکەکان لە هەموو گەلێکی تر زیاتر دووچاری زۆری و زەحمەتی دەبنەوە، ئەگەر وادیاریش بێت لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە کوردان زیاتر زەحمەتی دەبینن. ئەگەر تورکەکان چاو بە پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکاندا نەخشێننەوە و لەسەر بنچینەیەکی ئاشتیخوازانە ئەو پەیوەندیانە راست نەکرێنەوە و، پەیوەستی ئەو سیاسەتانە بن کە لەسەر زەبر و زەنگی شۆڤێنیستانە و کوێرانە بونیادنراوە، ئەوانەی ڕووبەڕووی پاکتاوی ببنەوە تورکەکانی ئەنادۆڵن نەک کوردەکان، زۆر جار ئەمەم دووپاتکردەوە، بەڵام ووتەکانم بیسەریکی نەدۆزیوە، تا ئەمڕۆ ڕابوونە و دەڵێن:"مەترسییەکە گەورە دەبێت و گەشەدەکات". بەڵام ئەوەی ئەو مەترسییە دروست دەکات چییە؟ چ سیاسەتێك دەیخولقێنێ؟!، تاوتوێکردنی ئەو کێشانە لە چوارچێوەی پەیوەندی کورد و تورك گرنگییەکی زۆری هەیە. بەمەش ئەو ڕووناکبیرە تورکانەی بۆچوونێکی بەمجۆرەیان هەیە کە دەڵێ:" کوردەکان ئەوانەن کە شەڕی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەکەن" ئەوان بەو لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەیان لە بێ ئاگاییەکی مەزندان. ناوەندە زانستییەکانی تورکیا ـ بەتایبەتی ناوەندە سۆسیۆلۆژیەکان ـ دووچاری بێباکییەکی ترسێنەر هاتوون. من لە ئاکامی ئەو کارەیان کە پشتیوانی لەگەلی تورك ناکات، وریایان دەکەمەوە، چونکە هەڵوێستێکی بەمجۆرە مەزنترین زیانیان پێ دەگەیەنێت، هەروەها بانگهێشتیان دەکەم کە خۆیان لەو هەڵوێستە ڕزگار بکەن، ڕۆشنایی خستنە سەر ئەو پەیوەندییانە پێداویستییەکی دەست لێبەرنەدراوی بوژانەوە و هۆشیاربوونەوەیە.

میهری بەللی: چەندە قورسایی بخەینە سەر ئەو ڕاستییە هێشتا کەمتەرخەمین. چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی کورد واتای گەیشتنی تورکیا بە ئامانجە دیموکراسییەکانی دەگەیەنێت. ئەوەش بۆ ئەو مەسەلەی مان و نەمانە. یان تورکیا بەو ئامانجە دەگات، واتە یان لەسەر بنچینەی یەکێتییەکی ئازاد و ئازادی و یەکسانی وەك کۆمەڵگایەکی مەدەنی فێری ژیان دەبێت، یان بەرەو دەرەنجامێکی ناهەموار مل دەنێت. ئەمە ئەو دووڕیانەیە کە لێیەوە ڕاوەستاوین.

عەبدوللا نۆچ ئالان: وەك دەزانرێ، کوردان گەلێکی جێگیری هەزاران ساڵ بەر لەمێژوون. لەناوچەی میزۆپۆتامیادا نیشتەجێ بوون، کە دەکەوێتە نێوان چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆسەوە و، خاوەنی یەکێك لە کۆنترین کولتوورەکانن. لەوەش زیاتر، زانیارییەکان سەبارەت بە مێژوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە

کە ئەو ناوچەیە بەیەکەوە ژیان و تێکەڵبوونی گەل و کولتوورەکانی بەخۆوە بینیوە، واتە گەلێك هۆز و خێڵ و گەلی تێدا ژیاوە و تێکەڵ بەیەکتری بوون و، بێهودەیە بەدوای نەژادێکی پاکدا بگەڕێین کە تێکەڵاوی نەژدای تر نەبووبێت. دەکرێ بووترێ کوردستان جێگەیەکی ناوەندی هەیە لە جوگرافیای بەرفراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو مۆزاییکەی گەلان کە تیایدا پێکهاتووە، گەلی کورد گەلێك رەنگی جیاوازی لەو مۆزاییکە وەرگرتووە. لەسەر ئەو بنەمایە، ئەگەر بپرسین: لە رۆژی ئەمرۆماندا رەنگینترین گەل کامەیە...؟ بۆمان دەردەکەوێ کە گەلی کورد لە ناواخنی خۆیدا گەلێك ناو و رەسەنایەتی هەلگرتووە، ئیدی ئەگەر ناوی کوردی لێبنرێت یاخود ناوێکی تر، لەگەڵ ئاماژەکردن بەوەی کە هەر یەکێك ناوێکی جیاوازی لێدەکات. من لەمەدا هیچ لاوازی و ئیمتیازێك نابینم، بەلام دیاردەیەکی جوانە ئەگەر لێیەوە سوودمەند بین، ئەوکاتە بەکولتوورێکی دەوڵەمەند دەگەین، کولتوورێکی تا دواڕادە رەنگین و جوان. ئینتیما بۆ گەلێکی بەمجۆرە نە شەرمە و، نە پلە بەرزییە تاوەکو بەرەو شۆڤێنیستی راپێچمان بکات. تەنها دەتوانم بڵێم کە شتێکی جوانە، ئاوێتەبوونی چەندین کولتوور و تێکەڵاوبوونی کورد و گەلانی تر لەگشت بوارەکان، بەئایین و بیر و باوەڕەکانیشەوە، هەروەها پاراستنی خۆی و زمانەکەی، شتێکی تا دواڕادە جوانە و دەبێ شانازی پێوەبکرێت.

میهری بەللی: لەو تێزەدا ئەوە تێدەگەین کە ئەوانەی مێژوویان خوڵقاندووە ئەو توێژە رەنجدرانەی گەلن کە لەبنجی کۆمەڵگادا ئاخنراون. شکۆداری لە مانەوەی گەلی کورد کە ئەمرۆ خاوەن لە زمان و کولتوورەکەی دەردەکەوێ بۆ جووتیاری کورد دەگەڕێتەوە، کە بەدرێژایی سەدان یان هەزاران ساڵ لە بەرەنگاربوونەوەی گشت شێوەکانی چەوساندنەوەدا بووە، لە هەمانکاتدا لەلایەك مێگەلەکەی لەوەڕاندووە و کێڵگەکەی کێڵاوە و بۆ خێزان و کەس و کارەکەشی ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەتاییش بێت پێداویستی دابینکردووە، لەلایەکی ترەوە منداڵەکانی پەروەردە و گۆشکردووە و حیکایەت و گۆرانی و کەلەپوور و کولتووری کوردییان پاراستووە، سەرەڕای رەوشە سەختەکان، ئەگەر پەیوەستبوونی ئەو مرۆڤە ئاخنراوەی بنجی کۆمەڵگا بە بەها کولتوورییەکانەوە نەبووایە، ئەوا لەڕۆژی ئەمرۆماندا نەتەوەی کورد نەدەبینرا. ئەم ووتەیە راستە و بەسەر گەلی تورك و گشت گەلانیش دەچەسپێ.

عەبدوڵڵ نۆج ناڵان: لەوانەیە بووترێ کوردان ئێستا هەندێ سیمای خۆیان لە دەستداوە و وەکو پێویست ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و دووچاری

چەوسانەوەیەکی دژوار دەبنەوە. ئەمە بابەتێکی ترە، واتە لەئەنجامی زوڵم و چەوساندنەوەیەکی دژواردا بە رەوشێکی ناهەموار گەیشتوون. بەڵام کاتێك باس لە رەسەنایەتییان دەکرێت، ئەوا پاشماوەیەکی مێژوویی زۆر لە ئارادانە کە مایەی شانازی و سەربڵندیە.

دەکرێ بەشێوەیەکی تر و جیاواز پێناسەی کوردان بکرێ و چۆنێتی کاریگەربوونیان بە شارستانێتیە جیاوازەکان بخرێتە روو. لێرەدا سۆمەرییە کۆنەکان هەن و گواستنەوەی دەوڵەتە شارییە سەرەتاییەکان هەیە. هەروەها لەرۆژهەڵاتی پارس و دەوڵەتی میدیا هەن. وەك دەزانن زۆربەی ئەو پێکهاتانە بنچینەیەکی کوردیان هەیە و گشتیشیان هەندێك شوێنەواریان لەو خانە جوگرافیایە جێهێشتووە. هەروەها ئۆرارتۆییەکان، ئەسکیتییەکان (کاسیتییەکان) هەن کە لە باکوورەوە هاتوون و هەندێکیان لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێ بوون. دوابەدوای ئەمەش حیسیەکان و گەلێك شارستانێتی دیکە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە پێیان هەڵگرتووە.

وەك دەزانرێت، فیرعەونییەکانی میسر بەم ناوچەیەش گەیشتوون. لێرە یەکەمین تابلۆ نووسراوە و، سەرەتاییترین پێوانە یاساییەکان (مافپەروەرییەکان) دارێژاوە و، سەرەتاییترین دەوڵەتە شارییە پۆلیسیەکان بەژێرخان و سەرخانەوە لێرە پێشکەتووە، تەنانەت یەکەمین ئیمپراتۆرییەتەکان لێرە دەرکەوتوون: ئیمپراتۆری بابلی، ئاشووری، میدی و پارسی، ئەمە لە کاتێکدا بووە کە هیچ ناوچەیەکی تری جیهان دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتییان بەخۆوە نەبینیوە. بەکورتی: لەم ناوچەیەدا، بۆیەکەم جار لەمێژوودا کۆمەڵگا بۆ سەردەمی شارستانیەت هەنگاوی هەڵێنا، پاشان بەکۆمەڵگای چینایەتی گەیشت و ژێرخان و سەرخانەکەی پێکهات. وەك هەر گەلێکی دیکەی ناوچەکە گەلی کوردیش ـ کە بەگەلێکی رەسەنی ناوچەکە دەژمێردرێت ـ هەر لەبەرەبەیانی ئەو ناوچەیەدا شارستانێتی ناسیوە و گەشەی پێداوە. لەوەش باشتر، کوردان لە ماڵیکردنی زۆربەی ئاژەڵەکاندا بەشداربوون، مێژوو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکەم بوون لە ماڵیکردنی ئەسپ و چاندنی گەنم و جۆ و چەندین بەروبوومی دیکەی کشتوکاڵی کە خزمەتی مرۆڤایەتیان پێکردووە. واتە بەلانکەی چەندین پرەنسیپ و دۆزینەوە دادەنرێت.

مەبەستم لەو گێڕانەوەیە ئەوەیە کە: رەچەڵەکی گەلی کورد و مێژووی مرۆڤایەتی، هەر لەسەردەمە دێرینەکانەوە ئاوێتەی یەکتری بوون و جودا نابنەوە و دروستبوونی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگای بەخۆوە بینیوە، ئێمە لەبەردەم راستیەکداین بەلانکەی چەندین پێشکەوتن دادەنرێت، لە

ئابوورییـەوە دەسـت پێـدەکات و بـە یاسـاو سیاسـەت و کولتـوور تێدەپـەڕێت و تادەگاتە ئایین.

بـەڵام سـەبارەت بـە عیسـا، ئـەوا بەمێژوویـەکی نـوێ دادەنرێـت، ئـەوەی باسیشمان لێیەوە کرد زۆر کۆنترە. لەسـەردەمی عیساوە تـا ئـەمڕۆ دوو هـەزار ساڵ تێپـەڕیوە، ئەگـەر ئـەوەمان لەگـەڵ مێـژووی کـۆن بـەراورد کـرد، ئـەوا تـا ڕێژەیـەك وەك ماوەیـەکی کـورت دیـار دەبێـت. دەبـێ بـەمجۆرە مـەزنێتی ئـەو مێـژووە ببیـنین....! لـەلای ئێمـە وا بـاوە کـە دەسـتپێکردنی مێـژوو، واتـە ڕۆژمێری مێژوو، لەگەڵ لەدایکبوونی عیسا دەست پێدەکات. هەوڵیش دەدرێت باسکردنی ئەو مێژووە بە مێژووی یۆنان و ئیسلام و عوسمانیـەکان پاشـانیش بە مێژووی کۆمار دوایی پێبهێنرێت.

بـەڵام بەبۆچـوونی مـن لەبنەڕەتـدا بەمێـژووی بـەر لـەدایکبوونی عیسـا دەووترێـت مێـژوو...! بینـینی ئـەو راسـتیە گرنگییـەکی زۆری هەیـە، ئەگـەر تێگەیشتن لە مێژووی گـەلانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و میزۆپۆتامیـا پێویسـت بێت، ئەوا قوڵبوونەوە لەسەر مێـژووی کـۆن خـۆی دەسـەپێنێ. لەو قۆناخـەدا کوردان گەلێکی رەسەن و دێرین پێکدێنن و لـەم رووەوە هـیچ جیاوازییـەکیان لەگەڵ ئاشووری و ئەرمەن و گشت گەلانی تردا نییە.

لێرەدا دەمەوێ بەخێرایی باس لە دەرکەوتنی عیسا بکەم، چونکە ئاشووری و عەرەبەکان، تەنانەت جولەکەکانیش لەسەر ئەم خاکە ژیاون، وەك دەزانرێت عیسـا وێنەیەکـە لـە وێنـەکانی راسـتی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت. بـەڕای مـن پێهـەلگرتنی عیسا بەرەنگاربوونەوەیـەکی شـێلگیرانەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتە بـەڕووی کۆیلایـەتی رۆمـادا، هـەروەك چـۆن سـپارتاکۆس لەبەرامبـەر زۆرداری رۆما سەریهەڵدا، دەرکـەوتنی حـەزرەتی عیسـاش لـەو چوارچێوەیەدایە، بـەڵام بەشێوازێکی ئاشتیانە، ئەمەش رۆڵێکی بەرچاوی بـینی لەکـەوتنی رۆمـادا، زۆر گـرنگ و لـە شـوێنی خۆیدایـە سـەرلەنوێ لەسـەرهەڵدانی حـەزرەتی عیسـا بکۆڵدرێتەوە، کە بەپشت بەسـتن بەگـەلانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست لەبەرامبـەر باڵادەستی گەورەترین چینی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا بەرپای کرد.

ئـەمڕۆ رۆژئاواییـەکان، مەسـیحیەکانی رۆژئـاوا و نەتـەوە رۆژئاواییـەکان خـاوەن لـە حـەزرەتی عیسـا دەردەکـەون...! رۆژئاواییـەکان راسـتیەکەیان شـێواندووە و بەشـێوەیەکی دروسـت هەڵسوکەوتیان لەگەڵـدا نـەکردووە. لـە راستیدا عیسا لە ئێمە و جوگرافیاکەمانـە و دیاردەیـەکی مـەزنی سـەرهەڵدانی گەلانمانـە، بەمـەش لـە رۆژئاواییـەکان زیـاتر لـە ئێمـە نـزیکترە. هـەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی پەیوەستدار بە ئیسلامەوە ئەو مەسەلەیە تاوتوێ بکەم. بەمـەوە

دەمـەوێ بڵـێم: "یەکـەم زمـان کـە عیسـا قسـەی پێکردبێـت و لـە رێیـەوە پڕوپاگەندەی پێکردبێت زمانی ئاشوورییە".

میهری بەللی: زمانی دایکی ئارامیە و، زمـانێکی سامیە و زۆر لـە سـریانی دەچێت، ئەو سەردەمە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بڵاوببۆوە.

عەبدوڵڵا نـۆچ ئـالان: ئارامیـەکان، بـەڵێ.... وەڵامـی رۆمـا لەخاچدان بـوو. ئەوەی کە سەلمێنراوە ئەوەیـە یەکـەمین دەسـتەی فەلـەکان یەکـەمین خـانووی خۆیـان لـە ئەنتاکیـە و سـوریا ئـاواکردووە. مێـژوو جـەخت لەسـەر ئـەوەش دەکاتـەوە کـە سـەدان کەنیسـە (دێـر)یـان لـەژێر خـاك لـە ناوچـەی ئـەنادۆڵ بونیادنـاوە. دەبـێ چـۆن ئـەو مەسـەلەیە هەڵبسـەنگێنرێ...؟ بریتیبـوون لـە جووڵانەوەی پڕوپاگەنـدە کردن کە بۆ سەدان ساڵ بەردەوام بووە.

میهری بەللی: لەسەر بنەمای نهێنی بوون.

عەبـدوڵڵا نـۆچ ئـالان: بریتیبـوون لـە گروپـی پڕوپاگەنـدەی نهێنی کـە تـا دواڕادە رێکوپێك بوون. ناوچەی ئـەنادۆڵ بەلانکەیان دادەنرێـت، وەك ئـەوەی کەپەدۆکیا بەخۆیەوە بینیوە.

میهـــری بـــەللی: هــەروەها هەنــدێ شــاریش هەیــە کــە لــەژێر خاکــدا بونیادنراوە.

عەبـدوڵڵا نـۆچ ئـالان: بـەڵێ... سـەرهەڵدانێکی گشـتگیری بـەڕووی رۆمـای مەزندا و بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە کەپـەدۆکیا و ئـەفیس و ئـەنتاکیا بـەردەوام بووە، بەڵام پاشان لەناوچوو و لەنێو رۆمادا توایەوە.

لــە قۆناخــەکانی دوای ئەمــەدا ئــایینی مەسـیحی شـتێکی جیـاوازی لـێ دەرکەوت و بووە ئایینی دەسەڵاتداران، لێرەدا نامەوێ سەرنجی زیاتری لەسـەر بدەم. ئەمەیە جێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئایینەکانـدا. لـە قۆنـاخی دوای ئەمەشدا، قەڵەمبازی مەحەمەد هەیە کە گرێدانێکی پتەوی بەراسـتی گـەلانی ناوچەکەوە هەیە. بێ تێگەیشتن لەو پەیامـە تێگەیشـتن لـە راسـتی گـەلان زۆر دژوار دەبێت. تا رادەیـەکی زۆر بەشـداری لـە گەشـەپێدانی بازرگـانی هـەبووە. بەهۆی ئـەو وزە مەزنـەی هـەیبوو عەرەبـەکانی لـەو تەنگاوییـە دەرخسـت کـە تیایدا دەژیان. لەمەشدا روون دەبێتەوە کە مەحەمـەد (د.خ) زۆر بـەتوانا بـوو لە یەکخستنی پەیوەندی عەرەبەکان، لەگەڵ سەرنج راکێشی بازرگانی.

میهـری بـەللی: دینامیکییـەتی بازرگـانی بەشـداری کـرد لـە رزگـاربوون لەچوارچێوەی ناوچەگەری و کرانەوە بەڕووی جیهاندا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: زۆر بەتوانا بوو، ئەمەش بـە زمـانی قۆنـاخی ئـایینی و ئایدیۆلۆژی ئەنجام دەدات، بە سوورەتە قورئانییەکانی کە لەوپەڕی رەوانبێژی

و جوانکاری و پوختیدا بوو بەئەنجامی گەیاند. ئەمە هاوارێکی زۆر بەدەنگی ئایدیۆلۆژییە.

لەو قۆناخەدا بریتیە لە سەنتێزی گردبوونەوەی شارستانیەتییەکان و لەبنچینەی خۆیدا پشت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستێ. دوای موسا و عیسا (سلاویان لێبێت) خۆی بە دوا پێغەمبەری نێرداو دەزانی و لەم رووەوە مافداریشە. کاتێك ووتی :"الیوم اکملت لکم دینکم ـ ئەمڕۆ ئایینەکەتانم کامڵکرد" مەبەستی ئەوەبوو بڵێت: هەرچییەك بەناوی ئایینەوە ووترابێت ئەمەیان لەهەموویان بەهێزتر و دوا وشەکانێتی. دوای ئەوە رۆڵ بۆ فەلسەفە و زانستە.

میهری بەللی: وەك بڵێی دەخوازێ بڵێت: دەبا لێرە خاڵێك دابنێین. بەتایبەتی لە سەردەمی عیسا بەدواوە پەیامبەرێکی نوێ دەرنەکەوتووە.

عەبدوڵڵا ئۆجـ ئالان: تا دوارادە ریالیست بوو، بەرەنگاری ئەو جەهالەتە بۆوە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا زاڵبوو، ئەمەش پۆزەتیفانەیە و بەهەنگاوێکی پێشکەوتوو دادەنرێت. سەبارەت بە رەوشی ژنیش جێگەیەکی پێشکەوتووی پێداوە. رووبەرووی ئایدیۆلۆژیا پەرشوبلاوەکانی عەشیرەت و خێڵەکان بۆوە کە ئەو 360 بتانەی لە دەوروبەری کەعبەدا چەقێنرابوون نوێنەرایەتییان دەکرد.

پاشان گەیشتە چەمکی "الاله الواحد" کە گوزارشتێکی ئایدیۆلۆژیانەیە بۆ دەوڵەتی یەکگرتوو. بەچەندین سیفەت ستایشی کرد و بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نوێ کردیە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی، دواتر یاسای دارشت و دەوڵەت و یاساکانی پێشخست بەشێوەیەك لەو دەوڵەتە کۆیلەدارانە ئاست بەرزتربوو کە لە سەرەتای سەردەمی کۆیلایەتی ئاواکرابوون، هەروەها هەندێ بنەمای ئابووری دارشت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بازرگانییەوە هەیە.

لەو چواچێوەیەدا عەرەبەکان چاویان کرایەو و هۆشیار بوونەوە، لەسایەی مۆدێلی نوێی سیاسیدا بوونە هێزێکی سەربازی بەشان و شکۆ، لە کشان بۆ خاکی بیزەنتی و ساسانی و حەبەشییەکاندا سەرکەوتن. لە ئەنجامی ئەو قەڵەمبازە پێشکەوتووە، چەندین هەڵمەتی بەهێزیان بەدیهێنا و بونیادنانی ئیمپراتۆری ئیسلامی، لێکەوتەوە.

میهری بەللی: ئەوەی ئەو قۆناخەی بەرەو پێش برد هەمزە (خ.ر) بوو، کە بەکاری نێگەتیفانە دەستی پێکرد و زۆر بەخێرایی گەیشتە شێوازی کاری تێکۆشان.

عەبدوڵڵا ئۆجـ ئالان: بەڵێ، تێگەیشتن لە تایبەتمەندی و سیما سەرەکییەکانی ئیمپراتۆری ئیسلامی سوودێکی مەزنی هەیە. بەر لە هەموو

شتێك فراوانخوازییەكەی لەسەر بنەمای بەرزكردنەوەی ئاستی میللەتێك نییە، بەڵكو بەرجەستەكردنی ئەو پرەنسیپ و پیوانانەیە كە بەسەر گشت گەل و میللەت و، تەنانەت بەسەر هەموو مرۆڤێكدا دەچەسپێ. دەكرێ هەمان شت سەبارەت بەعیسای مەسیحیش بووترێ. جووڵانەوەكەی بە جووڵانەوەی هەژاران دادەنرێت و بانگهێشتی بەكارهێنانی زمانە بەهێزەكەیان دەكات. بەڵام سەبارەت بە داوای مەحەمەد، ئارەزووی وەرچەرخان بۆ چینێكی باڵادەستی سەرووی بەسەردا زاڵە، ئەمەش مەسەلەیەكە خوازراوە و بەقۆناخێكی پێشكەوتوو دادەنرێت و بەرجەستەی بازرگانی و فیۆدالیزمی سەدەكانی ناوین دەكات كە دواتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزێكی زۆر و زەبەندی بەدەستهێنا، ئەمەش واتایەكی زۆر پێشكەوتووی وەرگرت. لەبەر ئەم هۆیە ئیسلام بە شۆڕش ناوزەد دەكەین، بەڕاستیش لەسەدە سەرەتاییەكانی قەڵەمبازەكەی خۆیدا زۆرشتی بەگشت گەلان بەخشی، هەر بۆ نمونە: عەرەبەكانی لەڕەوشی كۆچەرانە (   ) دەرخست و لەمیسر و وڵاتانی شام و بەغداد كردنی بەهێزێكی شارستانیەتی مەزن.

میهری بەللی: لە ئەندەلوسیش، لەماوەی پێنج سەدەدا عەرەب مەشخەڵی شارستانییان هەڵگرت و بوونە میراتگری سەردەمی كۆن. لەسەردەمی رێنیسانس دا ئەم رۆڵە بۆ ئەوروپای رۆژئاوا دەگوازرێتەوە كە عەرەبەكان كولتووری خۆیان بۆ ئەوێ دەگوازنەوە، راستەوخۆ ئەو كولتوورە لەیۆنان یان رۆما بۆ ئەوێ نەگواسترا وەتەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئیمپراتۆری تا ئەندەلوسیش درێژبۆوە و لەوێ بوژانەوەیەكی بەرزی ئەنجامدا كە تائێستاش لە ئەوروپا دەزرنگێتەوە. شارستانیەتی بەغداد تائێستاش وەك ئەفسانەیەك وێردی سەر زمانەكانە. ئەو راستییانە خۆی لەخۆیدا جەختكردنەوەیە لەسەر پێشكەوتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئیسلامەوە، بەتایبەتی تا هەزارەی یەكەمی دوای زایینی لەو ماوەیەدا گەلێك زانای ناوداری وەك (ابن سینا و ابن رشد....هتد) دەركەوتن كە تائێستاش رۆژئاوا بەشانازی و سەربڵندییەوە باسیان لێوە دەكات، هەروەها لە بەرزترین ئاستی پێشكەوتنی ناوچەكەدا چەندین مێژووناس و جوگرافیا ناس و ئەستێرە ناس دەركەوتن. واتە ئیسلام چ لەبواری سیاسی یان زانستییەوە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەیاندە ئاستێكی زۆر بەرز، لەوەش زیاتر لەو ناوچەیەدا و لەبواری هونەری سەربازیدا گەلێك كەسایەتی بلیمەت دەركەوتن، سەلاحەدینی ئەیوبی نمونەیەكە گوزارشت لە ئاست بەرزی سەربازی دەكات بەسەر رۆژئاواییەكاندا. بەكورتی ئیسلام تا هەزارەی یەكەمی دوای زایین و دوای ئەمەش بەچەندین سەدە و لەسەر ئاستی جیهاندا

گوزارشت لە شارستانیەتێکی بەهێز و پێشکەوتوو و ئاست بەرز دەکات. ئاست بەرزی بوارە ئابووری و سەربازی و کولتووری و سیاسی و یاساییەکانی گرتەوە، بەڕاستی ئەمەش واتای پادشایەتیەکی پرشنگدارە. بەو واتایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ بوژانەوەیەکی مەزنی بەدیهێنا، بەدەرکەوتنی ئیسلام دەست پێدەکات و تا سەدەی پازدە بەردەوام دەبێت. بەڵام قۆناخەکانی بەر لەوە، ئەوانیش یەك لە یەك ئاستیان بەرزترە، واتە تا سەدەی پازدە بڵندبوون بەردەوامە. هەرەمەکانی میسر، باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و بورجی بابل باشترین گەواهی ئەو راستییەن، شارستانیەتی میزۆپۆتامیا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەقڵ سەرسام دەکات. ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە تا سەدەی پازدە لانکەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بووە و بەدرێژایی چەندین سەدە گوزارشتی لەئاست بەرزی کردووە. بەو واتایە، هەموو ئەو گەلانە دێرینترین گەلانی جیهانن.

بەتایبەت لەو خاڵەدا، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە فراوانخوازی تورکەکان دەست پێدەکات. سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە ناوچەکەدا نەژادێکی پاك لەئارادا نییە. باوەڕ ناکەم نەژادی تورکەکان کە لەناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون نەژادێکی پاك بێت. باوەڕی هەرە زێدە ئەوەیە کە نەژادەکەیان ئاوێتەی نەژادە چینی و مەنگۆلییەکان و چەندین گەلی دیکە بووبێ. واتە ئەوانیش نەژاد پاك نین، بەڵکو ئاوێتەدارە و بەکۆچەری و سوارچاکی دەناسرێن، ئیتر نەیانتوانیوە لە ناوەڕاستی ئاسیا بمێننەوە، بەتایبەتی بەهاتنی هەزارەی یەکەمی دوای زایین و لە ئەنجامی قات و قڕی (گرانی) و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانەوە دووچاری کۆچبەرییەکی ناچاری بوون. لەدوای زایین و کەمێك دوای ئەوەش لەتوانای ئەو میللەتانە هەبوو لەوێ بەردەوامی بەگوزەرانی خۆیان بدەن، ئەگەرچی ئەو قۆناخە هەندێك کۆچبەری بەرەو سنووری هیندستان و بەرزاییەکانی روسیا و ئێرانی بەخۆوە بینی، بەڵام ئەمە سنووردار بوو و کەوتبووە ژێر کاریگەری ئیمپراتۆرییەتەکانی چین و هیندستان و ئێران، بەهەمان شێوە عەرەبەکانی بیابان نمونەی میللەتە بیابانییەکانی ئاسیای ناوەڕاستن.

بەهاتنی سەردەمی گۆك تورکلەر وەك چۆن لە میللەتان و گەلانی تردا دەبینرێت، پێچدانەوەیەك لە بەرەو یەکگرتنی عەشیرەتەکان دەبینین. ئەگەر بڕوانینە ئەوەی سەبارەت بە ئۆکلجین و نەوەکانی ووتراوە و دەووترێت دەبینین بەشێوەیەکی تایبەت بەرەو کۆنفیدراڵی عەشیرەتەکان وەردەچەرخێن. واتە تورکەکان لەسەدەی حەوت و هەشتەمی زایینی دا کۆمەڵگای سەرەتایی دەرباز دەکەن و بەرەو سیستەمی عەشیرەتگەری و

یەکێتییەکان هەنگاو دەنێن، واتە بەرەو کۆمەڵگای چینایەتی. بەتایبەت لەو خاڵەدا ـ وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ـ قات و قڕی و زۆربوونی دانیشتوان دەستپێدەکات، بەڵام بەڕای من ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان هۆکاری هەرە سەرەکییە، بەتایبەت دوای ئەوەی چەندین کۆڵەکە و هێزیان بۆ پێك هێنا بەرادەیەك ئاسیای ناوەڕاست بۆیان بەرتەسك دەبێت. وەك لەلایان باوبووە، کۆچبەری مەزنیان بۆ قوڵایی ئێران ئەنجام داوە.

ئایا دەزانن دەبێ چۆن سروشتی ئەو کۆچبەریانە دەستنیشان بکەین...؟ لە راستیدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك چۆن بەوڵاتی حیکایەت و چیرۆك و "چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەو" دادەنرێت و ببوە جێگای چاو تێبڕینی خاچپەرستەکان، بەهەمان شێوە بەجێگای چاو تێبڕینی تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست دادەنرێت. کاتێك ناوی ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە نێو باسەوە، دەوڵەمەندی و ناوچەی چیرۆك و هەقایەتەکان و دەنگە سەدایەکەی بەهزری مرۆڤدا دێت. هەربۆیە شوێنێکی سەرنج راکێشە و کەس لەبەرامبەریدا خۆی ناگرێت، ئەگەر گشت ئەو تایبەتمەندی و زۆری و زەحمەتی و پێداویستییە جوگرافی و دیموگرافییەکانی تورکەکان لەبەرچاو بگرین، روون دەبێتەوە کە بۆچی کۆچبەرییەکانی دواییان چڕوپڕ دەبێت، بەڕاستی ئەوەی روویدا بەمجۆرە بوو، کاتێك شەپۆلە بەدوایەکدا هاتووەکانی کۆچبەری دەستپێکرد. ئەمە لەو کاتەدا بوو کە لە هەزارەی دوای زایین تا قووڵایی ئێران خزان و لەساڵی 1040ی زایینیدا شەڕێکی خوێناوی لە "دەندنکان" روویدا. ئەو شەڕە سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی خانەدانە ئێرانییەکانە، کە خانەدانی غەزنەوی و سامانییەکان لە پێشەوەی ئەو خانەدانانەدا بوون و تورکەکان تیایدا بەشدارییەکی کاریگەرانەیان هەبوو و، بەقۆناخێکی گواستنەوە دەژمێردرێت. پاشان سەلجوقییەکان دێن کە رەچەڵەکیان بۆ خانەدانی ئۆغۆزییەکانی تورك دەگەڕێتەوە، ئەمانە بەسەر ئێرانییەکاندا سەردەکەون و دەوڵەتی گەورەی سەلجوقی دادەمەزرێنن کە دەبێتە بنچینەیەك بۆ دەوڵەتە تورکییەکانی دوای خۆی.

بەڕاستیش مایەی سەرسوورمانە...! کاتێك یەکێك لە سوڵتانەکانی سەلجوقییەکان ـ پێم وایە سوڵتان سەلجوق خۆیەتی ـ دەگاتە سنووری کوردستان، هەڵسەنگاندنێك دەکات کە دەستەواژەی "ویلایەتی کوردستان"ی بەکارهێناوە. لە راستیدا ئەو سوڵتانە پێشتر شکستی بە ئێرانییەکان هێنابوو، بەڵام لەو باوەڕییەدابوو کە شکست پێهێنانی خێڵ و عەشیرەتە کوردییەکان مەسەلەیەکی هەروا ئاسان نییە، بۆیە لەگەڵیاندا لەبری پەنابردنە بەر لێدانی کوشندە رێگای تەبایی و هاوپەیمانێتی دەگرێتەبەر. هیوادارم مێژوو ناسەکان

لە راستی ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان بکۆڵنەوە. ئەوەی لەم رووەوە ئەنجامم داوە تەنیا دەستنیشان کردنێکی دەستپێکە. وادیارە ئەو سوڵتانە باش دەرکی بەوە کردووە کە کەوتنە نێو ململانێ لەگەڵ کوردان رێی کەوتنە نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێدەگرێت. هەروەها تەواو گەیشتبووە ئەو باوەڕییەی ململانێیەکی بەمجۆرە دەرگاکانی ئەنادۆڵ و ئێران و ئێراق لەبەردەم تورکەکان دادەخات. بۆیە دەڵێت:"پێویستە لەسەرمان بەدوای ئەو رێگەیەدا بگەرێین کە گەرەنتی بەتەبایی و لەیەك تێگەیشتن لەگەڵ کوردان دەدات". ئەمە دەست نیشان کردنێکی سیاسی راست و گرنگە. ئەگەر لەمێژووی سەلجوقییەکان بکۆڵنەوە دەبینن کە میرنشینە تورك و کوردەکان تا دواڕادە تێکەڵاو و ئاوێتە بوون. لێرەدا دەتوانم چەندین نمونە بهێنمەوە و کێ بخوازێ دەتوانێ ئەو مەسەلەیە بە روونی بخاتە روو. زۆر لە کوردەکان قەرە قۆیۆنلۆلەر، ئاق قۆیۆنلۆلەر و ئەرتیق و گوللۆلەری یان بەبەگی خۆیان داناوە، ئەمە لەکاتێکدا هەندێ لە بەگە کوردەکان بەبەگی خێڵە تورکەکان دادەنرێن. تێکەڵاو بوون تا ئەو رادەیە چڕوپڕە و تەبایی بەسەریدا زاڵە و زۆرکەم ململانێی تێکەوتووە. ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

هیوادارم مێژوو نووسەکان بەویژدانەوە هەڵسوکەوت بکەن، ئەو کاتە شێوازی پەیوەندی کورد ــ تورك تا رۆژی ئەمڕۆ ئاشکرا دەبێت و دەکرێ گەلێك وانەی لێ دەربخرێت. ئەو تورکانەی ناوی منداڵەکانیان کردۆتە تۆغرۆل تورکەش لە هەڵەیەکی مەزن دان و راستی مێژووییان پشتگوێ خستووە، ئەمەش هەڵەیەکی تاڵ و کوشندەیە، هیوادارم بەشێوەیەکی ریالیستیانە ئەوە ببینن کە تۆغرۆل و سەلجوق و ئەلپ ئەسلان چییان لەگەڵ کوردان کردووە و لەشێوازی پەیوەندیەکانی کورد ـ تورك کە ئەو کاتە زاڵبوو وانەی پێویست بۆ رۆژی ئەمڕۆ وەربگرن.

کەواتە ئەمە شێوازی پەیوەندی و هەڵوێستی سەلجوقە کاتێك دەگاتە سنووری کوردستان. سەبارەت بە عەرەبیش هەمان رەوش لە ئارادایە، کاتێك تورکەکان دەگەنە کۆشکەکانی عەرەب و تیایدا سیاسەت و هونەری سەربازی فێردەبن. لەسەرەتادا لەبەغداد خزمەتی عەباسییەکان دەکەن، پاشان دەست بەسەر سیستەمی دەوڵەتدا دەگرن و چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی خۆیان فراوان دەکەن، لەگەڵ کوردانیشدا هەمان شت دەکەن و لەسەردەمی ئەلپ ئەسلاندا تا مەلازگرت هەڵدەکشێن. مێژوو راشکاوانە دەبینێ کە لەشکرەکانی ئەلپ ئەسلان زۆربەیان لە کوردان پێکهاتبوون، تەنانەت هەندێ لەمێژوو نووسەکان ناوی یەکە بەیەکەی عەشیرەتەکان دەخەنە روو. ژمارەی کوردان لەبیست هەزار کەمتر نەبووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شەڕەکان لەسەرخاکی

کوردستاندا روویانداوە و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری بەگە کوردەکانەوە پشتگیری مەعنەویان لێکراوە. ئەگەر شەڕ لەسەر خاکی کوردستان رووی نەدابایە و ئەو پشتگیرییە مەعنەوییەی کوردە موسڵمانەکان نەبوایە چۆن ئەلپ ئەسلان و لەشکرەکەی دەیانتوانی بەرگەبگرن؟.

میهری بەللی: واتە ئەگەر هاوپەیمانێتی کورد ـ تورک نەبوایە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: من دێمە سەر ئەو خاڵەش، کە ئەو مەسەلەیە وەك راستییەکی مێژوویی شرۆڤە دەکەم نەك بۆ گاڵتە یاخود وەك پڕوپاگەندەیەکی PKK، تکایە باهەموو کەسێك بەم شێوەیە لێی تێبگات. دەبا زانا و مێژوونووسەکان بفەرموون لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن و دەستنیشانی ئەوە بکەن کە ژمارەی کوردەکان لە ریزەکانی لەشکرەکەی ئەلپ ئەسلان چەند بوون؟ ئایا دەیتوانی لەو شەڕەدا سەربکەوێ کە لەسەر ئەو خاکەی لەهەموو لایەکەوە بەعەشیرەتە کوردییەکان تەنراوە؟ باش و وریابن، ژمارەی سوپای (دێوژنی) رۆمانی دووسەد هەزار سەربازبوو، ئەمە لەکاتێکدا سوپاکەی ئەلپ ئەسلان لە پەنجا هەزار سەرباز تێنەدەپەڕی. ئەگەر پشتگیری و هاوکاری کوردان نەبووایە نەیدەتوانی یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە بچێت و، زوو لەناو دەچوو، تورکەکان نەیاندەتوانی یەك پەنجەش لە سنووری ئێران بپەڕنەوە. ئەگەر توانیان تا مەلازگرت بچن ئەوە بە پشتیوانی کوردان و هاوپەیمانێتییەکەیان بوو. ئەمەش راستییەکە روون و ئاشکرایە و ناشاردرێتەوە! دیسان جەخت لەسەر تێگەیشتن لەو راستییە دەکەمەوە.

لەگەڵ هاتنی سەردەمی سەلجوقییەکانی ئەنادۆڵ، بەدەربڕینێکی دیکە سەردەمی کرانەوەی دەرگاکانی ئەنادۆڵ لەبەردەم تورکەکان، دەکرێ بووترێ کە کوردان ئەو دەرگایانەیان بۆ تورکەکان خستە سەرپشت. لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازییەوە کرانەوەیان ئەنجامدا. لەسەر ئێوەی روناکبیری تورك پێویستە لەو مێژووە بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی خۆتان ئەو راستییە ببینن کە ئەگەر پشتیوانی کورددان نەبوایە نەیاندەتوانی یەك هەنگاو لە سنووری ئەنادۆڵ بپەڕنەوە. ئەوەی ئەنجامم داوە بەهێڵێکی پان پێناسەیەکی گشتییە.

میهری بەللی: ئەو رووناکبیرە تورك و کوردانەی گرنگی بە مێژوو دەدەن زۆربەیان خاوەن مەیلی نەتەوەپەرستی سەرەتایین، وەك بڵێی ئامانج لە لێتوێژینەوەی مێژوو دروستکردنی کەلێنە لەنێوان گەلاندا. هەربۆیە بۆ خزمەتکردنی ئەو ئامانجە سوورن لەسەر شێواندنی راستییە مێژووییەکان. کەچی هەڵوێستی راست و زانستییانە ئەوەیە لەسەر بنەمای یەکێتی ئازاد بۆ لەیەك نزیکخستنەوەی گەلان بێت. ئەو هەڵوێستە لەنێوان خێڵ و عەشیرەتە تورکەکان لەسەرەتای هاتنیان بۆ ئەنادۆڵ باو بوو. لەوانەیە هەندێ

دەرهاویشتە (   ) هەبێت، بەڵام چوارچێوەی گشتی بەو شێوەیەیە کە باسمان لێیەوە کرد. ئێمە لەسەرمانە و دەبێ ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکەین. پڕوپاگەندەی فەرمی بە جوداخواز تاوانبارت دەکات، ئەمە لەکاتێکدا تۆ بەدوای کۆڵەکە و دینگە مێژووییەکانی یەکێتی هەردوو گەلدا دەگەڕێیت. داخوا ئەمە مەسەلەیەکی سەرسووڕهێنەر نییە؟!

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دوای ئەمە وەك دەزانن شەپۆلێکی مەزنی کۆچبەری قەومە تورکییەکان بۆ ئەنادۆڵ دەستپێدەکات. ئەم شێوازەی پەیوەندی نێوان هەردوو گەل کەم تا زۆر تا دوای شەڕیش بەردەوام دەبێت. لەوانەیە پرس بکرێ: داخوا هیچ ململانێیەکی تێنەکەوتووە؟ بەڵێ...! بەڵام هاوپەیمانێتی باڵادەست بوو، ئەوەی خوازراو و مەبەستی ئێمەش ئەوەیە. سەرلەنوێ دووپاتی دەکەمەوە، گەلێك میرنشین هەن کە بەگە تورکەکان لە ماردین و دیاربەکر و ئەخلات و ئەرزەرۆم بونیادیان ناوە، ئەوەی جێی سەرنجە سەرجەم لەو میرنشینانەدا کورد ـ تورك ئاوێتەی یەکتری بوون و چەندین خێڵی تورکی لەبۆتەی کوردانداا تواونەتەوە، وەك خێڵی قەرە کچلیلەر کە لە دەوروبەری قەراج داغ دەژین و لەمن باشتر بە کوردی قسەدەکەن، تەنانەت یەك وشەی زمانی تورکیش نازانن، ئەمە لە کاتێکدا لە رەچەڵەکدا لەخێڵی تورکمانەکانن، هەروەها چەندین خێڵی تری هاوشێوە هەن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە شێوازی پەیوەندی باو تا رادەی توانەوەیان لە بۆتەی یەکتریدا پەسند کردووە. کەچی ئەوەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا باوە لەوکاتەدا نەبووە، وەك تورکەکان دەستی خۆیان لەکوردەکاندا سەربەست بکەن و بە مەترسی ژمارە یەکیان دابنێن. بۆ ئێمە مێژووی رابردوو باشتربوو، بەڵام مێژووی ئێستا مێژوویەکی شۆڤێنیستانەیە و بێ سنوور لەنێو فاشیزمدا خنکاوە.

دوای سەرنجدان لەو خاڵە، دوای ئەوە تورکەکان چییان کرد؟ دوای ئەوەی بەهێزی ئیسلام و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و هێزە سەربازییەکەی خۆیان تۆکمە کرد هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجامدا و سەرجەم گەلانی ئەو ناوچەیەیان خستە ژێر رکێفی فەرماندە سەربازییەکانیان. هەروەك دەزانین لە ئەنادۆڵدا دەوڵەتی سەلجوقییان دامەزراند کە لەدوای جەنگی خاچپەرستەکانەوە بۆ چەند سەدەیەك بەردەوام بوو. بەرچاوترین تایبەتمەندی "قلج ئەسلان" بەرپاکردنی شەڕێکی دژواربوو لەدژی خاچپەرستەکان و رێگای بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی کردەوە. دوای ئەوەش شکستییان بە یەك بەیەکی میرنشینە بێزەنتییەکان هێنا و گەیشتنە دەروازەکانی ئەستەمبوڵ و، لەسەر کەلاوەکانی دەوڵەتی عوسمانییان دامەزراند. لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی سەلجوقییدا کە تا چەند سەدەیەك

بەردەوام بوو، تورکەکان لە رەوشی گەلێکی کۆچبەرەوە دەرکەوتن و لە ئەنادۆڵ نیشتەجێ بوون و کۆڵەکەکانی بەگەلبوون تیایاندا پێك هات، بەڵام تاکە گەلی ئەنادۆڵ نەبوون بەڵکو ئەرمەن و پۆنتۆس و رۆم و تورکمانیش هەبوون.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەتایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو سەلجوقییانە بکەین کە دەوڵەتی خۆیان ئاواکرد، ئەوانە زۆربەیان لەتوێژی خانەدانان (ئاریستۆکرات) و توێژی سەرەوەی بەگەکان بوون. بەڵام گەل، واتە چینە ژێردەستەکان لەچیاکانی دەریای سپی و چیاکانی تۆرۆسدا نیشتەجێ بوون، بەمەش تەواو پچڕابوون لەچینی دەسەڵاتدار و کولتوورێکی تایبەت بەخۆیان ئافراند و لەسایەی ئەوەدا ژیانیان بەسەر دەبرد، ئەوانە پێیان دەگوترێت تورکمان. بەڕای من ئەوەی دەبێ ناوی گەلی تورکی لێبنرێت ئەو تورکمانانەن کە بەو تایبەتمەندییانە دەناسرێن: کاتێك وەرچەرخانی چینایەتی دەستیپێکرد و چینە دەسەڵاتدارەکانی تورك و ئەو میرنشینانەی لەسەر رێبازیان بەڕێوەچوون و خودی سەلجوقییەکانیش لەژێر ناوی دەوڵەتی عوسمانی خۆیان رێکخست، شانبەشانی چەوساندنەوەیەکی زۆر دژوار جیاوازیش دەستی پێکرد. ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین میرنشینەکانی قارما لەژێر داپلۆسینێکی توندوتیژدا لەناوچو و، لەژێر ناوی دژایەتیکردنی عەلەوێتی شەڕێکی دڕندانەیان دژی تورکمانەکان راگەیاند ـ جێی باسە چینی دەسەڵاتدار بەمەزهەب سونین، بەڵام زۆری تورکمان عەلەوی مەزهەبن و لەناوچە شاخاوییەکاندا نیشتەجێ بوون ـــ شەڕێکی زۆر خوێناوی و وێرانکاربوو. ئەوەی سەرنج راکێشە، لەو ماوەیەدا سوڵتانەکان لەگەڵ کوردان لەشەڕدا نەبوون، بەڵام لەدژی چینی چەوساوەی تورك واتە تورکمانەکان شەڕێکی وێرانکاریان بەرپاکردووە، کە لە کرۆکی خۆیدا شەڕێکی چینایەتی دژوارە، ئەمە تایبەتمەندی هەرە دیاری ئەو قۆناخەی مێژووە، بەمەش تورکمان توێژێکی جیاوازن، گەلی تورك خۆیانن.

دوای ئەو گێڕانەوە کورتە، دەبێ ئاماژە بەوەبکرێ کە زمانی فەرمی ئەو سەلجوقییانەی لە قۆنیا و دەوروبەرەکەیدا جێگیربوون زمانی فارسی بوو. "مەولانا"ش مەسنەوییەکەی بەزمانی فارسی نووسیوە و بەپاراوی بەفارسی قسەی کردووە، بەڵام زمانی عوسمانییەکانی ئەستەمبوڵ زاراوەی عوسمانی بوو و پەیوەندییەکی نزیکی بەزمانی تورکییەوە نییە. هەروەها هیچ پەیوەندییەکی بە قەرەجە ئۆغلان و یونس ئیمراوە نییە.

میهری بەللی: ئەمە راستە. زمانی تورکی بەزمانی تورکە ئەنادۆڵییە بێ کولتوورەکان دادەنرێت و وشەی "تورك" بۆ سووکایەتی کردن بەکار دەهات.

عەبدوڵڵ نۆچ نالان: یونس ئیمرا و قەرەجە ئۆغلان قسە بێژ و شاعیری گەل بوون، بەڵام ئەوانەی تر شاعیری دەربار (خان) و کۆشك بوون. دەبێ تێگەیشتن و داقورتاندنی ئەو دیاردانە لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە دەرئەنجامێکی شەڕی چینایەتیە. هیوادارم ئەوانەی سەرقاڵی لێتوێژینەوەی مێژوون لەجاران باشتر هەڵسەنگاندنی لەسەر بکەن.

لەوانەیە بپرسن: دواتر رەوشی کورد و تورکەکان چی دەبێت؟ چ شێوازێکی پەیوەندی لەنێوانیاندا باڵادەست دەبێت؟ یەکەم بەردی بناخەی کێشەکە گەیشتنی سەلجوقییەکانە بۆ سنووری کوردستان و داخزینییانە بۆ قووڵاییەکەی لەسەر بنەمای تەبایی و دۆستایەتی، ئەو تەباییە و شەڕی مەلازگرت و داخزین بۆ قووڵایی ئەنادۆڵ بەپشتیوانی کوردان ئەنجام دراوە، ئەو پشتیوانییە لەگەڵ جودایی چینایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی و تا دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەردەوام بوو. لێرەدا نامەوێ شرۆڤەی ئەو قۆناخە بکەم کە تا سەردەمی مەحەمەد ئەلفاتح بەردەوام دەبێت. بەکورتی دەوڵەتی سەلجوقی ئیمپراتۆریەتێك بوو لە ئەنادۆڵ سەریهەڵدا بەڵام لەژێر کاریگەری فارسەکاندا بوو. وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد زمان و کولتوورەکەی بەتەواوی فارسییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری مەزن و توانەوە لەبۆتەی ئێراندا لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی مەزنی سەلجوقییەکان. بەڵام رەوشی میرنشینە عوسمانییەکان تەواو جیاوازە. وەك دەزانرێ، ئەو دەوڵەتە لە شوێنێکدا نەشونمای کرد کە لەژێر کاریگەری بێزەنتییەکاندا بوو، ئەو کاریگەرییەشی زێدەتر دەبێت کە لەسەرەتای تەمەنییدا بەرەو "تراکیای رۆژئاوا" هەڵدەکشێت. وەکو دیار دەبێت دواتر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەئەستەمبوڵ جێگیر دەبێت و فۆرمیلەی کۆتاییش لە تراکیادا وەردەگرێت. شاری بۆرسە یەکەم پایتەختی بوو، پاشان شاری ئەدیرنە دەبێتە پایتەخت. پاشان لەناوچەی بەڵکاندا فراوان دەبێت و ئیدی شکستی میرنشینەکانی ئەنادۆڵ دەستپێدەکات.

عوسمان بەگ لە شکست پێهێنانی میرنشینەکانی ئەنادۆڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە بەڕای ئێمە شەڕێکی چینایەتی نییە. ئیتر تورکمان ناچار دەبن خۆیان لە چیاکاندا حەشار بدەن، بەڵام میرنشینە بچووکەکانی تر دەکەونە ژێر رکێفی دەوڵەتی عوسمانی و لەسەر بنەمای شەڕێکی چینایەتی زۆر توندوتیژ لەنێو بۆتەیدا دەتوێنەوە. لێرەدا دەکرێ شێخ بەدرەدین لەهەمان چوارچێوەدا باس بکەین. چونکە سەرهەڵدانەکەی بە بەرەنگاربوونەوەیەکی توند دادەنرێت لەبەرامبەر ئەو وەرچەرخانە بەرفراوانە چینایەتیە. ئەگەرچی ئەو سەرهەڵدانە لەژێرناوی ئایین و

مەزهەبدا دەرکەوت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ساڵانە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمـانی بەسـاڵانی جـودایی چـینایەتی توندوتیـژ دادەنرێـت. ئـەو جودابوونەوەیـە یـاخود ریزبەندیـەی لـە کرۆکـی خۆیـدا لـەدژی گەلانـە، واتـە دواکەوتوویی بەسەریاندا دەسەپێنێ ـ لەنێو ئەو گەلانەشدا گەلی تورکمان ـ ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە هەوڵـدان بـوو بـۆ پاکتـاوکردنی میرنشـینە بچووکەکان، لەسەر ئەو بنچینەیە شێخ بەدرەدین لەلایەن توێژە رەنجدەرەکان و شێخەکانی نێـو دەوڵـەتی عوسمانییـەوە پشتیوانی لێـدەکرێت. بەرچاوترین شـێخیش موسا چـەلەبییە. یەکـەمیان (شـێخ بـەدرەدین) خـاوەنی مـەیلێکی تورکانەیـە، بـەڵام شـێخی دووەم (شـێخ موسـا چـەلەبی) لـەژێر کاریگـەری ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتیدا بوو، بـەدەربڕینێکی تـر شـێخ بـەدرەدین مـەیلێکی ئەنادۆڵییانـەی هـەبوو، بەگـەلان گاریگـەر ببـوو بەتایبـەت تورکمانـەکان، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و دووچاری شکستێکی ناوخۆیی دەبێت.

لەقۆناخێکی بـەمجۆرەدا مەحەمـەد ئـەلفاتح دەردەکـەوێ کـە تـەواو لـەژێر کاریگەری رۆژئاواییەکاندایە. من مەحەمەد ئەلفاتح بە ئیمپراتۆرێك دادەنێم، ئەو یەکەم کەس بوو کـە بنچینەکانی ئیمپراتۆرییـەتی داسـەپاند. وا ڕاسـترە باب و باپیرانی تەنیا بەبەگ و میر دابنێین، وەها دادەنـێن کـە لـە بـەگزادەکان بووبێت، چونکە بەسەر میرەکـانی تـردا زاڵ نـەببون ئەگەرچـی هەنـدێکیان تـا پلـەی میرێـتی چـووبن، بـەڵام مەحەمـەد ئـەلفاتح بـە سـەرەتای سـەردەمی ئیمپراتۆرییەت دادەنرێت تەواو وەك ئیمپراتۆرییـەتی رۆمـا، ئیمپراتۆرییـەتی بێزەنتی، ئیمپراتۆرییەتی ساسانی، ئیمپراتۆرییەتی عەباسی، لەگەڵ مەحەمەد ئـەلفاتح دا ئیمپراتۆرییـەتی بـەرفراوانی عوسمـانی ئیسـلامی دەسـتپێدەکات، بەڵام داخوازییە بیزەنتییەکانی لە رۆژهەڵاتییەکەی زێدە تـرە، لـەوەش زیـاتر مەسیحییەکان بانگهێشتی دەکـەن و پێـی دەڵێن: "وەرە سـەر مەسـیحیەت بـە ئیمپراتـۆرت دادەنـێین و مۆڵکەکـەت تـا رۆمـا درێـژ دەبێتـەوە". زۆر دوو دڵ دەبێت لە پەسندکردن یـان رەتکردنـەوی ئـەو مەسـەلەیە، ئـەو ئیمپراتـۆرێکی جیاوازە و تیۆرە ئایینەکان نایگرنـە خۆی، سـەرقاڵی شیعرە و غـەرقی ئـارەق خواردنەوەیە.

میهری بەللی: ئەمە تەواو زانراوە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: ژیـانی نـاو کۆشـکەکانی دەزانرێـت نامـەوێ شـرۆڤەی بکەم، بەیەك وتـە ژیـانێکی ئـەوروپایی بـوو. مەحەمـەد ئـەلفاتح کەسـێتیەکی دوو دڵ بوو، هەمیشە لەناخیدا لەنێو ململانێ دابوو (ئاخۆ خۆم بـە موسـڵمان دابنێم یان مەسیحی، رۆژهەڵاتی یاخود رۆژئاوایی؟) بە پێویستی دەبینـم لـەم گۆشەیەشەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

میهری بەللی: ئەو دەستڕۆییەی بە بەتریکی ئەستەمبوڵی داوە ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی پێی نەدەدا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ... وا مەزەندە دەکەم خەونی بەوە دەبینی ببێتە ئیمپراتۆرێکی ئەرتۆدۆکسی. ماوەی دوای سەردەمی ئەلفاتح زۆر گرنگە. لەو قۆناخەدا ململانێیەکی توندوتیژ لەنێوان بایەزید و سوڵتان جام روودەدات. وەك دەزانرێت سوڵتان جام تا ڤاتیکان و رۆما باڵادەست دەبێت و، لایەنگری رۆژئاوایە، کەچی بایەزید لە پەلهاوێشتنەکانی خۆیدا تا رۆژهەڵاتی ئێران دەچێت و، مەیلێکی رۆژهەڵاتییانەی هەیە. لێرەدا ململانێیەکی توندوتیژ لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ململانێ لەسەر "ئایا ئیمپراتۆرییەت مۆرکێکی رۆژهەڵاتی لەسەر بێت یاخود رۆژئاوایی؟" دەبێت و، وەك دەزانرێت یاووز (سوڵتان سەلیم یاووز) کوڕی بایەزید، دەست لەمەسەلەکە وەردەدات و کۆتایی بەو ململانێیە دێنێت و بەشێوەیەکی روون ئاراستەکەی دیاردەکات.

میهری بەللی: رووەو رۆژهەڵات ئاراستە وەردەگرێت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ.... چونکە رۆژئاوا مەترسی تواندنەوەی تێدا بوو، واتە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی نوێی بێزەنتی یاخود راستر بڵێین ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی مەسیحی. مەیلی سوونیگەرانەی توندی رۆڵێکی گرنگی بینی لە کۆتایی هێنان بەم مەسەلەیە. دوای ئەوەی لە بوونی بەئیمپراتۆرێکی رۆژهەڵاتی یەکلابوونەوەیەك دەکات، ئەو کاتە لەناوچەکەدا دوو دەوڵەتی ناوەندی بەهێز هەبوون، یەکەمیان: دەوڵەتی فاتمی بوو لە میسر، راستە لەبنەڕەتدا تورك بوون بەڵام ببوونە مەمالیکی عەرەب. دووەمیان: دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی بوو کە دەکەوتە رۆژهەڵاتییەوە. هەردوو دەوڵەت بەهێز بوون، یەکەمیان لە باشوورەوە تا چیاکانی تۆرۆس درێژ ببۆوە و سنووری دەسەڵاتی سوڵتانەکانی میسر تا چقورئۆڤا، چیاکانی تۆرۆس، باشووری چیاکانی تۆرۆس دەچوو. کەچی مولکی سەفەوییەکان تا رووباری فورات درێژ ببۆوە، هەندێ جاریش تا ئەنادۆڵی ناوەوە دەچوو، پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ تورکمانەکان هەبوو، کە ئەوانیش عەلەوی واتە شیعەبوون. بەواتایەك لە واتاکان سەفەوییەکان وەك کۆمۆنیستەکانی ئەوکاتە بوون، بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە توانییان تورکمانەکان رێك بخەن.

میهری بەللی: مەزهەبی شیعە لە ئێراندا ئایینی دەوڵەت بوو شانبەشانی سیستەمی چەوسێنەر هاتووە. بەڵام لە ئەنادۆڵدا عەلەویەت رۆڵی ئایدیۆلۆژیای رکەبەری کۆمەڵایەتی دەبینێ. بەبۆچوونی من لێکچواندنی رکەبەری تورکمانی ئەو کاتە بە کۆمۆنیستی ئەمڕۆ لێکچواندنێکی راست و

لەشـــوێنی خۆیدایـــە. ئـــەمڕۆش بنکـــەی عەلەویەتگـــەری بەسروشـــتی پێشـــکەوتنخوازانەی روون و بەرچـــاو جیادەکرێتـــەوە. باشـــترین رێگـــا بـــۆ بەگەڕخســـتنەوەی ئـــەو بنکەیـــە لـــەڕۆژی ئەمڕۆمانـــدا ژیاندنـــەوەی گیـــانی بەرخودانی تورکمانەکانە کە بەدرێژایی مێژوو لەئارادا بووە.

عەبـدوڵڵا ئـۆچ ئـالان: ئـەو دوو دەوڵەتـە تـا دواڕادە سـوڵتانیان خسـتبووە دڵـەڕاوکێوە، ئەگـەر دووچـاری شکسـت نەبوونایـە، لەوانـەبوو ئەنادۆڵیشـیان تێپەڕاندبایە، ئەو کاتە سوڵتانی عوسمانی لە باڵقان دەبوو و لـەوێش بـەدواوە بۆ بێزەنتییەکان. هەر بۆیـە ئەگـەر بمانـەوێ سـوڵتان سـەلیم پێناسـە بکـەین، دەکرێ بڵێین: ئەو سوڵتانە بوو کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کردە رۆژهەڵاتی و رێگەی نەدا ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی نوێی بێزەنتی. ئـەوەی جێـی سـەرنجە 500 ساڵ دوای شـەڕی مـەلازگرت سـوڵتانی عوسمـانی هەوڵـدەدات کۆتـایی بـە هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و فـاتمی بهێنێ، ئـەو دوو دەوڵەتـە رکەبـەری هـەرە بەهێزی بوون، بەتایبەتی تا رووباری فورات و چیاکانی تۆرۆس درێژبببوونەوە و تۆڕی سیخوڕیان لە هـەموو شـوێنێك بڵاوکردبـۆوە. لـەو قۆناخـەدا هەنـدێك کەسـایەتی لەسـەر ژمارەیـەك میرنشـین دەسـەڵاتدار بـوون، وەك ئیدریسـی بەدلیسی کە میرنشینی بەدلیسی بەڕێوە دەبـرد و لـەژێر دەسـەڵاتیدا هەنـدێك میرنشینی بچووکی تریش هـەبوون. بەرچاوترین تایبەتمەنـدی ئەومیرنشـینە کە لەسـەر مەزهـەبی سـوونی بـوو، دەیخواسـت لـەژێر کاریگـەری و حاکمیـەتی دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی رزگاری ببێـت. پێشـتریش سـەفەوییەکان 23 مـیری کوردانیـــان زینـــدانی کردبـــوو، ئەمـــە لەکاتێکـــدا مـــیری بـــەدلیس لەگشـــتیان بـەهێزتربوو و بـە دوای رێگایـەك دەگـەڕا تـا لەدەسـت سـەفەوییەکان رزگـاری ببێـت، ئیدریسی بەدلیسـی نووسـەری ئـەو مـیرە بـوو، بەواتایـەك لـە واتاکـان راوێژکار و ئاراستەکاری بـوو. هەربۆیـە پەیوەندیـەکانی خـۆی لەگـەڵ کۆشـکی عوسمـانی پتـەو و تۆکمـە دەکـات و لێیـەوە دەخـوازێ رێگـای رزگـاربوون لـە سەفەوییەکان بدۆزێتەوە. ئـەو گەڕانـە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ بـەردەوام دەبێـت، هـەروا لەخۆیـەوە نایەتـە ئـاراوە، سـوڵتانیش بـێ ئـەوەی کـات بـەفیڕۆ بـدات پەیوەنـدی لەگەڵیانـدا دەبەسـتێ، چـونکە ئـەویش پێویسـتیەکی زۆری بـەو پەیوەندییە هەبوو، بۆ پاراستنی ئیمپراتۆرییەت دەبوایە لەیەك کاتـدا شکست بە سەفەوی و فاتیمییەکان بهێنێت، یاخود بەلایەنی کەمەوە ناچاریان بکات بـۆ سـنووری سروشـتی خۆیـان بکشـێنەوە. لـەو روانگەیـەوە لەگـەڵ ئیدریسـی بەدلیسی نامە دەگۆڕێتەوە. لە یەکێك لەو نامە گۆڕینەوانەدا دەفتەرێکی سپی بەمۆری سوڵتان مـۆرکراوی بـۆ دەنێرێـت و پێـی رادەگەیـەنێت کـە دەسـتڕۆیی

ئـەوەی هەیـە بـەناوی سـوڵتانەوە چـەندەی بخـوازێ ئیمـزا بکـات و چـەندیش بخوازێ دەتوانێ فەرمان دەربخات.

میهری بەللی: دەڵێت:"کێ چەندی لە دەستڕۆیی دەوێت پێی ببەخشە" لە ئیمزای سەر لاپەڕەی سپی دەچێت.

عەبدوڵڵ نۆچ ناڵان: بەڵێ... پێی ڕادەگەیەنێ کە چەندە بخوازێ دەتوانێت فەرمان دەربخات و بڕێکی زۆری لەزێڕ بۆ نارد و خستیە خزمەتیەوە، مەسەلە دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی پێـی رابگەیـەنێ:"لـەناو خۆتانـدا بـەگێگ هەڵبـژێرن". هـەروەها دەڵێـت:"لێـرەدا بـەدەیان بـەگ هـەن، ئەمــەش زۆرە، ڕێکخسـتنی پەیوەندی لەگەڵ هەموویان زەحمەتە، ئەگەر بەگێکتان هەڵبژارد، ئەوا لەیەك تیگەیشتن ئاسان دەکات" وەك تێبینیش دەکەن ئێرە شوێنی زەبروزەنگ نییە، بـەڵکو هەوڵیـداوە لەسـەر ئاسـتی دەوڵـەت هاوپـەیمانێتی ببەسـتێ، کـە سـوڵتان سەلیم و ئیدریسی بەدلیسی بونیادنـەری ئـەو هاوپەیمانێتییـەن. بەدلیسـیش بەمجۆرە وەڵامـی دەداتـەوە "نـەخێر، ئێمـەی بەگە کوردەکـان لـەنێو خۆمانـدا لەیـەك تێناگـەین، ئەگـەر ئەمـە بکرایـە ئـەوا میرێکـی کـورد دەردەکـەوت و حـوکمی هـەموویانی دەکـرد و کاروبارەکانیـان بـەڕێوە دەبـرد". ئەحمـەدی خانیش وەك خۆزگەیەك ئاماژە بـەو خاڵـە دەکات و دەڵێـت:"خۆزگـە ئێمـەش میرێکمـان دەبـوو". وەك دەزانـن بالادەسـتی میرێـك و ئـاواکردنی میرنشـینێکی ناوەندی مەسەلەیەکی هەروا ئاسان نییە. هەربۆیە میرە کوردەکـان بانگهێشـتی سوڵتان سەلیم دەکەن بۆئەوەی کە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و حـاکمێکی گشـتی دەستنیشان بکات. بۆیە پێم وایـە بـۆ ئـەم کـارە ئەسـکەندەر بـەگ دەنێرێـت و ئەویش هێزی کوردان کۆدەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا هێزی عوسمانیـەکان نەهاتبووە کایەوە، بەڵکو تا ئەوکاتـەش هەمووشـتێك بـەناوی کوردانـەوە بـوو. ئەولیا چەلەبی لەبارەی ئەو قۆناخەوە دەڵێت:" ژمارەیەکی زۆر لە میرنشین و دەوڵەتۆکە هەبوون. کۆشکی میری بەدلیس لە کۆشکی ئەستەمبوڵیش گەورەتر و شـکۆمەندتربوو، پەرتوکخانەکەشـی بەهـەمان شـێوە، هـەروەها سـوپایەکی دەیـان هـەزار کەسـی هـەبوو". ئەمـەیان تـەنیا میرنشـینێکیان بـوو، میرنشـینی هـەکاری و میرنشـینی دیاربــەکریش هــەبوون. ئــەو میرنشــینانە خــاوەنی سیستەمێك بوون زۆر لە میرنشینەکانی ئەوروپا پێشکەوتووتر بـوو. هەربۆیـە سوڵتان سەلیم ــ لـەم ڕووەوە مافداریشـە ــ بـەدوای ڕێگـەی هاوپەیمانێتییـەك دەگەڕا. لێرەدا نامەوێ ئەم بابەتە فراوان بکەم چونکە لەمێـژوودا سـەلمێنراوە و گفتوگـۆ نــاخوازێ. ســەرباری ئەمـــەش مــیرە کوردەکــان پێویسـتیان بــە هاوپەیمانێتییەکی بەمجۆرە هەبوو. چونکە سەفەوییەکان فشاری مەزهـەبی و

سیاسی توندیان بەسەریاندا پیادە دەکردن و 23 میری کوردانیان زینданی کردبوو.

یەکەمین بەرهەمی ئەو هاوپەیمانێتییە سەرکەوتن بوو لە شەڕی چالدێراندا. ئەگەر چی ئەو شەڕە وادیار بوو کە شەڕی عوسمانی ـــ سەفەوییەکانە، بەلام لەڕاستیدا سەرکەوتنی میرە کوردەکان بوو بەسەر سەفەوییەکاندا، لەکاتێکدا رۆڵی سوڵتان تەنیا رێکخستنی کاروباری ئەو شەڕە و پشتگیری کردنی بوو بەئینکشارییەت. بەلام وەك مێژووش جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەکردار ئەوەی زیاتر شەڕی کرد هێزی میرە کوردەکان بوو. دوای ئەم سەرکەوتنە موڵکی ئیمپراتۆرییەت تا شاری تەورێز و ناوچەی قەفقاسیا و بەغداد درێژ دەبێتەوە. جێی باسە ئەو شەڕە لەساڵی 1514دا هەلگیرسا. دوای ئەمە یەکسەر تەواو لە ساڵی 1517دا دەسەلاتی ئیمپراتۆرییەت بەپشتیوانی رەهای کوردەکان تا باشووری ئیستای کوردستان رۆیشت. هەروەها لە ئەنجامی سەرکەوتنیان لە شەڕی "مەرج دابیق"دا کە لەپاڵ حەڵەبدایە، دەروازەکانی سوریا کەوتە سەرپشت. لە بەدیهێنانی سەرکەوتن لەو شەڕەدا میرە کوردەکانی دیاربەکر و ماردین رۆڵێکی مەزنیان گێڕا. دوای شەڕی "ریدانییە" سەرکەوتن بەسەر دەوڵەتی فاتیمی میسری، موڵك و دەسەلاتی عوسمانییەکان تا نیمچە دوورگەی عەرەبی و باکووری ئەفریقا درێژ دەبێتەوە، بەمەش دەبێتە ئیمپراتۆرییەتێك کە سێ کیشوەر لەخۆی بگرێت و بەشان و شکۆ بێت.

دەتوانین لەمەدا چ دەرەنجامێك دەربخەین...؟ ئەمە پرسێکی گرنگە و پێویستی بە وەلامدانەوە هەیە. ئێمە زێدەڕۆیی ناکەین و مەسەلەکان گەورە ناکەین، گشت ئەو مەسەلانە بە بەلگەی مێژوویی سەلمێنراون. ئەگەر کوردان نەبوونایە داخوا سوڵتان سەلیم دەیتوانی بگاتە رووباری فورات؟ ئایا دەیتوانی سوریا بەدەست بخات و بەرەو چیاکانی تۆرۆس هەلکشێ؟ بێگومان نەخێر! لەسەرەتادا بۆ جێگیرکردنی پێی خۆی و تۆکمەکردنی دەسەلاتەکەی خێڵ و عەشیرەتە کوردییەکان هاوکارییان کرد، بۆئەوەی لەئەنادۆڵ دەربچێت و بەرەو رۆژهەلاتی ئاراستە وەربگرێت هەر ئەوانیش هاوکارییان کرد تا بووە ئیمپراتۆرییەتێکی بەرفراوان و بەهێز. ئەو راستیە روونە و بێ تەم و مژە. وەك دەزانرێت دواتر پێنج حکومەتی کوردی و چەندین میرنشینی تر سەریانهەڵدا، هەموویان لەلایەن سوڵتانەوە فەرمانی لەسەر درابوو. گشت ئەو حکومەتانە لەڕووی سیاسی و عەشیرەتییەوە میراتگیری بوون، لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرایەوە. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە لەو قۆناخەدا کوردان بێ سیاسەت و حکومەت نەبوون، بەڵکو بێ سوڵتانێك بوون کاروبارەکانیان بەڕێوە

بیات، ئەمەش دەرئەنجامی نەبوونیانە بەناوەندێك لەو ساتانەدا، ئیتر سوڵتانی عوسمانیش ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە.

میهری بەللی: لەوکاتەدا سوڵتانی عوسمانی سیفەتی خەلیفەی موسڵمانانیشی هەڵگرتبوو. لێرەدا هۆکاری ئایینی گرنگییەکی مەزنی هەیە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەو هۆکارە، هۆکاری هەرە بەرچاو بوو کە لەسەر ئیمپراتۆرییەت حوکمی دەکرد. رەوشێکی هاوشێوەی ئەوەی باسمان کرد لە تورکیا یان نیمچە دوورگەی عەرەبی یاخود ئەنادۆڵدا لەئارادا نەبوو، لەبەرئەوە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئیمپراتۆرییەتێکی تورك و کوردان بوو، بەتایبەتیش لە سەرەتای سەردەمی سوڵتان سەلیم دا، دەبێ ئەوە لە هیچ کاتێکدا لەیاد نەکرێت.

ئەو رەوشە تا سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام دەبێت، بەتایبەت لە سەردەمی حوکمڕانێتی سوڵتان مەحمود کە جیاوازییەکی نوێ دەردەکەوێ. بەکورتی ئاماژەکردن بەو بابەتە زۆر سوودمەندە. وەك دەزانرێت لەبەرامبەر سەرمایەداری پێشکەوتوودا دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە رۆژئاوای ئەوروپادا بەشێوەیەکی خێرا دێتەوە باریەك و، لەوەش زیاتر، هەڵمەتی محەمەد عەلی پاشاش هەبوو کە دەست و مەچەکی خۆی لەمیسردا توندکردبوو. رۆڵی ئینگلیز لە گەشەکردن و زێدەبوونی دەسەڵاتی مەحەمەد عەلیدا کەم نەبوو. دوای باڵادەست بوون و حوکم کردنی میسر دەسەڵاتەکەی تا چیاکانی تۆرۆس و تراکیا چوو، بەڕادەیەك لەساڵی 1830دا خەریکبوو بەسەر ئەستەمبوڵیش باڵادەست بێت. بەڵام دەستێوەردانی روسیا و فەرەنسا و ئینگلیز توانی هەتا بەرەو ئیمپراتۆرییەتی بێنێتەوە. لەواقیعیدا ئیمپراتۆرییەت هەر لەساڵی 1830وە کۆتایی پێهاتبوو، لە شوێنیدا بنەچەی میسری، بنەچەی محەمەد عەلی پاشا شوێنی دەگرتەوە، بەڵام دەستێوەردانی روسیا و فەرەنسا و ئینگلیز نەیهێشت ئەمە بەدیبێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سوڵتان مەحمود هانای وەبەر روسە سلاڤییەکان برد بۆ ئەوەی کۆتاییەکی مەرگەساتانەی نەبێت، بەمەش روسەکان بۆ یەکەم جار هاوکاری تورکەکانیان کرد و لەسەردەمی قەیسەردا هەوڵیاندا تورکەکان نەبەزێن. بۆ دووەم جاریش بەلشەفیەکانی روسیا هاوکارییان کرد و هەوڵیاندا بۆ ئەوەی لە ئەنادۆڵ لەناونەچن. مێژوو نووسەکان تاوتوێی ئەو مەسەلانەیان نەکردووە، بەڵام وەك راستییە بەرچاوەکان دەمێننەوە، ئەگەر هاوکاری روسەکان نەبوایە ئەوا محەمەد عەلی پاشا دەبووە سوڵتانی نوێی ئەستەمبوڵ.

هەڵبەتە لێرەدا سوڵتان مەحمود هەندێك دەرەنجامی وەرگرت، بینی کە زۆر پێویستی بەوە هەیە باجەکان زێدە بکات و ئاستی بە سەربازبوون بەرزبکاتەوە، بۆئەوەی ئیمپراتۆرییەت ڕێکبخاتەوە و تۆکمەی بکات و ئابوورییەکەی بەهێز ببێت، لە ڕۆژئاواوە رووە و ئەنادۆڵ ئاراستە وەردەگرێت، چونکە بزاڤە یاخی و هەڵگەڕاوەکان لە ڕۆژئاواوە دەستیپێکرد و رەوتە نەتەوەییەکان بڵاوببوونەوە. بەرەو ڕۆژهەڵات ملی نا کە کورد و عەرەبەکانی لێبوون. زیاد کردنی باجەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بە سەربازبوون واتە تێکدانی سیستەمی کۆن، چونکە ئەو کاتە کوردەکان باجەکانیان بۆ خۆیان دەپاراست و بەپێی ئەو سیستەمە کۆیان دەکردەوە و بەسەربازبوونیشیان بۆ بەرژەوەندی میرنشینەکەیان بوو. واتە کۆکردنەوەی باجەکان و بەسەربازبوون راستەوخۆ بەناوی عوسمانییەکانەوە نەبوو. ئەوەی لە ئارادا هەبوو بەناوی میرەکان خۆیانەوە هەندێك دیاری و خەڵاتیان پێشکەش دەکردن، بێ ئەوەی عوسمانییەکان خۆیان باج کۆبکەنەوە و بە سەربازبوون ئەنجام بدەن. کاتێك سوڵتان مەحمود هەوڵیدا پێچەوانەی ئەمە هەڵسوکەوت بکات، ئەوا لە ئەنجامدا قۆناخی سەرهەڵدانی گشتگیر دەستیپێکرد و سەدەی نۆزدە بەتەواوی دەبێتە سەدەی سەرهەڵدانەکان. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لۆژیکەی:"هەرگیز نابین بە سەربازی دەوڵەتی عوسمانی، هەرگیز باجی نادەینێ". ئەمەش خۆی لەخۆیدا رشت بوون بوو لە سیستەمی کۆن. لەڕۆژی ئەمڕۆدا ئەم رەوشە تا رادەیەکی زۆر لێکچووی رشتبوونی بارزانییەکانە لەسەر ئۆتۆنۆمی.

میهری بەللی: بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا و فراوانخوازی داگیرکەرانە و، بێ توانای ئیمپراتۆرییەت لە هەڵکردنی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و بوونی بە نیمچە داگیرکراو، هەموو ئەمانەش رۆڵێکی کاریگەرانەیان هەبوو. شانبەشانی گشت ئەمانەش سەروەت و سامانی دەوڵەتی عوسمانی دەکەوێتە بازاڕی سەرمایەدارییەوە. ئەو پێشکەوتنە پەیوەندییەکی تۆکمەی بە پێشکەوتنی مەیلە نەتەوەییەکانی گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەوە هەیە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لە واقیعدا باشترین نموونەی ئۆتۆنۆمی ئەوەیە کە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لەئارادا بوو، ئەو کاتە چەندین دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بەرفراوان هەبوون. کاتێك لە سەردەمی سوڵتان مەحموددا مەترسی هاتە سەر دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکان، سەرهەڵدانی مەزن و بەرفراوان بەرپابوون. وەك دەزانن لە ئەنجامدا ئەو سەرهەڵدانانە دووچاری شکست دەبنەوە، یاخود بەواتایەکی دیکە بەدرخان دەڕوا و یەزدانشێر دێت، ئەویش

دەڕوا و عوبێدوڵڵا دێت. بەڵام لەئاکامدا سوڵتان عەبدولحەمید سیاسەتێکی نوێ و سەرسووڕهێنەر دادەڕێژێ، سیاسەتێکی کۆن بوو بەڵام درەنگ کەوت، واتە سیاسەتی سەرلەنوێ لەیەك تێگەیشتن (تفاهم) لەگەڵ کوردان، بەڵام ئەو جارەیان بەشێوەیەکی جیاواز، لە چوارچێوەی لیواکانی حەمیدی. ئەمە بەچ واتایەك دێت؟ واتە: سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی میرنشینە کوردییەکان و وەك ژەنەڕاڵەکان میرەکانیان دەستنیشان بکرێن و خوێندنگای تایبەتیان بۆ بکرێتەوە. لەسەر ئەو بنچینەیە 36 میرنشینی کوردان دادەمەزرێ. وا مەزەندە دەکەم سوپایەکی 36 هەزار جەنگاوەرییان پێکهێنا بوو. ئەمەش واتای ژیاندنەوەی دەرەبەگایەتییە لە کوردستان و نوێکردنەوەی تەباییە لەگەڵ عوسمانییەکاندا بە سەرۆکایەتی سوڵتان عەبدولحەمید، ئەو سیاسەتە تا سەردەمی مستەفا کەمال، واتە تا دامەزراندنی کۆماری تورکیا، بەردەوام دەبێت. بەدەربڕینێکی دیکە دەکرێ بووترێ کوردان لەسەر بنچینەی لیواکانی حەمیدی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانییەکاندا لە تەباییدا بوون.

میهری بەللی: لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ بووترێ ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی کۆماردا بۆ بەتورککردنی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا جێبەجێ کراوە لە درێژایی مێژووی تورکەکاندا نمونەی نییە. ئەو حکومەتانەی بەر لە کۆمار، مۆزاییکی گەلانی ئەنادۆڵیان لەبەرچاو گرتووە و لەسەر ئەو بنەمایەش سیاسەتیان کردووە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوەی جێی سەرنج بێت لەو تەباییەدا دژایەتیکردنی ئەرمەنییەکان بووە بۆ ئەو تەباییە و بەرەنگابوونەوەیانە لەبەرامبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد. لەمەدا لێکچوونێکی سەرسووڕهێنەر هەیە لەنێوان ئەوان و بزووتنەوەی بارزانییەکان کە تەبابوون لەگەڵ کۆماری تورکیا و دژایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان، لەگەڵ ئاماژەکردن بە نەبوونی بزووتنەوەیەکی ئەرمەنی لەڕۆژی ئەمڕۆماندا. لەو کاتەدا ئەو میر و بەگانەی کوردان ـ کە دەتوانین ناوی کۆنەپەرستەکانیان لێ بنێین ـ لەگەڵ عوسمانییەکان لە تەباییدا بوون، لە هەمانکاتیشدا دژایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردان و ئەرمەنییان دەکرد، هەروەها بوونە هۆکاری هەڵگیرسانی ململانێی خوێناوی. ئەوەی لێرەدا گرنگە یەکگرتنی کوردانە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیدا، یاخود ڕاستر بڵێین لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی، مەسەلەکە ڕوون و دیارە: 36 میرنشینی کوردان و هەر یەکێکیان هەزار چەکداریان هەیە، هەر یەکەو خوێندنگای تایبەتی خۆی تەنانەت لە ئەستەمبوڵیش هەیە. ئەو ئۆتۆنۆمییەی ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەو کاتە بەکاملترین شێوە لە ئارادا بووە، بێ ئەوەی سیاسەتی

تواندنەوە دەرهەق بەکوردان پەیڕەو بکەن، تەنانەت هەمووشتێك بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچوو. هەروەها ئەو کاتە ئیبراهیم پاشا هەبووە کە لە وێرانشارەوە تا ئورفا و موسڵ و دیاربەکر حوکمی کردووە، دیسان بەدرخان بەگ هەبووە، ئەوە لەمێژوودا لەسەری نووسراوە راشکاوانەیە و دەمەتەقێی ناوێ. لەوانەش زیاتر دەوڵەتی مەروانییەکان هەبووە کە لەسەردەمی سەلجوقییەکاندا بووە و سەدەیەك زیاتر بەردەوام بووە.

کەواتە؛ قەوارە کوردییەکان تا سەدەی نۆزدە لەئاستێکی پێشکەوتووی رێکخستندا بەردەوام دەبن. هەربۆیە بە ووتەی وەکو:"ئایا کوردان دەوڵەتیان هەبووە یاخود نا؟ لەئاستی رێکخستنی عەشیرەتیدا ماون..." ووتەی زێدەڕۆن و راست نین. دەبێ لێرەدا ئەو دەرئەنجامە سیاسییەی لێ دەربخەین کە کوردان تا سەردەمی ئیتحاد و تەرەقی لەسەر ئەو رەوشە بەردەوام دەبن.

عەبدوڵڵا جەودەت ـ تیۆریزانێکی ئیتحاد و تەرەقی ـ بەرەچەڵەك کوردە و چەندین کەسێتی دیکەی هاوشێوەی ئەو بەیەکەوە دژی ستەمکاری تێکۆشاون. هەروەها دەزانرێت کە رووناکبیرە کورد و تورکەکان بەیەکەوە "مەشروتییەت"یان ئامادە کردووە، لەسەرەتای ئەو سەردەمەدا چەندین رۆژنامەی کوردی دەردەچوو و چەندین کۆمەڵەی کوردی دامەزراون، کە ژمارەیان لەوانەی تورکەکان کەمتر نەبووە. ئەمە رەوشێکی سەرسووڕهێنەرە کە هێشتا شۆڤێنیزم دەرنەکەوتبوو و دوژمنایەتی نێوان هەر دوو گەل لەئارادا نەبوو، تەنانەت لە سەرەتای سەردەمی ئیتحاد و تەرەقیش بەهەمان شێوە بوو. ئەو جۆرە مەیلانە لە ماوەی دوای ئەوە دەرکەوت، بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵات گرتنە دەستی تەلعەت پاشادا. ناخوازم بکەومە نێو قووڵایی ئەو مێژووەوە. ئەو ساڵانە بەواتایەك لەواتاکان لە هەمانکاتدا ساڵانی پێشکەوتنی بۆژوازییەتیشە. پێکهاتە سەرەتاییەکانی چینی بۆرژوازییەت دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی کەمەنەتەوەکان، بەتایبەتی ئەرمەن و رۆمییەکاندا گرت. تەلعەت پاشاش لەو پرۆسەی تاڵانکردنە رۆڵی سەرەکی بینی.

دواتر و لەژێر کاریگەری جەنگی یەکەمی جیهانی و لەئەنجامی داڕووخانی ئیمپراتۆرییەتدا داگیرکردنی ناوچەی ئەنادۆڵ لەلایەن ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتاڵیاوە دەستی پێکرد. لەوەش زیاتر یۆنانستان دەخزێتە قووڵایی ئەنادۆڵەوە. لەبەر ئەوە کێشەکە سەبارەت بەتورکەکان، تەنانەت سەبارەت بەکوردانیش، دەبێتە کێشەی مان و نەمان. لەسەر ئەو بنچینەیە شەڕی رزگاریخوازی نەتەوەیی تورکیا دەستی پێکرد، راستر وایە تەنیا وەك بزاڤی

رزگاریخوازی نەتەوەیی تورکیا نەیبینین و ناوزەدی نەکەین، چونکە ئەو شەڕە لە عەنتاب و مەرعەش و ئورفاوە دەستیپێکرد.

لەوێدا کڵپەی یەکەم هەڵگیرسا، بەر لەوەی مستەفا کەمال دەست پێبکات و بچێتە ئەنادۆڵ. لە ئورفا گوێم لەو کەسانەبوو کە بەشداری ئەو شەڕەیان کردبوو دەیانگوت:"سەرەتا لێرە و بەشێوازی شەڕی گەریلایی شەڕەکە دەستیپێکرد". ئەمە یەکەم شەڕە کە لەدژی داگیرکاری ئیمپریالیستی بکرێت، بەشداربوونی کوردان لەو شەڕە بەلگە نەویستە و پێویست بە دەمەتەقێکردن ناکات. راستە تورکەکان لە عەنتاب و مەرعەشدا بەشدارییان تێدا کرد، بەلام مسۆگەر کوردان لە ئورفا ئەو شەڕەیان دەستپێکرد. راستە مێژوو نووسەکان زۆریان لەسەر نووسیوە ـ ئەگەر پێویست بکات سەرلەنوێ گفتوگۆی لەسەر دەکەین و هەڵیدەسەنگێنینەوە ــ بەلام روون و ئاشکرایە کە مستەفا کەمال بەئامانجی گەڕانەوەی ئاسایش و جێگیری دەچێتەوە بۆ ئەنادۆڵ. بەلام کاتێك چارەسەرنەبوونی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت و بۆی مسۆگەربوو کە هەردەبێ قۆناخی رزگاری نیشتمانی دەست پێبکرێ، هەروەها پاشایەتی (سەڵتەنەت) کۆسپێکی نەزۆکی سەر رێگایەتی، بەپەلە هەڵسەنگاندنێکی راستی رەوشەکەی کرد و هەڵوێستی خۆی بەلای رزگاری نیشتمانی وەرگرت و لەو شەڕەدا وەك دوو توخمی سەرەکی پشتی بە تورك و کوردەکان بەست و لە گشتینامە (تعمیم)کەی ئەماسیادا بەو ووتەیە گوزارشتی لێکرد:" بۆ ئەوەی ئێمەی تورك و کورد لەژێر دەسەلاتی بیانییەکان رزگار ببین....." وەك دەزانن گشتینامەی ئەماسیا بە مانیفێستۆی یەکەم دادەنرێت...

میهری بەللی: پێش ئەو نامانەش بوو کە مستەفا کەمال بۆ فەرماندەکانی سوپاکەی و هەندێك لە کەسێتییەکانی ئەستەمبوڵ ناردبووی، کە بانگهێشتی بەرخۆدان دەکات. ئەو نامە و چاوپێکەوتنەی لە حافازا لەگەڵ شاندی روسیادا کردی و ئەو نامانەی بۆ سەرۆك عەشیرەکان لە دیاربەکر ناردبوونی، دەرەنجامێکی پۆزەتیفانەی لە بەرژەوەندی مستەفا کەمال لێکەوتەوە. ئەو نامە ناوبراوانە لە کرۆکی خۆیاندا گوزارشت لەوە دەکەن کە کوردەکان ئامادەن بەشداری لەشەڕدا بکەن و سۆڤییەتیش ئامادەیە هاوکاری و پشتیوانی بکات ئەگەر دەست بە بەرەنگابوونەوە بکەن.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بەڵێ دیاربەکر. ئەمە زۆر گرنگە. وەك دەزانن مانیفێستۆ واتە چوارچێوە و راگەیاندنی دەستپێکردنی کارێك.

میهری بەللی: بێگومان، بەفەرمی راگەیاندنی.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: هەبوونی کوردان لە مانیفێستۆی ئەماسیا و بەیاننامەی ئەرزڕۆمدا زۆر روون و دیارە، هەروەها لە بەیاننامەی سیواس و

پێکهاتەی یەکەمی پەرلەمان لە ئەنکەرا، کە کوردان لە هەمووشتێکدا بەجلی خۆیان بەشدار دەبن و بەزمانی کوردیش گفتوگۆ دەکەن، بەبێ هیچ رووبەڕوو بوونەوەیەك. مەسەلەکە مستەفا کەمالی گەیاندە ئەو رادەیەی لە وتەیەکیدا کە لە ساڵی 1923 لە قۆجەئیلیدا پێشکەشی کرد بڵێت: "ئێمە ئۆتۆنۆمییەك بەکوردان دەدەین" ئەوەی لێرەدا گرنگە، لەو قۆناخە هەستیارەدا پەیوەندی کورد و تورك کەوتە نێو سەردەمێکی نوێوە. وەکو پێشتریش بۆتانم شرۆڤەکرد کە لە رابردوودا پەیوەندی کورد و تورك پشتی بە نکۆڵیکردن و پاکتاوکردن نەدەبەست، بەڵکو پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی لەیەك تێگەیشتن و هاوپەیمانێتی بوو و کوردانیش خاوەنی هێزێکی سیاسی و سەربازی بوون، ئەگەر چی لەسەر ئاستی چینە باڵادەستەکانیشەوە بێت.

میهری بەللی: ئەو سەرکەوتنەی لە شەڕی رزگاریدا بەدیهات بەرهەمی ئەو رێککەوتنە بوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: گومانی تێدا نییە....! ئێوە لەمن باشتر دەزانن. واتە ئەو بزاڤەی مستەفا کەمال رێبەرایەتی دەکرد لە بنەڕەتدا پشتی بەهاوپەیمانێتی کورد ـــ تورك دەبەست. ئەمە زۆر روون و ئاشکرایە و بەپێویستی نازانم بەفراوانی شرۆڤەی بکەم. بەڵام پاشان کێ لەگەڵیدا ناکۆك دەبێت....؟ ئەمە بابەتێکی تری گفتوگۆیە. بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە سەرکەوتنەکە بەهۆی ئەو رێککەوتنەوە بەدەست هات کە باسمان لێیەوە کرد. بە دەربڕینێکی تر ئەگەر کوردان نەبوونایە نەدەتوانرا بنچینەکانی کۆماری تورکیا دابنرێت، تەواو وەك چۆن بەبێ پشتیوانی کوردان چوونە ئەنادۆڵ بێ ئەنجام دەبوو، توانای ئەوەش نەبوو ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێز بەبێ بەشداربوونی کوردان پێك بێت، هەمان شتیش سەبارەت بەکۆمار، ئەگەر کوردان نەبوونایە دانەدەمەزرا. لێرەدا ئەرکی ئێوە ئەوەیە، پەیوەندی کورد و تورك بەدرێژایی ئەو 500 ساڵە هەڵبسەنگێنن کە وەك بەردی بناخەی گشت قۆناخێکە. دەگەڕێمەوە و دووپاتی دەکەمەوە: ئەگەر ئەو هاوپەیمانێتییە نەبوایە کۆمار دانەدەمەزرا. بۆ نموونە: بۆچی مستەفا کەمال بۆ دەستپێکردنی شەڕ نەچووە ئەزمیر؟ وادابنێ چووە ئەوێ، ئایا دەیتوانی دەست بەشتێك بکات و کارێك ئەنجام بدات...؟ وەك دەزانن ئەگەر بۆ ئەوێ بچووایە ئەوا مێژوو شتێکی دیکەی دەووت. بۆچی لە ئەستەمبوڵ یاخود ئەنکەرا نەمایەوە و بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکانی هەڵبژارد...؟ بۆچی یەکەم نامەی ئاراستەی کوردان کرد..؟ چونکە پیاوێکی زیرەك بوو، کوردەکان هێزێکی بەشان و شکۆ بوون و لە میانەی شەڕەکەدا کاریگەرییان لەسەر هاوسەنگی هێزەکان دەکرد.

میهری بەللی: ئەو بەشێوەیەکی باش دەرکی بە پێویستی ئەو هاوپەیمانێتییە دەکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەو پێداویستییە تێدەگات و بەچاوی خۆی دەبینێ کە هەرگیز ناتوانێ بەبێ کوردان لەو شەڕەدا سەربکەوێ.

میهری بەللی: سەرباری ئەوە، دەرك بەپشتیوانی روسیای سەردەمی شۆڕش دەکات.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەربۆیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەردووکیاندا دەکات، لەگەڵ کورد و بەلشەفییەکان. بەو واتایەی لەسەرکەوتنی بزاڤی رزگاری نیشتمانی و پاشان ئاواکردنی کۆمار قەرزارباری ئەو دوو هاوپەیمانێتییەن. دەبێ کەس خۆی نەخەڵەتێنێ و بڵێت:"کۆمار لەسەربنەمای لێدانی کوردان و ژێر پێخستنییان و لەدەستدانی هەموو شتێکیاندا ئاواکرا".

میهری بەللی: بێگومان نا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵام سەرنج بدە. ئەوە ئەو گوزراشتەیە کە پاشان باو بوو. وەك دەیبینین دوای سەرهەڵدانی شێخ سەعید یەکسەر هەموو شتێك بۆ ناوی تورکەکان گۆڕا و کۆتایی پێهات. هەروەها ئایدیۆلۆژیا شێوەیەکی تەواو جیاوازتری وەرگرت. پاشان کۆمۆنیستەکان دووچاری پاکتاوبوون بوونەوە، بەڕاستی ئەمە جێی سەرسووڕمانە! ئایا وانییە؟ واتە لەگەڵ کۆمۆنیست و بەلشەفییەکان دەستپێکرد و دواتر بەبێ ئەوان بەردەوام دەبێت.

میهری بەللی: سەرەتا لەگەڵ کورداندا و دواتریش بەبێ ئەوان. ئەگەر ئێوە دەخوازن با بگەینە سەنتێزێك بەر لەوەی ئەو قۆناخە دەرباز بکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەڵبەتە بەم شێوەیە باشترە.

میهری بەللی: ئەوەی سەلمێنراوە: لە گرنگترین پێچدانەوە مێژووییەکاندا هاوپەیمانێتی کورد ـ تورك هەبووە و بەهۆی ئەمەوە دەوڵەت دادەمەزرێ و بەردەوام هێزی پێدەبەخشێ و ئاسۆی نوێی لەبەردەمدا دەکاتەوە، پێشکەوتنی نەتەوەیی بەدیدێت، ئەوەی لەمیانەی شەڕی رزگاریخوازی و لە قۆناخە جیاوازەکانی دیکەدا، هەر لە مەلازگرتەوە، روویداوە ئەوەیە. دەرەنجام ئەوەیە رێڕەوی گشتی مێژوو وەکو رۆژی ئەمڕۆمان هەمیشە هاوپەیمانێتی کورد ــ تورکی سەپاندووە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دێمە سەر شرۆڤەکردنی ئەو خاڵەش، بەڵام با سەرەتا بەیەکەوە قۆناخی دامەزراندنی کۆمار هەڵبسەنگێنین.

میهری بەللی: بەڵێ منیش دەمەوێ بیر و بۆچوونی خۆم لەم بارەیەوە بخەمە روو. تائێستا چەندین جار ئەوەم دووپات کردۆتەوە:" ئەو نیشتمانپەروەرە تورکەی نکۆڵی لە نەتەوەیەکی دیکە دەکات، لەکاتێکدا

کۆمەڵێك نەتەوەی دیکەش هەبن، بەکردار نکۆڵییان لیٚ بکات، ئەوا نکۆڵی لە نیشتمانپەروەریتی خۆشی دەکات".

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بەڵکو دووچاری شکست دێت.

میهری بەللی: "دەکەوێتە ناکۆکییەوە و لەگەڵ مێژوودا یەکانگیر نابێتەوە". هەروەك هەڤاڵ ئۆجەلان ئاماژەی بەوەشدا: ئەوانەی ناوی کورەکانیان دەکەنە ئەڵپ ئەسلان و بانگەشەی قڕکردنی کوردان دەکەن، ئەوانە لە رۆژی ئەمڕۆماندا کارەساتێکی مەزن دەنێنەوە کە هەڕەشە لە تورکیا دەکات.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بەمەش بانگەشەی قڕکردنی تورکانیش دەکەن.

میهری بەللی: سوکایەتی و خیانەتکردنە بە یادەوەری ئەڵپ ئەسلان.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئافەرین ...! خیانەتە.

میهری بەللی: لەو حاڵەتەدا ئەگەر هەر دەبیٚ ئاسۆیەکی نویٚ بۆ وڵاتەکەمان بکەینەوە، کە هێزە دەسەڵاتدارەکان لەنێو رەوشێکی شەرمەزاریدا خنکاندوویانە، ئەگەر ئەو ئەرکە لە ئەستۆی ئێمەدایە ـ کە لەڕاستیشدا هەر وایە ـ بۆیە دەبێت یەکێتیەکی ئازادانەی نێوان هەردوو گەل بەدی بێنین و لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی ژیانیان لە وڵاتێکی هاوبەشدا بخەینە گەرەنتیەوە. هەر بۆیە دەبێت هیچ یەکێك لە ئێمە ووتەیەك نەکات کە لەگەڵ ئەو ئامانجەدا یەکانگیر نەبێتەوە، ئیدی چ کورد بین یان تورك، لێرەدا کۆمەڵێك بەها هەیە کە هەردوولا پیرۆزی رادەگرن، ئێمەش لەسەرمانە رێزیان لێبگرین. هەر بۆ نمونە ئەگەر تورکێك لە هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ سەرهەڵدانی شێخ سەعید کەوتە رەوشێکە و پێی وابیٚ: "سەرهەڵدانێکی جادوگەرانەیە و ئینگلیز لەبەرامبەر کۆماری عەلمانییەتدا وروژاندوویەتی" ئەوا نکۆڵیان لە رووەکەی تری مەدالیاکە کردووە، کە رۆڵی گەلە لەسەرهەڵدان و گەوهەرە نیشتمانپەروەرەکەی و، بەمەش رۆڵی لە تێکدانی یەکێتی ئازادانەی نێوان هەردوو گەل هەبووە. هەڵبەتە ناتوانین سەرهەڵدانی شێخ سەعید بە بزاڤێکی نیشتمانی دیموکراسیانەی کە سەرۆکایەتییەکی شۆڕشگێڕی رابەرایەتی کردووە، وەسف بکەین. بەڵام لەلایەکی دیکەوە گەلێك هەیە کە بە رووی زۆرداری و دوژمنایەتیدا راپەڕیوە. سەرۆکایەتییەکە هەر کێیەك دەبێت با ببێت، مسۆگەر ئەو بزاڤە لایەنێکی گەلێری و ناوەرۆکێکی نیشتمانپەروەرانەی هەیە کە ناتوانین خۆی لیٚ لابدەین.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: هەڵبەتە لایەنێکی بەمجۆرەی هەیە.

میهری بەللی: بابێینەوە سەر شەڕی نیشتمانیمان. وەك باسمان لێیەوەکرد، شەڕێکە هەر دوور گەل شانبەشانی یەکدی بەرپایان کردووە،

لەیەك ئاستدا بریتییە لە لاپەڕەیەكی پرشنگداری مێژووی هەردوو گەل. ئەو شۆڕشگێڕەی ئەمڕۆ دەجەنگێ بەردەوامی قەرەیلان و هەڵگری میراتەكەیەتی. نەك بەردەوامی بەدرخان بێت كاتێك هەستی بەمەترسی كرد یەكسەر سەروەت و سامانەكەی خۆی كۆكردەوە و پەنای وەبەر باڵیۆزخانەی ئینگلیز برد و خۆی تەسلیمی لۆرد گیرسۆنی باڵیۆز كرد. زۆر باش دەزانرێت ئەو پێشكەوتنانە بەدوای شەڕەكەوە هات، بەڵام رەوشی ئەو كاتەی داگیركردنی باشووری ئەنادۆڵ لە ساڵی 1919 لەلایەن سوپای فەرەنسایەوە چۆن بوو...؟ لەبەرەی یەكەمدا دەوڵەتە ئیمپریالیستەكان هەبوون كە لە جەنگی یەكەمی جیهانییدا بەسەركەوتوویی دەركەوتن و هەوڵیاندا دەوڵەتی عوسمانی بەتەواوی كۆتایی پێبهێنن و دەوڵەتی بچووك لە مەودای خۆیاندا دروست بكەن، بۆئەوەی بیكەنە خاڵی پێهەڵگرتن تاوەكو یەكەم دەوڵەتی سۆسیالیستی بخنكێنن كە هێشتا ساوابوو، بەڵام لەبەرەكەی تردا بریتین لە گەلە موسڵمانەكانی ئەنادۆڵ بەتایبەتی گەلی كورد و تورك، هەروەها شۆڕشی روسیا كە هاوپەیمانی هەردوو گەل بوو، ئەوەی لەو بەرەیەدان لەو باوەڕە دابوون كە بەرخودان لە دژی پیلان و نەخشەی ئیمپریالیستی كێشەی مان و نەمانە، ریزبەندكردنەكە بەمجۆرە بوو، كوردیش لایەنی راستیان هەڵبژارد. ئەمەش جێی شانازی و سەربڵندییانە. لەو ساڵانەدا مستەفا كەمال لە نووسین و خیتابەكانی خۆیدا جەختی لەسەر یەك خاڵ دەكردەوە......

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئێمەی تورك و كورد.

میهری بەللی: بەڵێ ئەمە راستە:"ئێمەی تورك و كورد" تۆ كوردیت و هەمیشە وەكو كوردێك دەمێنیتەوە، منیش توركم و هەمیشە وەكو توركێك دەمێنمەوە، بێ ئەوەی تواندنەوە بوونی هەبێت.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: تەواو وایە، هەر كەسێك بەناوی خۆیەوە بانگ دەكرا.

میهری بەللی: هەر بەم جۆرەش بوو. كوردان بانگهێشتنی كەمالیان بۆ تێكۆشان بەو ووتەیە وەڵام دایەوە :"ئێمە بۆ تێكۆشانین". دوای ئەمە مستەفا كەمال وەڵامێكی پۆزەتیفانەی لەلایەن كورد و روسەكانەوە وەرگرت. كەمال نامەیەكی بۆ فەرماندەی لەشكر و دۆستەكانی لە ئەستەمبوڵ نارد و ناوەڕۆكەكەی بریتییە لە :"كوردان شانبەشانی ئێمە بۆ جەنگ ئامادەن، شۆڕشی بەلشەفیكیش پشتیوانمانە، وەرن بەرخۆدانی بكەین" "یا سەربەخۆیی یان مردن". ئەوەی مستەفا كەمالی كردە مستەفا كەمال دەرك كردنی بوو بەواتای ئەو دوو هاوپەیمانێتییە لە قۆناخێكی ئەوەندە دژواردا.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەمەیە مستەفا كەمالی راستەقینە.

میهری بەللی: ئەمە لایەنە پۆزەتیفەکەیەتی. لێرەدا ئەمرۆ هەندێك هەن خۆیان بە کەمالییەکان ناوزەد دەکەن، کەچی نکۆڵی لەو لایەنە سەربەخۆخوازییە و ئەو دوو هاوپەیمانێتییە دەکەن. ئەگەر ئەو دوو هاوپەیمانێتییەمان لە حیساباتەکان دەرخست چ لە کەمالیزمدا دەمینێتەوە...؟ هیچ شتێك نامێنێتەوە، تەنیا دروشمی نازییەکان نەبێ: یەك سەرۆك... یەك دەوڵەت... یەك نەتەوە. ئەمەش نکۆڵیکردنە لە سیاسەتی شەڕی رزگاری نیشتمانی.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەگەر دەتوانی لێمگەڕێ باچەند تیشکێك بخەمە سەر ئەو بابەتە. ئەمە راستە، ئەو قۆناخەی تا ساڵی 1925 درێژ دەبێتەوە...

میهری بەللی: رێم بدە ئەو بابەتە کۆتایی پێبهێنم.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: کەواتە فەرموو.

میهری بەللی: دروشمی بەناو بانگی هیتلەر:"یەك نەتەوە، یەك دەوڵەت، یەك سەرۆك" واتە تواندنەوەی بەزۆر. لەکوێ؟! ئەگەر ئەمە ئەڵمانیا بێت دەبێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەڵمانین. بەڵام هەوڵدەدەن ئەمە لە ئەنادۆڵ جێبەجێ بکەن کە بە مۆزاییکی گەلان و دەروازەی نەتەوەکان دەناسرێت.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمە راگەیاندنی دەستپێکردنی قۆناخێکی تاوانکارانەی خوێناویە، بەڵام دەرئەنجام، سفری لای چەپە.

میهری بەللی: بەڵێ سفری لای چەپ، بەڵام لەمیانەی تاوتوێ کردنی کەمالیزمدا نابێ بەتەنیا سیاسەتی هاوپەیمانێتی هەڵبسەنگێنین کە لەکاتی شەڕی رزگاریدا پەیڕەوی لێکردووە، مسۆگەر دەبێ سیاسەتی تواندنەوەی بەزۆریش هەڵبسەنگێنین و دادگایی بکەین کە دواتر پەیڕەوی لێکرد و دەرەنجامێکی زۆر خراپی لێکەوتەوە و تەواو لەگەڵ واقیعی ئەنادۆڵدا ناکۆك بوو، ئەگەرچی لەگەڵ واقیعی ئەوروپادا دەگونجا. بەردەوامبوونی 14 ساڵ شەڕ باشترین بەڵگەیە بۆ ئیفلاسبوونی ئەو سیاسەتە، ئەوانەی خاوەن لە کەمالیزم دەردەکەون، بەتایبەتی لایەنە پۆزەتیفەکەی کە لە بەرامبەر مێژوودا بەتاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانە دەرباز بوو، هەروەها ئەو سیاسەتانەی پەیڕەوی لێکرد و شوێنگرتنی شەڕی رزگاری لە جیهاندا لێکەوتەوە ـ لە قۆناخی شەڕی شۆڕشگێڕییدا ـ لە هەمانکاتدا لێیان دەخوازرێ کە هاوپەیمانێتی کورد ـ تورك کە لەسەر بنچینەی یەکسانی بونیادنرابوو، بخەنە روو، هەروەها دادگایی ئەو سیاسەتانەش بکەن کە ئیفلاسی هێناوە. بەڵێ با کورد و تورك بین، بەڵام نابێ بەزمانێك قسە بکەین کە لەگەڵ ئامانجی یەکێتی ئازادانە ناکۆك بێت، دەمەوێ جەخت لەسەر ئەمە بکەمەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بێگومان دەبێ ئەو بیروبۆچوونە چەوتانەی سەبارەت بەو ماوەیەی کە گفتوگۆ دەوروژێنی، راست بکرێنەوە. بەهەمان رشتبوونەوە دەبێ بەرگری لەو بیروبۆچوونانەش بکرێ کە دەبێ نوێنەرایەتی بکات، ئەو باوەڕییەی کە لای ئەو زاڵە ئەوەیەکە رۆحی کوردان لەسەر پێکهێنانی کۆماری تورکیا رەنگی نەداوەتەوە.

لەوانەیە بڵێن:" مستەفا کەمال سەرەتا پەسندی کردووە، پاشان دەستبەداری بووە". بەگوێرەی ئەو بیروبۆچوونە ئەمە دوو قۆناخی جیاوازن. بۆچی کوردان لەماوەی دوای ئەو قۆناخە یاخی بوون..؟ ئەمەش ماوەیەکی دیکەی جیاوازە. لەسەرەتا پەسندکردنی شتێکی خراپ نەبوو، بەڵام یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەی دوایشیان شتێکی خراپ نەبوو. لەسەرەتادا دەسەڵات بەدەستهێنان لەسەر بنچینەی برایەتی بوو و ئەمەش شتێکی باش بوو، بەتایبەتی لەساڵی 1920دا، بەڵام دواتر کە لە کۆماریان روانی بینیان هەبوونیان پەسندناکات، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی 1924 ــ 1925دا، ئەوکاتە بەسەرۆکایەتی شێخ سەعید سەرهەڵدان دەستپێدەکات، لەوانەیە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی هاوچەرخانەی نەبووبێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا هێرشە شۆڤێنیستیەکانی دەوڵەتیش دەستی پێکردبوو، کە مۆرکێکی بۆرژوازییانەی وەردەگرت، وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد تا دواڕادە هێرشی مەترسیدار بوون.

لەوانەیە هەندێك بپرسن: بۆچی بەمجۆرە روویدا..؟ ئەگەر باش لەمەسەلەکان بکۆڵینەوە ئەو تابلۆیەی خوارەوەمان بەروونی بۆ دیار دەبێت: هەر لەگەڵ دروستبوونی چینێکی سەروو لە تراکیا لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی، خۆی لە شێوەی دەوڵەتێکی ناوەندی دەرەبەگایەتی رێکخست و تورکمانە هەژارەکانی سەرکوتکرد، ئەوانیش ناچاربوون بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە چیاکاندا خۆیان حەشار بدەن و بە ئایدیۆلۆژیا و کولتوورێکی دارشتراوی نوێوە بەردەوامیان بە گوزەرانی خۆیاندا. هەمانشت لە ساڵی 1920یش روویدا. ئەم جارەیان چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگی تورك جلی خۆی گۆڕی و جلێکی نوێی بۆرژوازی پۆشی. ئەمە لەسەر رێکخستنی کۆماریش کاریگەری خۆی کرد، کاتێك هەوڵیدا سەرلەنوێ بێتەوە سەر شانۆی مێژوو. لەسەرەتادا لاوازبوو و، بینی کە زۆر پێویستی بە هاوپەیمانێتی بەلشەفێك و کوردەکان هەیە. پێشەنگەکانی چینی بۆرژوازی ئەمەیان وەك هەنگاوێکی تاکتیکی ئەنجامدا. لەم رووەوە مستەفا کەمال لەسەردەمی هاوپەیمانێتییەکاندا نموونەیەکی بەرچاوە و خاوەنی تاکتیکێکی لێهاتووە. بەڵام وەك دەزانن کاتێك کاری پێ نەما هێرشێکی دڕندانەی بۆ سەر

کۆمۆنیستەکان دەستپێکرد، کە لەگەڵ هاتنی ساڵی 1927دا تاڕادەیەکی زۆر پاکتاوبوون.

میهری بەللی: هەروەها هەڵسا بە پاکتاوکردنی نزیکترین هەڤاڵی خۆی.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ ئەمە راستە، من دێمە سەر باسی ئەو خاڵەش. هەڵبەتە بەمە دەخوازن ئاماژە بەسروشتی دژبە دیموکراسیانە بکەن. نەك هەر تەنیا کۆمۆنیستەکان، بەڵکو "فیرقەی تەرەقی نیشتمان"یش خاوەن سروشتێکی لیبرالییانەیە و هەبوونیان پێداویستییەك بوو لە پێداویستییە دیموکراسییەکان.

میهری بەللی: بێگومان... بێگومان ئەوانە نوێنەرایەتی رکەبەری راستڕەو دەکەن.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەگەر دەرفەت بدرایە ئەوا کۆمار بەرەو کۆمارێکی دیموکراسی دەگۆڕا، هەروەها فیرقەی ئازادیش ئەگەر کەش و هەوا لەباربووایە پالێوراو بوو بۆ دیموکراتی بوون.

میهری بەللی: ئایا بارودۆخ بۆ ئەمە لەبار بوو...؟ ئایا سیستەمی فرەحیزبی لە ساڵانی دوای ئەمە چۆن بوو؟.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دێمە سەر باسی ئەوەش. ئەوا لەبری دیکتاتۆریەتی تاك حیزبی پێشکەوتنێکی وێکچووی دیموکراسییەت بەدیدەهات، نامەوێ بکەومە ناو دەمەتەقێیەکی بێ واتای وەك: ئایا کات بۆ ئەمە گونجاو بوو یاخود نا؟ بەڵام وەك روون و ئاشکرایە مستەفا کەمال پێوانەکانی زۆر دەرباز کرد. پەلکێش کردنی عەلی فوئاد جەبەسۆی و فەرماندەی پایە بەرزی وەك کازم قەرەبەکر و رەئفەت بەگ و چەندین کەسێتی دیکە کە رۆڵیان لەگەشانەوەی ئەستێرەی مستەفا کەمال هەبوو، لەلایەن خودی مستەفا کەمالەوە بۆ دادگا، سەرچاوەی خۆی لەمەیلی دیکتاتۆریانە و سروشتی دژە دیموکراسیانەیەوە وەردەگرێت، چەوسانەوەیان پێویست نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانیش بەڕادەی مستەفا کەمال بەشداریان لە رزگاری نیشتمانی کردبوو.

میهری بەللی: ئەوانە پەیوەستداری رزگاریخوازی بوون.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوانە کەسێتی پەیوەستدار بوون و بەشداری جددیان پێشکەش کردووە.

میهری بەللی: "ترابزۆنلی"یش واتە "مستەفا سوبحی"یش لەو جۆرە توێژە بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ....! چەندین کادیری ئیتحاد و تەرەقیش هەبوون، وەك دەزانن ئەوانیش ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بونیادنانی "هێزی نەتەوەیی"دا گێڕا.

میهری بەللی: ئەوانە نوێنەرایەتی یەك ڕێکخستنیان دەکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ، یەك ڕێکخستنن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەموویانی لە سێدارەدا، ئەمە لە کاتێکدا هیچ یەکێکیان تاوانێکی ئەوتۆیان نەکردبوو کە لە سێدارە بدرێن. بەسیناریۆیەکی هەڵبەستراوی هەوڵی کوشتن هەموویانی پاکتاوکرد. دەبێ ئەوشمان لەیاد نەچێ کە کوردەکانیشی لەسێدارە دەدا. ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج ڕاکێشانە مستەفا کەمال هەر کەسێکی لەسێدارە دەدا کە دەکرێ ببێتە مەترسییەك لەسەری، ئیدی نەك هەر کوردەکان یاخود کۆمۆنیستەکان بەرماوەکانی سوڵتانیش کە لەناوەڕۆکدا سەرهەڵدانی ئیسلامی بوون، تەنانەت ئەگەر نزیکترین هاوڕێشی بێت. ئەمەش قۆناخی گواستنەوە بوو بەرەو دیکتاتۆرییەتی تاکە کەسی یاخود دیکتاتۆرییەتی بۆژوازی. تادەگاتە ئەو ڕادەیەی کە "ئەدهەم چەرکەسی"یش بخزێنێتە نێو هەلۆێستی دژوار و ناهەمواری ئەوتۆ کە ناچار بێت ڕابکات، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو کەسێك زیاتر هاوکاری مستەفا کەمالی کردبوو. ئەمە قۆناخێکی زۆر سەرسووڕهێنەرە. من وای بەڕاست دەزانم کە هۆکاری گشت ئەو ڕووداوانە بۆ سروشت و کارەکتەری بۆژوازی تورکی بگەڕێنرێتەوە. بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین: دوای ئەوەی بۆرژوازی تورکی شوێن پێی خۆی قایم دەکات پاکتاوی ئەوانە دەکات کە لە ڕۆژگاری تەنگەتاویدا هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا کردووە.

میهری بەللی: ئەمە تەواو ڕاستە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەر وایە.

میهری بەللی: کوشتوونیەتی.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بێگومان، ئەمە ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە، مستەفا کەمال لەسەرەتای سەردەمی خۆیدا باوەڕی بەپێویستی سازدانی هەوپەیمانێتیەکان هەبوو و لەم ڕووەوە ئەگەر ڕاست کاریشی کردبێت، بەڵام مستەفا کەمال خۆشی لە قۆناخی دواتردا و بەتایبەتی دوای شوێن پێ قایم کردنی خۆی نزیکترین هاوڕێکانی و گشت ڕێکخستنە سیاسیەکانی دیکەی پاکتاو کردووە، ئەمە ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە و پەیوەستە بە مەیلی بۆرژوازیەوە.

میهری بەللی: بەڵام دەرئەنجامەکان ڕوون و ئاشکران، دەرئەنجامی ئەوەی یەکەم سەرکەوتن بوو.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمە زۆر سروشتیە.

میهری بەللی: کە سەرکەوتن بوو لە شەڕی سەربەخۆیی و ئەمەش بەرهەمی هاوپەیمانێتیەکان بوو.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لە دەرئەنجامی دووەمیدا...

میهری بەللی: بووە هۆی بن کەوتن، نەگەیشتە ئاستێکی هاوچەرخانەی شارستانی.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمە سەرچاوەی ئەو کێشانەیە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا تورکیا پێوەی دەتلێتەوە، ئەم مەسەلەیەی ئێستا باسی لێوە دەکەم، لە راستیدا هەر لەساڵی 1925وە و دەستپێکردنی مستەفا کەمال بە پاکتاوکردنی کۆمۆنیستەکان و هاورێ نزیکەکانی و داپڵۆسینی بێ بەزەییانەی کوردان گەوهەری ئەو قەیران و گرێ کوێرەیە پێکدێنێ کە ئەمڕۆ تورکیا پێوەی دەناڵێنێ. دەمەوێ لەم راستیە تیبگەن، یاخود....

میهری بەللی: نەدەبوایە بەشداری لەم جۆرە کارە بکردایە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: دێمە سەر باسکردنی ئەم خاڵەش، بەڵام سەرەتا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە قۆناخی یەکەم سەرکەوتنی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کەچی قۆناخی دووەم بووە سەرەتای دەرکەوتنی کێشەکان.

میهری بەللی: ئەمە راستە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بانگهێشتی رۆشنبیران و تەنانەت ئەفسەرە تورکەکانیش دەکەم کە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو قۆناخە بکەن.

میهری بەللی: بێگومان ئەم روونکردنەوەیە لەشوێنی خۆیدایە، دەبێ کەمالیستە راستەقینەکان...

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: راستەقینە و ناڕاستەقینە بەلامەوە گرنگ نییە، گرنگ دیتنی جیاوازی نێوان ئەو دوو قۆناخەیە. من دوژمنی سەرەڕۆی کەمالیزم نیم. هەرگیز دەستبەداری شیکردنەوەی زانستیانە نابم و لێی پاشگەز نابمەوە ئەمە هەر لەسەرەتاوە تێڕوانینی من بووە. وەك ئێوە دەزانن ئەو مەسەلانە لەلای هەر کەسایەتیەك کە وەرچەخان ئەنجامبدات لە ئارادایە، قۆناخی یەکەم پۆزەتیف پێشکەوتووە، کەچی ئەوەی دووەم تەواو کۆنەپەرستانەیە.

میهری بەللی: ئەمەش گەوهەری کێشەکەیە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بێگومان ئەمە گەوهەرەکەیەتی، ئێمە قۆناخی یەکەم بەپۆزەتیف دادەنێین و خاوەنداری لێدەکەین، بەڵام ئەوەی دووەم نێگەتیفانەیە و رەخنەی دەکەین. ئەمە هیچ پەیوەندی بە ناوزڕاندنی بزاڤی رزگاری نیشمانی تورکیا و، یاخود پشتیوانی کردنی شۆڤێنیزم نییە.

میهری بەللی: ناپلیۆن سەرکردەی سەرکەوتووی شۆڕشی فەرەنسایە و هەر خۆشی دواتر یەکەم کۆماری رووخاند و ئیمپراتۆریەتی ئاواکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەمە تەواو راستە و مێژوو پڕە لە کەسێتی بەم جۆرە، ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم و جەخت لەسەر چۆنیەتی گردبوونەوەی کێشەکانی تورکیا بکەم. وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، هەر لەوکاتەوەی مستەفا کەمال بزاڤی کۆمۆنیزمی داپلۆساند و زەبرێکی کوشندەی لە بزاڤی جووتیاران وەشاند و سروشتی دژە دیموکراسیانە تا دوارادە پێشکەوت، بەڵام دوای داپلۆساندنی کوردان شۆڤێنیزم گەشەیسەند، دوای باڵا دەستی تاکە پارتی دیکاتۆریەتیش خۆی تۆکمە کرد، ئەمەش بووە هۆی گردبوونەوەی، زیاتری کێشەکان. لەگەڵ....

میهری بەللی: ئەمەش سازشی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: لێرە پێویستە بەشێوەیەکی تایبەت ئاماژە بەتایبەتمەندیەکانی هیتلەر و مۆسۆلینی و تا رادەیەکیش ستالین و ئەو شێوازانەی کە تاك حیزبێتی CHP بەرجەستەی کردبوو بکرێ. پێم وایە گۆڕانی CHP بۆ حیزبێکی فاشیست پەیوەستە بەو ساڵانەوە. لە راستیدا یەکەم گروپی پەرلەمان دیموکراسیخوازبوون، بەڵام دواتر کە CHP وەك تاکە حیزب باڵادەست دەبێت، دەبێتە ناوێك بۆ هەڵوەشاندە و داڕزاندن، لە هەمانکاتدا هێدی هێدی دەبێتە ئامرازێکی دیکتاتۆریەت و گردبوونەوەی کێشەکان. لە (فیرقەی سەربەست) بڕوانن، هەروەها بڕواننە ئەزموونی (DP) پارتی دیموکرات لە قۆناخی دواتردا... ئەگەر لایەنی دیکتاتۆری زێدە نەبووایە، ئەوا لەلایەن جەماوەری گەلەوە پشتیوانی زۆری لێنەدەکرا. ئەم قسانەم بەواتای خراپ باسکردنی کۆمار و تایبەتمەندییە رزگاریخوازیەکەی نایەت، من راشکاوانە ئاماژەم بەلایەنە پۆزەتیفەکانی کردووە. بەڵام نابێ ئەوەمان لە یادبچێت کە هەمان کۆمار لە قۆناخەکانی دواتردا بۆ دیکاتۆریەت دەگۆڕێت و دەبێتە سەرچاوەی گردبوونەوەی کێشەکان و هۆکاری داڕوخان و داڕزان.

میهری بەللی: بەڵام دەبێ وریابین و ئێمەش...

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: لێم گەڕێ با سەرەتا مەسەلەکە راڤە بکەم، پاشان سەرەنجی خۆت بخەڕوو. دەربازکردنی ئەو چەوساندنەوە و داپلۆساندنە دژوارە تەنیا دەکرا لەمیانی پیادەکردنی یەك لەو دوو شێوازانە بەدی هاتبا ئەگەر رێبەرایەتیەکی کۆمۆنیستی یاخود دیموکراسی سۆسیالیستی راستەقینە هەبووایە وەك ئەوەی لە (چین) روویدا، ئەوا قۆناخێکی شۆڕشی دیموکراسی مەزن دەستپێدەکرا بۆ رووبەڕوونەوەی گۆڕانی دەسەڵات بۆ شێوازی "شین

کـای شـیك". بـەڵام پێشـکەوتنی بـەم جـۆرە رووینـەدا و کۆمۆنیسـتەکان داپلۆسێنران. شێوازی دووەم: خۆی لـە هەڵگرساندنی شۆڕشێکی دیموکراسـی دەبینێتـەوە، بـەڵام وەك ئێـوەش دەزانـن "ئەدهـەم چـەرکەس" و ئـەزموونی (فیرقەی سەربەست) دووچاری پاکتاوبوون هات، بەرلەوەی پێشکەوتنێکی بـەم جـۆرە رووبـدات، ئەمـەش لەگـەڵ خۆیـدا رەوتـی وەرچـەرخانی بـەرەو حکومـەتێکی دیکتـاتۆری لـە شـێوەی "شـین کـای شـیك" گەشـەی کـرد. لەبەرئـەوەی رێبەرایەتیـەك لەشـێوەی رێبەرایـەتی (مـاو) دەرنەکـەوت، ئـەوا بزاڤەکە دووچاری هەرەس هێنان بۆوە و کەوتە دەست رەوتێکی راسترەوانەتر هەرگیز بەرەوتێکی لیبرالی ناوزەدیان ناکـەم ئـەم رەوتـە هێـدی هێـدی لەگـەڵ دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان؛ ئەوانەی بونیادی چینێکی کۆنەپەرست پێکدێنن، هاوپەیمانێتی بەست. لە راستیدا بزاڤ و پێهەڵگرتنی پارتی دیموکراسی بزاڤێك بوو لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا پشتی بەدەرەبەگ دەبەست، ئەمـەش بـەو واتایـە دێت کە بزاڤێك بوو بنەمایەکی چینایەتی کۆنەپەرستانەی هـەبوو. بـەڵام لـە هەمانکاتدا لەبەرئەوەی لەدژی مەیلە دیکتاتۆریەکان بوو، ئەوا لەیـەك ئاسـتدا پشتیوانی راسترەو و چەپرەوەکانی بەدەستهێنا، ئێوە باش دەزانن پێهـەڵگرتنی "جـەلال بـەیار" و "عـەدنان مەنـدەرس" بەتایبـەتی پێشـکەوتنەکانی سـاڵی 1946 لەلایەن گەلەوە پشتیوانیەکی بەرچاویان لێکـرا. بـەڵام ئـەم پشـتیوانی کردنـە کۆنەپەرسـتی سـەرکردایەتی ئـەو پێهەڵگرتنـە رەتناکاتـەوە. دەبـێ بەشـێوەیەکی بـاش جیـاوازی لـەنێوان ئـەو دوو تایبەتمەندێتیـە بکرێـت. بەئەنـدازەی خەتـەرناکی ئـەو لایەنـە لـەرادە بـەدەرەی دیکتاتۆریـەتی لـەو ساڵانەدا و لایەنی کۆنەپەرستانەی و گەیشتنی بەرادەی شێوازەکەی (شین کـای شـیك)، ئـەوا بەهـەمان ئەنـدازە ئـەو ئۆپۆزیسیۆنەی کـە پشـتی بـە دەرەبەگـە موڵکدارەکان دەبەست کۆنەپەرست و خەتەرناکە، بەڵام تا رادەیـەکیش لایـەنی پۆزەتیفانـەی هـەبوو، ئەمـەش بـەهۆی ئـەو پشـتیوانیەوە بـوو کـە گـەل لێـی دەکرد، ئەمە بوو پارتی دیموکراسی (DP).

هەروەك چۆن پشتگیری کردنەکەی گەل بەواتای خودی پـارتی دیموکراسـی نایـــەت، بەهـــەمان شـــێوەش نـــابێ چاوپۆشـــی لەسروشـــتی چـــینایەتی کۆنەپەرسـتانەی سەرکردایەتیەکەشـی بکرێـت. بـەڵام لەلایـەکی دیکـەوە هەڵوەشـانەوە و داڕووخـان و داڕزانـی بەسـەر CHP و بەتایبـەت "ئینۆنـو" داسـەپاند و وایلێکـرد هـیچ پەیوەندیـەکی بەپێشـکەوتن خوازیـەوە نـەمێنێ، لەوەش خراپتر هەر جموجۆڵێکی سادەی کۆمۆنیستی بەو پەڕی توندوتیژیەوە دادەپلۆسێ و لە 1940یشدا پەیوەندی و پاشکۆیەتی خۆی بۆ هیتلـەر پتـەو و تۆکمە کرد. واتە وەك ئێوەش باش دەزانـن حکومـەتێکی تـەواو فاشیسـت بـوو،

وەك ئـەو هێـزە چـینایەتیەی کـە مەیلـداری ژاپـۆن بـوو و وەك ئـەو گروپـە فاشیستەی کە پشتیوانی لـە هیتلـەر دەکـرد و لـە دەسەڵاتیشـدا بەشـداربووە و هەموو هەوڵێکی بۆ داپڵۆسینی کۆمۆنیستەکان بوو.

بـەو واتایـە قەڵەمبازەکـەی پـارتی دیمـوکرات بەسـەرکەوتنێکی بـەرەی ئینگلیـزی ـــ ئـەمریکی دادەنرێـت. زۆر بەداخـەوە بزاڤـی کۆمۆنیسـتی لەگەیشتنی بەسەرکردایەتیەکی بەهێز سەرنەکەوت وەکو لە چـین و ڤێتنامـدا دەرکـەوت، بەهـەمان شـێوە لەبیسـتەکاندا لـەتورکیاش بـەو شـێوەیە روویـدا. هۆکارەکانی ئەمە زۆرن، کە نۆرەی هات گفتوگۆی لەسەر دەکەین. وەك ئێوەش دەزانـن لەگـەڵ دەسـتپێکردنی سـەردەمی پـارتی دیموکراسـی وەرچـەرخانی بۆرژوازی بیرۆکراسی یاخود بۆرژوازی بیرۆکراسیانەی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی دەوڵەت بەبەراود لەگەڵ دەرەبەگە مۆڵکدارەکان ئەوانـەی بـۆ سـەرمایەدارانی زەوی و زار وەرچـەرخان، دەسـتی بەپاشەکشـە کـرد. بێگومـان وەك ئێـوەش چـەندین جـار جـەختتان لەسـەری کردۆتـەوە ئەمـە هـیچ پەیوەندیـەکی بـە دیموکراسـیەتەوە نییـە. ئەمـە نـەك پێشـکەوتنێکی دیموکراسـیانەیە، بـەڵکو کۆنەپەرستانەیە. من لەم رووەوە لەگەڵ ئێوەدا هاوبیرم.

میهری بـەللی: لـێم گـەڕێ بـا ئـەم بابەتـە کـەمێك شـرۆڤە بکـەم. سـەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە مێژووی هاوچەرخمان پـڕە لـەو کێشانەی کـە لەئەنجامی کودەتـا سـڤیل و سـەربازیەکانەوە دەرکـەوتوون. بـا ئـەم مەسـەلەیە هـەر لـە سـەرەتاوە تـاوتوێ بکـەین. هـەر بـۆ نموونـە لـەمیانی کودەتـا سـەربازیەکاندا لـە سـەدەی 19دا (وەقـاس قـەللی) هەیـە. ئـەو رەوشـەی کـە "عەبدول عەزیز" دووچاری بـوو خـۆی لەخۆیـدا کودەتایەکە، یاخود راسـتر بڵـێین هەوڵـدانێکی کودەتایانەیـە بـۆ سـەروبن کردنـی دەسـەڵات، لـە پێنـاوی ئەوەی بەرژێمێکی پێشکەوتووتر بگەن، بەڵام ئەنجامگیرنەبوو بۆیە دوای ئەوە سـەردەمی "عەبـدول حەمیـد" دەسـت پێـدەکات، کـە بەسـەردەمێکی ئۆتۆکراسـیانە دادەنرێـت. هەوڵدانـەکانی وەقـاس قـەللی هەوڵـدانێکی کودەتاییانـەی سـەربازییە. هـەروەها شۆڕشـی 1908 هەیـە کـە "لیـنین" بـە شۆڕشێکی بۆرژوازی ناوزەدی کردووە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: مەشروتیەت، کە مۆرکی سەربازیانەی بەسەردا زاڵبوو.

میهری بەللی: لەوێشدا مۆرکی سەربازی زاڵە، لەجێگەی عەبـدول حەمیـد دەسەڵاتێکی سەربازی هات.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: مستەفا کەمال لە بزوتنەوەدا بوو.

میهری بەللی: مستەفا کەمال لە پلەی دووەم دا بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: نا. نا.....

میهری بەللی: تەنانەت لەپلەی سێیەم دا دێت.

عەبدوڵڵ نۆچ ناڵان: بەڵکو لەمەش بەدواوەتر.

میهری بەللی: لێرەدا شەڕی رزگاریخوازیش هەیە.

عەبدوڵڵ نۆچ ناڵان: ئەویش شۆڕشێکە مۆرکی سەربازیانەی بەسەردا زاڵە.

میهری بەللی: بەڕاستی ئەویش وایە. بەدواییدا سیستەمێکی دیکتاتۆری سەربازی دادەمەزرێ و سەرۆك کۆمارەکەشی مستەفا کەمال پاشایە و سەرۆك وەزیرانەکەشی سەرلەشکری بەرەی رۆژئاوا سەرهەنگ (   ) "عصمت بەگ" بوو، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیەکەشی سەرهەنگی خانەنیشین کراو "کازم ئورباى" بوو و پاشان ئەمینداری گشتی حیزب "رەجەب پەکە" جێی گرتەوە، هەموو ئەوانە سەرباز بوون.

عەبدوڵڵ نۆچ ناڵان: بەڵێ هەموویان سەربازبوون.

میهری بەللی: بەڵام تورکیا ئەوکاتە بەشێوەیەك لە شێوەکان سەربەخۆیی خۆی لە دەرەوە بەدەست هێنابوو و تا رادەیەکیش بەئارامی گەیشتبوو. ئیدی بۆرژوازی مشەخۆر دروست دەبوو و لەسالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا خۆی بەهێز کردبوو، ئەوەش لەمیانی بالادەست بوون بەسەر بازاڕی رەش بەدیهات، کە بەهۆی لە پەلوپۆکەوتنی بازرگانی دەرەوە بەرفراوان ببوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ناڵان: ئەوەشی دەخەمە سەر، دەستی بەسەر سەروەت و سامانی کەمەنەتەوەکاندا گرت.

میهری بەللی: دەستی بەسەر زەوی و زار و سەروەت و سامانی ئەرمەنیەکاندا گرت، دوای ئەو شالاوی بەزۆر کۆچبەری کردنەی دووچاری هاتن. دوای شەڕی رزگاریش توێژێکی بۆرژوازی لەئەنجامی دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامان و پرۆژەکانی نزیکەی دوو میلۆن ئەرمەنی کە ناچاربوون بۆ یۆنان کۆچ بکەن، دروست بوو. لێرەدا دەبێ باجی (لەپێناو مانەوە لە ژیاندا) لەیاد نەکەین، کە لە سەردەمی حکومەتی CHPو بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی هیتلەر بەسەر کەمەنەتەوەکاندا سەپێنرا. بە راستی بۆرژوازیەکی تالانکار و دەستدرێژیکار بوو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو قازانجە زۆر و زەبەندە بکرێ کە دەرەبەگە مولکدارەکان لەئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێڵە بۆ دەیان قاتی خۆی لە سالانی شەڕدا، بە دەستیان هێنابوو. لەپشت ئەمەوە چینێکی دیاریکراو لە ئارادانەبوو، بەڵکو چەند توێژێکی دەرەبەگی مولکدار و ئەوانەی بەبازرگانیەوە سەرقاڵ بوون هەبوون کە گشتیان لەنێو ریزەکانی CHP لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆنی گەلێری دەرکەوتن.... یەکێکیان پلەی سەرۆك وەزیران و ئەوەی دیکەش ئەرکی

(موفەتیشی) حیزب و ئەوەی سێهەمیشیان پلەی دادوەری (قازی) دادگای سەربەخۆیی وەرگرت.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: واتە بەرزترین کەسێتیەکانیان.

میهری بەللی: ئەوانە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی سڤیل بوون، لەساڵی 1946دا لەنێوان دوو لەمانە ڕکەبەریەکی جددی هاتە ئاراوە. یەکێکیان دەیووت (ئێمە وەك چەپرەو یان لە زیندان یان لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەین) ئەو ڕکەبەریە گەیشتە ململانێیەکی سیاسی توندوتیژ، بەو ئومێدەی زۆرترین سازش پێشکەش بە ئیمپریالیزم بکەن و گڵۆپی سوور بۆ دوو رووەکان داگیرسێنن. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران (شەمسەدین ئۆرگونات) بە ئەندامێکی CHPی ووت:"من ئەوەندە خوێندنگای شەریعەتم کردۆتەوە. لە کۆتاییدا DP لەم ڕکەبەریە بەسەرکەوتوویی دەرکەوت. هەرچیەك دەبێت بابێت ئەوەندە بۆ CHP بەسە کە شەڕی ڕزگاریخوازی بەڕێوەبرد و پێشەنگایەتی قۆناخی کەمالیزمی کرد و دەروازەی دەسەڵاتی بۆ هەڵبژاردنەکان خستە سەرپشت. بەڵام چ پێشکەوتنێکی دیموکراسیانەی بەدیهێنا؟

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: مسۆگەر شۆڕشێکی دیموکراسی نییە.

میهری بەللی: هەڵبەتە وەها نییە، بەڵام بۆ؟ دەبا بڕوانینە هەردوو ماددەی 141، 142 کە بۆ کۆمۆنیستەکان داڕێژرابوو و لەساڵی 1936 پەسندکران و بریتین لە سزادانی (6) مانگ زیندانی کردنی بۆ هەرکەسێك کە تەنیا کاری پڕوپاگەندەیی بکات.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەم دوو ماددەیە لە مۆسۆلینیەوە وەرگیراوە.

میهری بەللی: بەڵێ لە مۆسۆلینیەوە وەرگیراوە بە (6) مانگ زیندانی کردنی بۆ سزای کاری پروپاگەندەیی دەستپێدەکات و دووساڵیش بۆ کادیرێکی سەرکردایەتی. هەر لە ساڵی 1946وە کار بەو دوو ماددەیە کرا. دووساڵ سزای زیندانم بەسەردا سەپێنرا تەنیا لەبەرئەوەی کادیرێکی سەرکردایەتی (یەکێتی لاوان بووم)، دوای گەیشتن بەفرە حیزبی لەساڵی 1946دا ئەم سزایە چەندین قات زێدەبوو، لەساڵی 1951دا ماددەی 141یشی پێوەلکێنرا کە بریتییە لە: سزای لە سێدارەدان، ئەمە لە سەردەمی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی دابوو کەDP زۆربەی کورسیەکانی بەدەستهێنابوو.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەمە ئاماژە یەکە بۆ ڕادەی توندوتیژی.

میهری بەللی: ئایا ئەمە پێشکەوتنێکی دیموکراسی بوو؟

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: نەخێر.

میهری بەللی: ئەمەبوو فرە حیزبایەتیەکەیان.... ئەوەی تا ئێستا زانـراوە لــە دەوڵــەتانی دیکــە، بەتایبــەتی لــە رۆژئــاواوە سیســتەم دوای بــەدیهێنانی شۆڕشــێکی گــەلێری دێتــە کایــەوە و وەك قۆنــاخێکی گواســتنەوەیە بــۆ دیموکراسـی، دیموکراسـیەت واتـە ئـازادی رێکخسـتن بـۆ گشـت چـین و توێـژە نەتەوەییەکان و بەناسنامە و سروشتی چینایەتی خۆی بەشداری لەسیاسـەت دەکات، ئەوەی کە لـە تورکیـا رووینـەدا ئەمـەبوو. بـەڵکو تـەواو پـێم وانـەبوو، وەك بڵێی یاساکانی فاشیزم تێری نەدەکرد سزاکانیان بـۆ چوارقات زێـدەکرد. ئەمە جگە لە پێشکەوتنێکی دژە دیموکراسی و شۆڕشـی چەواشـە هیچی دیکە نییە. لە هەمان قۆناخـدا دەروازەکانی تورکیـا بـۆ ئـەمریکا خرایـە سەرپشت. لەمیانی ئـەو (10)ساڵەدا بنکە ئەمریکیـەکان کـە موشـەکی نـووك ئـەتۆمیان تێـدا بــوو گشــت تورکیــای تەنیــەوە، ئەمــەش بــەواتای لەدەســتدانی ئــەو دەسکەوتانە بوو کە لە میانی شەڕی رزگاریخوازیدا بەدەست هێنرابوو.

عەبـدوڵلا نـۆچ نـاڵان: هـەروەها خـۆ خزانـدن بـوو بـۆ ژێـر کاریگـەری و باڵادەستی ئیمپریالیزم.

میهری بەللی: تەنانەت دادۆشێکی راستەوخۆی ئازادی بوو، ئەمەش خـۆی لەخۆیــدا پێشــکەوتنێکی شۆڕشــی چەواشــەبوو. هەربۆیــە ئەوکاتــە دەمــان ووت:"شۆڕشێکی چەواشەی دژی کەمالیزمە، ئەمەبوو سیستەمی فـرە حیزبـی لای خۆمان".

عەبـدوڵلا نـۆچ نـاڵان: بـەڕای مـن ووتەیـەکی وەك:"دژی کـەمالیزم بـوو" ووتەیەکی راست نییە.

میهری بەللی: بەڵام لەو قۆناخەدا....

عەبدوڵلا نۆچ ناڵان: دەکرێ بەشۆڕشێکی چەواشە ناوزەدی بکەن.

میهری بەللی: بەڵێ شۆڕشێکی چەواشە بوو.

عەبدوڵلا نۆچ ناڵان: شۆڕشێکی وابوو کە پێویست بـە ناوهێنـانی کـەمالیزم ناکات.

میهری بەللی: هەربۆیە لە گەیشتن بەدەسـەڵاتی گـەل (   ) بەرەو پێشەوە چونێك نەبوو.

عەبـدوڵلا نـۆچ نـاڵان: ئەوەشـی بچێتە پـاڵ، نـاوزەدکردنی بەسیسـتەمێکی مەدەنی گومان و دەمەتەقێ دەوروژێنێ.

میهری بەللی: تەنانەت ئەگەر حکومەتێکی....

عەبـدوڵلا نــۆچ نــاڵان: بــەڵام نــاتوانین نــاوی شــۆڕش بەســەر هــەموو گواسـتنەوەیەکی مـەدەنی (الانتقـال المـدنی) دابنـێین. رای تـۆ چـیە ئەگـەر بەگروپی سڤیل ناوزەدیان بکەین، گروپێکی سڤیلی مەیلداری ئیمپریالیزم؟

میهری بەللی: مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست ئەو سەرباز و جەنراڵانە بوون کە دەرچووی خوێندنگا جەنگییەکان نەبوون.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: لێرەدا دەتوانین بەشێوەیەکی روون ئەو جیاوازیەی خوارەوە دیاری بکەین، لەجیاتی دەستەی سەربازی CHP دەکرێ ناوی دەستەی سڤلیان لێبنێین، کە ئەو دەستەیە بەرژەوەندیەکانی بازرگان و موڵکدارەکانی دەخستە پێش بەرژەوەندیەکانی دیکەوە، هەروەها پەیوەندیەکی پتەویشی لەگەڵ ئیمپریالیزم هەیە.

میهری بەللی: تەواو وایە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەمە راستیەکە و پێویست بەگەورەکردنی پرسەکە ناکات. بەڵام سەبارەت بە پشتیوانی گەلێری، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئێش و ئازارەی گەل لە سەردەستی CHP چێشتیان. ئەو بەشداربوونە گەلێریەی بۆ DP کرا خۆی لەخۆیدا بزاڤێکی دیموکراسی گەلێری بوو، ئەمەش دادۆشینی گەل و لەرێ لابردنی گەل لەلایەنی خودی ئەو دەستەیەوە رەت ناکاتەوە. واتە خیانەتی لە بزاڤی گەلێری کرد. ئەمە جگە لە پڕکردنەوەی زیندانەکان بە کۆمۆنیستەکان و سەپاندنی سزای دژوار و ناڕەوا بەسەریاندا، ئەمە لە کاتێکدا خۆی لەسەرەتا گڵۆپی سەوزی بۆ داگیرساندبوو. ئەوەی لە قۆناخی دواتردا روویدا لە رێ لابردنی بزاڤی گەلێری بوو.

میهری بەللی: کێشەیەکی تر ئەمەیە، ئەوانەی کودەتای 27ی ئایاریان بەرپاکرد کێ بوون و چ نیازێکیان هەبوو؟ ئەمە لە کاتێکدا دەبێ ئەوەش لەیادنەکەین کە کودەتای 27ی ئایار ـ لە دەرەوەی ئیرادەی کودەتاکاران ـ دەروازەکانی تورکیای لە بەردەم تەشەنەکردنی چەپڕەویدا کردەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: کودەتاکاران فاشیست بوون، هەندێ توێژی دیکەشیان لەگەڵ دابوو تەنانەت....

میهری بەللی: کەمالیستەکانیش بەشداریان تێداکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەوانەی لە چەپەوە نزیك بوون.

میهری بەللی: دواتر لە گوڤارەکەماندا وتارێکمان بەناوی خۆم و سوبحی کەرامات بڵاوکردەوە (خوازیارانی یەکێتی نەتەوە)یش لە گۆڤارەکەی ئێمە دەیانووسی.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بەڵێ، بەڵام دواتر جودابوونەوە.

میهری بەللی: بەڵام ئەوانە تا ئەوکاتەش کەمالیست بوون. بەڵام دوای قەیرانە جددیەکان نەیانتوانی بەرگە بگرن و بوونە سۆسیال دیموکراتێکی

هاوشێوەی ئەوروپا. واتە تورکیا لە سەرووی ئیرادەی ئەوانەوە بۆ چەپ کرایەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بۆچی؟ چونکە زەمینەی چینایەتی زۆر بەرفراوان ببوو.

میهری بەللی: هەروەها ڕەوشی نێودەوڵەتیش گوڕانکاری بەسەر داهاتبوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەو ساڵانەدا کرانەوەیەکی مەزن بەسەر بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی و بلۆکی سۆسیالیزم بەدیهاتبوو.

میهری بەللی: ئەوکاتە چەندین شۆڕش لە ئارادابوون، شۆڕشی کوبا، شۆڕشی جەزائیر...

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەروەها ئەوکاتە شۆڕشی سەرکەوتووی وەك چین و ڤێتنامیش هەبوون.

میهری بەللی: بەڕاستی ئەمانە ڕووداوی گەورەبوون. سەرباری ئەوەش ئەزموونی مەزن لە ئارادابوون لەگەڵ ڕەوشی گران و زۆریدا گفتوگۆ لە تورکیادا لەسەر سۆسیالیزم پێش دەکەوت گفتوگۆکان بە تەنها لەسەر ئەم خاڵە بوو. بزاڤی نهێنی کۆمۆنیزم جگە لە پاشماوەکەی هیچی تر لەئارادا نەمابوو، پارتی کرێکاران (T1P) لەلایەن ئەو سەندیکاخوازانەی کە لە رابردوو بۆ نەفرەتکردن لە کۆمۆنیزم ڕێپێوانیان دەکرد، دامەزرا، دوور لە قاڵبوونەوە لە سۆسیالیزم دەستیان بەم کارەکرد. هیچ شتێکیان بەدەست نەهێنا و دووچاری گۆشەگیری بوون، ناچاربوون تەڤلی ڕۆشنبیران ببن.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ڕۆشنبیرە چەپەکان.

میهری بەللی: ڕۆشنبیرە چەپەکان ئەوانەی هەواداری بزاڤی کۆمۆنیزم بوون وەك (بەهیجە بۆران و مەحەمەد عەلی) هەروەها ئەوانەش کە لەدەرهەقیاندا سزایەك دەرنەچووە و توانای کاری سیاسیان بۆ ڕەخسابوو و لە دەرهەقیاندا هیچ بڕیارێکی دەست بەسەریان لەسەر نەبوو. لەمیانی ئەو پێشکەوتنانەدا دەتوانین ریسایەکی گشتی دەربخەین کە بریتیە لە هەرگیز ناکرێ کۆمەڵگاکان بۆ مەدەنی و سەربازی ــ بەتایبەت لەواقیعی تورکیادا ــ پۆلێن بکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: پێچەوانەی ئەمە، دژی ڕاستییە.

میهری بەللی: لەچاو پێکەوتنی ئەم دواییەت لەگەڵ تەلەفزیۆندا لەدەرگای خاڵێکی زۆر گرنگت دابوو کە پێویست دەکات زۆرباش تاوتوێ بکرێت. کودەتای فاشیست نەیدەخواست ئەمە ڕووبدات. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە کێ بوو کە نەیدەخواست ئەمە ڕووبدات؟ ئەوەی پێویستە بزانین ئەمەیە. لەتێکۆشانی ئێمەدا ئەوەی ئامانجی بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد

لەوڵاتێکی هاوبەش بۆ گەلی کورد ـ تورك لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و لەچوارچێوەی یەکێتیدا دەخوازێت، کێیە؟ کێن ئەوانەی لەو شەڕە قرێژەدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی نیشتمانی دەکەن. لێدوانەکانی تۆ لەم رووەوە سەرنج راکێش و وروژێنەرە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دێمە سەرباسکردنی ئەم خاڵەش، بەڵام بەرلەوە، سەرنجێکم هەیە سەبارەت بەوەی لەسەر ساڵانی (50)کان باستانکرد، من لەو قۆناخەدا پێشکەوتنێکی دیموکراسیانە نابینم، بەڵکو وەك قۆناخێکی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی لەقەڵەم دەدەم.

میهری بەللی: ئێمە لەو ساڵانەدا رۆژگارێك لە زیندان و رۆژگارێکی تریش بەدەست بەسەری لەتاراوگە ژیانمان بەسەربرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دەستەیەکی ئەوتۆ نییە مۆرکی گروپێکی سەربازی لەسەر بێت، بەڵام پێشکەوتنخوازی دەستەیەکی سڤیلی بەمجۆرە کە پشت بە دەرەبەگە مولکدار و بازرگانە کۆمپرادۆرەکان ببەستێ، جێی دەمەتەقێ و گفتوگۆیە، لەو باوەڕەشدا نیم کە پێشکەوتووخواز بێت. بەڵام سەبارەت بە کودەتای 27ی ئایار ـ راستە ـ لە راستیدا قەڵەمباز و کاردانەوەیەك بوو بۆ وەڵامدانەوەی بن بەستبوونەکان، هەڵبەتە ئەوکاتە هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو پێشکەوتنەی کۆمەڵگای تورکیا بەدیهێنابوو لە ئارادابوو، قۆناخێکی پڕ لە ناکۆکی بوو، کاتێك ناکۆکییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بێنینە لای یەك لەکودەتای 27ی ئایار تێدەگەین. بەگوێرەی من لە راستیدا کۆمەڵگای تورکیا سەرەڕای هەمووشتێك ـ لەقۆناخە دژوارەکاندا وەك دینامیکییەتێك دەردەکەوێ. پێموایە فراوانکردنی ئەو بابەتە زیاتر روون دەبێتەوە.

بەداخەوە، کێشە چینایەتی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای تورکیا بە دینامیکییە کۆمەڵایەتییە سڤیلەکان چارەسەر نابێت، واتا بێ هێزن. ئێستاش هێز و دینامیکییەت لەنێو ئەو رێکخستنەدا چڕبۆتەوە، کە دەکرێ بەرێکخراوێکی سەربازی ناوزەدی بکەین و لەکاتە هەستیار و دژوارەکاندا تیایدا بەدوای چارەسەریدا بگەڕێین. ئەمەش راستی مێژوویی تورکیایە. هەر بۆ نموونە؛ پێهەڵگرتنی گشت شۆڕشە چەواشەکان و قەڵەمبازە پێشکەوتنخوازەکان لەنێو ئەو رێکخراوە سەربازییەدا پێیان هەڵگرتووە، چ لە سەردەمی سەڵتەنەت و چ لە سەردەمی کۆماریدا، بێگومان ئەمە بەواتای بەرپانەبوونی سەرهەڵدانەکان نایەت، بەڵکو سەرهەڵدانی تورکمانی و جەلالییەکانیش هەبوون بەڵام ئەنجامگیر نەبوون. بەواتایەکی دیکە، رێکخستنە سەربازییەکان دەسەڵاتی کرداری گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکان و

میکـانیزمی دیالیکتیکیانـەی راسـتەقینە بـوو. هـەربۆ نموونـە: دەرکـەوتنی سـوڵتان مـەحمودی دووەم و ئـەو جموجۆڵـە پاکتاوکارییـە کوشـندەیەی کـە هێزەکانی مەحمود دژی ئینکشاریەکان دەستیان پێکرد ــ کە خوێناوی و تـا دوارادە توندوتیـژ بـوو ــ وەك ئێـوەش دەزانـن پاشـان ئەرتەشـێکی نـوێ دادەمـەزرێ. بـەر لـەم رووداوەش چـەندین رووداوی هاوشـێوە روویانـداوە. بـۆ نموونـە: گشـت شـەڕەکانی جـام شـازاد و مسـتەفا شـازاد و تەنانـەت سـوڵتان عوسمانیش بۆ بەرژەوەندی سەربازی بووە، واتە هیچ بەرژەوەندیـەکی سڤیلی تێدا نـەبووە. بـەڵام لێـرەدا هەنـدێك سـەرهەڵدانی سـڤیلیش هـەبووە وەك سەرهەڵدانەکەی خەلیل باترۆنا.

میهری بەللی: بەڵام کۆنەپەرستانە بوو...

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: چ کۆنەپەرست یاخود پێشکەوتنخوازانە، لە گۆڕانکاری و وەرچەرخاندا خاوەن کاریگەرییەك نەبوو. گشتیان لە دەسەڵاتدارەکان بـوون و مـۆرکی سـەربازییان بەسـەردا زاڵبـوو، یـاخود راسـتتر بڵـێین: زۆربـەیان سـەربازبوون، ئەمەیـە واقیعـی مێـژووی تورکیـا، مەسـەلەکە لای "وەقـاس قـەلی"یـش بەهـەمان شـێوەیە. هـەمان شت لـە کـاتی مەشـروتیەتی یەکـەم و مەشروتییەتی دووەمیش بەتایبەت روودەدات، بێگومان مسـتەفا کـەمال تـەواو سـەربازی بـوو، واتـە لەیـەك کاتـدا هێـزی خـۆی لـە ئەرتەشـی عوسمـانی و ئەرتەشە نوێیەکەش وەردەگرت،

بـەو واتایـە، کودەتـای 27ی ئایـار ئەڵقەیەکـە لـە ئەڵقـەکانی ئـەو زنجـیرە مێژووییە. دەبێ چۆن لێی تێبگەین....؟ داخـوا پەیوەنـدی خـۆی بـە بونیـادی کۆمەڵایەتییـەوە نییـە؟ هەڵبەتـە پەیوەندییـەکی پتـەوی بـە واقیعـی نێودەوڵەتیشـەوە هەیـە. چـونکە لـە شەسـتەکاندا سۆسـیالیزم پێشـکەوتنێکی بەرچـاو بەخۆیـەوە دەبـینێ، بزاڤـە رزگـاریخوازە نیشـتمانییەکانیش لـە هەڵکشـانێکی بـەرفراوان دان، هـەروەها هـەمان شـت بـۆ دیموکراسـیخواز و سیسـتەمی نـوێی داگیرکـەریش راسـتە. لەبەیـەك گەیشـتنەوەی گشـت ئـەو پێشکەوتنانە دەبینین کە قۆناخی DP لـە تورکیـادا، قۆنـاخێکی قوڵبوونـەوەی پەیوەندییە نوێیـەکانی داگیرکەرییـە. ئەوکاتـە پێشـکەوتنێکی دوو ئاراسـتەیی دەبینرێـت. لەسـەر ئاسـتی دەرەوە پاشـکۆیەتی زیـاتر دەبێـت، لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆییش زیـاتر پشـت بـە موڵکـدار و کۆمپرادۆرەکـان دەبەسـترێ. کودەتـای 27ی ئایار ـ تا رادەیەك ـ لەژێر کاریگەری هەڵکشانی رزگاریخوازی نیشـتمانی ئەوکاتە دایـە. تـەواو وەك کاریگـەریبوونی مسـتەفا کـەمال لـە بیسـتەکاندا بـە بەلشەفیکییەکان وایە. کودەتا 27ی ئایاریش تا رادەیەکی مەزن بـە بزاڤەکـەی جـەمال عەبـدول ناسـر کاریگـەرە، هـەروەها دەکـرێ بـە بزاڤـی بەعسـیش

بچوێنرێ. هەروەها هاوکاتی هەڵکشانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی ئەفریقا و هەردوو شۆڕشەکەی کوبا و ڤێتنام بوو، گشتیان ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت کاریگەریان لەسەر کردووە. لەناوخۆدا کاردانەوەی چینی ناوەڕاست لەبەرامبەر وەرچەرخانی کۆمپرادۆریانە لە تەشەنە سەندندا بوو. پەیوەندی ئەفسەرەکانی 27ی ئایار لەگەڵ چینە ناوەڕاستەکان و بۆرژوازی بچووك لەنێودەوڵەتدا پەیوەندییەکی تۆکمە بوو. پێشکەوتنی سەرمایەداری کۆمپرادۆری بینەقاقای ئەو توێژە ناوبراوانەی گرتبوو. بەمەش دەکرێ 27ی ئایار لە چوارچێوەی ئەو رەوشە نێودەوڵەتی و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە ناوخۆییە تاوتوێ بکرێ. شایانی باسە، ئەو بزاڤەی ئەفسەرەکان وەك هەر بزاڤێکی دیکەی هاوشێوە پرۆگرامێکی سیاسی جددی و رێکخستنێکی تۆکمەیان نەبوو. ناوی خۆی پڕ بەپێستی خۆیەتی: بزاڤێکی کودەتاییانە، بزاڤێك بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان بەشێوەیەکی کاتی، دەڵێم: کاتی، کتوپڕ.

میهری بەللی: کتوپڕ.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ ئەوەی لە 27ی ئایار روویدا ئەمە بوو. هەوڵدانێك بوو بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکیەکان بەگوێرەی بنەما سەربازیەکان، بێ ئەوەی رەهەندێکی کۆمەڵایەتی، کە شایەنی باس بێت، یاخود قوڵاییەکی لە سیاسەتی دەرەوەدا هەبێ، لە راستیدا زێدە بیری لە پەیوەندیە چینایەتییەکان نەکردۆتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەشداری فراوانی لەمەوداکانی گفتوگۆ کرد و قۆناخێکی نوێی بەرەو پێشەوە برد، ئیدی ئاراستەکەی چ بەلای راست یاخود بەلای چەپەوە بێت. "تورکیش"یش یەکێك لە بەشداربووەکان بوو و هەوڵیدا پێشکەوتنەکان بەرەو فاشیزم ئاراستە وەربگرن، ئەمە لە کاتێکدا هەندێکی دیکە هەوڵیاندا بەرەو چەپ ئاراستەی بکەن. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڤاری "ئاراستە YÖN" هەوڵیدەدا رووداوەکان بەئاراستەی چەپ بشکێتەوە. وەك ئێوەش دەزانن، کودەتاچیەکان لەنێو خۆیاندا سەبارەت بە ئاراستەی کودەتایەکە لەنێو ململانێیەکی توندوتیژدا بوون، هەندێك لەوانە دەیانخواست بەرەو راست بچێت، هەندێکیشان بەلای چەپدا ببیەن، پاشان وەك ئێوەش دەزانن تورکیا قەڵەمبازێکی چەپی لەسەر بنەمایەکی چینایەتی بەخۆیەوە بینی. راستە کودەتای 27ی ئایار لەدەرەوەی چوارچێوەی چەپ و راست دابوو، بەڵام MHP هەوڵیدا بەرەو پێشخستنی فاشیستانە رایبکێشێ، ئەمەشی لە چوارچێوەی کاری سەندیکاکانی تێکۆشان لە دژی کۆمۆنیستەکان و سەندیکاکانی لاوانی نوخبەو راستەوخۆ لەژێر ناوی خۆشیدا ئەنجامی دەدا،

شانبەشانی ئەمەش رەوتێکی ئایینی، واتا ئیسلامی سیاسی کە رەوتی ئەربەقانیەتە، دەرکەوت، هەموو ئەو پێشکەوتنانە پێشکەوتنی راست بوون، هەروەها لەهەمان کاتدا پارتی عەدالەت دامەزرا کە لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەیDP بوو. لەو کەش و هەوایەدا CHP خۆی ناچار بینی بەرەو چەپ ئاراستە وەربگرێت، بەڵام گرنگترین رووداوی ئەوکاتە لەدایکبوونی T1Pو قەڵەمبازی ئەو بزاڤە شۆڕشگێڕییەی لاوان بوو کە بەدوایدا هات. بەهاتنی حەفتاکان مەسەلەکان سەرلەنوێ دژوارتر بوونەوە و گرێکوێرەی دووەم دەرکەوت. بە دەربڕینێکی دیکە، نە راستەکان توانیان باڵادەستی فاشیستانەی خۆیان بسەپێنن و نە چەپەکانیش توانیان جڵەوی مەسەلەکان بگرنە دەست و ئاراستەی بکەن، بەمەش سەرلەنوێ بەرپرسیارێتی کەوتەوە سەرشانی سەربازەکان، وەك ئێوەش ئاگادارن کودەتای 12ی ئادار روویدا. لە 9ی ئاداردا بەر لە کودەتاکە بەچەند رۆژێك ـ موحسین باتۆر ـــ و هاوشێوەکانی هەوڵیاندا رووداوەکان بەلای چەپدا ـ یاخود نزیك لەمە ـــ بشکێننەوە، ئەمە لە کاتێکدا مەمدوح تاغماج و هاوشێوەکانی هەوڵیاندا بەرەو راستی ببەن. واتە ململانێی چەپ و راست لە کودەتای 12ی ئاداریشدا لە ئارادابوو.

میهری بەللی: برای موحسین باتۆر یەکێك لە ئەفسەر بەشداربووەکانی کودەتای 12ی ئادار بوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بەڵێ، موحسین باتۆریش پاشان تەقلیان بوو و لە قۆناخی دواتردا رۆڵی خۆی لە ئاراستەکردنی رووداوەکان بە بەرژەوەندی راستەکان بینی.

میهری بەللی: ئەگەر هەوڵدانەکەی 9ی ئادار سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە، ئەوا سروشتێکی وێکچووی کودەتای 12ی ئاداری وەردەگرت. هێڵی سەرەکی کاری گروپەکەی 9ی ئادار بریتی بوو لە: چۆن لاوان لە ژێر کاریگەری میهری بەللی رزگار بکرین...؟ ئەمە تەوەرەی گفتوگۆکانیان بوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: راستە، لەگەڵ بۆچونەکەت دام، بێگومان ئامانجی هەوڵدانەکەی 9ی ئادار و کودەتاکەی 12ی ئاداریش دامرکاندنەوەی بزاڤی لاوان بوو کە تۆش یەکێك بوویت لە سەرکردە چالاکەکانیان. ئەگەر کودەتاکە لە ئاراستەگرتنی بەرەو دیکتاتۆریەتێکی تەواو فاشیستیانە سەرنەکەوت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگییە چینایەتیەکان رێگەی بەمە نەدەدا، هەروەها لەبەر ئەوەی فاشیستەکان تەواو بەسەر گۆڕەپانەکەدا زاڵ و باڵادەست نەبوون.

ئەگەر بڕوانینە ساڵانی 1970 ـ 1980 ئەوا دەبینین کە ئەرکی کودەتای 12ی ئادار بەتەواوی پاکتاوکردنی چەپ و خۆش کردنی کەش و هەوای تۆکمەکردنی راست بوو لە ئاستێکی بەرزدا و، دواتریش بەدیهێنانی وەرچەرخانێك بوو بەرەو راست و فاشیزم. بەراستیش هێزی ڕێکخستووی چەپ و داکشاو و لە ڕێچکەی خۆی لایدا و لەنێو خۆیدا شپرزەبوو، ئەمە لە کاتێکدا هێزی راست بەخێراییەکی زۆر تۆکمە دەبوو و لە میانەی ئەزموونەکانی یەك و دوو و سێی بەرەی نەتەوەییەوە هێزی خۆی کۆکردەوە، ئیدی لەنێو ریزەکانی سوپاشدا ئەفسەرەکانی لەشێوەی 27ی ئایار نەما، بەڵکو ئەوانە...

میهری بەللی: دووچاری پاکتاوبوون هاتن...

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بەڵێ دووچاری پاکتاو بوون هاتن. بەم شێوەیە...

میهری بەللی: لە 12ی ئاداردا هەزار ئەفسەر رووبەڕووی پاکتاو بوون بوونەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: پاکتاو بوون، بەو وانانەی کە لەکودەتای 12ی ئادار بەدەستیان هێنا، ڕێڕەوی گۆڕانەکان بەرەو راستی فاشیزم چوو، بەهۆی میکانیزمی ئەو بزووتنەوەیەی کە بیرۆکراسیەکان لەسەری زاڵبوون، وەك دەزانن ئەوەی پێی دەووترێت نەوەی دووەمی چەپ ــ کە لەپرسێکی تردا بەجیاواز شی دەکەینەوە ـ تووشی هەوڵدانی پاکتاوکردنێکی بەتەواوی هات، بەتایبەت لاوانی شۆڕشگێڕ کە لەدوای ساڵی 1965 پێکهاتبوون، لەسەر دەستی کودەتای 12ی ئادار لێدانێکی توونديان بەرکەوت، پێویستە لێرەدا ئەم جیاوازیە بکەین: کاتێك لەکەسایەتی MHPدا فاشیزمی راست رووی لەسەر هەڵدرایەوە، لەلایەن جەنەراڵەکانی 12ی ئەیلول راستێك هەڵبژێردرا کە پێکهاتووە لە ڕێبازە ئایینیەکان.

میهری بەللی: پارتی رەفا دەستکردی جۆنتای سەربازییە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بێگومان وایە. بەگوێرەی تێبینیەکانی من کاتێك "کەنعان ئیڤرین" مەسەلەی ریسوابوون و ئاشکرابوونی MHP دەرکەوت، ئەوا ئەرکی بە "چاتلی" و هاوشێوەکانی سپارد، بێگومان MHPش لەنێو ئەوانەدابوو. واتە بەشی هەرە زۆری لە MHP ـ جگە لەوانەی خزێنرابوونە زیندان ــ بەتایبەتی ئەوانەی ئامادەی هاوکاری کردن بوون کەوتنە ژێر فەرمانی رژێمی 12ی ئەیلول و تەواو هاوکاریان کرد. لەهەموویان گرنگتر پێکهێنان و ڕێکخستنی تۆڕێکی بەرفراوان لە ڕێبازە ئایینیەکان بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی گەیشتینە ئەو باوەڕەی بزاڤەکەمان لە توانایدایە پێش بکەوێ. ئیدی بڵاوکراوە ئایینیەکان و ئایەتەکانی قورئانیان بە

هەلیکۆبتەر بڵاو دەکردەوە و چەندین خولی فێرکردنی قورئانیان کردەوە و نزیکەی 100هەزار کەسیان تەڤلی ئەو خولانە کرد.

میهری بەللی: ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرکردەی گشت ئەو تەریقەتە ئایینیانە خەڵکی ناوچەی رۆژهەڵات بوون.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: گشت ئەو کەسانەیان رێکخست، من هەوڵدەدەم لە شرۆڤەکردنی ئەو مەسەلەیەدا قوڵببمەوە، بۆچی..؟ چونکە ئایدیۆلۆژی فەرمی بەتەواوی لە گۆڕێدا نەمابوو و نەیدەتوانی بەشێوازە کلاسیکەکان رووبەڕوومان ببنەوە. کەواتە دەبێ بە چ شتێك رووبەڕوومان ببنەوە؟ بە ئایدیۆلۆژی ئایینی.... ئەمەش بژاردنێکی تا دواڕادە و بەوشیاریە و سەرنج راکێشە، هەروەها مەودای ئەو تەریقەتانەیان فراوانتر کرد تا دەرەوەی تورکیاشی گرتەوە. ئایا باوەڕدەکەن بانگهێشتی سەرکردەی تەریقەتە ئایینیەکانی کە لەنێو کوردەکانی ئێراقدا هەن لە نموونەی "شێخ عوسمان" کردبێ و بە گەرمیەوە لە ئەستەمبوڵ پێشوازیان لێ کردبێ. شیمانەی هەرە زۆر دەگوترێت کە سەرۆکی دەوڵەت خۆی گۆڕێکی تایبەتی بۆ "شێخ عوسمان" دوای مردنی دروست کردووە. نەك تەنیا لەناو تورکیا، بەڵکو دەستیان بۆ خاوەن تەریقەتەکان لە سوریا و ئێراقیش درێژکرد، من یەك لەوانە دەناسم ـ ئێستا ناوەکەییم لەیاد نییە ـ لەساڵی 1982دا چاوی بە کەسی " کەنعان ئیڤرین" کەوت و هەوڵیاندا لە رێگای ئەو کەسەوە کوردەکانی ماردین و ناوچەی جزیرە لە سوریا رێك بخەن. بە راستی ئەمە سەرسوورهێنەرە... هەروەها هەوڵیاندا لە رێگای شێخ عوسمانیشەوە کوردەکانی ئێراقیش رێك بخەن.

میهری بەللی: ئەمەش کارێکی بە پیلان و ئاقڵمەندانەیە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: من لێرەدا هەوڵدەدەم رەگ و ریشەی ئەو مەسەلەیە شرۆڤە بکەم. تەنیا لە ئورفا (50) هەزار منداڵیان تەڤلی خولی فێرکردنی قورئان کرد ــ بەگوێرەی سەرژمێری ئەو کاتە ــ لە دیاربەکریشدا (100)هەزاریان تەڤل کرد، ئەمەش لە چوارچێوەی کارێکی رێکخستوو و بەپیلان ئەنجام دەدرا. سەرەڕای چەندین هونەرمەندی ساختەکار دەرکەوتن و هەموو شوێنێکیان تەنیەوە. ئایا دێتەوە یادتان کە چۆن فاشیەتی "فرانکۆ" کلیسە و وەرزش و هونەری بەکار دەهێنا؟ هەر سێکیانی بەکار دەهێنا، وانییە؟

میهری بەللی: کلیسە و وەرزش بەپلەی یەکەم دەهات.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: هەروەها هونەریش. ئایا ئەو ڤیستیڤاڵە بەناوبانگانەت لە بیرکرد؟ ئایا هەمان شت لە تورکیاش رووی نەدا؟ ئایا لەتورکیادا لەمیانی

سالانى (1980 ـ 1990) رۆژ بەرۆژ فیستیڤاڵەکان و چالاکیە وەرزشیەکان و تەریقەتە ئایینەکان لە گەشەسەندندا نەبوون؟ ئایا ئەو چالاکییانە لەچوارچێوەى هێرش هێنانە سەرمان نەبوو؟ ئەگەر بە ووردى و بەسەبرەوە گوێم لێ بگرى گەلێك دەرەنجامى گرنگ بەدەست دێنى. کودەتاچیەکانى 12ى ئەیلول دەستبەدارى ئایدیۆلۆژیاى فەرمى بوون و هانایان بۆ ئایدیۆلۆژیایەکى نوێ برد، ئیدى حکومەتى رەفا دروست بوو بۆئەوە سەرکردە بەناوبانگەکانى تەریقەتە ئایینیەکانیان دەرخستە پێش. ئەوانە موسڵمانێکى دەستکردى 12ى ئەیلول بوون. لەنێو ئەوانەدا بەهەزاران هەبوون و کە لە وەختێکدا دەوروبەرى سەرۆك وەزیرانیان پڕکردبۆوە. بەڵێ ئەمانە دەستکردى دەوڵەت خۆى بوو. ئامانج لەمەشدا "رزگار کردن"ى لاوانى ناوچەى باشوورى رۆژهەلات بوو لە ژێر کاریگەرى ئێمەدا، بێگومان لەم پێناوەشدا هەموو توانستێکى دەوڵەتیان بەکار هێنا.

میهرى بەللى: لێرەدا لێم گەرێ با کەوانەیەك بکەمەوە، دەکرێ ئەم کارەیان لەم دەستەواژەیەى خوارەوەدا چڕبکرێتەوە! یان بەرەو لاى رەنجدەران دەچێت و وشیاریەکى چینایەتى بەدەست دێنێ....

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: یان دەبێ تەسلیم ببیت....

میهرى بەللى: پاشانیش بەرەو تێکۆشان هەنگاو دەنێت یاخود بەهۆى هزرى چەپ و مارکسیزمەوە دەست بەسەر دەکرێت، ئەو هزرانە لەسەردەمى ئەمڕۆماندا هزرى هەرە شۆڕشگێڕین، بەمەش چراى سەوز بۆ گێلە پیاو دادەگیرسێ.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: تەنانەت رێگایان بۆ دەکرێتەوە.

میهرى بەللى: بێگومان بۆ فاشیستەکانیش....

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڕاستیش ئەمەیان بۆ فاشیستەکان و گێلە پیاوان ئەنجامدا.

میهرى بەللى: سەرەڕاى ئەمەش گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵکردن بۆ ئەوەى زۆرترین هەستە سەرەتاییەکان بەکار بێنن. بە راستیش ئەم کارەیان بەوشیارى و بە پیلان ئەنجامدا، واقیعى ئەمڕۆش دەرەنجامى ئەو کارەیانە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەمەدا هاوبیرین، چونکە دەستەواژەیەکى ئەقڵمەندایە بۆ گوزارشتکردن لە راستى، لەواقیعدا ئەم مەسەلەیە خۆى لەخۆیدا دەربازکردنى کۆمارى کلاسیکیە. وەك ئێوەش دەزانن گفتوگۆ لەسەر کۆمارى دووەم دەکرێت، لە راستیدا کۆمارى دووم ئەو کۆمارەیە کە لەگەڵ 12ى ئەیلول دایانمەزراند. چونکە شێوازى کۆنى کۆمار تا رادەیەکى زۆر کراسى ئایدیۆلۆژى خۆى گۆڕى و مۆرکێکى تەواو سەربازى وەرگرت ــ بێگومان

لەسەربنەمای راست ـ لەگەڵ ئاماژەکردنیش بەوەی کە مستەفا کەمال و ئیتحاد و تەرەقی و ئەفسەرانی 12ی ئایار لە ئارادانین، بەڵکو ئەوەی جڵەویان لە دەستە سەربازانی شەڕی تایبەت و ئەمریکا و گلادیۆن کە لە تەراتێن دان. ئیدی سەردەمێك دەستی پێکرد کە تێیدا ئیمانداره گێلەکان و فاشیستەکان لەگەڵ ئەوانەدا (سەربازەکان) لەنێو پەیوەندیەکی تۆکمە و پتەو دابوون.

لێرەدا لەوانەیە بپرسن: ئەی ئۆزال چییە؟ ئۆزال پیاوێکی دەوڵەت بوو، پێداویستی و داخوازیەکانی چینێکی بازرگانی بۆ وەرچەرخانێکی سەرمایەداری و بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان بەدی دەهێنا. ئەگەر هەردەبێ پێناسەیەکی ئۆزال بکەین تەواو دەکرێ بووترێ ئۆزال سەنتێزی ئەو پێکهاتانەیە؛ سەنتێزی سیاسی و موخاتەبی ئابووریەکەی بوو، ئەو پیاوە بوو کە کودەتای 12ی ئەیلولی بۆ ئابووری گۆڕی و مۆرکێکی سیاسی پێبەخشی، لەمەشدا رۆڵێکی تایبەتی جێبەجێ دەکرد.

بەڵام لەگەڵ گەیشتن بە سالانی (90)کان تێکۆشانی ئێمە بەهەموو شکۆمەندی و توانایەوە دەچێتە سەرشانۆی مێژوو. مەبەستم لەمەدا تەنیا بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد نییە، چونکە راستینەی مێژوویی تورکیا بەشێوەیەکی نوێ وەردەگرێ کە لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا بەرجەستە دەبێت. بەهاتنی (90)کان، کە لەسەر بنەمای قەڵەمبازی 15ی ئاب پێشکەوت خۆی لەخۆیدا باسکردنی ئەو قۆناخە مێژووییە زۆر سودمەندە ـ مێژووی تورکیا لە ئەنجامی ئەو مەیلە ناوبراوەدا بووە، سەرخانی شەڕی رزگاری نەتەوەیی. ئەوکاتە دەوڵەت، لەلایەکەوە بەو شێوەیەی کە باسمانکرد خۆی رێکخست و جاش و (حزب اللە) و رێبازە ئایینەکان و دەستەی فاشیزم و چاتلی و چەندی دیکە کەوتنە جموجۆڵەوە و بەمەش دەوڵەت زۆر بەخێرایی بووە دەوڵەتی مافیا و چەتەکان.

وەك دەزانن ئەو قۆناخە بەدوو ئاقار ئاراستەی وەرگرتبوو، یەکەمیان حکومەتی شەڕی تایبەت بوو کە ئەمریکا پشتگیری لێدەکرد و لەژێر سەرکردایەتیەکی سیاسی ئابووری وەك ئۆزالدا بوو. دووەمیشیان بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بوو کە بەتەنیا و لە رەوشی هەرە دژواردا رێبەرایەتیان کردووە. لە راستیدا لایەنی هەرە بەرچاویش ئەمەبوو و بێگومان هەرکەسێکیش ئەم راستیە دەزانێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی ساڵی 1990دا ئەوە روون بۆوە کە هەرگیز ناکرێ ئەم رەوشە بەم شێوەیە بەردەوام ببێ.

خاڵی هەرە سەرنج راکێش لەو قۆناخەدا وەك ئێوەش دەزانن؛ بەرپابوونی شەڕی کەنداوە کە بۆ ئەمریکا گرنگییەکی زۆری هەبووە. بۆئەوەی جەنگەکە

بەسـەرکەوتوویی کۆتـایی پـێ بێـت. دەبوایـە تورکیـا بەشـداری تێـدا بکردایـە، ئەمەش بەواتای دەربازکردنی ئەو رەوشـە دێـت کـە لـە تورکیـا لـە ئـارادابوو و ئۆزال نوێنەرایەتی دەکرد، بەڵام سیاسەتی کلاسیکیانەی دەوڵەت رێگەی بەمـە نــەدا و مەســەلە گەیشــتە ململانێیــەکی خوێنــاوی، بەمــەش کاریگــەری باڵادەسـتێتی ئـەمریکا زیـاتربوو. لـەو قۆناخـەدا حیسـابات و لێکدانـەوەکانی جەنەراڵـەکان لـە گەوهـەری خۆیـدا بـریتی بـوو لـە تـرس لەبەرامبـەر سـوود وەرگرتنی بزاڤی کوردی لە هەر هەنگاوێکی چەوت، هەروەها تـرس لـەوەی کـە ئـەو بزاڤـە لـەمیانی هـەر چـەوتیەك کـە تێـی بکـەون پێشکەوتنێکی بەرچـاو بەدیبهێنێ. هەربۆیە هـەموو هـەنگاوێکیان بـەگوێرەی ئـەو ترسـە دەهاوێشـت. وەك دەزانرێت لەو قۆناخـەدا سـەرۆکی ئـەرکان (تۆرمتـای) بـەهۆی گوێرایـەڵ نـەبوونی بـۆ سیاسـەتەکانی ئـۆزال خانەنشـین کـراو هێـدی هێـدی جەنـەراڵ (گــورەش) شــوێنی گرتــەوە. مــن وای بــەباش دەزانم ئــەم بابەتــە زیــاتر شیبکەمەوە، چونکە سوودی خۆی هەیە.

بـەرای مـن دۆغـان گـورەش جەنەراڵێکـە لەسـەرووی گشـتی جەنەراڵـەکانی 12ی ئادار و 12ی ئەیلولەوە دێت، هاتنی ئەو وەك کودەتای هەرە فاشیست و گشتگیرە. بەڵام سەرەرای ئەمـەش کودەتاکـە بەسـووکی و لاوازی بەرێوەچـوو و زێـدە خوێنـاوی نـەبوو. بۆچـی؟ چـونکە خواسـترا مەسـەلەی بـوونی بەچـەتە بەشـێوەیەکی هـەرزان سـەرگیر بکرێـت. کەچـی لەکاتێکـدا ئـەم مەسـەلەیە شایستەی ئەوەیە بەردەوام تاوتوێ بکرێت، بەڵام ئەو تاوتوێکردنە هەرچۆنێك بێـت خـاڵێکی سـەلمێنرا و هەیـە کـە پێویسـت بـەگفتوگۆکردن ناکـات، ئـەویش ئەوەیـە هـاتنی ئـەو (واتـە: گـورەش) تـەنیا کودەتایـەك بـوو، ئەمـەش ئـەوەی خسـتە روو کەسیاسـەتی ئـۆزال سـەبارەت بـە"کەنـداو" دەرفـەتی جێبـەجێ کردنـی نییـە و مەسـەلەی دانپێـدانان بـەکوردان دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی قەبارەیەك بەخۆیان، (تۆرمتـای) ئەمـەی رەتکـردەوە و گورەشـیش دەرکەوتـە مەیدان و ئەم مەسەلەیەشی بۆخۆی کـردە خـاڵی پێهـەڵگرتن. بەتایبـەتی لـەم خاڵـەدا ئـۆزاڵ دەیـووت "ئـەو جەنگـە بەسـەر ئابووریـدا شـکایەوە و هـەمووی هەڵۆشی هەربۆیە دەبێ مەسەلەکە بەسیاسی چارەسەربکرێ ـ لەم هەنگاوەیـدا (واتە ئۆزال) پشتیوانی و هاندانی ئەمریکای لە پشت بوو ـ چونکە رەوشـەکان دژواری زۆرمان بۆ دێنێ" ئەوەی شایەنی باس بێت ئۆزال سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر بە ئێراق هەبوو، ئەمـەش لـە سیاسـەتی خۆیـدا بەرامبـەر بـەکوردان پێویستی بە وەرچەرخانێك دەکرد.

پاشـان منـیش جددیـەتی ئـەوانم تـاقیکردەوە، شـاندێك لـە رۆژنامـەوانان هاتنە لام، کە "جوا ئۆغلۆ" تێدابوو، ئـەو پێـی ووتم "ئـۆزال دەیـەوێ هـەنگاو

بهاوێژێ" منیش ووتم "باوەڕناکەم، چونکە ئەمە پێویستی بەگۆڕانکاریەکی رەگ و ریشەیی لە سیاسەتی کۆماردا هەیە و هێزی ئەویش بەشی ئەمە ناکات".

ئەو بەوشێوەیە وەڵامی دامەوە:"نەخێر، ئۆزال لە هەنگاونانێکی بەمجۆرەدا دلێر و جددییە" ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە لەنێو خۆیاندا مەسەلەکەیان تاوتوێ کردووە، بەڵام باوەڕیشم نەدەکرد. بەڵام دوای ئەزموون وەرگرتن بۆم روون بۆوە کە ئۆزال بەڕاستی دەیەوێ هەندێ هەنگاو بهاوێژێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەندێ رۆژنامەوانی تریش جەختیان لەسەر هەمان بابەت کردەوە. بێگومان وەڵامدانەوەی من پۆزەتیفانە بوو و ووتم: "وەرچەرخانێکی سیاسی سەبارەت بە مەسەلەی کورد شتێکی زۆر بەهادارە. لەهەمانکاتدا پێم ووتن:"هێزە موحافەزکارەکان ئەو دەرفەتەی پێ نادەن. دواتریش بەکرداریش دەرکەوت کە ئۆزال بەشێوەیەکی یۆتۆپیانە بیری دەکردەوە و محافەزەکاران زۆر بەهێزتر بوون لەوەی کە مەزەندەی دەکرد. لەوانەیە بپرسن ئەو محافەزەکارانە کێ بوون.

میهری بەللی: بەڕاستی کابرایەکی دلێر بوو، بەڵام باجی دلێریەکەشی ژیانی بوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەم بابەتە زیاتر شیدەکەمەوە. چونکە روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ پراکتیزەکردنی کاری سیاسی لەڕۆژی ئەمڕۆماندا سوودێکی گەورەی هەیە، ئەگەر نا هەروا بەسانایی بەڕێوە ناچێ. لێرەدا نامەوێ زۆر لەسەر کەسێتی ئەو گورەشە رابوەستم، بەڵام ئەوانەی دەیناسن و لێوەی نزیکن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کەسێتیەکە لەنێو سوپادا بەخێرایی هەڵکشا و لەپێناو گەیشتن بە پلەی سەرۆکایەتی ئەرکان چی لەدەست هات کردی، ئەو پلەو پایەشی بۆ کاری سیاسی بەکارهێنا. لەڕاستیدا ئەو چارەنووسەی کە ئۆزال پێی دەگەیشت باشی دەبینی، بەڵام هەلپەرستانە هەڵسوکەوتی کرد. لەسەرەتادا کاتێك دووچاری ئاستەنگی و تۆرمتای و چەندین کۆسپی دیکە بوو لەئۆزال نزیك بۆوە و هەڵوێستی ریاکارانەی وەرگرت. لەڕاستیدا لەدەربازکردنی ئەو کۆسپانە بەتایبەتی کۆسپی تۆرمتای سەرکەوت و گەیشتە پلەی سەرۆکایەتی ئەرکان، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کەسێکی موحافەزەکار و چەقبەستوو بوو. لەم خاڵەدا چەندین فرتوفێڵ لەئارادا هەیە کە کەمێك دەرفەتی بۆ رەخسا و رێگای بۆ کرایەوە و پیلانی لەناوبردنی ئۆزالی دارشت. ئەمەش پیلانێکی گومانلێکراو و سەرسووڕهێنەرە، ئەمڕۆش خوازیارن پیلانێکی بەمجۆرە ـ لەلایەن سوپاوە ـ دابڕێژن و ناوی کودەتای

سەربازی لێدەنرێ. بۆ روونکردنەوەی راستینەی ئەو مەسەلەیە دەمەوێ لێرەدا تیشک بخەمە سەر ئەو زنجیرە کودەتاییانەی کە بەدوای یەکدا هاتوون.

ئەگەر بەو شێوەیەی لە هەردوو کودەتای12ی ئادار و 12ی ئەیلول دەڕوانین بەهەمان شێوەش لەم کودەتایە بڕوانین، ئەوا وەکو پێویست ناتوانین لێی تێبگەین. ئەو کودەتایە کودەتایەکی بێ مێژووە و هیچ کودەتایەکیش لەم کودەتایە ناچێت، لەقسەی ئەو (5) جەنەڕاڵە ناچێت کە گوتیان: "کودەتایەکی سەربازیمان ئەنجامدا و ئەوا هاتین"، هەروەها تەنیا بە بەراوردێکی سادە و ساکاریش ناتوانین لێی تێبگەین، بەلاّم خاڵی سەلمێنراو ئەوەیە کە ئەم کودەتایە کودەتایەکی نەخشە بۆکێشراو بوو و یەکسەر ڕێگای لەبەردەم گورەش خۆشکرد کە بتوانێ هەردوو کۆسپی بەردەم خۆی ــ تۆرمتای و ئۆزال ـ دەبازبکات و پشتگیری بەدەست بێنێ. چونکە ئۆزال وەکو ئاماژەم پێکرد لەسیاسەتی خۆیدا شێلگیر بوو و گورەشیش لەگەڵیدا تەواو ناکۆك بوو. ئەو کاتە گورەش دەیگوت: قسەکردنمان لەسەر فیدراڵیەت واتە پەلکێش کردنمان بۆ پەتی سێدارە، مەگەر بچینە گۆڕەپانی مانگی سوور ــ ئەمەش بەو واتایە دێت چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ ئەو وەك لەسێدارەدان و مردن وایە.

لەمیانەی ئامادەکاریەکانیدا هەندێ کار ئەنجام دەدران کە پێویستە لێرەدا باسیان لێوە بکرێت، هەر بۆ نمونە سەردانێکی زانراوی هەیە بۆ لەندەن کە بەئامانجی بەدەستخستنی هاوکاری دەرەوە بوو. چونکە چاك دەیزانی کە هەرگیز ناتوانێ وەك کودەتاکانی دیکە کودەتایەك ئەنجام بدات ئەگەر پشتیوانی دەرەوە و بەتایبەت ئینگلتەرا و ئەمریکای لەپشت نەبێ. خۆی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام دەدات و دەڵێ "ئینگلتەرا چرای سەوزی بۆ داگیرساندین"، ئەمەش لەساڵی 1990 ــ 1991 دا بوو. پاشان ئەمەشی دەخاتە سەرو و دەڵێ "دەستخستنی پشتیوانی ئینگلیز بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو". لەلێدوانێکدا ئەو رستەیەی زۆر بە روونی باسکردووە و "مەحەمەد عەلی قشلال"یش لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی "جەنگی توونـد و تیژی کەم"دا ئەو رستەیەی هێناوەتەوە. لەو پەرتووکەی خۆیدا بەشێوەیەکی باش کەسێتی گورەشی راڤە کردووە، زۆربەی مەزەندەکان ئەوەیە کە لەم رووەوە هەندێ زانیاری لە سەرۆکی ئەرکان وەرگرتبێت. ئەم پەرتووکە شایستەی خوێندنەوەیە.

بێگومان شانبەشانی پشتیوانیەکەی ئینگلیز پێویستی بە پشتیوانی ناوخۆییش هەبوو. وەك دەزانرێ لەو قۆناخەدا لەئاستێکی بەرفراواندا دروشمێك باو بوو:"لەگەڵ ئۆزالدا تەبا نابین" خاوەندارانی ئەو دروشمە

DYP و SHP بوون، وەك دەزانرێ ئەم دروشمە رۆڵی لە بەستنی هاوپەیمانێتی دیمریل و ئینۆنۆدا هەبوو، مەسعود یەڵماز بۆ سەرۆکی وەزیران دەستنیشان کرا، بەلام دەترسا بۆیە یەکسەر دەستی کێشایەوە. ئیدی دەربازکردنیANAP پێویستیەك بوو دەبوایە بکرایە. لەسەر مەسعود یەڵماز دەووترێت"دەستی لێ بەردا و هەلات" ئەمە راستە، بەلام ئەمەی لەژێر فشارەکانی گورەیش واتە سەرۆك ئەرکان ئەنجامدا، پاشان رێککەوتنی نێوان دەمیرێل و ئینۆنوی بەدوادا هات و هەڵبژاردنێکی پێشوەخت لەساڵی 1991 ئەنجامدرا و مەسعود یەڵماز ناچاری شکست (کشانەوە) کرا و ANAP وەك رەوشی ئەمڕۆی DYPی بەسەرهات. بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکی سەرسووڕهێنەرە، ئەوانەی ئەوکاتە ANAP یان دووچاری ئەو رەوشە کرد ئەمڕۆش دژە هەڵمەتێك لەبەرامبەر DYP ئەنجام دەدەن و دەیخەنە هەمان رەوشەوە. لەوەش سەرسووڕهێنەرتر ئەو مەسعود یەڵمازەی کە لەوکاتەدا ناچاری ئەو هەڵمەتە کرا، کەچی ئەمڕۆ حکومەتەکەی لەدەسەلات بەدوور دەخرێ. من بەگرنگی دەزانم کە بەووردی و تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو سەردەمانە بکرێ. ئیدی لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتەکەی دیمریل ـ ئینۆنۆدا ئەوە روون بۆوە کە هەر دەبێ ئۆزال تیابچێت، چونکە دەوروبەری گەمارۆ درابوو و لەنێو ANAP دا گەلێك گۆڕانکاری مەزن ئەنجامدرابوو و مەسعود یەڵماز رووبەڕووی ئۆزال کرابۆوە. لەکۆتاییدا ئۆزالیان خستە رەوشێك تەواو وەك ئەو رەوشە وایە کە ئەمڕۆ چیللەر بەرەو رووی بۆتەوە.

لەماوەی ئەو دیالۆگە ناڕاستەخۆیەی کە لەنێوانماندا لەئارادا بوو تاڵەبانی جەختی بۆ من کردەوە کە تورگوت ئۆزال دەستی خستۆتە بەر سینگی و ووتویەتی: "ژەنەڕاڵ بەدلیسیش لەگەڵماندایە، ژەنەڕاڵ فلانیش لەناوەڕاست لە پەلەکوتێدایە" مەبەستیشی گورەش بوو. لەڕاستیشدا گورەش لەناوەڕاستدا پەلەکوتێی دەکرد. وەك ئۆزال دەیووت:"بەلام دەتوانین لەڕیزی خۆماندا قازانجی بکەین". وا دیار بوو سیاسیەتیان لەسەر ئۆزال دەکرد و هەوڵیان دەدا بەکاری بهێنن. لەو کاتەدا ئەوەم بەرچاو کەوت کە ئۆزال کەسایەتیەکی جددییە و سیاسەتی خۆی هەیە، بەلام رووبەڕووی توێژێکی بەرفراوان لە رکەبەران بۆتەوە. وەك ئێوەش باش دەزانن بەتایبەتی لەو سەردەمەدا..

میهری بەللی: ژەنەڕاڵ بەدلیسیش ژیانی تیاچوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: هەموویان تیاچوون! ئەوکاتە لقێکی موخابەراتی جەندرمە هەبوو کە ژەنەڕاڵ بەدلیس سەرپەرشتی دەکرد و جەم ئەرسەڤەرەکانیش تێدا دەچن. نامەوێ بکەومە نێو فراوانی مەسەلەکەوە یان فراوانی ئەو مەسەلەیەوە. ئۆزال تیاچوو، وەك ئێوەش دەزانن گەلێك

پێشکەوتنی ترسێنەر هاتنە ئاراوە. ئەو کاتە "بەختیار ئایدن"ی دیاربەکری لە پیلانگێڕیەکدا کە تا ئێستاش روون نەبۆتەوە پاکتاو کرا. زنجیرەیەك پاکتاوکاری دیکەشی بەدوادا هات وەك پاکتاوکردنی سەرهەنگ (عقید) عوسمان لە دێرسم و سەرهەنگێکی دیکەش لە ماردین، ئەمانە چالاکی پاکتاوکاری ناوخۆیین، پاکتاوکاری و کودەتان .... تکام وایە بەهەڵە لێم تێنەگەن، چونکە تائێستاش دوورن لە تێگەیشتنی رەهەندەکانی ئەو کێشەیە، ئەگەر شرۆڤەی بکەم ئەوا دووچاری سەرسام بوون و تێرامان دەبنەوە و لە تێڕوانینتاندا قوڵبوونەوەیەکی زیاتر بەدیدێت. ئەمە پاکتاوکارییەکی ترسناك و دژوارە! چونکە ئۆزال لەئەنجامی نەخۆشی یاخود شتێکی دیکە تیانەچوو، پزیشکەکان راستگۆیانە هەڵسوکەوت ناکەن. ئۆزال بەرخۆدانی کرد و تەسلیم نەبوو، وەك چیللەر و ئەربەکانیش هەڵنەهات، بەڵکو بەرگەی گرت و تیاچوو. باش سەرنج بدەن ئەو رووداوانە لەو قۆناخەدا بەشێوەیەکی گومانلێکراو بەدوای یەکدا هات و هەر تەنیا رێکەوتێك نەبوو، پاکتاوکردنی کارسازانی کورد لەساڵی 1993 ئەوپەڕی هۆڤێتی بەدوادا هات. تیاچوونی ئۆزالیش 1993 روویدا، هەروەها رووداوی ژەنەراڵ بەدلیس و رووداوەکانی سێواسیش بەهەمان شێوە.

بەر لەچەند رۆژێك رستەیەك لە وتاری نێردراوێکی فەرمی کە لەرۆژنامەی (سیاسەتی ئازاد ـ ئوزگور پۆلۆتیکا) بلاوکراوەتەوە سەرنجی راکێشام، باوەڕ ناکەم کە زۆربەی کەس هیچ شتێکی لێ تێگەیشتبن، لە رستەکەدا هاتووە:"کاتێك لە سێواس بووین فەرمانێکمان لە ئەنکەرەوە پێی گەیشت تێیدا هاتووە کە: "موسا ئەرئۆغڵو بۆ ئەنکەرە بگەڕێوە" بەڕاستیش ناوبراو یەکسەر دەگەڕێتەوە" نووسەری وتار نەسیمی چیمن دەڵێ:"دەبووایە بەمجۆرە روویندابوایە، ئەمە حاڵەتێکی ئاوارتە بوو. بۆچی ناردراو دوایی بۆ ئەنکەرە بانگ کرایەوە؟" هەر لەگەڵ خوێندنەوەی رستەکە بەتەواوی تابلۆی رووداوەکانم بۆ روون بۆوە." بەفەرمانی دەوڵەت پیلاننامەی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەك دارێژراوە. موسا ئەرئۆغڵو تورکمانە و لەکوردانیش نزیکە. لەرێیەوە دەخوازرێ گورزێك لەسێواس بوەشێنرێ. عارف ساغ لەدوای ئەوە بەرژێمەوە گرێدرا و، دەخوازن موساش بخەنە سەر ئەو کارە.

دەووترێ کە سەرهەڵدانکار و چەپڕەوە، واتە بەدوای دەوڵەت ناکەوێ. بۆ ئەو رۆژگارە بگەڕێنەوە لەسەر عارف ساغ لێکۆڵین بکەن دەبینین کە چۆن بۆتە پیاوی دەوڵەت و "خەڵاتی دەوڵەتی بۆ هونەرەکان"ی پێ بەخشرا. گشت قوربانییەکان لە هونەرمەند و شاعیرە میلییەکان بوون، لەوانەیە زۆربەیان لە شاعیرە شانۆکارە چەپەکان بن. گشتیان لەیەك بۆنەدا کۆکردبۆوە و زەبرێکی

کوشندەیان لێدان. ئەمە لەساڵی 1993 دا روویدا. هەروەها رووداوەکانی گەڕەکی "غازی عوسمان پاشا" و کوشتنی ئەو ئەفسەر و ژەنەڕاڵانەی پێشتر باسمان کردن، پاکتاوکردنی "ئەرسەڤەریش"......

بەڕاستی کودەتایەکی ترسناك بوو. رووداوی کوشتنی لەمجۆرە لەمیانەی کودەتاکانی 12ی ئادار و 12ی ئەیلول و 27ی ئایاریشدا نابینی. بۆیە ئاماژەی پێدەکەم چونکە پڕ لەکینم. ئەوە کودەتایەکی مەزن بوو، کودەتایەکی تا دواڕادە خوێناوی بوو، سەرەڕای ئەوەی رووداوەکانی ئەو رۆژگارە زۆر بەڕوونی ئەوە دەسەلمێنێ، کەچی بەئاشکرا ناوی لێنەنراوە، هەروەها بەسەدان لەکارسازانی کورد پاکتاوکران و چەندین تاوانی بکەرنادیاریش لەئارادان....

میهری بەللی: گەیشتبووە ترۆپکی خۆی.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ گەیشتبووە ترۆپکی خۆی. کودەتایەکی خوێناوی بوو. ئەو راستیانەی کە پاشان رووداوەکەی "سوسورلوك" ئاشکرای کرد چیبوون؟ گشت ئەو تاوانانە لە رەفتاری چەتەکان بوو، پێویستە وەها سەیریان نەکەین گوایە گروپێکی بەرتەسکن. گشتیان تاوانبارن و کاری گوشتنیان ئەنجام داوە، بۆ نمونە "وەلی کوچوك" ژەنەڕاڵی ژەندرمە دەستی لە کوشتنی کارسازەکانی کورد لە "قۆجە ئیلی" هەیە، کە خۆی لێپرسراوی ئەوێ بوو و یەکێك لە پیاوەکانی "JİTEM"ە. "چاتلی"یش وەك ئێوە دەزانن لە لاوە نوخبەکانە، ئەویش بکوژێکی دڕندەیە. لەڕاستیدا نمونەی ئەوانە زۆرن کە خواستبێتیان لەپێناو رفاندنی پارە و پوول هەر کەسێك بکوژن.

دەرئەنجام: بە تێپەڕبوونی ساڵی 1994 کودەتاکە سەرکەوتنێکی رەهای بەدەست هێنا. "دۆغان گورەش" بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکات: "ئیدی بەخاڵی لوتکە گەیشتین و سەرکەوتن مسۆگەرە". کێن ئەوانەی بەخاڵی لوتکە گەیشتن؟ هەندێك لەپیاوانی JİTEM کە خۆیان لەنێو ریزەکانی ژەندرمە رێکخستبوو، بەشی هەرە زۆر لەهێزەکانی ئاسایش لە نموونەی وەك: مەحەمەد ئاغار و ئۆنال ئەرقان، گورەش خۆشی لە وان بوو، هەروەها بازرگانانی شەڕ و ئەو سیاسەتمەدارانەی دەستیان بەسەر سەرچاوەکانی سەروەت و ساماندا گرتووە، بەرپرسە دیارەکانی گوند پارێزەکان لە کوردستان، ئەوانەی هەموو کەسێك دەیانناسێ و بەڕاستیش کودەتایەکی فاشیستانە بوو کە بیرۆکراسیەت پشتیوانی بوو.

میهری بەللی: بێگومان کاردانەوەی خۆی لەسەر پەرلەمانیش هەبوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: زۆر سەرنج راکێشە، چیللەر سەری بەرەی سڤیلە، نازانم ئێوە بینیتان سەرنج راکێشە، دوێنێ گورەش وێنەیەکی دروستکرد، لایەکی چیللەر بوو لایەکەی تر ئەتاتورك بوو، بەسەر سەری خۆیەوە کردبوو،

زۆر سەرنج ڕاکێشە، کودەتای فاشی ئەوەندە سەرنج ڕاکێش و بەدەنگە، بۆ نمونە کودەتا....

میهری بەللی: بێگومان ئەربەکانیش لەناودایە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بەڵێ ئەوانیش بەشداری زنجیرە بوون، لەدوایدا بەشداربوون بەڕێگەپێدانی گورەش، دیقەت بکەن ئەوانە لەدژی دەرنەکەوتن، بەڵام بەناکۆکی بەشداری بوون، ئێستا ئەوەشتان بۆ شی بکەمەوە، لەناو سوپادا جارێکی تر تەرازووی هێزەکان ڕۆڵی هەیە، ئەگەر من باسی ئەو کودەتا سەرگرتووەتان بۆ بکەم بەڕاستی رای گشتی و رۆشنبیران سەرسام ببن.

میهری بەللی: کودەتایەکی فاشیستانەیە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: کودەتایەکی تەواو فاشیستانە بوو، هەروەها لە رووی بەرنامەی دارێژاو و کاتی دیاریکراوی و ناوەڕۆك و ئامانجەکان و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی زۆر سەرسوورهێنەر بوو، بەمەش خۆی لەخۆیدا کودەتایەکی فاشیستانە و سەرسوڕهێنەر بوو.

بۆ زیاتر راڤەکردن پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەم: هەموو رۆژێك سیاسەتمەداران لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەکەوتن و بەدرێژ دادرییەوە قسەیان دەکرد: "چەتەکان هێز لە دەوڵەت وەردەگرن" بەبێ ئەوەی یەکێکیان توانستی پێویست بخاتە روو بۆئەوەی ئەو رووداوەی رووبەڕووی دەبنەوە شرۆڤەی بکەن. هەندێکیان دەیانووت:"ئەمە حوشترە و ئەمەش مووەکەیەتی" و هەندێکی تریشان دەیانگوت:"ئەمە حوشتر و پشتی خوارە"؛ بەم جۆرە هەوڵیاندەدا دیاردە و رەوشەکە باس بکەن. هەڵبەتە ئەوە کودەتایەکی بەپیلان بوو، بەشێوەیەکی باش ئامادەکرابوو و کودەتایەکی فاشیستی بوو کە زۆر بە دژواری بەڕێوەبرا. نامەوێ بکەومە نێو دووبارەکردنەوە، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ ئاماژەش بێت، بەپێویستی دەبینم ئەوە بەبیر بهێنمەوە کە سەرۆك کۆمار، ژمارەیەك لە ژەنەراڵ، پیاوانی ئاسایش پاکتاوکران و هەندێك سیاسەتمەدار کوژراون.

لەم نێوەندەدا مەحەمەد سنجاریش لەساڵی 1993دا کوژراوە، دوو پەرلەمانتاری کوردیش، لەیلا زانا و خەتیب دیجلە، خرانە زیندان. زیندانکردنی ئەمانە هاوکاتە لەگەڵ هەمان هەڵکەوت. بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە پیاوانی دەوڵەمەند کوژراون. بەهەزاران تاوانی بکەری نادیار ئەنجام دراون و هەروەها بەهەزاران گوندی کوردیش لەمیانەی ئەو قۆناخەدا بەتاڵ کراون و رووخێنراون.

شانبەشانی ئەمەش ئەمریکا کەوتۆتە نێو ئەم کارەوە بەو رادەیەی کە سیخوڕی خۆی بکاتە سەرۆك وەزیران. ئەوە مسۆگەر کراوە کە سەرۆك

وەزیران سیخوڕێکی ئەمریکایە و پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ CIA هەیە. ئەوە زۆر سەیرە، لە رابردوودا ئەمە بەو جۆرە نەبوو. کاریگەری ئەمریکا لە 27ی ئایار ناڕاستەوخۆ بوو، لە 12ی ئادار و 12ی ئەیلول تا ئەو رادەیە نەبوو، بەڵام ئەمجارە سەرۆك وەزیران (تانسۆ چیللەر) سیخوڕی CIAیە. ئەمریکا تا ئەو رادەیە کەوتۆتە نێو کاروبارەکانەوە.

رەنگە لێرەدا بپرسن کە دەخوازرێت لە رێگای ئەم کودەتایەوەوە چ بەدەست بهێنرێت؟ لە رێگای ئەم کودەتایەوە دەخوازرێت وەکو رژێمی فاشیستی فرانکۆی ئیسپانیا، لە تورکیادا رژێمکی دێوەزمە، لە ساڵانی 2010 تاوەکو 2020سەقامگیر بکەن. پێویستە ئەمە بچووك نەکرێتەوە و پێویستە سەیری ئەم رووداوە نەکرێت وەکو رووداوێکی هەنووکەیی کە کودەتای تێدا هاتە ئاراوە. ئەمە چۆن روویدا؟ ئەگەر بەکورتی باس لەم خاڵەش بکەم، ئەوا بەتەواوەتی ئەم تابلۆیە تەواو دەکەین.

من رووبەڕووی ئەم کودەتایە بوومەوە و ئەم شەڕە دژوارەم بەڕێوەبردووە. بەڵام کاتێك لەگەڵ ئۆزالدا، دەرفەتی دیالۆگی سنووردار رەخسا و دەرفەتێکی زۆرباشی چارەسەری سیاسی هاتەکایەوە شتێکی گەلێك گرنگ و بایەخداربوو. بەڵام دواتر ئەوەم بینی کە چۆن هەوڵدەدرێ ئەم هەنگاوە مایەپوچ بکرێت و، هەر تەنیا بەمە نەوەستان، بەڵکو موخاتەبەکەش پاکتاو دەکەن. پێویستە سەرنج بدەینە ئەم خاڵە. ئەوکات بڵاوکراوەیەکم بەناوی "لە موخاتبێك دەگەڕێم" نووسی. چونکە موخاتبەکەم لەنێوبرابوو. ئایا دەزانن بۆچی جەنەراڵ بەدلیس کوژرا؟ چۆنکە ئەو دژی پاکتاوکردنی لادێ و لادێییەکان بوو. هۆی کوشتنی بەدلیس بۆ ئەو ووتەیەی دەگەڕێتەوە کە دەیووت:"با شەڕ بکەین، بەڵام پێویست بەوە ناکات بەو ئەندازەیە گوند بۆش بکەین". بەڵام گورەش و کودەتاکارەکان دەیانووت:"هەر کەسێکی بکەوێتە ئەم کارەوە پاکتاوی دەکەین؛ گوندەکانیشیان لەسەر سەریان دەڕووخێنین". لەمیانەی کۆچبەری و راگوێزانی ئەرمەنیەکانیشدا ئەم رەوشە روویندەداوە. هەروەکو ئاگادارن، لە رێگای فشار هێنانەوە هەڵسان بە هاندانی رەوشی راکردنی و کۆچبەری.

میهری بەللی: ئەو دزی و رووتاندنەوە و دیاردانەی دەریش کەوتن لە رێگادا روویاندا. ئەو گەلەی (ئەرمەن) کە لە قیامەتی وەرزی زستانەوە رژانە سەر رێگاکان،...

عەبدوڵڵا ئۆج ئاڵان: بەڵام لە دیاردەی کورددا رووداوەکە مەرگەساتتر بوو؛ بە جۆرێك بەهەزاران گوندیان بە زۆرەملێ بەتاڵ کراوە و بەهەزاران تاوانی بکەری نادیار ئەنجامدراون. ئێستاکە سەرژمێری 3 ـ 4 هەزار دەدرێت. من

پێم وایە، لەمە زیاترە. ئەمە سەرژمێری شەڕی ناوخۆییە. لەمیانەی شەڕی رزگاریدا بەم ئەندازەیە مرۆڤ نەمردوون. من تەنیا مەبەستم گەریلا نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو بێ تاوانانەشە کە لەپشتەوە بەشێوەیەکی نائاسایی و دڕندانە کوژراون. گەلێك کارسازان هەن، نەك تەنیا گوندەکانی کوردان، بەڵکو ئەو گوند و دەوڵەمەندە تورکانەی تا رادەیەکیش بێت پەیوەندیان بەکوردەوارییەوە هەیە پاکتاو دەکرێن. ئەمە رووداوێکی تاکە کەسی نییە؛ تەنیا رووداو و تاوانێکی کوشتنی تۆپاڵ (TOPAL) نییە. بەڵکو ئەمە هەوڵدانی پاکتاوکردنی سەرتاپاگیری توێژی سەروو و توێژە ژێرەکانی نەتەوەیەکە، بەجۆرێك جوگرافیایەکەشی وێران دەکرێت و دارستانەکانیشی دەسووتێنرێت.

بەڵێ، ئۆزال ئەم جۆرە کردار و نزیکبوونانە پەسند ناکات. فەرمانداری هێزەکانی ژەندەمەرش ئەم پیلانە پەسند ناکات. سەرنج بدەن. لە دەستی ژەنەراڵ بەدلیسدا پیلانێك هەبوو، کەچی کاتێ دەکوژرێت پیلانەکەی لەگەڵ دەبێت! پاشان سیستەمی خۆی دامەزراند. لەڕاستیدا چیللەر تەواوی هێزی خۆی لێرەوە وەردەگرێت واتە لە ژەنەراڵ گورەش. هێزی ئاسایشیش هەتا بینەقاقای کەوتنە نێو ئەم کارەوە. دواتریش چوارچێوەی هێزە تایبەتەکان و پارێزەرانی گوند (جاشەکان)و دەسەڵاتی چەتەکان لەنێو پەرلەمان و بیرۆکراسیەتی دەوڵەت بەرفراوان دەبێت. ئاکام؛ بەکەوتنە نێو ساڵی 1995. لەڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنانە، کودەتایەکی فاشیانەبوو کە بەپەلە جێبەجێکران. ویستیان لە رێگای ئەمەوە تەواوی ئەم کردارانە پەردەپۆش بکەن. بە راستیش گەلێك کەسی بەمە فریودا.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: ئەمڕۆ چی روو دەدات؟ بەپێویستی دەبینین کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. ئایا دەزانن لەم قۆناخەدا ئێمە چیمان کرد؟ وەکو دەزانن سەرهەڵدانەکانی کورد لەمیانەی ساڵی 1990دا هەڵکشانێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، بەجۆرێك تەواوی کوردستان رابووە سەرپێیان. لەسەرتاپای شار و لادێکاندا رێپێوانی گشتی ئەنجامدرا. هێزەکانی گەریلاش لەئاستێکی مەزندا بەسوپابوونیان بەدیهێنا. لە ساڵانی 1991 ــ 1992دا سەرتاپای کوردستان لەنێو سەرهەڵدان و راپەڕیندا بوو، سەرهەڵدانەکان واتە جووڵانەوەی کوردی جموجۆڵ و خێراییەکی مەزنی بەدیهێنا. تورکیاش هەندێ پێشکەوتن و گۆڕانکاری بەخۆوە بینی، بزاڤی کرێکارانیش کەوتبووە نێو پەرەسەندنەوە، بەڵام تا ئەو رادەیەش بەهێز نەببوو. هەروەها چوارچێوەی تەقلیبوون بۆ نێو ریزەکانی گەریلا بەرفراوان بوو و بەگوێرەی وتەی ئەوان:"ئیدی کوردستانمان لەدەست

چوو"، کودەتا لە دژی ئەم بویەرە پێشکەوت. واتە ئەم کودەتایەی چیللەر ـ گورەش ـ ئینۆنو و دمیرێل لەدژی ئەمە هاتە ئاراوە.

وەکو دەزانن کودەتای 12ی ئادار لەدژی چەپ دەرکەوت ـ تا رادەیەکیش لەدژی هەندێ لایەنی نێو سوپادا رێبازی 9ی ئاداریش هەیە ـ بەلام لە گەوهەردا ئامانج چەپ بوو، تا رادەیەکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. هاوکات کودەتای 12ی ئەیلول بەئامانجی بنەبڕکردنی چەپەکان پێشکەوت. کەچی کودەتای چیللەر ـ گورەش یاخود با ناوی لێبنێین رێککەوتنی ئینۆنو ـ دەمیرێل و پەیوەندی بەهێزیان تەنیا لەپێناو بنەبرکردنی سەرهەلدانی نەتەوەیی کوردان بوو، بەجۆرێك دەمیرێل دەیووت:"ئەمە سەرهەلدانی 28مینە و ئەمەش سەرکوت دەکەین و لەناوی دەبەین". ئەمەش لەدژی گەریلا بوو کە ئەوکاتە زۆر بەرفراوان ببوو. هەربۆیە دەتوانین بلێین: لە راستیدا ئێمە بەهاتنی سالی 1990 کەوتینە نێو قۆناخێکی زۆر مەزن لەتێکۆشانی رزگاری نەتەوەییدا لەدژی کودەتاگەرە فاشیەکان یاخود رژێمی فاشی کە دەکرێ ناوی بنێین بلۆکی فاشی. وەکو دەزانن لە سالانی 1990 ـ 1991 ـ 1992دا کۆکوژی لیجە و نوسەیبین و بەدەیان شار و لادێی دیکەشیان کردووە. بەجۆرێك بەهەزاران بەدەستی کودەتاگەرەکان کوژران. ئەوە من نیم کە ناوی تاوانی بکەری نادیاری لەم تاوانانە ناوە. بەهەزاران مەدەنی لە ژن و مندال لەشار و لادێی کوردستانی وەك لیجە، جزیرە، شرناخ، نوسەیبین و... هتد کوژراون.

میهری بەللی: ئەم قۆناخە ببووە قۆناخی کوشتنی بێ دادگایی رۆژئاوای ولاتیش. بۆ نموونە هەموو شەوێ لە تەلەفزیۆندا تاوانی خوێناوی نیشان دەدران، پۆلیس خانوو و بینایان گەمارۆدەدا بەبیانووی ئەوەی کە لەنێو ئەمانەدا خەباتگێری DEV ـ SOL یان ئەندامی رێکخستنی چەپی تریان تێدا هەیە، ئەوکاتە نیشانچیەکان و هێزی تایبەت جێگەی خۆیان لەسەر خانوو و شوێنی ستراتیژی دەگرت لەژێر پاراستنی گروپێك لە ئەندامی MHPی فاشیست و کامێرەکانی کەنالە تەلەفزیۆنیەکان. هەموو کاتێکیش سەرۆکی ئاسایش "نەجدەت مونزور" کە دواتر بووە وەزیر ئەو بۆخۆی ئەو کێومالانەی بەرێوەدەبرد. ئەم مونزورە لە شوێنی خۆیدا بانگەوازی دەکرد کە:" ئێوە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆدراون، خۆتان رادەست بکەن". ئەم تابلۆیە هەمیشە دووبارە دەبۆوە. دواتر دەنگی فیشەك دەهات و بەم دەنگەشەوە جەلادەکان یەکسەر دەکەوتنە جموجۆلەوە و نارنجۆکیان دەخستە نێو ئەو خانووانەی کە گەمارۆدرا بوون و یەکسەر دەست درێژیان لەم خانووانە دەکرد. لە کۆتاییدا دەکەوتنە نێو ئەو خانوو یان بینایانە. ئەو

شتەی کە سەرەتا دەیانکرد، ئەوەبوو کە ئەو مرۆڤەی بەساغی بەردەستیان دەکەوت یەکسەر دەیانکوشت و پاشان لەتەك هەر لاشەیەکدا، ئەمەش ئەگەر پیاو یان ژن بێت، چەکێکیان دادەنا. دواتر یەکسەر رۆڵی کامێرەکان دەهات. لەسەر ئەم بنەمایەش هاندەرانی فاشیستەکانی ئەندامی MHP دروشمیان دەهاوێشت لە دەرەوەی ئەو خانووانە بۆ پۆلیس و کارە پاڵەوانیەکانیان. ئەم سیناریۆ و تابلۆیە هەمیشە لە تەلەفزیۆندا دووبارە دەکرایەوە. ئەمەش مسۆگەر بوو کە ئێمە رووبەرووی کودەتایەکی فاشیانە دەبینەوە لەژێر عەبای پەرلەمانەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بەڵێ.... رووداوەکانی گەڕەکی غازی عوسمان پاشا و کۆکوژی سیواس دەبنە ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە. بەم پێیەش پێویستە ئێمە لەو کۆکوژیەی کە دەرهەقی میللەت کراوە هەر لە رووداوەکانی کوشتنی وەداد ئایدن و ئەو شاعیر و هونەرمەندە میلییانەی کە بوونە ئامانجی ئەم کودەتایە، سەیر بکەین. بەداخەوە نوسەرێکی هۆشمەند دەرنەکەوت و نەیووت:"ئێمە رووبەرووی کودەتایەکی مەزن و مەترسیدار و پیلان بۆدارێژراوین، ئەمەش ناوچەکە (کوردستان) لە بنچینەوە لەنێو دەبات و دەڕووخێنێ". بەڵام لەشوێنی ئەمەش چ جێگەی گرتەوە؟ رووداوی تۆپاڵ (عومەر لوتفی تۆپاڵ) و هەندێ رووداوی تریان ئەنجامدا. رووداوی نائاسایی و ئاوارتە. ئەم شێوازی شرۆڤەکردنەش تاوەکو ئێستاش بەردەوام دەکات، ئەمەش هەڵە و چەوتیەکی زۆر گەورەیە، من هەموو رووداوێك بەمێژووی خۆیەوە باس دەکەم، بۆئەوەی مسۆگەر بکەم کە ئەم قوربانیانە بەرەنگێکی بەپیلان و بەرنامە بۆ دارێژراو بەئامانج کراون.

چونکە من شەڕی ئەو کاتەم بینی و بۆخۆشم تێیدابووم و دەتوانم ئەنجامی ئەوان بەرەنگێکی ئاشکرا باس بکەم. ئێمە لەدژی ئەمە شەڕمان کرد، بەڵام ئەوانیش شەڕی ئێمەیان کرد، ئایا دەزانن لەژێر چ دروشمێك ئەمانەیان کرد.؟ ئەمانەیان لەژێر دروشمی:"دەریا وشك بکە، بۆ ئەوەی گەریلا لەنێو ببەی" بەڕێوەبرد. لێرەدا مەبەست لە دەریا چییە؟ دەریا، گەل، لادێکان و رۆشنبیران بوون. "بەم جۆرە دەریایان وشك کرد" هەر بۆ ئەمەش هەر کەسێك لەدژی کاروباری نێو دەوڵەت رادەوەستا، هەموویان پاکتاودەکران.

میهری بەللی: کارەساتی لەمجۆرە لە ڤێتنام و یۆنانیش بەڕێوەبران.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بەڵام لێرەدا شێواز زۆر سەیرە، من لەسەرەتادا دەمەوێ ئەم شتانەتان بۆ روونبکەمەوە. ئەوان هەوڵدەدەن هەمووشتێك بشارنەوە؛ راستی رووداوەکان ئاشکرا ناکەن، چونکە تەواوی ئەوان دەستیان لە تاوانەکاندا هەیە و بەشدارن. وەکو ئێوە دەزانن، گوتیان:"حکومەتی یەکێتی نەتەوەیی ـ

حکومـەتی ئینۆنـو ـ دەمیرێـل شـەڕی سـەرتاپاگیریان لـەو قۆناخـەدا سـەپاند. بەئاواکردنی حکومەتی یەکێتی نەتەوەیی رەوشی ئاوارتەیان لەهەموو شارێکدا راگەیاند، لە ئاستێکدا کە کەسێك نەما لە دەرەوەی ئەمە بمێنێ. باش بەبیرتان دێتەوە کە چۆن لە جەنازەی کوژراوانـدا بـەو دروشمانـەی کـە گـوێی مرۆڤیـان کەڕ دەکرد، لەدژی PKK و کورد دەووتەوە. ئەنجام: دەسەڵاتدارێتیەکی فاشی لەژێر کۆنترۆڵی بیرۆکراسیدا لەهەموو روییەکەوە، دامەزرا.

لەوانەیە بپرسن ئاخۆ بۆچی بەتەواوی سەرنەکەوتن؟

یەکەم؛ ئێمە بەپێداگرییەوە بەرخۆدانیمان کرد و بەهۆی ئەم تێکۆشانەوە لەسەر پێ خۆمان راگـرت. مـن بـووم کـە ئـەم شـەڕەم بـەڕێوەبرد، لـە راسـتیدا بەرخۆدانیـەکی زۆر دژوار و سـووربوونێکی زۆر مـەزن بـوو. ژەنـەراڵ گـورەش زۆر بەباشی دەرکی بەمەکرد، مـن بۆخـۆم لـە تەلەفزیۆنـدا بینـیم کـە جارێـك قسـەی دەکـرد و سـەری خـۆی دەهەژانـد و دەیگـوت:"ئەگـەر خـەباتی ئـەو لـە رۆژهەڵاتی ناوین نەبوایە ـ باسـی مـنی دەکـرد ـ هەمووشـتێك بـەخێر تـەواو دەبوو" ئەو باش لەمە تێدەگات و من بەئاستەنگی سەرەکی دەبـینێ لـە رێگـای خۆیدا، چۆن من لە رۆژهەڵاتی ناوین بڵندبووم و پێشکەوتم.

دووەم؛ تاکە رێگای سەرکەوتنی وەکو ئەم کودەتایانـە چـییە؟ پاکتـاوکردنی سەرۆکی ئەو رێکخراوانەیە کـە لـەدژی ئـەوان شـەڕدەکەن. لەبـەر ئەمەیـە کـە گەلێك کەسیان رەوانەکرد، بەتایبەت پەروەردە کرابوون، بۆئەوەی من بکوژن. پاشـان بڕێکـی گـەورەیان لـە TNT بـەکارهێنا بۆئـەوەی بـەئامانجی خۆیـان بگەن. تاوەکو ئێستاکەش لە هەوڵداندان و کاری هەرە چڕیان لـە سـاڵی 1992 ـ 1995 ئەوەبوو کە مـن بـەئامانج بگـرن. لـە ناوەوەشـدا بەسـەدان هەڵمـەتی کێومالێیان بەڕێوەبرد بۆئەوەی گەریلا پاکتـاو بکـەن. بـەڵام بـەئامانجی خۆیـان نەگەیشتن. هەروەها بۆ پاکتاوکردنی سەرۆکیش بـەئامانج نەگەیشـتن. لەسـەر ئـەم بنەمایـە، مـن ئەمـە وەکو کودەتایـەکی شـاراوەی بـێ نـاو لەقەڵـەم دەدەم. قۆنـاخی دەسـەڵاتدارێتی دۆغـان گـورەش زیـاتر لـە 4 سـاڵ درێـژەی نەکێشـا. ئەگەر ئەمـەش بـەردەوام بوایـە، هەمووشـتێك لـەنێو سـوپادا سـەروبن دەبـوو. ئیدی بێزاری دەرکەوتە روو، حوسین ئۆغلۆ و کەسانی وەکو ئەمە بـەڕەنگێکی زۆر ئاشـکرا دەیـانگوت:"هـەقی ئێمـەیان خـوارد و قانونیـان سـەروبن کـرد". بێگومان ئەم قسانە راست بوون. دەرکەوتنی رق و کین بووە شـتێکی مسـۆگەر. لەڕاستیدا لەنێوبردنی ژەنەراڵ بـەدلیس و چالاکی لـەنێوبردن و کوشـتنی بـێ هۆکار بێزاربوونی لەنێو ریزەکانی ژەندرمە دروست کرد. ئـەو قەرەباڵخیانـەی کە ژنی (عقیـد) ئـۆزدان کـردی، سەرچاوەی خـۆی لەبێزاریـەکی زۆر قووڵـەوە دەگرێت. ئایا دەرك بە دوورکەوتنەوەی سیاسەتمەداری مەدەنی لـە حکومـەتی

یـەکێتی نەتـەوەیی کـرا؟ وەکـو دەزانرێـت رەوشـی گـورەش کاریگـەری لەسـەر تـەواوی دەوروبـەری خـۆی دانـا، دیسـان لەوێـدا تێکۆشـانی شـێلگیری ئێمـە، لەوانەش گرنگتر لەوێدا کێشـەی چـەتە کـە لـەنێو حکومەتـدا جێگـەی خۆیـان گرت و هەموو کاروباری هەستیار و داهاتی ئابووریان بەرەنگێکی نـارەوا گرتـە دەست، سەرباری تالآنی زۆرەملێ لە کوردستاندا، بێگومـان پێویسـتە بازرگـانی مادده بێ هۆشکەرەکانیش لـەبیر نەکـەن. ئـەم رەوشـە بەئاسـتێك گەیشـت کـە تەسلیمکارێکی زۆر سادە، بـوو بـە ملیـاردێر. هـەر کەسـێك چـەکی لـە دەوڵـەت گرت و رووی لە دزی کرد و پارەیان کەڵەکەکرد.

رەوشەکە بەمەوە نەوەستا، لەوە زیاتر دەستیان لە بازاری خۆشیان بەردا و قـەیرانی دەوڵـەت گەیشـتە ئاسـتی هەرەبڵنـد. تـەنیا دەتـوانین بڵندبوونـەوەی قـەیران و تەنگـژەی ئـابووری ئامـاژە پێبکـەین کـە کۆمـەڵگا گەیشـتە ئاسـتی بێزاربوونێکی هەرە بڵند. کەس نەما کە بەرگەی درێژبوونەوەی ئەم کودەتایە بگرێت. پەسندکردنی درێژبوونەوەی ئـەم کودەتایـە لەسـەر ئـەو قسـەیەی کـە تانسـۆ چـیللەر وتـی: "لەراسـتیدا مـن بەتـەواوەتی گەیشـتمە سـەرکەوتن، یـەڵمازیش رووەو لەنێوچـوون هـەنگاوی دەهاوێشـت و ئەجەویـد ئیـدی کـۆن ببوو"، ئەمانە بەتەواوی قسەی چیللەر بوون. بەڵام سەبارەت بە CHP خۆی لەخۆیدا بەرەو ساڵی 2000 دەچوو و دەیخواست لەگەڵ MHP رێـك بکـەوێ و، تاوەکو ئێستاکەش ئـەم مەیلـەی CHP بەردەوامـە و ئەمـە بـە چ واتایـەك دێـت؟ بـەو واتایـە دێـت کـە دەیخواسـت دەسـەڵاتی خـۆی تـاوەکو دوای سـاڵی 2000یـش درێـژە پێبـدات. بـەڵام هێـزی CHP بەشـی ئەمـەی نـەکرد. مـن هۆکاری ئەمەم بۆ ئێوە روون کردەوە. سوپا لەم شـتە زۆر بێزاربـوو و لـە دژی هـەموو ئـەو پێشـێلکاریانەی دەرەوەی یاسـا و هەڵوێسـتی دەرەوەی مـاف کـە لەهەموو جێگەیەك بڵاو ببۆوە راوەستا.

میهری بەللی: واتە ئایا دەکرێ بـووترێ:"دەسـت تێـوەردانی سـوپا، رێگـای لەپێش کودەتای فاشیست گرت"؟

عەبـدوڵڵا نـۆچ نـاڵان: مـن قـووڵایی ئەمـە نـازانم، تائێسـتا لێکۆڵینـەوە و لێتوێژینەوەی من سەبارەت بەم بابەتە بەردەوامە. ئەو شتەی دەبینرێ لەنێو سـوپادا گـەلێك مرۆڤـی بێـزار لەبەرامبـەر رەوشـی هەنووکـە هەیـە. ئەمانـە بریتین لە قەیرانێکی خنکێنەر لەسەر تەواوی ئابووری و، تورکیای خستە نێو قەیرانێکی کۆمەڵایـەتی و بـووە هۆکـاری دەرکـەوتنی کێشـەی جدی ئـابووری. وێرای ئەمەش ئەو فشارانەی کە ئەوروپا رۆژانە بەرێوەی دەبـرد و دەیـووت:" ئەگەر ئێوە ئەم کارە بکەن، ئەوا لە ئـەوروپا ئێـوە پەسـند ناکـەین". سـەرۆکی ئـەرکانی ئێسـتای سـوپا (ئیسـماعیل قـەرەدای) ئـەو پیـاوێکی ئەوروپایـە و

بەتایبەتیش ئەڵمانیا، سەرەڕای ئەمەش پێی دەڵێن:"ئەگەر ئێوە لەنێو ئەم ڕەوشە بمێنن، ئەوا ئێوە لە یەکێتی ئەوروپا پەسند ناکەین". ئەمە شتێکی روون و ئاشکرایە. سەرباری ئەمەش سەرمایە گەیشتە خاڵی بنبەستبوونی یەکجارەکی، بێزاربوون گەیشتە ئاستی هەرە بڵند، بازاڕی کوردستان بەتەواوی گیرا، بەتایبەت کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. تەواوی ئەمانە بەیەکەوە قەیرانێکی خنکێنەر پێکدەهێنن، کە هیچ حکومەتێك ناتوانێ بەرگەی ئەم رەوشە بگرێ. بە راستی بەرهەڵستکاری دەستی بە نارەزایی خۆی کرد و ئەو پارتیانەی کە ئاماژەمان پێکردن دەڵێن:"ئەگەر ئێمە ناخوازین تا دواڕادە لەنێوبچین، دەبێ لەبەرامبەر ئەم رەوشە بەربەرەکانی بکەین". وێڕای ئەمەش دەنگی سوپا بەرزبۆوە. چەتەگەری گەیشتە ئاستێك کە هەرەشە لە ژیانی هەموو کەسێك لەکۆمەڵگادا بکات، ئەمەش وایکرد، بەرهەڵستکار زیاتر پەرەبستێنێ. وابزانم ئەو شتانەی کە سوپا لەم خاڵەدا جێبەجێی کردووە، هاوشێوەی رەوشی تەنگی سوپا دەبێت کە رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەم شتە دەرکەوتنێکی نوێیە لە شانۆی مێژووی رۆژهەڤی سیاسی لە تورکیا؛ لەبەر ئەمەیە کە بە سەرنجەوە ئەم رەوشانە چاودێری دەکەم، لێرەشدا لایەنی سەرنج راکێش دەردەکەوێتە روو.

میهری بەللی: لەلایەنێکەوە ئەمە شتێکی ئەرێنیە....

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: شتی سەرنج راکێش ئەمەیە: تورکیا کەوتە نێو گرنگترین قەیران لە مێژووی خۆیدا. سیاسەتمەدارە مەدەنییەکانیش ئەم رەوشەیان زیاتر قووڵ کردۆتەوە، لە شوێنی ئەوەی چارەسەری بکەن، سوپاش بەڕەنگێکی قرێژ کەوتەنێو ئەمەوە. لەسەر ئەم بنەمایە سوپا کەوتە جموجۆڵەوە وەکو هەموو قۆناخە مێژووییەکانی تر. ئایا سوپا، بەتایبەت گورەش پەیوەندی بەم کودەتا فاشیانەیەوە نەبوو؟ ئەو بۆخۆی سەرۆك ئەرکان بوو و لەهەمانکاتدا ئەویش کەوتە نێو هەمان قەیرانی خنکێنەرەوە. هەربۆیە پێم وایە ئەو پێشکەوتنەی لەنێو سوپادا دروست دەبێ زۆر جیاوازە، ئەمەش نابێتە قۆناخێکی نوێی بلۆکی فاشی ــ چونکە ئەم رەوتە رەنگە قەیرانی تورکیا گرانتر بکات ــ بەڵام ئەمە پێشکەوتنێکە ئەنجامی ئەرێنی لەگەڵ خۆی دەردەخات، زیاتر لەو دوو کودەتایەی 27ی گوڵان. دیارە کە ئەمە بەشێوەیەکی باش بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، هەرچەندە خاوەنەکەی نەناسراوبێت. من وای دادەنێم کە ئەمە دەستێوەردانێکی نموونەییە، رێبازێکی جیاواز بۆخۆی دادەنێ و، تەواوی سیاسەتی خۆی ئامادەکراوە، تەواوی ئامادەکارییە پڕوپاگەندەییەکانی ئەمە ئەنجامدراوە و هەنگاوی تاکتیکی، بەڕەنگێکی کاریگەر، پراکتیزە دەکرێت. بۆ نموونە:"وەك

قەدەخەکردنی پارتی رەفا و خستنی تانسۆ چیللەر" دەبینم. من ئەم شتە وەك کودەتایەك نا بەڵکو وەك رەنگێکی پرۆگرامی سیاسی پەسنددەکەم.

میهری بەللی: بەواتایەك لە واتاکان دەبێتە رێگر لەبەردەم کودەتای فاشیانە.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: جووڵانەوەیەکی ئاستەنگ کردنی فاشیانەیە یان کەم کردنەوەی خێراییەکەی و دانانی ئەلتەرناتیف بۆی.

میهری بەللی: لەمەشدا پڕوپاگەندەی کلاسیکی ئەربەکان و هەروەها چیللەریش دەخوازن کە ئاستەنگ بن بۆ دەرکەوتنی ئیرادەی زۆرینەی بەرهەڵستکار کە لەبەرامبەر ئەم پڕوپاگەندانە دەردەکەون و، بەکارهێنانی ئەوە وەك ئیرادەی زۆرینەی بەرهەڵستکاری ئەم کودەتا سەربازیە لەبەرامبەر زۆرینەی باڵادەستی لە پەرلەماندا. ئەمە قۆناخێکە بەتەواوەتی هاوشێوەی قۆناخی مەندەرێسە، کە هەوڵیدا ئۆپۆزیسیۆن بە رێگای زۆرینەی پەرلەمان لەنێو ببات.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: بەهەمان شێوەیە.

میهری بەللی: دوای ئەوە، کۆمەڵگای تورك هەندێك گرانەوەی بەخۆوە بینی. لەهەمان خاڵیشدا لێکچوواندنێکی زۆر مەزن هەیە و لێکچوونێکی سێیەمیش لەم خاڵەدا بەدی دەکرێت کە: زۆرینەی پەرلەمان و ئەو ئیمزایەی کە کۆکرایەوە، ئەوە دیاری دەکات کە نوێنەرایەتی لە زۆرینە ناکات، پاشان بەشێك لەوان چوونە ناو ریزەکانی لایەنەکەی تر.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: لێرەدا ئەمە راستە.

میهری بەللی: بەداخەوە هەندێك نووسەر کە خۆیان بە پێشکەوتووخواز دانا، ئەوانیش لەم کەموکوڕیەدا بەشداریان کرد بەبیانوی دەست تێوەردانی سوپا و... هتد

عەبدوڵڵا نۆج نالان: بەڵێ، لە بەرامبەریان رانەوەستان.

میهری بەللی: بەبیانوی پێداویستی بە دەسەڵاتدارێتی مەدەنی با هەموو شێوەیەك دروست ببێت.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: لەلای هەندێك کەس گەیشتە ئاستێك کە لەسەر دیموکراسیەتی رەفا قسەبکەن.

میهری بەللی: ئەمە لە کاتێك کە سەرۆکەکانی رەفا تا بیناقاقا لەنێو جەماوەری فاشیست خنکابوون.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: بێ گفتوگۆ، مسۆگەرە.

میهری بەللی: لێرەدا دەمەوێ مسۆگەر بکەین کە ئێمە ناخوازین لەسەر ئایینی فلان و فلان قسەبکەین.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: نەخێر، بەپێچەوانەوە ئەوانە بەڕەنگێکی زۆر قریژ ئایین بەکار دەهێنن.

میهری بەللی: لێرەدا مەبەستم ئەوانەیە کە ئایین بەکاردەهێنن.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بەکاریان هێنا و خستیانە خزمەتی فاشیزم.

میهری بەللی: بەتەواوەتی وەکو فرانکۆیان کرد.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: راستە.

میهری بەللی: ئاخۆ نیشاندانی هەڵوێستێکی دژە میلیتاریستیانە کەموکوریەکی لەوە مەزنتر هەیە کە مرۆڤ بەشداری ریزی ئەربەکان و چیللەر بکات، بێ ئەوەی تایبەتمەندی تورکیا لەبەرچاو بگیرێت و ئەو رۆڵەی کە سوپا دەتوانێ لە قۆناخی هەستیار ئەنجامی بدات.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەمە راستە و لەگەڵ بیر و بۆچوونی تۆدام.

میهری بەللی: لێرەدا کێشەی سەرەکی، چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. ناکرێ دیموکراسی لە تورکیادا پێشبکەوێ بەبێ چارەسەرییەکی رەوایانەی ئەم کێشەیە. کێ هەیە بەم کارە هەڵبستێت؟ بەرێوەبەرایەتی مەدەنی و ئەوانەش کە لە پەرلەماندا لاف دیموکراتی لێدەدەن لە توانایاندا نییە چارەسەری بکەن و هیچ نیازێکیشیان نییە هەنگاوێك بۆ ئەم مەسەلەیە بهاوێژن و، من شتێکی لەمە جیاوازتر بەدی ناکەم. لەوانەیە یەك ـ دوو کەس هەبن، بەڵام لەنێو دەوروبەرە جەماوەریەکان و سیاسەتمەدارە مەدەنیەکان مرۆڤی بەم جۆرە نابینرێن. لەکاتێکدا ئەمە ئەگەر بخوازرێ چارەسەریش ببێت، ئەوا ئێستا لە رێگای دەست تێوەردانی سەربازیەوە بەئەنجام دەگات. چونکە لەنێو سوپادا مرۆڤی وەها هەن کە چواردە ساڵە لەنێو ئەم شەڕەدان و بەشێوەیەکی باش دەزانن کە ئەم کێشەیە چۆن وەرچەرخاوە و بۆتە قەیرانێکی خنکێنەر. هەست دەکەم لەنێو ئەواندا جموجۆڵێك هەیە. ئەگەر ئەم کێشەیە لەسەر بنەمای ئیرادەی هەردوو گەل و لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و یەکێتی و ئازادانە، لە چوارچێوەی نیشتمانێکی هاوبەش و بەیەکەوە ژیانێکی ئازادانە بەچارەسەری بگات، ئەوا لەپێش تورکیادا گەلێك ئاسۆی نوێ دەکاتەوە. ئێمە وەکو سۆسیالیست و نەتەوەیی نەگۆڕ لێرەدا مسۆگەر پشتگیری هێزە ئاشتیخوازەکان دەکەین و داوا لەکەسانی تریش دەکەین کە هەمان هەڵوێست نیشان بدەن. لەئێمە دەخوازرێت کە هەڵوێستی نەرم نیشان بدەین، بەرەنگێك رێگری لەبەردەم داوای ئاشتی دەرنەکەوێت، لێرەدا هەڵوێستی ساختەی دژە میلیتاریزم پێویست ناکات.

ئێستا ئەم بابەتەم لەتەلەفۆنەوە بۆ هاورێیەکەم باسکرد: "لەمێژووی کۆماری تورکیادا، لە کۆتاییەکانی 1960دا، چەپ پێشکەوت ـ واتە ئەو

جووڵانەوەیەی کە چەپی مارکسی ڕێبەرایەتی بۆ کرد ـــ کە ئەمەش جووڵانەوەی لاوانی شۆڕشگێڕبوون، پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینی و لەو قۆناخەشدا لایەنی بەرامبەر کەوتە نێو پاشکەوتنەوە". لەو قۆناخەدا ڕاستەوخۆ دژایەتی سوپامان نەدەکرد و یەکێك لە دروشمەکانیشمان ئەوە بوو:"سەرباز و لاوان دەست لەناو دەست لەنێو بەرەی نەتەوەییدا". هەندێك کەس ئەم دروشمەیان چەواشەکرد و کردیانە: "سوپا و لاوان دەست لەنێو دەست". من لە دروشمەکەدا "سەربازم" بەکار هێنابوو، کەچی گۆڕیبوویان بۆ "سوپا". ئەوکات ناڕەزاییمان نیشان نەدا، ئەمەمان ڕەتنەکردەوە و لە ئاکامیشدا ڕووبەڕووی هێرشەکانی سوپا نەبووینەوە. هەروەها لەنێو ڕیزەکانی سوپادا گەلێك کەس هەبوون کە لایەنگری جووڵانەوەی لاوان بوون. هەربۆیە ئامانجی یەکەمی کودەتاکەی 12ی ئادار پاککردنەوەی ڕیزەکانی سوپا بوو. لە تەلەفۆندا باسم لەوەکرد کە:"ئێستا لەبەرامبەر پێشکەوتنی وەهایین کە ئەو قۆناخەمان بەبیر دەهێنێتەوە". بەڵام ئەمجارە لەشوێنی ووتنی دروشمی: "سوپا و لاوان دەست بەدەست لەبەرەی نەتەوەییدا"، پێویست دەکات ئەم دروشمە بەرز بکەینەوە:"گەریلا و سەرباز دەست بەدەست لە وڵاتێکی هاوبەشدا" یاخود " وڵاتێکی ئازاددا".

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بێگومان قۆناخ بەشێوەیەکی خێرا و گەرم و گوڕەوە لە پێشکەوتن دایە و زەحمەتە هەندێ ڕووداو و دیاردە ڕوونبکەینەوە. ئێمە ئەم هەڵسەنگاندن و شیکردنەوانە لە ڕێگای بەدەستەوەگرتنی هەندێ سەرەداوەوە دەکەین و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ڕاستینەی ئەمانەش ئاشکرا دەبن.

میهری بەللی: ڕێگایەکی دیکەی بەرژەوەندی نییە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: نەخێر، نامەوێ لێرەدا بەرنامەی ئاییندەتان بۆ شرۆڤە بکەم. بەڵام ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ڕووداو و پێشکەوتنەکان بەهادارتر و گرنگتر دەبینم. ئەمە زۆر مسۆگەرە کە؛ تورکیا لە مێژووی خۆیدا لەنێو گەورەترین قەیراندا دەژی، پێویستە قۆناخی عوسمانیش لەسەر ئەمە زێدە بکرێت، هیچ قۆناخێك بەم ئەندازەیە باری قورس نەبووە. بێ دەنگ مانەوەی سوپا، لەبەر ئەم هۆکارە ناکرێ بیری لێ بکرێتەوە. چونکە لەمێژووی تورکیادا سوپا لەتەواوی قۆناخە هەستیارەکاندا هێزی سەرەکی و هێزی دەست تێوەردانی سەرەکی بووە.

ئێستا دەڵێن:"بۆچی مەدەنیەکان لە چارەسەریدا پشتگوێ دەخەن؟" ئەو مەدەنیانەی کە کێشەکانی تورکیا چارەسەر دەکەن کوان؟ ئەوانە خاوەنی هیچ مێژوویەك نین و شتێکیش بەدی ناکرێت کە ناوی لێبنرێت جووڵانەوەی مەدەنی. ئەوە ئاشکرایە کە پارتە مەدەنیەکان تا چ ڕادەیەك لە دەوروبەری

سوپا خول دەخۆنەوە. هەروەها دەستەی فاشی مەدەنی بۆ پێکهێنانی فەرمانەکانی سەرۆك ئەرکان لە رەوشی ئامادەدایە.

ئەگەر بێگومان پێشکەوتن دەربکەوێت، بێهودەیە لە دەرەوەی ئەو پێشکەوتنانەی ناو سوپا بیری لێ بکەینەوە و، بۆئەوەی بڕیاریش بەپێچەوانەی ئەو خاڵە و لەبەرامبەر راستیە مێژوویەکان رانەوەستێت. ئەو بیرکردنەوەیە و چاوگرتن لەڕۆڵی سوپا لەوساتە چارەنووس سازانەدا، بیرکردنەوەیەکی خەیاڵییە و هیچ پەیوەندیەکی بەڕاستیەوە نییە، ووتنی"لە رۆژئاوا چارەسەری مەدەنی چۆن پێك دێت"؟ ئەو چارەسەییانە کامانەن کە لەئێستا و مێژووی ئەم گەلەدا پێکهاتوون و دڵنیاییان هێناوە...؟ لەبوارێکدا ئەمانە واتای تێنەگەیشتنە لە تورکیا و راستی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و قۆناخ و تەرازوی هێزەکانی ململانێی سیاسی لە تورکیادا.... لەدوایدا ئەوەی دەیبینم کە من لایەنێکی ئەم شەڕە توندوتیژەم ئەوەیە کە: تورکیا بەقۆناخێکی زۆر گرنگ و هەستیاری مێژووی خۆیدا دەربازدەبێت و، ئەوەش بووبە بەڵگەنەویست کە لە رێگەی ئەو سیاسەتە کلاسیکیەوە ئەنجام ناگیرێت کە دەڵێت: لەناوی ببە و تەواوی بکە..! سوپا باشترین هێزە کە لەم راستیە تێگەیشت، لەپلەی دووهەمیشدا مەدەنیەکان دێن. بەڵام بەداخێکی گەورەوە لەم پرسەدا رۆشنبیرەکان و پارتە چەپەکان لە دوای ناوەندە سەرمایەداریەکان دێن. واتە دوای TUSIAD و لایەنە راستڕەوەکان، ئەمە راستیەکی تاڵە، ووتنی TUSIAD کە دەڵێت با بەڕوونی هەڵسوکەوت بکەین و راپۆرت لەسەر راپۆرت ئامادە دەکات، ئەمە لە گرانی ئەم تەنگژەیەوە دێت و، دەرکی بەو راستیە کرد کە ناتوانێت ژیان بکات ئەگەر پرسی کورد چارەسەر نەکات. بۆچی سوپا بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات...؟ چونکە هەستیارترین دەزگایە لە تورکیادا. بەتێڕوانینی من ئەفسەرە پایە بەرزەکان هەستیارترین توێژن بەرامبەر پرسەکانی تورکیا؛ وەکو دەزانن هەر لەلانکەدا ئامادە دەکرێن و، خاوەنی رادیکالترین هەڵوێستن، ئەگەر سوپا لەم مەسەلە تێنەگات، کێ لێی تێی بگات...؟ هەتا دوێنی دەیووت: دوای ئەوەی لەناوم برد چارەسەری دەهێنم، بەڵام دوای شەڕێکی دژواری چواردە ساڵی، ئەوە دەرکەوت کە ئەوەندە ئاسان نییە ئەو کارە پێك بهێنن. شتێك ئەناسن کە لەوە بچێت..؟ وەکو شەڕی فەرەنسایە لە جەزائیر و شەڕی پورتوغال لە ئەنگولا و مۆزەمبیق.

میهری بەللی: شۆڕشی قەرەنفەل.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: شۆڕشی قەرەنفەل شۆڕشی ئەفسەرە پایە بەرزەکانە، ئەفسەری سۆسیالیستی کافالهو سەرکێشی کرد.

میهری بەللی: بۆچی لە تورکیاش روونادات...؟ ئەزانن کە کەسایەتی سۆسیالیستی کافالهو سەرکێشی کرد کە لەگەڵ هەندێکی تریش لە کۆلۆنیەکاندا شەڕیان کرد و، هەموویان بەناو ئەو ئاگرەدا تێپەڕبوون.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: لیبید جەنەڕاڵێکی روسیە لە ئەفغانستان بەشداری شەڕی کرد، روسیا بیخواستایە دەیتوانی چیچان لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە، لیبید ئەوەی بەتەنیا چارەسەری نەبینی و، کاری کرد بۆئەوەی چارەسەری پێکبێت. هەڵسەنگاندنێکم کردبوو تیایدا روونم کردبۆوە بۆچی پێشکەوتنێکی بەو جۆرە لەتورکیادا دەرناکەوێت.. تەنگژەی لای ئێمە زۆر قووڵە، بەتایبەت لەبواری پەیوەندی تورکیا و کوردستان.. هۆکاری شیکردنەوەم بۆ پەیوەندی کورد و تورك لەسەردەمی پێشوودا بەشێوەیەکی فراوان و قووڵ، بۆ ئەوەبوو کە رێگا بکەمەوە بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیەی کە ئێستا لە تورکیا دایە، کەس ناتوانێت دابڕاو لە کوردەکان چارەسەری بۆ پرسەکان و شیکردنەوە بۆ مێژووی تورکیا پێش بخات، هەروەها زۆر ئاستەمە بەنکۆڵیّ کردن و پەسەند نەکردنی کوردان چارەسەری بهێنێ، ئەمە تایبەتمەندیەکی گرنگە و پێویستە لەبیری نەکەین، ئەمڕۆ تەنگژە بێ سنوور قووڵ بۆتەوە و دەڵێن: "ئێمە هەر چوار لامان گیراوە و بەئاگر گەمارۆ دراوین"، ئەمەریکا بە بەردەوامی گرانی لەسەر دروست دەکات و فەرمانی پێدەدات کە کوردان لەناو ببە و بەمەش بەشێوەیەکی رەها تورکیا بەخۆیەوە گرێدەدات. تۆ بیربکەرەوە لەو کۆکوژییەی تانسۆ چیللەر پێی هەستا، هۆکارەکانی دەزانیت..؟ ئەوانە بۆ پێویستیەکانی سیاسەتی ئەمریکا بوو کە پاڵی بە تورکیاوە نا هێرشێکی هەمیشەیی بکاتە سەر کوردان و لە رێگەی بەکرێگیراوی خۆیەوە تورکیای بەخۆیەوە گرێدا. من زۆر خەمبارم لەبەر تێنەگەیشتن لەم راستیە بەشێوەیەکی فراوان و قووڵ. ئەڵێن بەکرێگیراوی CIAیە ئەزانن لەسەر دەستی ئەو چیان ئەنجامدا، بەکرێگیراوی CIA یان والێکرد هێرشێکی دژوار بکاتە سەر رۆشنبیران و سیواس و زەحمەتکێشان و خەڵکی عەلەوی و گەلی کورد بەیەکەوە. چی دەستکەوت، دەزانن...؟ تورکیا بەتەواوی نەبووە پاشکۆی ئەمریکا، بە پەیمانێك بەئیسرائیلی گرێ نەدا..؟ ئەمانە هەمووی ئەنجامی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتیە.

میهری بەللی: با هەندێك باس لە ئۆپۆزیسیۆنی مەدەنی بکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: شتێکی نەگونجاوە کە سوپا بەو پێشکەوتنە کاریگەر نەبێت، لە گریانی دایکانی شەهیدان بڕوانن، سوپا ناچارە بەوانە کاریگەر ببێت، سەرمایەداران قیامەتیان هەستاند و راپۆرت لەسەر راپۆرت دەردەکەن

ناکرێت ئەوانیش کاریگەریان لەسەر نەبێت. زەحمەتکێشان لەناو قەرزدا خنکاون و خەریکە لەبرسان دەمرن.

میهری بەللی: نان هەر دەچێت بچووك دەبێتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بەرێژەیەکی سەرنج راکێش. بەرەنگێك فەرمانبەری چینی بۆرژوازی بچووك و ناوەراست پێویستیان بەنانێکە، بەرێژەیەك کە لەمێژووی تورکیادا بێ نموونەیە، وانییە؟

میهری بەللی: بێگومان

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بێگومان لەبیرتانە "رێپێوانی مەنجەڵ و نان" لەمێژووی تورکیادا بۆجاری یەکەمە فەرمانبەر دەکەوێتە رەوشێکی بەو رەنگە، جوتیاری سادە دەبێت چی لێهاتبێ"! رەوشەکە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە هاربوونێکی کۆمەڵایەتی، ناخوازم بە بەفراوانی لەسەر ئەم پرسە بوەستم چونکە ئێوە باش دەزانن"تەنگژەکە دەرگا دەکاتەوە لەسەر کاردانەوە و نەفرەتێکی قووڵ". سوپا وەکو هەموو قۆناخەکانی تری مێژوو ئەم رەوشەی لە هەرکەس باشتر و فراوانتر بینی. لەپلەی دووەمیشدا کەسایەتیە سیاسیەکان دێن، لەکاتێکدا زەحمەتکێشان بەشەری رزگارکردن خەریکن، لەو تەنگژە قووڵەی کە لەئەنجامی ئەو شەرە نەزۆکە داسەپێنراوەی سەرکوردان دەرکەوتووە کە هیچ ئەنجامێکی تیادا بەدەست ناخرێت. سەرۆکایەتیەکانیان لە ئەنجامی ئەو سەرسامیەی کە لە رەوشەکەیان گرت زۆر خەریك بوون. لەوانەیە بپرسن: رەوشی ئێستای تورکیا چییە؟ رەوشێکی نەزۆکە، لەناو گێژاوی ئەو تەنگژەیەدا خول دەخواتەوە، بە رەنگێك کە مرۆڤ سەری سووردەمێنێ، ئەمەش بەرهەمی شەرێکە توانای سەرکەوتن تیایدا نییە. لەنێوان ریزەکانی سوپا و کەسایەتیە سیاسی و هێزە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکاندا توێژێك دەرکەوت و ووتی: بەسە... مەسەلە بەم رەنگە چارەسەر نابێت، بەڵام هەتا ئێستاش هوشیاریان زۆر تەواونەبووە و، نەیانتوانیوە بەرنامەیەکی روون دابرێژن، تەنها چاودێری ئێمە دەکەن و دەخوازن لێمان تێبگەن.

(*) ئەم چاوپێکەوتنە لەسەرەتای تەمموزی 1997دا پێک هاتووە، لەپێش ئەوەدا بەماوەیەکی کورت، هەندێک کەس لەناو سوپادا دەڵێن ئێمە نوێنەرایەتی توێژێکی کاریگەر دەکەین و، کەوتوونەتە رەوشێک کە لەگەڵ سەرۆکی PKKدا دیالۆگ پێش بخەن، بۆئەوەی لە مەسەلەی کورد دا بگەنە

چارەسەرییەکی سیاسی و ئەم شەڕە قریژە تەواو ببێت، وتوویانە ئێمە ئەخوازین دیالۆگێک ئەنجام بدەین، لەچاوپێکەوتنی سەرەتادا هەوایەکی باش دروست بوو، بەڵام هەتا ئێستاش ئەو کارە تەواو نەبووە،قسەکانی سەرۆکی گشتی PKK کە لێرەدا بەکاری دەهێنێ پێویستە وەک بەیاننامەیەک بۆ نەرم کردنی رەوشەکە هەڵبسەنگێندرێت.

میهری بەللی: ئەوانەی کە پێویستە بەرنامەیەکی بەو شێوەیە دابڕێژن لەپلەی یەکەمدا ئەو ئۆپۆزیسیۆنە کۆمەڵایەتیەیە کە هێزێکی مەزنە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمەویت لەسەر ئەوان قسەبکەم، بەڵام لەسەرەتادا رێم بدە مەسەلە تەواو بکەم.

میهری بەللی: تۆ دەست پێ بکە، ئەگەر پێویست بوو بەشداری دەکەم.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەم پرسە لەژێر ناونیشانێکی تر چارەسەر دەکەین، ئەوەی بۆمن گرنگە ئەو قۆناخی لەناوبردنەیە کە دەخوازم شیبکەمەوە، ئەم قۆناخە زۆر بەڕوونی دەڵێت: "بەم شێوازە ئەو پرسە چارەسەر ناکرێت" بەڵام چۆن چارەسەر بکرێت، دوو شێوازی چارەسەری هەن، یەکەمیان؛ لەپێشدا بۆم شیکردبوونەوە کە ئەویش هەڵسانی دەستەی فاشیە بەکودەتایەك وەك دەزانرێت لەگەڵ ئەوەی ئەم دەستەیە پشتگیری کودەتای 12ی ئەیلولی بەدەست هێنابوو، هەنگاوی بەرفراوانی هاویشتبوو و، هەستابوو بەپاکتاو کردنێکی فراوان کە سەرۆك ئۆزالیشی گرتبۆوە، بەڵام ئەمان ئەم تەنگژەیان گەورەتر کرد، لە ئەنجامی دڵتەزێنی ئەندامێتی گورەش بڕوانن لە پەرلەماندا، بەتەنها مایەوە و لەگۆشەگیریدا دەژی لەچیللەر بڕوانن کە DYPی هێنایە لێواری کەوتن، ئەمە ئیفلاسێکە بەهەموو ماناکانی ئەم وشەیە. کەواتە چارەسەری چۆن پێکدێت..؟ من تەنها بەو پێشکەوتنانەی گرێ نادەم کە لەناو سوپادا دەردەکەوێت، لەپێش هەرشتێك بەرخۆدانی بەشەرەفی ئێمە هەیە، کە تەنها بەرخۆدانێکی نەتەوەیی کوردان نییە، بەهەمان رێژە بەرخۆدانێکی دیموکراسی بەشەرەفە بۆ گەلی تورك، لە پرسێکی جیاوازدا لەسەر مەسەلەی کاریگەری چەپ لەسەر ئێمە گفتوگۆ دەکەین. ژمارەیەکی زۆر لە لاوان هاتنە ناو ریزەکانمان لەژێر ناوی گەلی تورکدا. بەو واتایە رزگاری نیشتمانی کوردی لەهەمانکاتدا رزگاری تورکییە. بەتەواوی هەروەك چۆن لەبیستەکاندا زۆرینەی سەرۆکایەتی تورکی بوو کوردەکان هێزێکی یەدەك بوون و، لەپلەی دووەمدا دەهاتن ـ ئەمەش شتێکی جوان بوو جێگای شانازی و سەر بڵندی بوو ــ لە ئەمڕۆشدا سەرۆکایەتی گوێزراوەتەوە بۆ کوردەکان بەشداری هێزە دیموکراسیەکانی تورکیا لە ریزەکانیدا بەشێوەیەکی یەدەك بوو. لەسەرەتادا ئاماژەم پێکرد"دەکرێت سەربازەکانیش بەشداری تێدا بکەن...؟" کاتێك لە

ڕەوشی پراکتیکی ئەڕوانم، ئەبینم کە کاریگەری ئێمە لەسەر ریزەکانی سوپای تورکیا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا لە خەونی گەڕان بەدوای موخاتەبێك لەنێوان سوپادا ناگەڕێم، بەڵام دەنگی بەباوەڕ دێتە گوێمان، پێش چەند ساڵێك بانگەوازییەکم کردبوو کە ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە بوو:"پێویستی ناچار دەکات کە هەندێك ئەفسەری پایە بڵندی نیشتمانی لەنێو ریزەکانی سوپای تورکیادا دەرکەون" هەروەك چۆن لە وڵاتانی تریش روویدا. ئەمڕۆ کاتێك ئەڕوانم ئەبینم کە پێشکەوتنێکی بەو شێوەیە روو دەدات، من خەیاڵی نیم، لەهەمانکاتدا دەمارگیریش نیم کە چاوی خۆم لە ڕاستیەکان بگرم، من ناتوانم ببم بە ناسیۆنالیستێکی تەنگ. ئەمانە هەمووی پێشکەوتنی پۆزەتیفن. گومانی من ئەمەیە کە حکومەتی نوێ حکومەتێکی ڕاگوزارە بێ هەرچەندە لە دەوروبەری سەنتەری هێزەکان دەخولێتەوە. لەسەر بناخەی ئەوانە ئەتوانین بڵێین: لە ئێستا بەدواوە ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی پێشکەوتن زۆر بەدەست دەهێنێ، ئەمەش لە پرسێکی تردا چارەسەر دەکەین. نەیانتوانی کوردان و PKK لەناو ببەن، بوونە چاوگی پێشکەوتنی گرنگ. لەم چوارچێوەیەدا شەڕی دوایی باشوور خاوەن گرنگیەکی مەزنە. شەڕی تایبەت خواستی لەوێ بگاتە ئەنجام، بەڵام ئێمە زەبرێکی توونـدمان لێ وەشاند. لە ڕاستیدا خواستیان بە هاوکاری ئەمریکا مەسەلەکە لە باشوور تەواو بکەن و بگەنە ئەنجام، بەڵام ئێمە ڕێگەمان پێ نەدا، گەریلا سەرکەوتوو بوو، بەو شێوەیەش تەنگژەکە قووڵبۆوە و لەگەڵ هاتنی بلۆکی فاشیەکان کە تورکیا خواستی لەیەك پێکداداندا بگاتە ئەنجام، ئەو تەنگژەیە قووڵتر بۆوە. لەگەڵ سەرنەکەوتنی ئەو دەستەیەش قۆناخێکی نوێ لەسەر بناخەی چارەسەری سیاسی دیموکراسی دەستی پێنەکردووە؛ بەڵام هەندێ دەنگی بەهێز دێتە لامان، کە بێجگە لەوانە پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراوە و ئێستاش بەگۆڕانکاری ڕۆژانەی خێرا دەستیپێکردووە کە من ناوی "وەرچەرخانی مەزن"ی لێدەکەم. پێویستە لەسەر هەریەك لەئێمە باش تێبگات و گوێ بگرێ، کە بەقۆناخێکی وەرچەرخانی مەزندا دەرباز دەبین، وەك دەبینین ئەوە وەرچەرخانی قۆناخێکی مێژوویی دوور و درێژە، وەرچەرخانێك کە سیمای تایبەتی خۆی هەیە، لە رابردوودا وەرچەرخان تەنیا لەناو دەوڵەتدا پێکدەهات و ناوی: شۆڕشی سەرخان، شۆڕشی چەواشەی لێدەنرا. ئەمانە زیاتر لە چوارچێوەی دەوڵەت و سوپادا پێکدەهات، ئێمەش بناخەی گەلێریمان بۆ زێدە کرد. PKK و گەریلاکانی بەمانای بناخەی گەلێری دیموکراسی دێن بۆ وەرچەرخان، هەروەها بەمانای بناخەی دیموکراسی بۆ گەلی تورك و نیشتمانی بۆ گەلی کورد دێت. بەو ڕەنگەش بناخەی دیموکراسی و

سۆسیالیستیە. زۆرن ئەوانەی کە لەناو سوپا و دەوڵەتی تورکیادا باوەڕییان هەیە کە ئەم وەرچەرخانە پێداویستیەکی گرنگە، دەنگی بەهێز دەردەکەون کە دەتوانین دەنگی ناوەندی سەرمایەشی بۆ زێدە بکەین، زەحمەتکێشان پێداویستی گرنگ بۆ ئاشتی و رزگاربوون لەو رەوشە باش دەبینن، بێگومان ئەمانە هەمووی ئەو مانایە نادات کە دەستە فاشیەکان پاکتاو کران و ئیتر تەواو بوون، بەڵکو پارتی رەفا بەباوەڕیەکی بڵند دەخوازێت وەك هێزێك لەناو دەستە فاشیەکاندا کاری خۆی بکات بەرێژەیەك کە خەریکە دەبێتە هۆکاری نانەوەی شەڕێکی نوێ. لەکاتێکدا دەستەی چیللەر DYP تائێستاش نەیدۆڕاندووە.

تائێستاش هەناسە بڕکێیانە و خۆڕاگری دەکەن. بەلام MHP لەوانەیە هەندێك پێشکەوتنی ناوخۆیی بەخۆیەوە ببینێ، لەوانەیە سەرلەنوێ کار بکەن بۆ بڵندکردنەوەی بزووتنەوەی فاشیزم، بێگومان بزووتنەوەی فاشیزمی مەدەنی. لەناو هێزەکانی ئاسایشدا هەندێك سەر دەبینرێن کە تائێستاش هەموویان پاکتاو نەکراون. بەلام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا رووداوەکان بەخێرایی لەبەرژەوەندی وەرچەرخانی نیشتمانی و دیموکراسی دایە. وای دەبینم کە لەقۆناخی نوێدا دەستە فاشیەکان لەهەموو قۆناخەکانی تر زیاتر لاواز دەبن، ئەمەش نەخەیاڵە و نەهیوایەکی درۆزنانەیە. لەهەمانکاتدا ئەو قۆناخەیە کەتیایدا ئۆپۆزیسیۆنی گەلێری و شۆڕشگێڕی دیموکراسی و سۆسیالیستی تیایدا دەستەی چالاکانەی خۆیان بونیادبنێن. قۆناخێکە کە تورکیا لەسەر ئاستی سوپا و دەوڵەت خۆی تیادا پێك بهێنێت.

میهری بەللی: واتە بەو شێوەیە کارەکە بسپێرێتە سوپا.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: نەخێر، نەخێر لەهەمان کات کە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەلایەتی خۆی بسەلمێنێ، لەم مەسەلەیەدا بێگومان پارتی کرێکارانی کوردستان بەرپرسیارێتیەکی بڵند دەگرێتە سەرملی خۆی و، بەهیوایە بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر بەرۆڵی خۆی هەستێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەتوانم بڵێم کە من قۆناخێك ژیان دەکەم هیواو باوەڕی زۆر دەدات.

ئەگەر دەخوازیت با هەڵسەنگاندنی لەمە بەدواوە تەرخان بکەین بۆ گفتوگۆ کردنی ئەو شێوازەی کە تیایدا ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەلایەتی پێش دەکەوێت، هەروەها ئەو شێوازەی کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوپادا دەیگرێتەخۆ. بێگومان ئەگەر رەوشەکە ئامادە بێت و، هەروەها شێوازی پێشکەوتنی هەردوو موخاتەبی کوردی و تورکی، ئەمانە لەژێر ناونیشانێکی جیاوازدا، بۆئەوەش ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێ ئەخوازم هەندێك لەسەر رابردووی چەپی تورك قسەبکەم، لەئێوە دەخوازم کە هەڵسەنگاندنێکی کورت

بۆ مێژووی چەپی تورك بكەن. دوای ئەوە هەڵدەستم بەگفتوگۆ كردنی ئەو شێوازەی كە تیایدا كاری گەلێری و پرۆگرامەكەی لەقۆناخی نوێدا پێش دەكەوێت. هەروەها ئەو تاكتیك و هاوپەیمانە فراوانانەی كە پێویستە لە چوارچێوەیدا جوڵە بكەین، ئێستاش گوێتان لێ دەگرم بۆئەوەی لەم لایەنەوە گفتوگۆكە تەواو بكەین و تیشك بخەینە سەر پرسە گرنگەكانی رۆژگاری ئەمرۆمان.

میهری بەللی: گفتوگۆ و دیالۆگ.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لەگەڵ دەست پێكردنی دیالۆگ زۆر ئەنجام دەردەكەون و زۆر شتیش روون دەبنەوە. ئەوكاتە دەتوانین هەنگاوی زۆر بەرفراوانتر بهاوێژین. بەهیوام كە پێشكەوتنەكان لەم رێگایەدابن لە كاتێكدا كە تواناكان لەهەموو كاتێك زیاتر لەبەردەست دان.

توركیا كەوتۆتە قۆناخێكی پێچەوانەی ئەو قۆناخەی كە تائێستا تیایدا ژیانی دەكرد، بۆ یەكەمین جارە توانا دەرەخسێت بۆ پێكهێنانی وەرچەرخان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی و كۆمەلایەتی، چونكە ئاسایی بوو كە سوپا هەڵسێت بە ووتنی وشەی فەرمی یەكەم و كۆتایی، بەبێ ئەوەی گەل خاوەنی دەرفەت بێت بۆئەوەی بەناوی خۆی سیاسەت بكات و ئەنجام بگرێت.

لێرەدا بەكورتیش بێت پێویستە هەڵسەنگاندنێك بۆ مێژووی بزووتنەوەی گەلێری كورد و تورك بكەین، پێویستە ئاماژە بۆئەوە بكەم كە من لەكاتی گفتوگۆ كردن لەسەر پەیوەندی تورك ـ كورد ئەو مەسەلەیەم كورت كردبۆوە. یەكەمین ئۆپۆزیسیۆنی كۆمەلایەتی گەورە لەمێژووی توركیادا وەك دەزانرێت لەگەڵ هاتنی توركەكان بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست دەركەوت، لەگەڵ وەرچەرخانی توێژی سەرووی عەشیرەتە توركەكان بۆ میللەت و، گۆڕانیان بۆ هێزێكی دەسەلاتدار لەژێر ناوی دەسەلاتی سوڵتان و، زیادبوونی هەژاری توێژەكانی ژێرەوە و گۆڕانیان بۆ جووتیاری هەژار و دەستپێكردنیان بەخەباتێكی چینایەتی توندوتیژ لەژێر ناوی توركمان و، پاشەكشە كردنیان بۆ چیاكان بەتایبەت چیای تۆڕۆس لە ئەنادۆڵ و ناوچەی دەریای رەش و چیای كەناری ئیجە. جیاوازبوون لەقۆناخی سەلجووقی و عوسمانیدا، بەشێوازێكی بەرچاو سەقامگیربوو، ئالۆزیەكی كۆمەلایەتی گەورە سەریهەڵدا. بۆ سەرهەڵدانی ئەو قۆناخە ئەتوانین سەرهەڵدانی بابا ئیسحاق بەنمونە بهێنینەوە كە بزووتنەوەیەكی گەلێری كوردی و توركمان بوو بەیەكەوە، هەروەها كەمە نەتەوەكانیشی تێدابوو، بەراستی سەرهەڵدان بوو، لەناوچەكانی سوروج، حەلەب دەستی پێكرد و بلاوبۆوە هەتا گەیشتە ئورفا بەرفراوانیش بوو هەتا تۆقات و ئەماسیا دوای زۆری و هەوڵدانێك توانیان

لەناوی ببەن، هەروەها سەرهەڵدانی شێخ بەدرەدین کە لە دەستپێکی کەڵەکەبوونی دەسەڵات لەدەستی عوسمانییەکان دەرکەوت، کە گوزارەی لە کاردانەوەی گەلی هەژار و کەمەنەتەوەکان دەکرد و، بەهۆی ئەو پشتگیرییەی لە توێژی کۆمەڵایەتی ژێر و ناوەڕاست بەدەستی هێنا توانی ببێتە سەرهەڵدانێکی گەلێری مەزن، زۆر دەیخواست یەکسانی پێك بهێنێت....

میهری بەللی: لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ کەمە نەتەوەکان بەتەواوی کراوە بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: راستە کەمینەی مەسیحیش تیایدا بەشداری کرد، هەروەها سەرهەڵدانی بەناوبانگی جەلالییەکان هەیە لەمێژووی عوسمانیدا. هەموو ئەم سەرهەڵدانانە لەبەرامبەر سروشتی ناوەندێتی ئیمپراتۆریەت دەرکەوتن، شانبەشانی ئەو تەنگژە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە بوون کە لەو کاتەدا دەرکەوتن، هەموو ئەنادۆڵی گرتەوە. لە راستیدا سەرهەڵدانی جووتیارەکانە، هەروەها بزووتنەوەی کۆرئۆغڵو هەیە و زۆر بزووتنەوەی تریش هەنە کە لەسەر زمانی شاعیران و رۆشنبیران باسکراوە. لەگەڵ ژمارەیەك لەو ئیمارەتانەی کە خۆ بەدەستەوەدانیان پەسندنەکرد، وەك کوڕەکانی قارمان و کوڕەکانی رەمەزان، کە لەسەر دەستی کوڕەکانی قەرەجە کرایە شیعر و پەند، هەتا سەدەی نۆزدە ئەم رەوشە بەردەوام بوو.

بەڵام بۆ هەڵوێستی کوردەکان، ئەوانیش بەشدارییان لەو سەرهەڵدانانەدا کرد کە لەناوچەکانی نزیکی ئەوان دەستی پێکرد. ئەوەی گرنگە بۆ کوردان ئەوەیەکە خۆیان بەدوور گرت لە توانەوە و پیس بوون، بەهای کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆیان زیندوو هێشتەوە و بەڵکو زیاتر پێشیان خست. بە پێچەوانەی سەردەمی کۆماری؛ کوردەکان هیچ پاشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیان بەخۆیانەوە نەبینی، بەڵکو قۆناخێکی پێشخستنی بەهاکانیان ژیان کرد، بەتایبەتی لەسەر ئاستی زمان و کولتوور. بۆ نمونە، لەسەدەی شازدەهەمین کوردەکان ئاستێکی کولتووری پێشکەوتوویان پێکهێنا بەپلەیەك بوو کەوای کرد ئەحمەدی خانی داستانی مەم و زین بەزمانی کوردی بنوسێت. بەو رەنگە راستی کوردی زیندوو و چالاك بوو. لە راستیدا کوردەکان خاوەنی ئۆتۆنۆمیەك بوون، کە هەتا سەدەی نۆزدەهەمین بەردەوام بوو. وەك ئاماژەم پێکرد سەرهەڵدانەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەبەرامبەر سەربازی زۆرەملێ و گرتنی باجی زۆرە، بەڕێوبەرایەتیە ناوخۆییەکان دووچاری ترسی لەناوچوون و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی بۆ بەرژەوەندی موچەخۆرانی سوڵتان هەبوو، هەتا رۆژی ئەمڕۆمان ئەم سەرهەڵدانانە بەردەوامە وەك شێوازێکی شەڕ بۆ پاراستنی ئۆتۆنۆمیە کۆنەکە، بەڵام وەك دەزانرێ ناتوانێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی خۆی رابگرێت. لە سەرەتای

کۆماردا کە لەسەر بناخەی یەکێتی کورد ـ تورك بوو، هیچ سەرهەڵدانێك دەرنەکەوت. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو پێشکەوتنەی کە: یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە و دەسەڵاتی یەك پارتی کە بەدەسەڵاتی تاك گوزارەی لێدەکرێت، کاردانەوەکان گەشەیان دەکرد، کە لەسالانی 1925 ـ 1940 بوون بە سەرهەڵدانی فراوان. ئامانجی سەرەکیشیان رەتکردنەوەی راستی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کۆمار نەبوو، بەڵکو لەبەرامبەر هەڵوێستی نکۆڵی کردن بوو، هەرچەندە سەرۆکایەتیەکەی کلاسیك بوو لە شێخ و پێشرەوی عەشایەری فیۆداڵی پێکهاتبوو، لە راستیدا خاوەن مۆرکێکی نەتەوەیی و دادوەرانە بوو. هۆکاری زۆر هەبوون بۆ سەرنەکەوتنی ئەم سەرهەڵدانانە گرنگترینیان، رێکخستنی پتەوی بەرێوبەرە بۆژوازییەکان کە هێزی سیاسی و سەربازی خۆیان مەزن کردبوو، لەسەر ئەم بناخەیەش رێکخستنی عەشایەری کوردی نەیتوانی لەبەرامبەر بۆرژوازیەت خۆی رابگرێت، لەبەر ئەوەش سەرنەکەوتنی هیچ پەیوەندیەکی بەدادوەرییەوە نییە. هەرچەندە سەرۆکایەتیەکەی رۆڵی گێرابێ لە سەرنەکەوتنیدا. ئەم سەرۆکایەتیانە دەیانخواست بەو بونیادە کۆمەڵایەتیە کۆنە سەرکەوتن بەدەست بخەن. پێویست بوو ئەم کارە بەهەنگاوێکی دیموکراسیانە پێك بێنن بۆئەوەی رێگە لەبەردەم کەوتن بگرن. بەو رەنگەش نەیتوانی ببێتە هەنگاوێکی نیشتمانی دیموکراسی راستەقینە، بێگومان بەسەرهەڵدانێك کە ئامانجی عەشایەری هەبێت سەرکەوتن بەدەست نایەت.

میهری بەللی: جیاواز لە قۆناخی بڵاوبوونەوەی شۆرشگێری جیهانی.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: زۆر ئاساییە، ئەو قۆناخە سەرەتا و پێشکەوتنی بەرچاوی بزووتنەوە نیشتمانی و کۆمەڵایەتیەکانە، ئەمەش لەسەرهەڵدانە کوردیەکاندا کە خۆیان دەخواردەوە نەمان بینی، بەپێچەوانەی کەمالیستەکان کە کرانەوە لەسەر روسیای بەلشەفی، تەرازووی هێزەکان بەرەنگێکی بەرچاو لاسەنگ بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی هێزی خۆیان گەورە کرد و جێگیر بوون، ئیتر ژێرکەوتن مسۆگەر بوو بۆ سەرهەڵدانە کوردیەکان، قۆناخی دوای ئەویش هەروەك دەزانین، قۆناخی بێدەنگیەکی تاریکە لەمێژووی تورکیادا، کە لەگەڵیدا تیرۆرێکی سپی لەئاستێکی فراواندا لەسەر هەردوو گەلی کورد و تورك بەیەکەوە بەرێوە برا.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی تورکیش بەدەستێکی پۆڵاین لێی دراو بەتووندوتیژی تێك شکێنرا، وەك دەزانرێ لەسەرەتای بیستەکاندا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەرێی پیلانگێری جیاوازەوە پاکتاو کرا، بەتایبەت پارتی کۆمۆنیست و بزوتنەوە گەلێریەکانی تر. لەبەر

ئـەوەی رژێـم داخـراو بـوو بـۆ هـەموو شـێوازەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی بـۆرژوازی، ئەمەش رێگای پێشکەوتنی لەتورکیا داخست، هەرچەندە چەند هەوڵدانێکیش هـەبێ، بـەڵام هـەموویان بەدەسـتێکی پـۆڵایین لێـدران و تێـك شـکێنران بـەبێ ئەوەی پێشکەوتنێکی بەرچاو پێکبهێنن. راستە فیرقەی بڵنـدبوونی نەتـەوەیی کۆمار و فیرقەی ئازاد پاڵێوراو بوون کە پێشـکەوتنێك لـەبواری ئۆپۆزیسـیۆندا پێکبهێـنن، بـەڵام دیکاتۆریـەت بـەهیچ شـێوازێك رێگـەی پێنـەدان. لێـرەدا ئەزموونی DP هەیە. بەڵام وەکو دیاریمان کرد، زۆر پێویست پێشـکەوتووخواز نەبوو، بەهۆی سروشتی چینایەتی، لەگەڵ ئەوەی کە پشتگیری گـەلی بەدەسـت هێنابوو لەبەرامبـەر دیکتاتۆریـەتی تاکـە پـارتی، بەشـێوەیەکی رێـژەیش بێـت سروشتی ئۆپۆزیسیۆنێکی گەلێری بەدەست خستبوو، واتە هـیچ پەیوەندیـەکی سەرۆکایەتیەکەی بە دیموکراسیەت و پێشکەوتنخوازیەوە نەبوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوانەشـدا خـاوەنی مانایـەك بـوو وەکـو بڵێـی ئۆپۆزیسـیۆنێکی گـەلێری بـوو لەبەرامبەر دەستەی دەسەڵاتدار، لەکاتێکدا هۆکاری ئەوانە تەنها پشت بەسـتن بوو بەگەل، هەرچـەندە لـەبواری ئامانجەکانیـدا خـاوەنی ئـەو مانایانـە نـەبوو، کودەتـــای 27ی ئایـــار وەك دەزانرێـــت کودەتایـــەکی ســـەربازییە و، هـــیچ پەیوەندیـەکی بـە ئۆپۆزیسـیۆنی گەلێریـەوە نییـە، بـەڵام کـەش و هەوایـەکی خولقاند بۆ پێشکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی جەماوەری.

گـرنگترین ئۆپۆزیسـیۆنی گـەلێری لەمێـژووی تورکیـادا ئـەوە بـوو کـە لـە سالانی حەفتاکاندا دەرکەوت، کە تیایدا جەماوەر و چینی کرێکار و جووتیار و لاوە شۆڕشـــگێڕەکان جێگـــەی خۆیـــان تیایـــدا گرتبـــوو و، ســـەرەتایەکی زۆر بەهێزیان نیشاندا، لە راستیدا ئەم ئۆپۆزیسیۆنە "گـرنگترین ئۆپۆزیسـیۆنە لـە مێژووی کۆماردا و جێگەی ستایشە"ئەوەی جێگەی باسـە لەگـەڵ لـەدایکبوونی چالاکی رێکخستنی و ئایـدیۆلۆژی لەگـەڵ خۆیـدا پـێش خسـت، لـەم قۆناخـەدا کوردەکان بەشداریان کرد هەرچـەندە بەشـێوەیەکی لاوازیـش بێـت، بەتـەواوی قۆناخێکی نوێ بوو، ئاسەوارەکانی هەتا رۆژگاری ئەمڕۆمان دیارە، نـەیانتوانی لەناوی ببەن هەرچەندە دوو سێ کودەتای سـەربازیان ئەنجامـدا، کـە بـەهێڵکی گشتی شیمان کردەوە و ئەمەش بەسە. بەڵام سەبارەت بە رۆژگاری ئـەمڕۆمان، ئـەو پرسـیارەی دێتـە پێشـمان ئەمەیـە! ئـەو ئۆپۆزیسـیۆنە گەلێریـەی ئـەو پاشماوە مێژووییانەی هەیە، ئەمڕۆ دەتوانێت بواری سەرکەوتن بڕەخسێنێ بۆ ئەو ئۆپۆزیسیۆنە گەلێریە شۆڕشگێڕیە ـ نیشتمانیە ـ دیموکراسییە...؟ پـێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئاماژە بە ئەگەری پێشـکەوتنی چـەپێکی سۆسیالیستی بکـەین کـە ببێتـە مێژوویـەك بـۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایـەتی لـە تورکیـادا، سـەرەتا پێویسـتە بزووتنـەوەی گـەلێری کـە بەشـێوەیەکی بابـەتی

گەشەی کردووە ببینین، بەرێژەیەك کە ناتوانین پێوانەی بکەین لەگەڵ هیچ کاتێکی تر لە مێژووی تورکیا و، ئەمەش بناخەیەکی پتەو و بەپیتە بۆ لەدایکبوونی گەشەکردنێکی مەزن، وەك دەزانرێت ئەگەر رەوشی بابەتی گەشە نەکات دەرکەوتنە شۆڕشگێڕیەکان پاکتاو دەبن، ئەوەی شایانی باسە کە رەوش لە تورکیادا بەتەواوی پێگەیشتووە بۆ دەرکەوتنێکی بەو رەنگە، تەنگژەیەکی خنکێنەر هەیە، کە ناتوانن رایبکەن، لە ئابوورییەوە دەست پێدەکات تا سیاسەت، تەنانەت دەربازی ریزەکانی سوپاش بووە، یەك دەزگاش نەماوە پێی کاریگەر نەبوبێ، تەنانەت یەك توێژ و یەك خێزانیش نەماوە کە هەڵنەوەشێتەوە و رێگەی خۆی ون نەکات و رۆژانە ئەناڵێنن، هەموو توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکان هەر لە ناوەندە سەرمایەداریەکان بۆ چینە زەحمەتکێشەکان لەژێر باری ئەو تەنگژە خنکێنەرە دان. لەکاتێکدا کوردستان لەناو شەڕێکی زۆر توندا بۆسالانێکە ژیان دەکات، کە بەگشتی ناوی "شەڕی سی ساڵ"ەی لێ دەکەین، واتە ئەو شەڕەی لەساڵی 1965 هەتا ئەمڕۆ دەستی پێکردووە، 15 ساڵی ئەم شەڕە لە تورکیادا مایەوە و 15 ساڵەکەی تریش لە کوردستاندا بەڕێوەچوو، من باسی رەوشی ئێستای ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی دیموکراسی ناکەم، بەڵکو باسی بزووتنەوەیەك دەکەم کە بۆ ماوەی 30 ساڵە دابڕانی بەخۆیەوە نەدیوە و بەقارەمانانە بەرخۆدانی کردووە، پشتی کودەتای 12ی ئادار لێی درا، بەڵام بەتەواوی پاکتاو نەکرا، دوای ئەو کودەتای 12ی ئەیلول هات و ویستی کۆتاییەك بۆ ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دابنێ، بەڵام ئەویش لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوو کە بگاتە ئامانجی کۆتایی خۆی، هەرچەندە زەبرێکی گەورەی پێگەیاند و هەندێك سەرکەوتنی رێژەیی بەرچاوی بەدەست هێنا، لەم کاتانەدا ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی دیموکراتی لەکوردستان سەریهەڵدا و دەروازەیەکی فراوانی کردەوە، بەتایبەت بەپرەنسیپەکانی گەریلا کە نابەزێت، بەمەش بەهێزترین و گەورەترین سەرهەڵدان لەمێژووی دەسەڵاتدارانی تورکیادا دەرکەوت، هەروەك چۆن بن نەکەوت، ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستێك کە تورکیا ناچار بکات وەرچەرخانێکی شۆڕشگێڕی گەورە پێکبهێنێت و، دەخوازێت تورکیا لەو تەنگژە خنکێنەرە دەربهێنێت کە ئێستا تیایدایە، ئەویش لە رێگەی شۆڕشێکی نیشتمانی دیموکراسی و، بۆ یەکەمین جار لەمێژووی پەیوەندی تورك ـ کورد دا بوار دەرەخسێت بۆ پێك هێنانی ئازادی و یەکسانی و، کەوتۆتە قۆناخێکی نوێ و هیواو باوەڕی لە رۆحدا پێش دەخات و پاڵێوراوە بۆئەوەی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بخات. پێویستە ئەمە ببینرێت.

دەســەڵاتدارانی تورکیــا چــیان هــەبو ووتیــان: بــە فاشــیزم و هــەموو شــێوازەکانی، بــەکودەتا، بــە پیلانگێــڕی، چەوســاندنەوە و زۆرداری چــیان لەدەســت هــات کردیــان، بــەڵام ئێســتا ئــەیانبینین، کــە هــەموو چــەکەکانیان بەکارهێنا و دواییـان پـارتی رەفا بـوو مـۆرکێکی ئـاینی هـەبوو، بـەبڕوای مـن ئەویش رۆڵی تەواوبوو و، لە رێگەی ئەو ناکرێت سـەربکەون، ئەمـە لەکاتێکـدا کـە بـۆ ئێمـە هەرچـەندە زۆری و زەحمـەتیش هـەبێت، بـەهێزترین چـەکی خۆمان هەتا ئێستاش دەپارێزین. هیوای گەلەکەمان لە بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی، لە رێگەی سەربەخۆی نیشتمان بێت یـان سـەرلەنوێ بیناکردنـەوەی پەیوەندیەکانی، ئەمەش بۆتە داوایەك و کەس ناتوانێت لەپێشیدا بوەستێت و ئەمڕۆ دەبێتە داوایەکی فەرمی، یان دەبێتـە پرۆگـرام، هێـزە کۆمەڵایەتیـەکان دەستیان بە بەرخۆدانی کرد، هەرچەندە بەشێوەیەکی بڵاویش بێـت، ئەمـەش لــەناو ریزەکــانی ســوپا و هــەموو توێــژە کۆمەڵایەتیــەکان رەنگــی دایــەوە، هەموویان یەك داوایان هەیـە؛ دیموکراسیەت. بـەو شـێوەیە ئێمـە ئـەو ئاسـتە بەدەست خراوەمان لەئەنجامی ئەو رەوشە پێگەیشتوو و، لەسەر بناخەی داوای گەلانی ئێمە بۆ ئازادی و یەکسانی ئەو خەباتە مەزنەمان هەڵسەنگاند، بۆچی لەســەردەمی رابــوردوودا بزووتنــەوەی چــەپ پێشــکەوتنێکی بــەو رەنگــەی بەدەســت نــەهێنا...؟ چاوپێخشــاندنەوەی ئــەم مەســەلەیە و دیــتنی هەڵــە و کەموکورتیــەکان ــ ئەگــەر هــەبێت ــ و دەربــازکردن و دارشــتنەوەی لایەنــە راســتەکان و پێکهێنــانی بەڕێوەبەرایەتیــەکی کوردیناســیۆن و پێداویســتییە پراکتیکەکان بەشێوەیەکی بە پەلە، کارێکی حاشاهەڵنەگرە بـۆ ئێمـە و، وامـان لێ دەکات کە زوو هـەنگاو بـەرەو سـەرکەوتنی کۆتـایی بهاوێـژین. ئـەم راسـتیە خرۆشـانێك لـە رۆحمانـدا دروسـت دەکـات و رێبازێکـە نـاتوانین خۆمـانی لـێ لابدەین، ئەمەش راستی و هۆکارە بۆ ژیانمان.

دوای ئـەم پێشـەکییە کورتـە، ئەگـەر دەخـوازن ئێـوە بفـەرمون، وێنەیـەکی کورتمــان پێشــکەش بکــەن لــە رابــردووی بزووتنــەوەی سۆسیالیســتی و ئۆپۆزیسیۆنی گەلێری، بەتایبەت کە ئێوە لەقۆناخی نزیکی رابردوودا ژیاون و رێبەرایەتیتان بۆ پێشکەوتنەکان کرد، گوێگرتن بـۆ ئێـوە تیشـك خسـتنە سـەر زۆر راستیە کە لەوانەیە لەلای ئێمە نادیاربێت.

میهری بەللی: هەڵوێستی نزیك بوون لە ئۆپۆزیسیۆن لەسەردەمی کۆماردا و، هەروەها لـە هـەردوو ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و چـەپی مارکسـی و، هەڵوێسـتی چەوساندنەوە لە بەرامبەر سەرهەڵدانە کوردییەکان هەموو ئەمانە هەڵوێستی سروشتی دیکتاتۆریەتی تاکە پارتیە، دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیەت، پێوانـەی ئـەو توندوتیژیەی پێکهات زۆر بـوو، ئەمـەش تایبەتـە بـەتورکیا. سەرچاوەکەی لـە

رابوردوی مێژوویی تورکیاوە دێت.... دوای ئەمانە پێویستە بپرسین: هەڵەکانمان چین و لە کوێدان...؟ ئەمەش پرسیارێکە پێویستە لەسەری رابوەستین و وەڵامی بدەینەوە، چونکە هەڵوێستی: "ئێمە بەبەردەوامی توشی ستەم هاتین و بێ تاوان بووین" هەڵوێستێکی هەڵە و نەزۆکە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڕای ئێوە بۆچی بزووتنەوەی مستەفا سوبحی لەماوەیەکی کورتدا کۆتایی هات...؟ کێ لەمە بەرپرسیارە...؟

میهری بەللی: لەسەرەتادا پێویستە ئەم راستیە بزانین: مارکسیزم، یان سۆسیالیزمی زانستی کە بزووتنەوەی کۆمۆنیزم نوێنەرایەتی دەکرد، بناخەیەکی چینایەتی لەناوچەی ئەنادۆڵدا نەبوو، ئەو توێژەی پێی دەوترێت چینی کرێکار تەنها لەو ناوچەدا هەبوون کە لەژێر دەسەڵاتی رژێم دابوون وەك ئیزمیر. ئەستەمبوڵ و ژمارەیان دەیان هەزار بوو. لەگەڵ راکردنی تواناکانی ژیان لە وڵاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوودا کە چینی کرێکاری نەبوو، دەستکردنی بەبەرخۆدان لەسەرچاوەی پێداویستییە مێژووییەکان و لەژێر رێبەرایەتی بیرۆکراسیەکان، لە رەوشێکی بەم رەنگەدا و بوونی ژمارەیەکی کەم لە کەسایەتیە کراوەکان بۆ هزری هاوچەرخ کە زۆربەیان رۆشنبیر بوون، بزووتنەوەکەی وەها نیشاندا کە تەنها بزووتنەوەی ئەوانە، لەسەرەتادا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بناخەیەکی نیشتمانی نەبوو، ئەمە یەکەمین، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا نەدەکرا خۆیان لەپێکهێنانی هەندێك هەڵە بپارێزن. ئەوەی دەزانرێت پەیمانێکی بەرچاو هەیە لەنێوان شۆڕشی روسیا و شەڕی رزگاری، هەندێك رۆشنبیری بەتوانا هەبوون کە راستەوخۆ لەگەڵ لینین کاریان دەکرد، لەپێش هەموویان مستەفا سوبحی و هەڤاڵانی، کە هەستان بە چەکدارکردنی دیلەکان و ناردیانن بۆ ئەنادۆڵ.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: زۆرتر لەژێر ناوی لیوای بەلشەفیك دابوو.

میهری بەللی: بەڵکو لەوەش زیاتر... بەڵام با لەوە زیاتر زێدەڕۆیی نەکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ووتت گەورە کردن...؟

میهری بەللی: با گەورەی نەکەین، با قەرەبەکر لەیاد نەکەین کە هەتا ئەو کاتەش بەسوپای سوردا هەڵیدەدا و، لە نووسراوەکانیدا بەتاکە هیوای دادەنێت. یەکەم؛ دەڵێت ئەوەی بکەوێتە ناو دەریا دەتوانێت مار بگرێت. دووەم؛ هەڵسانی ئەدهەم چەرکەس بەپێکهێنانی لیوایەکی بەلشەڤی بەکارێکی بێ بایەخ دەبینێ. چونکە ئەدهەم یەکێك لە کەسایەتیە دیارەکانی چەرکەسە و، دژایەتی هەیە لەگەڵ سوپای عوسمانی و مستەفا کەمال، باوکی مێردی بەهیچەبۆران (نوزاد هەفکویە)، کە یەکێکە لە پیاوەکانی ئەدهەم، کاتێك لە

یۆنان بوون هەندێك شتی نامۆم لێ بیست، ووتی: لە ساڵانی ئامادەییدا من لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەی لاواندا بووم و، سۆسیالیزم پرسی سەرەکی من بوو،"من باش ئەو وتوێژانە دەزانم کە رویدەدا لەنێوان باوکم و ئەدهەم کاتێك لەماڵی ئێمە کۆدەبوونەوە، هەموو گفتوگۆکان ئامادە بووم، بەڵام من رۆژێکیش نەم بیست وشەی "سۆسیالیزم" تیایدا دەرباز ببێت، پەنابەری بۆ یۆنان بەمانای چییە..؟ وەك دەزانرێت یۆنان دەوڵەتێکی بۆرژوازییە، سیاسەتێك پەیڕەو دەکات کە لە دەوروبەری ئینگلتەرا دەخولێتەوە، دوایی ئەدهەم چووە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم دەینالاند، گرێدانێك لەنێوان ئەو دوو رەوشەدا هەیە، بەڵکو بەهیچ شێوەیەك نەیەتە زهنی ئێمەوە، ئەگەر تۆ پیاوێکی کە لیوایەکی بەلشەفیت دروست کردووە، با ئێمە بەلشەفیەتی تۆ ببینین. ئەمە مەبەستی من بوو بەووتنی: با مەسەلەکە گەورە نەکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: واتە ئەو پارتی کۆمۆنیستەی کە مستەفا کەمال رێگەی دابوو....

میهری بەللی: شتێکی بەو رەنگە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: شتێکی بەو رەنگە و لەوانەیە زاناتر لە ئەوەی تریان.

میهری بەللی: نەخێر، لەشاری ئەسکی شەهیر رۆژنامەیەکیان دەردەکرد ناوی "جیهانی نوێ" بوو، کە زمان حاڵی ئەدهەم چەرکەس بو و، سەرپەرشتیارەکەی عارف ئوروج بوو کە لە دواییدا لەکاتی فیرقەی ئازاددا بووە سەرپەرشتیاری رۆژنامەی "سبەی" کە نوێنەرایەتی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی باڵی راستی دەکرد و دژی CHP بوو، من بەپێویستی نازانم ئەو رێکخستنانەی لەو سەردەمانەدا وەکو کارگ هەڵتۆقین و لەو راستیە کۆمەڵایەتیەدا لە قەوارەی خۆی زیاتری پێ بدەم، بەتایبەت کە هیچ کام لەوانە نەگەیشتنە ئەنجامی پێویست، ئەنجامی پێویستی لێ نەکەوتەوە. بەڵام بۆچی...؟ راستە جەماوەر لە رەوشێکی هەڵچوندا بوو، بەڵام بونیادی چینایەتی ئامادە نەبوو، هەربۆ ئەوەش ئەم هەڵچونە زوو دەبێت و زوو دەکوژێتەوە. دەتوانین مەسەلەی مستەفا سوبحی بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: ئەو نەیدەزانی کە پاشا عوسمانیەکان چەند کۆسپیان لە رێگایدا ناوەتەوە، ئەو وای باوەڕ دەکرد کە دڵسۆز بن بۆ ئەو پەیمانەی بەستویانە، دێت و وەك بڵێی تەسلیمیان دەبێت، ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بەوشیاری شۆڕشگێڕییەوە نییە. وتەیەکی بەناوبانگی کۆرئۆغلۆ هەیە کە دەڵێت:"تەنها بە با دەرکەوتن لە مەسەلەکان تێ دەگەم".

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەستیارم بەرامبەر ئەو باڵندەیەی کە دەفڕێت.

میهری بەللی: پێویستە پێش ئەوەی فێڵ و تەڵەکەبازی دەربکەوێت هەستی پێ بکەیت، شۆڕشگێڕ بەو رەنگەیە، بۆ نمونە ئەگەر ئێوە بەو مەترسیانەتان نەزانیایە، کێ دەزانێ چیتان بەسەر دەهات. وتەیەکی بەناوبانگی لینین هەیە دەڵێت: لەکاتی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسەکاندا بۆ ئەوەی بیانخەینە خزمەتی سۆسیالیزم، هەڵەیە کە لەسەر بناخەی پرسیار کردن لەلایەنە کەمەکانیان نزیك ببینەوە، بەڵکو راستترە بپرسی ئەم پیاوە دەتوانێت چی تازە بهێنێت، ئەگینا ئاسانە دوای بەسەر چوونی کات بڵێیت: واهـ... پێویست بوو بەو رەنگە کارنەکەم، بەڵکو پێویست بوو بەو شێوازە هەڵسوکەوت بکەم، ئەگینا ئەو پیاوانە! مستەفا سوبحی، شەفیق حوسنی، نازم حیکمەت، حیکمەت قفلجملی و رەشاد فوئاد و ئەوانی تربوون کە هزری هاوچەرخیان هێنایە تورکیا، ئەوانە پیاوی باش بوون و مستەفا سوبحی بەهێزترینیانە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەوان زیاتر لەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن پێشڕەوی هزری شۆڕشگێڕین.

میهری بەللی: بێگومان، کاتی زۆریان تەرخان کرد بۆ کارکردن لەنێو ریزەکانی کرێکاران و کاریگەریەکی گەورەیان لەبواری هونەر و نوسیندا بەجێهێشت. لەناو ریزەکانیاندا کەسایەتی وەکو نازم حیکمەت و ئەحمەد عارف دەرکەوتن، کە بۆرژوازیەت نەیتوانی کەسایەتی بەو رەنگە بخولقێنێ.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: زۆر کاریگەری و باشەیان هەیە لەسەر پێکهێنانی تێگەیشتنی هونەری بۆ کۆمار.

میهری بەللی: جیا لەوانە، پارتی کۆمۆنیستی تورکیا ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بوو، خاوەنی رێزێکی مەزن بوو، وەك دەزانن ئەو پارتیانەی نەبوونە ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالیزم، لە دەرەوەی ریزەکانی بزووتنەوەی مارکسی دەمان.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: پارتی کۆمۆنیستی تورکیا.

میهری بەللی: پارتی کۆمۆنیستی تورکیا لە بیستەکان و سەرەتای سیەکان، جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شەفیق حوسنی ئەندامی "ئەو بیست و یەك ئەندامە بوو" کە لیژنەی جێبەجێ کردنی ئەنتەرناسیۆنالیزمی یەکەمیان پێکدەهێنا، لەکاتی ئەندامێتیدا زۆر گفتوگۆ لەنێوان ستالین و شەفیق حوسنیدا پێکهاتبوو، کە زۆر گرنگ بوون، هەندێك شت لەم چوارچێوەیەدا دەوترێت کە دەڵێت: "ئەنتەرناسیۆنالیزم هەڵخەڵەتا، راستی رووی کەمالیزمی نەناسی" بۆئەوەش هاوپەیمانی و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ کەمالیزمدا درێژە پێدا و، خۆی دوورگرت لە ـ لەبەر ئەم هۆیە ـ هاوکاری سەرهەڵدانە

کوردیەکان، ئەمانە ووتنی درۆیە، راستی بەم شێوەیەیە: بەپێچەوانەی ئەم بانگەشانە یەکێتی سۆڤیەت لەو کاتانەدا دەوروبەری گیرابوو و، لەدابڕانێك دابوو ــ کە چەرچەل خولڤاند بووی ــ لەسەرەوە فنلەندا هەبوو کە دوای کوشتنی 50 هەزار کەس رژێمێکی زۆردار دەسەڵاتی بەڕێوە دەبرد، هەمان شت بۆ پۆڵەندا کە بیلسوتسکی دەسەڵاتی بەڕێوە دەبرد دوای کۆمەڵکوژیەکەی منارهایم. کە کۆمۆنیستەکانی بەئامانج گرت، لە کاتێکدا. ئەمیرال هۆرتی کە یەکێك لە پیاوانی نازیزم بوو دەسەڵاتی مەجەرستانی لەدەستدابوو. بەڵام لە بولگاریا و رۆمانیا کە دەسەڵاتێکی ئاسنین لەئارادا بوو، لێرە رژێمێکی فاشی لەسەر دەسەڵات بوو کە تسامکۆف بەڕێوەی دەبرد. یەك زنجیرە بەتەنها لەم گەمارۆیە کەم بوو، ئەویش زنجیرەی تورکیا بوو کە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا پەیوەندی دۆستانەیان هەبوو. رەوش بەم رەنگە مایەوە هەتا ساڵی 1933و بیرهێنانەوەی دەیەمینساڵوەگەری دامەزراندنی کۆمار کە زۆر میوانی بەرێز ئامادەبوون وەك "فوراشی و بدینی". جیاواز لەوانە هەندێك وڵات هەبوون کە ئەمڕۆ پێیان دەوترێت جیهانی سێیەم، کە هەموویان یان کۆلۆنی بوون یان نیمچە کۆلۆنی ئیمپریالیزم بوون. یەکێتی سۆڤیەت بۆ پێداویستی پاراستن پێویستی بەم پەیوەندیانە بوو، ئەمەش پرسی یەکەمین بوو بۆئەوەی سۆسیالیزم بتوانێ لەسەر پێی خۆی بمێنێ، بۆئەمەش پێیان داگرت بۆئەوەی کەمالیستەکان لەسەر دەسەڵات بهێڵن، ئەگینا ئەوەی پاڵێوراو بوو کە دەسەڵات بگرێتە دەست کۆمۆنیستەکان نەبوون بەڵکو راستەکان بوون. لەئەنجامی ئەم نزیکبوونانە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستێکی گرتبوو کە نەیدەخواست زۆری بداتە کەمالیستەکان، ئەمەش هەتا ساڵی 1935 ــ 1936 بەردەوام بوو. بڕیاری نامەرکەزیەت ئەو بڕیارەی کە ئەنتەرناسیۆنالیزم لەسەر کۆمۆنیستە تورکەکان بڕیاری دابوو ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە بوو:"لەبواری ناوەندێتی خۆیان رێك نەخەن و داوای لێکردن کە بەشێوەیەکی تاك پروپاگەندە بکەن و لەسەر ئاستێکی ناوخۆیی". ئەمەش بەمانای بڵاوبوونەوەی پارتی دەهات، ئەنتەرناسیۆنالیزم بەم بڕیارە دەیخواست بڵێت: ئێمە لەئێوە شتێك ناخوازین جگە لەوەی کە کارەکان نەشێوێنن.

بەڵام ئایا کۆمۆنیستە تورکەکان خۆیان بەم بڕیارەوە گرێدا..؟ ساڵی 1940 هاتمە تورکیا و دوای 15 رۆژ پەیوەندیم کرد بەپارتی کۆمۆنیست بەتایبەت لەو کەسایەتیانەی کە پلەیەك بوون، ئەو کاتە کەس پێی نەووتم:"لای ئێمە نە ناوەندێتی هەیە و نەرێکخستن و نەهیچی تر" بەڵکو ووتیان"ئەوە کارگە و ئەوە لاوان و بچۆ دەست بەکاری رێکخستن بکە".

لەو ساڵە تاریکانەدا کاتێك سوپای هیتلەر گەیشتە نزیکی ستالینگراد و، لە کاتێکدا کە CHP دەرگای خۆی کردبۆوە بۆ ئەو فاشیستانەی دژی کەمالیزمن، پارتی کۆمۆنیستی نهێنی تاکە ئۆپۆزیسیۆنێك بوو لەتورکیا. تاکە پارتی نهێنی بوو کەچی لەتوانایدا بوو لەبواری راگەیاندن و رێکخستن لەکارگەکان و فوتابخانەکان پێکی دەهێنا بۆ پتەوکردنی کاری رێکخستن. ئەمە راستییەکی جێگیربوو و بەمانایەك لەماناکان پاراستنی رووی تورکیا بوو، کەس ناتوانێت بڵێت: هیچ ئۆپۆزیسیۆنێك نەبوو، بەڵکو کۆمۆنیستەکان تاکە ئۆپۆزیسیۆن بوون، کاتێك سیراج ئوغلۆ بوو بەسەرۆکی وەزیران ووتی: ئێمە لەوانەین کە مەیلی تورکی بە کەمیش بێت بەرێژەی ئەوانی تر پێك دەهێنین، ئەویش وەك دەزانرێت لە پیاوانی ئەڵمانیایە، هەروەها ئێمە تاکە ئۆپۆزیسیۆن بووین لەبەرامبەر CHP کە سەرکەوتنی ئەڵمانەکانی بەکارێکی بەڵگە نەویست دەزانی، من زۆر هەست بەشانازی دەکەم، کە یەکێك بووم لە ئەندامانی، بەڵام بۆ هەڵوێست لەسەر کوردستان..... کوردستان

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمە خاڵێکی سەرنج راکێشە و گفتوگۆیەکی بەرفروانی لەسەر دەکرێ.

میهری بەللی: زۆر بەکورتی باسی دەکەم، سەرهەڵدانی شێخ سەعید تەقیبۆوە، رژێمی کەمالیستی لە شەڕی سەربەخۆیدا کە کوردەکان و تورکەکان بەیەکەوە ئەنجامیاندا سەرکەوتوو بوو. لەو کاتەدا سەرهەڵدانێك لەناوچەی رۆژهەڵات و لەژێر رێبەرایەتی پیاوێکی فیۆداڵ سەری هەڵدا و بەڕوونی ووتی: ئایین لە رەوشێکی ترسناك دایە. رۆشنبیری تورك لە کوردستان زۆر ناسراون، ئەمەش راستیەکە.. کاتێك بڕیارمدا بچمە مەهاباد شەفیق حوسنی پێی ووتم"شوکر بۆ خودا".

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بۆ جاری یەکەمین...

میهری بەللی: ئەمە لەساڵی 1946 روویدا، پشتگیریەکی بەهێزی سۆڤیەتیەکان بۆ کوردەکان نەبوو، PKK لەقۆناخی شۆڕشی جیهانیدا پێگەی خۆی گرت و ناتوانن بەتەواوی لەناوی ببەن، ئەو سەرهەڵدانانە لەچاو تروکانێکدا چۆن لەناو بران..؟ چونکە بەشێك نەبوون لە بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی. هەروەها سروشتی چینایەتی تێدانەبوو. عەلەویەکان دوژمنی سوونیەکان بوون، سوونیەکانیش دوژمنی عەلەویەکان بوون. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم سەرهەڵدانانە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لێرەدا پێویستە خاڵێك زیاد بکەین، ستالین لەو کاتانەدا گومانی لە بزوتنەوە کوردیەکان دەکرد، ووتی:"ئەگەر زۆرتر

پێشبکەوێ ئەبێتە دۆستی ئینگلیزەکان، بەم شێوەیە وای بەباش زانی کە خۆی لێ دوور بگرێت و نەبێتە بزووتنەوەیەکی گرێداوی ئینگلیزەکان.

میهری بەللی: بێگومان، بێگومان.. تۆ وای دابنێ کە قەوارەیەك لەسەر بناخەی عەشیرەت و شێخ و شتێکی نزیك ئەو دروست بووبێت، رۆژی دوای ئەوە چارەنووسی چی لێدێت..؟ ئەمە روون نییە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئەوەش لەسەری زیاد بکە، ئەگەر ئەمە رووبدات ئەوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر سنووری سۆڤیەت روو دەدات.

میهری بەللی: زۆر نزیك بوو لێیەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: لەسەر سنووری بوو.. هەڵوێستی ستالین رۆڵێکی نێگەتیفی گێڕا لەو گفتوگۆیانەی کە لەسەر ئەم مەسەلەیە کران.

میهری بەللی: لەلایەکی ترەوە و وەك دەزانرێت رژێمی کەمالیستی پەیوەندی دۆستانە و گرێدانی لەسەردەمی مستەفا کەمالدا هەبوو راستە کە شەفیق حوسنی هەڵسەنگاندنێکی بۆ سەرهەڵدانی شێخ سەعید کردبوو، پێویستە ئەمە پەسند بکرێت.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بەڵێ ئەوە هەڵەیە، دەبێتە پشتگیریەك بۆ هەڵوێستی کەمالیستەکان هەڵەکەشی لێرەدایە.

میهری بەللی: هەرچەندە سەرهەڵدانەکە لەسەدەی 20مدا دەستی پێکرد و لەژێر رێبەرایەتیەکی فیۆدالیدابوو، بەڵام لەبەرئەوەی سەرهەڵدانی گەلێکی بن دەست و لە چوارچێوەیەکی فراواندا بوو، بێگومان لایەنی نیشتمانی هەیە و ئەمەش پێویستە ببینرێت. پێویست بوو ئەو کارە نیشتمانیە ببینێت کە سەرهەڵدانەکە پێکی هێنابوو، هەڵە لێرەدا نەبینینی بوو، جگە لەوانەش ئەو هەڵسەنگاندنە هەیە کە ئەو پارتییەی ناوی "رێگای شۆڕش"ە بۆ سەرهەڵدانی ئاگری کردبووی، لەم هەڵسەنگاندنەدا زاراوەی "ئەوە شەڕێکی گەلێریە" سەرۆکایەتیەکەی چی دەبێ بابێت.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: "قفلجملی"یش لەسەر ئەو سەهەڵدانانەی نووسیبوو.

میهری بەللی: بیتار جودەت وتارێکی نووسیبوو کە رەزامەندی شەفیق حوسنی لەسەر بوو، کە تیایدا هاتووە:"سەرۆکایەتیەکەی چی دەبێت بابێ لەم شەرە گەلێریەدا جووتیار ناتوانێ خێزان و گوند و باخچەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ و بەدوای مردندا بچێت، بێگومان زۆریەکی لە رادەبەدەر هەیە، ئەم سەرهەڵدانەش لەبەرامبەر ئەو زۆرداریەیە، ئێمە ناتوانین رەخنە لەگەڵ بگرین چونکە لەدوای بەگەکانەوە بەڕێوە دەچێت. تۆ چوویت هاریکاری بکەیت بۆ دامەزراندنی پارتێکی شۆڕشگێڕ و رێگەی راستی نیشان بدەیت و گەل ئەوە پەسند نەکات..؟ بۆ ئەوە بەرپرسیارێتی لەسەر شانی ئێمەیە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: گرنگی دانیان بەپرسەکە لە سەرەتای سیەکانەوە دەستی پێکرد.

میهری بەللی: وەکو دیارە ئەوان لە ساڵی 1930 وشیاربوونەوە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: قفلْجملی زۆر باشی نووسیوە.

میهری بەللی: وتارەکانی قفلْجملی لەسەر هەمان ڕێبازە و خاوەن بەهایەکی زۆرە و، لەگەڵ ڕێبازی پارتیدا یەك دەگرێتەوە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: دەڵێت"یەکێتی هێزەکانی ڕۆژهەڵات"

میهری بەللی: بەنووسینی ئەم وتارە قفلجملی بەشداریەکی زۆر بەبەهای پێشکەش کرد، بەڵام لەنێوان ساڵانی 1930 ـ 1960 زۆر گۆڕانکاری پێکهاتن و پرسی کورد بوو بەرۆژەڤی گفتوگۆکان. دەوترێت قفلْجملی کۆنفرانسێکی لە کۆلیجی ئەندازەی تەکنیکی لە ئەستەمبوڵ ڕێکخست و تیایدا ووتی "بۆچی لەسەر مەسەلەی کورد قسە نەکەین". بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"ئەوان نایانەوێت خۆیان هیلاك بکەن" ئەمە لەکاتێکدا لەوساڵانەدا لەسەر مەسەلەی کورد گفتوگۆ پێش دەخرا، لەساڵی 1967 لە زیندان دابووم، ئەوکاتە وتارێکم نووسی لەژێر ناوی "ڕاستی گەل" ئەم خاڵانەم تیایدا چارەسەرکرد: نەتەوە چییە، کێن ئەوانەی بەها نەتەوەییەکان پیادە دەکەن، ڕاست یان چەپ، دوایش چوومە سەر مەسەلەی یەکێتی خاك، کێن ئەوانەی کولتوور پێش دەخەن...؟ دوای ئەم شیکردنەوانە دەڵێم؛ ئێمە و کەسانی تر نا، ڕاست نا، زۆر لە گروپە ڕاستەکان هەبوون.... ئەوە من نەبووم کە ئەم مەسەلانەم چارەسەر دەکرد، بەڵکو ئەوە مارکسیزمە کە چارەسەری دەکات، هەموو نەتەوەکان ڕازی دەکات و لەسەرووی هەمووشیانەوە نەتەوەی کورد.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: ئێوە ووتتان . نا..؟

میهری بەللی: بەتەواوی، وەکو ووتم، ئەو وتارەم لە ڕۆژنامەی ئایدنی سۆسیالیستی (ڕۆشنبیری سۆسیالیستی) بڵاوکردەوە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: باوەڕ دەکەم ئەوە یەکەمین وتاربوو لە زیندانەدا نوسراو، خاوەنی بەهایەك بوو، کە لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی ڕادەوەستا.

میهری بەللی: بۆ یەکەمین جار لە ڕاگەیاندنی ئاشکرادا وتارێکم بڵاوکردەوە کە تیایدا باس لەپرسی کوردان بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە دەکات، لەکاتێکدا کە نوێنەرایەتی بزووتنەوە کوردییەکان ئەم وشانەیان دەرنەدەبڕی.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لەنمونەی کۆمەڵەی کولتووری ڕۆژهەڵات.

میهری بەللی: هەتا ئەوکاتەش دانەمەزرا بوو، ئەو کۆمەڵەیە هەبوو کە پێی دەوترا چل و نۆ.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئەو رووداوەم لەبیرە.

میهری بەللی: چل و نۆ و ئەوانیتر، لەدوایدا بوونە ئەو، پرسە ئەتنیکیانەی" کە داوای "ئازادی رۆژهەلات"یان دەکرد، بەلام بەهیچ شێوەیەك باسیان لە راستی کورد نەدەکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: واتە ئەوان بەهیچ شێوەیەك وشەی "کوردی"یان بەکار نەدەهێنا.

میهری بەللی: بەو شێوەیە بوو، وشەی کوردیان بەکارنەدەهێنا، هەندێك سیمینار ساز دەکراو منیش بەشداری ژمارەیەکیان بووم، باوەڕدەکەم ئەوەی پێشکەشی دەکرد کورد بوو، پرسیاری لە ئامادە بووان دەکرد، جارێکیان پرسی لێکردم: تێڕوانینی ئێوە بۆ مەسەلە ئەتنیکیەکان چییە..؟ بەم شێوەیە وەڵامیم دایەوە: بۆچی ناو لەو مەسەلەیە ناکەیت...؟ بەم شێوەیەش وەڵامم بەردەوام کرد: کوردایەتی... کوردایەتی. بۆ جاری یەکەمین بوو کە گرنگی بدەم بەپرسی کورد. ئەوکاتە وتم:" توانەوەی زۆرەملێ ئیفلاسی کردووە، وەکو سیاسەتی ئەو نەعامەیەکە سەری دەشارێتەوە بەلام لەشی دیارە، هەموو جیهان بەم مەسەلەیە سەرقاڵە، ئینستیتۆ و سەنتەری لیکۆڵینەوەی کوردی دەکرێتەوە، کوردان برای ئێمەن و بەشێکی گرنگی دانیشتوانی وڵاتەکەمان پێکدەهێنن. بەلام لەگەڵ ئەوانەشدا گرنگیدان بە مەسەلەی کوردان تاوانە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، ئەو کارە بەپەلەی لەسەر شانی ئێمەیە ئەمەیە: بنیادنانی یەکێتی گەلان لەسەر بناخەی ئازادی و یەکسانی (یان هەر گوزارشتێکی تر کە ئەوە بهێنێتە زمان). شۆڕشگێڕێتی بەو شێوەیەیە. نیشتمانپەروەریش بە هەمان شێوەیە. ئەگەر ئەوەمان کرد و، پرسی کوردمان وەکو گەلێك چارەسەر کرد ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئێمە سنووری پەیمانی نەتەوەییمان خراپ کرد، ئەوەی پێویستە ئەو ئەرکە پێك بهێنێ ئێمەین و حکومەتی دیمیریل نییە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: باش بیرم دێت، چۆن لە شەستەکاندا چارەسەرکردنی پرسی کوردی بەم رەنگە دەستی پێکرد.

میهری بەللی: بەم شێوەیە بەردەوام بووم: ئەوەی ئەوەبکات، واتە ئەوەی چارەسەری بۆ پرسی کورد بهێنێ دەسەڵاتی شۆڕشگێڕییە و، حکومەتی دیمیریل نییە. شۆڕشێکی تورکی بەو رەنگە دەتوانێت یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە لە کوردستان و لەنێوان هەردوو گەلدا پێکبهێنێت، بەو رەنگەش تورکیا دەبێتە جێگەی هیواو تێڕوانینی هەموو گەلانی جیهانی تینوی ئازادی و، رۆژێك دێت کە هەموو نەتەوەکان وەکو توێژی مێژوویی یەکبگرن، وەك چۆن رووبارەکان یەکدەگرن و ئۆقیانوسەکان پێکدەهێنن،

هەرچەندە ئەمڕۆ دورین بۆ گەیشتن بەو ئۆقیانوسە، پێویستە ئەمە بزانرێت، ئێمە راستی نەتەوە ژیان دەکەین، چاخی نەتەوەکان... بەڵام لە سەرەتادا لەنێوان کێدا ئەم یەکێتیە پێکدێت...؟ بێگومان لەنێوان ئەو کولتوورانەی نزیکی یەکترین، لەنێوان تورکیا دوای ئەوەی پرسی کوردی چارەسەر کرد و، کۆمارە تورکیەکان بۆ نمونە، زۆر سروشتییە کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمارە تورکیانەدا ببەسترێت. بۆچی ئەو کۆمارانە روونە کە شۆڕشی تورکیا، هەتا دوێنێ رووی کردبووە شۆڕشی روسیا، سنووری ئەم یەکێتیە درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە دیواری چین، واتە لە دەریای ئەدریاتیکی هەتا چین.

لەهەمانکاتدا پارتی کۆمۆنیست لەتاراوگە نامیلکەیەکی لەژێر ناوی "نهێنییەکانی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراسی" بڵاوکردەوە، تیایدا هاتووە کە ئەو چاوی بڕیوەتە ئەو زەویەی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت دایە و، ئەمەش وەڵام بوو بۆ ووتنی سەردەمی نەتەوەکان، ئەو بڵاوکراوەیە پێدادەگرێت لەسەر تێکۆشانی چینایەتی و سۆسیالیزم و شۆڕش، زۆر دەنگی دایەوە، جنێت ئەرجا یوراك لە رۆژنامەی میللیەت کە عەبدی ئیبەکجی بەڕێوەی دەبرد، لە دوو ژمارەی بەدوایەکدا لەسەری نووسی.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەو کۆمەڵەیەش بڵاوکراوەی خۆی ئامادە کردبوو.

میهری بەللی: چاپیان کرد و لەهەموو شوێنێك بڵاویان کردەوە. ئەوکاتە ئامێری فۆتۆکۆپی لەبەر دەستدا نەبوون، نوێ دەکەوتە ناو کار، "تورك ـ ئیش"یش خۆی خستبووە ناو پرسەکەوە و ئەویش هەزاران دانەی لێ بڵاوکردەوە، ئێمە لە پێکدادانێکی راستەوخۆدا بووین لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی تورکیا، کە ئەمەش لەلایەن بیرۆکراسیەتی سۆڤیەت و رۆژنامەی میللیەت و سەندیکای "تورك ـ ئیش" دەسەبێنرا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: کاریان دەکرد بۆئەوەی لەزیندان دەرنەکەون، بەڵام لەپێش ئەوە دا با وەڵام بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە: رەوشی پارتی کۆمۆنیست و ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی 1940 ـ 1950 ، 1950 ـ 1960 چی بوو.

میهری بەللی: بزووتنەوەی 1950 ـ 1960

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان:1940 ـ 1950

میهری بەللی: ئێوە دەزانن لە 1950 ـ 1960 دەرکەوت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان:1940 ـ 1950.

میهری بەللی: سەرەتای 1940 باس بکەم، باسی بەشێك لە ساڵانی شەڕ بکەم.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لە دوایدا و بەتایبەت ساڵانی شەڕی دوای جەنگی جیهانی دووەم.

میهری بەللی: دوای جەنگی جیهانی دووەم شەفیق حوسنی هەستا بەدامەزراندنی پارتی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان کە تەنها توانی شەش مانگ بەردەوام بێت و...! ژمارەیەك لەسەندیکا دامەزرێنران لە شەش سەد بواری کاردا، موستەجاویش پارتیەکی دامەزراند، شەش مانگ دوای دامەزراندنی ئەم پارتیە شەڕێکی سارد دەستی پێکرد و لە کۆتاییەکانی 1946دا لە پڕێکا هێرش کرایە سەری. دوای دەرکەوتنم بەمانگێك من لەو کاتەدا وڵاتم بەجێ هێشتبوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بۆچی...؟

میهری بەللی: دوای ئەوەی وازم لە چون بۆ مەهاباد هێنا، چومە دەرەوەی وڵات، ئەگەر کات ڕێگە بدات، دەمەوێت لەسەر ئەو پرسە رابوەستم.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: سەرسووڕهێنەرە...! لەوساڵەدا کۆماری مەهاباد دامەزرا تۆ ئەتویست بچیتە ئەوێ.

میهری بەللی: بۆ ئەوەی هەندێك پەیوەندی دروست بکەین.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: یەکەمین هەنگاو بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی کوردی بونیادبنێین.

میهری بەللی: بێگومان مەهاباد لەلایەکی ترەوە، دەرگایەك بوو بۆکرانەوە بەرەو دەرەوە، دەمانتوانی لەوێوە بچین بۆ زۆر شوێنی تر، ئەمەش تایبەتمەندیەکی تربوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: زۆر سەرسووڕهێنەرە کۆمۆنیستێك بەشداری بکات لە ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی.

میهری بەللی: بێگومان ئەوان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێدەکردین.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: زۆر سروشتییە.

میهری بەللی: وەزیری پاراستن مستەفا بارزانی، بەجل و بەرگی سۆڤیەتی دەگەڕا.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: دەتانتوانی لەوێوە بچن بۆ ئازربایجان و روسیا.

میهری بەللی: بۆ مۆسکۆ.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەڵێ.. هەڵبژاردنێکی راستە.

میهری بەللی: بەڵام پێك نەهات.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەڵام دوایی رووتانکردە بەشداری کردنی شەڕی ناوخۆ لەیۆنانستان.

میهری بەللی: دوای چوین بۆ ئەوروپا و داواکردنی بەشداری کردن لە شەڕی ناوخۆی لە یۆنانستان.

عەبدوللا ئۆج ئالان: سەرەتای 1947 وانەبوو.

میهری بەللی: لەنیسانی 1947 گەیشتمە زەوییەکانی یۆنانستان.

عەبدوللا ئۆج ئالان: شەڕ بەردەوام بوو.

میهری بەللی: بەڵێ دەستی پێ کردبوو.

عەبدوللا ئۆج ئالان: ئەوان دەست پێشخەربوون.

میهری بەللی: ئەوکاتە مەسەلەی بەسوپا بوون لامان پێش نەکەوتبوو.

عەبدوللا ئۆج ئالان: داوایان لێکردیت لەوێ بمێنیتەوە.

میهری بەللی: دوو ساڵ و نیو لە چیاکان ماینەوە، دوای بن کەوتن ناچاربووم لە هاوینی 1949 دەستی لێ بەربدەم، دوای دەرکەوتنی لێبوردنی گشتی لەساڵی 1950 گەڕامەوە بۆ تورکیا. ئەوەی سەرسووڕهێنەرە، کاتێك من لە زیندان بووم، بەهۆی ڕۆڵی من لە بەڕێوەبەرایەتی بزووتنەوەی لاوان، دوو نامەم لە جەلال بایارەوە بۆهات، کە بەکەسایەتی منیاندا هەڵدەدا: "ئێمە خەباتی ئێوە بەرز رادەگرین". پێویست ناکات دووبارە بیبێتەوە، نامەیەك بوو، شتی بەو رەنگەی تێدابوو.

عەبدوللا ئۆج ئالان: ئەوە لەسالانی 1940 دابوو..؟

میهری بەللی: نا لەساڵی 1946 بوو

عەبدوللا ئۆج ئالان: ئەوە هەوڵدانێکە بۆ بەکارهێنانی چەپ...!

میهری بەللی: ئەوکاتە پەیوەندی لەگەڵ مەحەمەد عەلی دا هەبوو، کە پاڵێوراو بوو بۆ ئەندامێتی سەربەخۆ، ئەوکاتە وەلامم دایەوە و شتێکم ووت.

عەبدوللا ئۆج ئالان: دەیخواست چەپ بکاتە هێزێکی یەدەك بۆ خۆی.

میهری بەللی: راستە، پێش جەنگی سارد، دەیانویست ئۆپۆزیسیۆنێکی چەپ بونیادبنێن. ئەمە مەسەلەی دەسەلاتە، دەیانویست ببنە ئۆپۆزیسیۆن لەبەرەی چەپدا.

عەبدوللا ئۆج ئالان: بەتەواوی هەروەك ئەربەکان ویستی، ئەمە بەراستی لەیەك چوونێکی گەورە و سەرسووڕهێنەرە، پێویستە باش شیبکرێتەوە، پارتی رەفا خۆی وەکو چەپ نیشاندا.

میهری بەللی: چەپڕەوێتی ئەربەکان....

عەبدوللا ئۆج ئالان: چەپڕەوێتی بایار...

میهری بەللی: لە دوایدا لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیمانێکی مۆرکرد.

عەبدوللا ئۆج ئالان: بەرفراوانترین پەیمانیان بەست.

میهری بەللی: ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بوایە، نەیدەتوانی ئەوە بکات، دوای دەرکەوتنم ژنێکم بینی کە دەمناسی پێی ووتم: دۆستمان ـ واتە بایار ـ بەهەرشێوەیەك بێت دەخوازێت چاوی پێتان بکەوێت، من بەرەو ئەنقەرە بەرێکەوتم بەڵام بایار بەرەو ئەستەمبوڵ چوو، بەو رەنگە ئەو چاوپێکەوتنە پێك نەهات و هەرکەس بە رێگەی خۆیدا چوو، دواتر لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ شەفیق حوسنی قسەم کرد، تێگەیشتم کە چووبوونە لای ئەویش، هەڤاڵێکی نزیکی شەفیق حوسنی هەبوو کە لە خەستەخانە کاری دەکرد و سکرتێری پارێزگای ئەستەمبوڵی پارتی دیموکراسی بوو، پێی وتبوو: پێویستە کۆتاییەك دابنرێت بۆ دەسەڵاتی تاکە پارتی و پارتی گەلی کۆماری لەدەسەڵات بخرێت، با لەپێناوی ئەم ئامانجەدا یەکبگرین، شەفیق حوسنی وەڵامی دەداتەوە: من باش تۆ دەناسم، تۆ کەسایەتیەکی دیموکراسی پێشکەوتوخواز و گەرمیت، بەڵام تۆ سەرکێشی هێزێك دەکەیت کە پاڵت پێوەدەنێت ببیتە ئۆپۆزیسیۆنێکی راست لەبەرامبەر پارتی گەلی کۆماریدا. ئەمە لەسەرەتای ساڵی 1946دا بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: سەرەتای 1946.

میهری بەللی: بەڵێ سەرەتای 1946، لەم رەوشەدا، پێویستە ئەو هێزە لەبەرامبەر چیدا بەکار بهێنین...؟ کاتێك لە زیندان بووم زەکی باشبنار سەردانی کردم و پێم وت: هەڵوێستی دکتۆر هەڵەیە، پێویستە یەکێتییەکی بەهێز پێکبهێنن. شەفیق حوسنی هەر لەڕۆژی یەکەمەوە دیاری کردبوو کە پارتی دیموکراسی بەرەو کوێ دەچێت، بەمانای پێشکەشکردنی سەردانەواندن بۆ ئیمپریالیزم و ساختەکارەکان وەك بڵێی پێشبڕکێیەکی زۆر گەرمە. ئەگەر لەو سەردەمانەدا بۆ ئۆپۆزیسیۆنێك بگەڕێین، پێویستە ئاماژە بە بزووتنەوەی لاوان بکەین کە خاوەنی گرنگیەکی مەزنە، بەهیجە بۆران و موزەفەر شەریف لەئەندامە چالاکەکانی ئەنقەرە بوون.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: رووداوەکانی رۆژنامەی (تان) ئاسۆ، هەیە.

میهری بەللی: ئەم رووداوانە لەساڵی 1945 لە کاتی زیندانیکردنمدا تەقینەوە، هەروەها رووداوی خوێندکاران و بەرخۆدانی نازیم حکیمەت.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئەمە لە دوایدا درەنگ بوو.

میهری بەللی: بەڵێ ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: عەزیز نەسینیش هەیە.

میهری بەللی: عەزیز نەسین دەستی بەدژایەتی کرد لەو وتارە گاڵتەجارانەی کە لە ساڵی 1950 بڵاوی کردنەوە و، زۆر گرنگیان هەبوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئۆپۆزیسیۆنێکی گەلێری سنووردار بوو...!

میهری بەللی: بەڵێ شتێکی بەو رەنگە، لە راستیدا ژیانی کولتووریش سنووردار بوو، بۆئەمەش جێگەیەکی بەرچاوی هەبوو، گیرانەکانی ساڵی 1951 دەستی پێکرد، لەکاتێکدا شەڕی سارد گەیشتبووە لوتکە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: ئەوە بەرهەمی ئەو شەڕەیە.

میهری بەللی: لەلایەك تورکیا هێزی سوپای دەناردە کۆریا، لەلایەکی تریشەوە دەستی بە هەڵمەتی گرتنی بەرفراوان کردبوو، ئێمە ئەمانەمان بەئەنجامی گۆڕانکاری لە دەسەڵات و سەرکەوتنی پارتی دیموکراسی لە بەدەست هێنانی زۆرینەی پەرلەمان بینی، بەو رەنگەش زۆرینە لەسەر دەسەڵات باڵادەست بوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەو شێوەیەتان دی...؟

میهری بەللی: ئێمە لەو دە ساڵەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراسی لەزیندان و تاراوگە بووین، مەبەستم کادێرە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە،

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەمانای ئەوەی کە توندوتیژتر بوو لە ساڵانی پێش 1940.

میهری بەللی: زۆر دژوار بوو، بێ دەنگی و چەق بەستن بەتەواوی زاڵ بوو، ئەمە راستیەکی نەگۆڕە، بەڕەنگێك من و هەڤاڵەکانم ئەو دە ساڵەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراسی یان لە زینداندا بووین یان لە تاراوگە. ئەمەیە مانای رژێمی زۆرینە لەلای ئێمە لە تورکیا. هەروەها رژێمی زۆرینە لە وڵاتی ئێمەدا بەمانای بڵاوبوونەوەی بنکەی ئەمریکی بوو لەهەموو بەشەکانی وڵاتدا، واتە ئەو دەستکەوتانەی لەشەڕی سەربەخۆیی دا بەدەست هێنرا خرایە سەر رەف، خراپ نەبوو ئەگەر ئەو پیاوانە باوەڕیان بە دیموکراسیەتی بۆرژوازی هەبوایە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لە راستیدا بزووتنەوەی ساڵی 1951، بزووتنەوەیەکی تاریکە لە رووداوەکانی سیەکان و چلەکان دەچێت، بەڵام شەستەکان، دەیەی تاریکە و، دوورە لە روناکی و وشیاری.

میهری بەللی: بێگومان سەبارەت بە بزووتنەوەی کولتووری، لەو سەردەمانەدا نازم حیکمەت شیعرەکانی خۆی لە تاراوگە بۆ مردن تەرخان کردبوو، مردنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، دوای ئەوەی لەساڵی 1920 شیعرەکانی نووسیبوو دەیوت:

ئێمە رۆژ بەڕێوە دەبەین
بەڕێوە بردنی رۆژ نزیکە

لە پەنجاکاندا ئەو شیعرانەی نووسی کە تیایدا داخ و کەسەری تێدایە بۆ وڵات.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: واتە بناخەی بابەتی پەردەپۆش کرا.

میهری بەللی: بەتەواوی پەردەپۆش کرا، بیرۆکراسیەت زۆری دابووە یەکێتی سۆڤیەت و هەموو جیهان.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: مەبەستم تورکیایە.

میهری بەللی: لە 27ی ئایار کودەتایەك دەرکەوت، دژی ئەو زۆرینە پەرلەمانیە بوو کە دەیخواست دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دروست بکات، پێویستە ئەمە باش تێبگەین، ئەمە تەنیا دیموکراسیەت و سیستەمی پەرلەمانی خستنە سەر ڕەف نییە، بەڵکو ئەو پێی دادەگرت لەسەر ڕاکردنی مەندەرێس و ڕێبازە ئایینیەکان و ئۆپۆزیسیۆن، لەوانەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەو ـ لەلای خۆیەوە ـ بەرەو شێوازێکی تری دیکتاتۆریەت دەچوو.

میهری بەللی: جیاواز... بەڵام بەڕاستی دیکتاتۆری، بانگەشەی دەکرد کە پشتگیری لە زۆرینەی پەرلەماندا هەیە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەوە هاوشێوەی ئەو نمونانەیە بۆ ئەو دیکتاتۆریەتانەی کە ئەمریکا لە کۆلۆنیەکانیدا دروستیان دەکات.

میهری بەللی: هاوشێوەی ڕەوشی ئەربەکان و چیللەرە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئێستاش ڕەوش بەو ڕەنگەیە، دیکتاتۆریەتێك کە پشت ئەستوورە بە زۆرینەیەکی پەرلەمانی لەو کاتانەدا زۆر هەبوون کە پشتیان دابووە ئەمریکا لە کۆلۆنیەکانیدا، ڕێباز، هەمان ڕێبازە... دیکتاتۆریەتی جیاواز لەژێر ناوی پارتی دیموکراسی پێك دەهێنن. یەك جیاوازی هەیە ئەویش لە رابردوودا پشتی بە میلیتاریزم دەبەست، لەم قۆناخەدا پشت دەبەستێت بە ئەمریکا، هەروەك دەزانن لەو سەردەمانەدا دەزگای شەڕی تایبەت کە گرێدراوی گلادیۆ بوو لەناو سوپای تورکیادا دامەزرا.

میهری بەللی: تازە دامەزرێنرابوو، گرێدراوی ئەمریکا بوو، بارەگاکەی لە بینای TUSLOG بوو، مووچە خۆرەکانیان لە ئەمریکا مووچەیان وەردەگرت، بەتایبەت لە CIA.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: لەو دەمانەدا سەندیکای ـ تورك ـ ئیش دامەزرێنرا، لە ڕاستیدا ئەوانە هەنگاوی جددی بوون بۆ پاکتاوکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتێك لەشێوازی کۆلۆنیە نوێیەکان.

میهری بەللی: بەڵێ، هەربۆئەوەش کودەتای 27ی ئادار دەرکەوت، بزووتنەوەی 27ی ئادار بزووتنەوەی پارتی گەل بوو، بزووتنەوەی عیسمەت پاشا، لەوانەیە ئێمەش ڕەوتێکی بەشداربووباین تیایدا، بەڵام لە ڕاستیدا لەلایەن عیسمەت پاشا و پارتی گەلی کۆماری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕێوە

دەبـرا، لەکاتێکـدا لـەناو سـوپادا توێـژێك سەرکێشی دەکـرد کـە دەتـوانین پێـی بڵێین کەمالیستەکان، بێگومان فاشیەکانیش بەو شێوەیە بوون وەکو تـورکیش کە بەشداری تێداکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەمانایەك لـەماناکان ئـەم بزووتنەوەیـە ڕەنگدانـەوەی ئەو ئاستە کۆمەڵایەتیە بوو کە لەو ساتانەدا زاڵ بوو، ڕاست هـەبوو، هـەروەها ئەوانەی کرابوونەوە بەرەو چەپ.

میهری بەللی: نە سۆسیالیزم و نـە شـتێکی تـر بـەبیری بکـەرانی کودەتـای 27ی ئـاداردا نـەهات، نیازیـان چ دەبێـت کۆمـەڵگای تـورکی هـەنگاو بەهـەنگاو بـەرەو چـەپ کرایـەوە و، ڕاسـتی و شـتە کەڵەکـەبووەکانی کۆمـەڵگای تـورکی لەدەرەوەی ئیرادەی کودەتاچیەکان دەرکەوتە مەیدان، لەدوایدا پارتی کرێکاران دامــەزرا و، دۆغــان ئــوچی ئۆغلــو دەســتی کــرد بەدەرخســتنی ڕۆژنامــەی ئاراســتە(یــوون). دۆغــان وڵاتپــارێزبوو جێگــەی مەترســی نــەبوو و، ئەگــەر وڵاتپارێزیەکـەی ڕێکوپێـك بکرێـت دەتوانیـت لەگەڵیـدا پـەیمان ببەسـتیت. هەربۆئــەوەش پــەیمانێکمان لەگەڵیــدا بەســت، گروپەکــەی ئــەو کەســایەتی ناسراوی تێدابوو لەوانە: ئیلهان سەلجووق، ئۆغر مەمجۆ، مومتـاز سویسال کـە ئـەمڕۆ ئەنـدامی پـارتی ئەجەویـدە، بـۆ ڕێزگـرتن لـەبیرەوەری دۆغـان ئـۆچی ئۆغلۆ سڵاویان لێ دەکردین، کەواتە کەسایەتی مارکسی ـ لینـینی لـەم وڵاتـەدا پێویست بـوو ئـەو ڕاسـتیە بزانێـت کـە دەبێـت وڵاتپـارێز و وشیار و دڵسۆز و ڕاستگۆ بێت، ئەمانـەش بـۆ دۆغـان زۆر ڕاسـتن، هەربۆئـەوەش جێگـەی قسـە و باسێکی زۆرە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بـەبڕوای مـن دۆغـان ئـۆچی ئۆغڵو ڕاسـتەقینەترین ڕۆشنبیری تورکیە.

میهری بەللی: بەشداریەکی گرنگی هەیە لە تێکۆشانی دیموکراسیدا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەو گـرنگترین ڕۆشـنبیرە لەگەشـەپێدانی بزووتنـەوەی ڕۆشنبیری لە دوای ساڵانی 1960.

میهری بەللی: هەندێك پڕوپاگەنـدەی خـراپ لەسـەر ئـەو بڵاوبوونـەوە کـە دەڵێـت "میهـری بـەللی دۆغـان ئاراسـتە دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات، هـەروەها پڕوپاگەندەیان بۆ منیش بڵاوکردەوە ووتیان "میهری بەللی گرێدراوی دۆغان ئۆچی ئۆغلۆیە" و پڕوپاگەندەی بێ بناخـەی تـریش، چونم بـەو ڕەنگـە بـوو، بـەڵام ئـەو بەشـداری ڕەوشـی بەرجەسـتەبوو، دۆغـان لـە بناخەیـەکی جیـاواز ترەوە دێت، بەڵام لەمەسەلەی دیموکراسیەت و سەربەخۆیدا یەکمان گرت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: کەواتــە تــۆ و دۆغــان و پــارتی کرێکــارانی تورکیــا کرانەوەتان بەرەو چەپ ئاراستە کرد...

میهری بەللی: من و دۆغان بەیەکەوە لەڕۆژنامەی ئاراستە دەمان نووسی.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: پارتی کرێکاران پێشکەوتن بەدەست دەهێنێت، بۆئەوەی لەدوای ئەو شۆڕشی نیشتمانی دیموکراسی پێش بکەوێت.

میهری بەللی: لێرەدا شتێك هەیە پێویستە بەبیری بهێنمەوە، دوای تەواوبوونی سەردەمی رۆژنامەی ئاراستە، دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانمان بەدەستی خۆمان، دۆغان وردە وردە لێمان دورکەوتەوە، بۆئەوەی لەدوایدا چەپڕەوایەتی میلیتاریستی ئەو پێش بکەوێت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دوای ئەوە چەپڕەوایەتی میلیتاریستی ئەو دەستی پێکرد.

میهری بەللی: لەژێر سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران دەست پێدەکات.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوە ساڵی 1965 بوو...؟

میهری بەللی: نەخێر لەساڵانی 1967 ـ 1968 بەدواوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دوای رۆژنامەی ئاراستە دوریان دەرکەوت، ئێوە رێگەیەکی جیاوازتان هەڵبژارد.

میهری بەللی: ئێمە دەستمان کرد بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ بنکەکانمان لە رێگەی بڵاوکراوەکانمان.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دۆغانیش پشتی بەست بەسوپا و بەبناخەی گرت.

میهری بەللی: ئێمە لاوانمان بۆ خۆمان بەبناخەگرت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئێوە لاوانی شۆڕشگێڕتان بۆخۆتان بەبناخەگرت.

میهری بەللی: دوای کودەتای 12ی ئەیلول من لەماڵی سری لە بیوك کادە خۆم حەشاردابوو،

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵکو 12ی ئادار.

میهری بەللی: بەڵێ پشتی 12ی ئادار، بۆئەوەی تەندروستی خۆم بپارێزم هەموو بەیانیەك لەناو دارە سنۆبەرەکاندا راکردنم ئەنجام دەدا، رۆژێکیان کاتێك رام دەکرد لە دوورەوە دۆغان ئۆجی ئۆغلۆ و ژنەکەیم بینی، لەسەرەتادا منی نەناسیەوە چونکە ریشم درێژبوو شێوەم گۆڕابوو، پێی ووتم: ئەگەر بەپۆلیس بڵێم بە رێکەوت یەکتریمان بینیوە باوەڕمان پێ ناکەن و، دەیانووت: ئێوە لەسەر ئەو چیایە پەیمانتان هەبوو یەکتری ببینن.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەروەها دەیووت: ئێوە یەکتریتان بینیوە بۆ کاری رێکخستن.

میهری بەللی: بەدرێژی قسەمان کرد، پرسیاری لێکردم بۆچی سەری لێ نادەم. دوایش ووتی وەکو دەزانیت من کازاخیم و، بانگی کردم کە سەردانی بکەم، لەوکاتەدا پرسم لێکرد چی دەکات، وەڵامی دایەوە "دەستیان لێ نەدام،

دوای ئەوەی زانیان پیاوێکی جددیم و بەنووسینی مێژوو خەریکم هیچیان لێ نەکردم". بەپێکەنینەوە وەڵامم دایەوە "وەکو دیار دەبێت ئێمە جددی نین" گرنگ لەکاتی جیابوونەوەدا پێم ووت: دۆغان بڕوانە کاتێك بەیەکەوە کارمان دەکرد بەبەردەوامی پێشدەکەوتین و ئەوانی تر بەرەو دواوە دەچوون، لەدواییدا کەوتیتە هەوەسی میلیتاریزمی چەپڕەوایەتی و، بوویتە دیلی ئەو هزرەی کە هەرچەندە خاوەن شانە پانەکان بێنە ناومان، زۆرتر و بەخێرایەکی مەزنتر دەتوانین بگەینە دەسەڵات، لەدواییدا جیابووینەوە، لەو رۆژەوە ئەوانەش بەرەو پێش هاتن و ئێمەش بەرەو دواوە چووین. هەتا دوایی گوێی لێ گرتم، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، ئەمە چاوپێکەوتنی دوایمان بوو، سەرەتای حەفتاکان سەردەمی زێرینی بزووتنەوەی 27ی ئایار بوو کە پارتی گەل و لاوانی پارتی گەل رێبەرایەتیان کرد، هەروەها پارتی جەماوەریش بەشداربوو، بەڵام لەدواییدا هیوای لاوان بەهەڵوێستی پارتی گەلی کۆماری شکا و، ئەمجارەیان لەدەوروبەری پارتی کرێکاران کۆبوونەوە و روویان کردە ئامانجە سۆسیالیستیەکان.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لە دوای ئەوە بزووتنەوەی قوتابیان و لاوان دەستی پێکرد.

میهری بەللی: پشتمان بە لاوانی زانکۆ بەست، چونکە توێژەکانی تر هەر لە بەرەبەیانیەوە بۆ تێرکردنی زگی خۆیان کاریان دەکرد، لەدوای ئەوەش ئەو جیابوونەوە رادیکاڵیەی لاوان دەرکەوت لە پارتی کرێکاران و، بووە بزووتنەوەیەك کە هەموو کەسە باشەکانی بۆ ماوەی 50 ساڵ لە تەمەنی بزووتنەوەی مارکسی ـ لینینی کۆکردەوە. لەدوای ئەوەش دەست پێشخەری کەوتە دەستمان، لەو ساڵانەدا ئێمە پێشدەکەوتین و بەرامبەرەکەشمان بەرەو دواوە دەچوو تا ئەو کاتە هات کە تێگەیشتن رەوشیان باش نییە، لەوکاتەدا هێزە دەسەڵاتدارەکان یاساکانیان پێشێلکرد و دەستیان بەکوشتنی یەك لەدوای یەکی پیاوان کرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بزووتنەوەی فاشی دەستی بەئەنجامدانی تاوان کرد.

میهری بەللی: نەخێر، دەوڵەت ئەم کارەی کرد، بەمانایەك بزووتنەوەی فاشی ئەو کارەی نەکرد، بەڵکو دەزگای موخابەراتی تورکی (MIT) بوو، لەوانەیە بزووتنەوەی فاشی بۆ ئەو کارە بەکاری هێنابێ. بزووتنەوەی فاشی زانکۆکانی کردبووە سەرەتای دەرکەوتنی، لەکاتێکدا لە چەند سەربازگەیەکی تایبەت پەروەردەیان دەبینی و پارەی گەلیان دەخوارد، کاتێ گەڕانەوە قوتابیەکان لێیان دان، دوایش یەك لەدوای یەك دەستیان کرد بەکوشتنی خەڵك.

یادەوەریـەکم لەگـەڵ دەنیـز گەزمیشـدا هەیـە، دەمـەوێ باسـی لێوەبکـەم: کاتێك من لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووم (زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەنیز دەیخواست سەردانم بکات، نەمزانی بۆچی نەهات، هاوڕێیـەکی خـۆی نـاردە لام کە ناوی عیسمەت بوو، پێی ووتم چاوپێکەوتن لە دارسـتانی زانکۆدا پێکـدێت، کاتێـك بینـیم پرسـیارم لێیکـرد: بۆچـی نـەهاتی، وەڵامـی دامـەوە و ووتـی "دەیانەوێت بمکوژن" وەڵامم دایەوە و ووتم: نا ئێستا ناتکوژن، چونکە ئەگـەر وابکەن ئاڵۆزیەکی گەورە دەردەکەوێ، بەڵام بێگومان نۆرەت دێـت. بـەڵێ ئـەوە رەوشی سـەرۆکایەتی لاوان بـوو، هـەر بۆئـەوەش رێگـەی خـەباتی چـەکداریمان هەڵبـژاد، وامـان دەزانـی ئـەوە راسـتە، داوامـان کـرد کـە هێـزی گـەریلا و شۆڕشگێڕان پێکبهێنرێ، بەڵام هـیچ کام لەمانـە روویـان نـەدا، بـەڵکو هانامـان برد بۆ پاراستنی خۆمان.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: پاراستنی رەوا.

میهری بەللی: بەتەواوی پاراستنی رەوا، وای دەبینم کە ناولێکردنی شەڕی گـەلێری، یـان شـەڕی پێشـڕەوایەتی بـۆ ئـەم کـارە، دیـاریکردنێکی ناڕاسـت و زێدەڕۆییە..

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: دەخوازیت بڵێیـت: هـیچ ئامادەکاریـەك و رێکخستنێك بۆ دەست پێکردنی شۆڕشی چەکداری نەبوو.

میهری بەللی: نەخێر، ئەوانە نەبوون، واتە ئێمە هاتینە بەردەم رەوشێکی داسەپاو.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: لەسەر ئەم بناخەیە خۆتان چەکدار کرد.

میهری بەللی: بەڵێ.. هەڵەکەمان بەم شێوەیە بـوو، لـەجیاتی بیرکردنـەوە لـەگرتنی هەڵوێستی پاراسـتنی ناوەنـدی، ئێمـە پاراسـتنێکی فـەردی مـان کـرد، دەمـان ووت: هـەر کەسـێك پێویسـتە خـۆی بپارێزێـت. هـەر کۆلیجێـك خـۆی بپارێزێت، ئەگـەر هـەر کـەس و کۆلیجێـك ئـەوکارە بکات، پێویستیان بەئێمـە چییە..؟

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بڵاوبوونەوە دەستی پێکرد...

میهری بەللی: بەم هەڵوێستە بناخەی بڵاوبوونەوەمان داڕشت.

عەبـدوڵڵا نـۆچ نـاڵان: هەڵـەتان لێرەدایـە، پێویسـت بـوو لیژنەیـەکی کۆردیناسیۆنی ناوەندی پێکبهێنن.

میهری بـەللی: کۆردیناسـیۆن بـاش بـوو، ئێمـە پارتیـەکی ناوەنـدی نهێنی نەبووین، بەڵکو رێکخستنێکی پاراستن بووین.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: کۆمیتەی پاراستن..

میهری بەللی: بەڵێ... گرێدراو بوو بە دەسەڵاتێکی ناوەندی، بەڵام ئێمە ئەو کارەمان بە تەنیا هێشتەوە، لەکاتێکدا هەندێك کەس کەوتبوونە ناو کارەکە کە هیچ توانایەکیان نەبوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لەبەرئەوەی هەڵنەستان بە پێکهێنانی ناوەندێتی کاری سیاسی و پراکتیکی، ئەمە رێگەی کردەوە بۆ دەرکەوتنی ئەو گروپە چەکدارانەی کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵ بوون و ئالۆزیەکی گەورەیان دروست کرد و، رێگەیان کردەوە بۆ دەست تێوەردانی دەسەڵات لەکارەکاندا.

میهری بەللی: هەڵەیەکی گەورە بوو، لەدەرەوەی ئەوانەش ئەو توانا گەورەیەی شۆڕشی فەلەستین خولقاندبووی بەباشی سەرنجمان نەدا و سوودمان لێ نەبینی.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لە راستیدا ئێوە دەتانویست بچن بۆ مەهاباد، بەڵام خۆتان لەناو ریزەکانی سەرهەڵدانی یۆنانیدا بینیەوە، بەڵام سەرهەڵدانێکی فەلەستینی جددیتر هەیە، ئەگەر ئێوە راست هەڵسەنگاندنتان بۆی بکردایە و، بتانکردایەتە گۆڕەپانی ئامادەکاری و جێبەجێ کردنێکی راست.

میهری بەللی: خۆزگە وامان بکردایە، ئەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەشتێك بکەم، لەو ساڵانەدا هەرکەس چووبایە لای فەلەستینیەکان و داوای چەکی بکردایە، ئەوان داوای هێنانی کتێبێکی میهری بەللی یان لێدەکرد.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: توانا هەبوو گەریلایەکی تورکی پێکبهێنن.

میهری بەللی: ئەندامەکانی ئامادەبوون، بەڵام بڵاوبوونەوە، دواتر چوومە گۆڕەپانی فەلەستین بەڵام درەنگ بوو "ساڵێکی تەواو" ئەمەش مانایەکی گەورەی هەبوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: دوای 12ی ئادار...

میهری بەللی: دوای 12ی ئادار....

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: پێویست بوو لە پێش ئەوەدا بچیت، بۆ نمونە لەساڵی 1970دا.

میهری بەللی: بەڵێ... پێویست بوو پێش ساڵێك چووبام.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەڵێ، ئەگەر ئەو ئامادەکاریەتان لە فەلەستین کردبایە، بێگومان بزووتنەوەی لاوان بەتەواوی بەرەو گەریلا دەچوو، وەك چۆن لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی دەرکەوت، ئاواش تورکیا دەبووە خاوەنی گەریلا. بەداخەوە هەوڵدانی سینان، درەنگ بوو.

میهری بەللی: درەنگ و هەرزەکارانە بوو، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو بڕیارە هەبوو کە نییابەی گشتی کۆماری لە ساڵی 1960 ــ 1969 لەسەری

پێکهاتبوون: پاراستنی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی تاوان نییە. پێویست بوو دەست پێشخەری بکەم و یەکسەر پارتیەکی ئاشکرا دابمەزرێنم.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: دامەزراندنی پارتیەکی ئاشکرا.

میهری بەللی: پێویست بوو من بۆخۆم دایبمەزرێنم.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: دانەمەزراندنی هەڵەیەکی زۆر گەورەیە.

میهری بەللی: پێویست بوو ئەو پارتیە دابمەزرێنم، نەك وەکو پارتیەکانی تر، بەڵکو پارتیەك بتوانێت بەسەدان هەزار کەس لە گۆڕەپانی ئەستەمبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، ئەدەنە کۆبکاتەوە و داوای دامەزراندنی پارتی بکات.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: واتە پێویست بوو پارتیەکی ئاشکرا بۆ ئەو بنکە جەماوەریە فراوانە دابمەزرێنن.

میهری بەللی: پێویست بوو دایبمەزرێنین، لەبەرامبەردا بەڵکو رژێم قەدەخەی بکردایە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: گرنگ نییە.

میهری بەللی: هیچ پرس نییە، ئەوکاتە ئێمە ئەو کارەمان کردووە کە دەبوو بیکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئێوە دەبوونە خاوەنی رەوایی بوون، رەوایی بەرخۆدانی پێویست، لەسەر ئەوە یەکەم؛ دانەمەزراندنی پارتیەکی ئاشکرا لەساڵانی 1969 ـ 1970 دووەم؛ پەیوەندی نەبەستن لەگەڵ شۆڕشی فەلەستینی کە لەو ساڵانەدا زۆر زیندوو و چالاك بوو و، ئامادەنەکردن بۆ گەریلا، ئەمانە گرنگترین هۆکارن بۆ شکستی ساڵی 1971، لەگەڵ ئەوانەدا جووڵەی خۆرسك و بێ ئامادەکاری گروپە لاوەکان و هەڵسانیان بە ئەنجامدانی هەندێك چالاکی بێ کۆردینە کە دەرفەتی سەرکەوتنی تێدانەبوو.

میهری بەللی: بەتەواوی بەپێچەوانەوەیە، خزمەتی لایەنەکەی تری دەکرد و گەلی لێ دوور دەخستینەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: لێرەدا دیاریکردنێکی بچووکم هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، گەلی تورك....

میهری بەللی: رێم بدە کە نارەزایی لەسەر ئەوە نیشان بدەم، نەدەکرا لەو شەڕەدا سەربکەوین، بەڵام دەمانتوانی بناخەی بەهێز بۆ بەرخۆدانی دابنێین.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بناخەی بەهێز و میراتێکی بەهێز بۆ ساڵانی دوای 1970، تۆ راست دەڵێی، بەڵام راوەستانتان لەبەرامبەر کودەتای فاشی میلیتاری کە لەساڵی 1971 دەرکەوت هیچ راست نەبوو، شیمانەی بنکەوتنیش هەبوو.

میهری بەللی: بەڵام توانای بەرخۆدانێکی دلێرانە هەبوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ئاڵان: کودەتای 12ی ئادار نەیدەتوانی بەئاسانی ئەنجام بەدەست بهێنێت، ئەو هەموو توانا شۆڕشگێڕیە گەورەیە لە ماوەیەکی کەمدا لەناو نەدەچوو، لە راستیدا دەرفەتەکەتان لەدەستدا، هەر بۆئەوەش سوودێکی گەورە و پێویست هەیە کە رەخنەیەکی تایبەتی بەو رەنگە بدەن: من خۆڕاگرتن و بەرخۆدانی رابردووتان بەرز و پیرۆز رادەگرم، کاری بنچینەیی ئەو کۆمۆنیستانەی باستان کرد ئەوەبوو کە: ببنە تێکۆشەری هێزی شۆڕشگێڕی و هێزی پێشرەوایەتی، ئەمەش کارێکی پۆزەتیفە و ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت و بەگەیشتنە ساڵانی 1967 سەرکەوتنی پێویستی بەدەست هێنا، دارمانی ئەو هاوپەیمانێتیە شتێکی باش نەبوو، خۆ تەنیاکردن لە بەرامبەر هێزی مەزنی سەربازی کارێکی نێگەتیفانە بوو، کە وایکرد دۆغان ئۆچی ئۆغلو سەرنەکەوێت، ئەگەر یەکگرتن بەردەوام بووایە بواری سەرکەوتن زۆرتر دەبوو. هەستانی ئێوە بەگەشەپێدانی بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕی تێکۆشەر لەبەرامبەر پارتی کرێکاران هەنگاوێکی پۆزەتیفە، منیش ئەو قۆناخەم بینی، پێیان دەووترا، شۆڕشگێڕە نیشتمانیە دیموکراسیەکان. ئەم هەنگاوە بێگومان پاڵێکی دیکەی بەلاوانەوە نا بەرەو پێش، بەڵام لە ئەنجامی سروشتی ئەم پێشکەوتنە پێویست بوو پارتیەکی ئاشکرایان هەبێت...! لەوانەیە بەردەوام بێت یان نا، لەوانەیە دابخرێت یان نا، ئەمە گرنگ نییە. گرنگ لێرەدا دانەمەزراندنی ئەو پارتییە هەڵەیەکی مەزنە. بەڵام هەڵەی گەورەتر ئەوە بوو کە گوێیان لەدەنگی پێی کودەتای 12ی ئادار بوو واتە دەنگی پێی فاشیزم کە زۆری دەکرد پێداویستی پێکبێت، لە راستیدا ناکرێت بڵێین: لاوانی شۆڕشگێڕ ئەوەیان دەرك پێنەکرد، بەتایبەت ئەوان ئەزموونی ڤێتنام و کوبایان دەخوێند و گفتوگۆی تیۆری شەڕی گەلێریان دەکرد، بەڵام ئامادەکاریە پراکتیکیەکان تەواو نەبوون...! وەکو باسمان کرد فەلەستین لەبیری کەس دانەبوو و، ئەگەر بەبیریاندا هاتبێ، کەس بەجددی لەسەری رانەوەستا.

میهری بەللی: لە راستیدا هەندێك وەهم لامان هەبوو، ئێمە دەمان ووت: عەرەفات بەو شێوەیە سڵاو دەکات.

عەبدوڵڵا نۆچ ئاڵان: ئەم وەهمانە شایەنی گفتوگۆ نییە، خۆزگە ژیرێك هەبوایە و گروپێکی لە چل ـ پەنجا کەسی پێك بهێنایە، هاتن زۆر ئاسان بوو، هیچ کێشەیەك نەبوو، وەکو ئەمڕۆ دەردەکەوێت، ئەو کاتە گروپێکی گەریلای بەتەواوی بەرپرسیار دەردەکەوت، وەك چۆن هۆشی منە لەو کاتانەدا پێکی هێنا، لە شەستەکاندا گروپی گەورە دەهاتن لەجەزائیر پەروەردەیان دەبینی و دەگەڕانەوە بۆ مۆزەمبیق و ئەنگۆلا و وڵاتانی تری ئەفریقیا و لەدواییدا

شۆڕشیان دەست پێدەکرد، ئەگەر ئێوەش کارێکی بەم شێوەیەتان بکردایە، ئەوا لە چیای تۆرۆس دەستتان پێدەکرد و هەتا دەگەیشتنە ناوچەی دەریای رەش لەتورکیا. سوپایەکی سەرنج راکێشی گەریلا دروست دەبوو، بێگومان ئەنجامدانی ئامانجێکی بەو رەنگە زۆر ئاسان نییە، بەڵام بەسەدان هەزار لاو و جووتیار و کرێکار لە رەوشی ئامادەییدا بوون، لە چوارچێوەی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ ئەو توێژ و چینانە زۆر ئاسان بوو، پارتیەکی ئاشکرا دابمەزرێت ـ دەرفەتیش بۆ ئەوکارە ئامادە بوو ــ هەروەها پێشخستنی بزووتنەوەی جووتیاران لەگوند، بەتایبەت لەناوچەی دەریای رەش و تۆرۆس و ئەنتاکیا. وەك دەزانن لەوێ زەمینەی بەهێزبوو، بڵاوکردنەوەی گروپی گەریلا لەو ناوچانەدا، وەکو گەریلای سوپای رزگاری گەلی تورکیا و سوپای رزگاری کرێکاران و جووتیارانی تورکیا نەبوو کە درەنگ دەرکەوت، بەڵکو بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو بوو پاش ئامادەکاریەکی پێویست و کۆبوونەوەیەکی راست، کە ئەمە دەیتوانی رێگا لەبەردەم بەرخۆدانیەکی کاریگەر لە بەرامبەر کودەتای 12ی ئادار بکاتەوە و، کاریگەریەکی زۆری لەسەر قۆناخی ئایندە لە ساڵی 1970دا هێشتەوە. بەڕای من هەلەکەتان لەدەستدا دوایش سوپای رزگاری گەلی تورکیا و سوپای رزگاری کرێکاران و جووتیارانی تورکیا و پارتی رزگاری گەلی تورکیا بەساڵان درەنگ هاتن بۆ ئەو کارەی کە پێویست بوو ئێوە ئەنجامی بدەن، ئەم دواکەوتنەش هۆکارە بۆ سەرنەکەوتن، بەداخێکی گەورەوە ئەم رێکخستنانە تەنیا رێکخستنی خۆڕزگار کردنە، ئەم رێکخستنانە درەنگ هاتوون، بەژێر کەوتن کۆتاییان دێت و زەمینەی قووڵکردنەوەی بڵاوبوونەوە و کەمکردنەوەی توانای سەرکەوتنی خەباتی چەکداری دەرەخسێنێ، ئەگەر دەتانەوێ با ئەمە چارەسەر بکەین...

میهری بەللی: رێگەم بدە ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بکەم لەو قۆناخەدا، لەساڵی 1962 هەواڵێکم لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆهات کە داوای دەکرد بیرۆیەك لەدەرەوە بکرێتەوە، خراپ بوونی پەیوەندیەکان لەگەڵ چیندا زێدەتر بوو، بەڵام شاراوە بوو و ئاشکرا نەبوبوو، پیلانی دەکرد بیرۆیەك لەدەرەوە بکاتەوە کە زەکی باشتمار بەرێوەی ببات، ئەمەش لە یەکێتی سۆڤیەت جێگیربوو، رێنمایەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بەو شێوەیە بوو، وەڵامم دانەوە: ئەگەر پێویست بێت بیرۆیەك لەدەرەوە بکرێتەوە، ئەوا ئێمە بڕیاری ئەوە دەدەین، هەروەها ئەوەی بەرێوەی ببات لەلایەن ئێمەوە دیاری دەکرێت، بەتایبەت کە زەکی لەقۆناخی لێکۆڵینەوە و زیندان، لەکۆمیتەی ناوەندی خرابوو، دوای ئەوانە لەگەڵ هەڤاڵاندا لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم کرد و هەڵوێستی منیان راست بینی و پێیان باش بوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: من باش لە هەڵوێستی ئێوە تێدەگەم، ئێوە دەتانویست ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی سەربەخۆ پیادەبکەن.

میهری بەللی: من زیادەم کرد و ووتم: ئێمە لەگەڵ یەکێتی داین لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و، دوورین لەهەموو توندڕەویەك کە زیان بەو یەکێتیە بگەیەنێت.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: ئێوە ئاماژە بەهەڵوێستی هۆشی منە دەدەن.

میهری بەللی: بەڵێ وەڵامی ئێمە بەو رەنگە بوو، دوای ئەوە ئێستگەکەمان دەستی پێکرد، "ئێستگەی پارتی کۆمۆنیستی تورکی" بەناردنی جنێو و شتی ناخۆش بۆمان، بەڵام چۆن...؟ جار جار تاوانباریان دەکردین کە تروتسکین جارێکی تر ستالینیستین و سێیەمیش ماوین، ئەمە باوەڕی پێ ناکرێت..! مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەیەك کاتدا هەرسێکیان بێت..؟ هەندێك هەبوون ئێمەیان رەخنەکرد: ئێوە بۆچی بەگوێرەی پرەنسیپی پارتییە کۆمۆنیستە کلاسیکەکان ریکخستنتان دروست نەکرد، ئێمە نەمان کرد چونکە کردنی هەڵەبوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: ئەوانەی رەخنەیان دەکرد لە ئەندامە کۆنەکانی پارتی کرێکاران نەبوون...؟

میهری بەللی: بەڵێ... ئەمرۆ هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی کادیرە کۆنەکان و تێکەڵ کردنی بە لاوان و منداڵان... هیچ کادیرێکیان نییە بایەخی هەبێت.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لەڕاستیدا هەڵبژاردنەکەتان ئامانجی خۆی پێکاوە.

میهری بەللی: لەلایەکی ترەوە ئەو لاوانە هەن کە زۆر بە جۆش و خرۆشن، بەڵام کەوتوونەتە ناو تۆڕی ئاشکرایی، بۆ پێکهێنانی رێکخستنێکی شاراوە لە چەندرۆژێکی یەکەمدا ئاشکرا دەبن و کارەکە دەبێتە پیلانگێڕی. لەدەرەوەی ئەمانەش من رەوشی دەنیز و هەڤالانیم دەبینی: 10ــ 15 کەس ئەچوونە شەقام و رێپێوانێکیان رێك دەخست و بەهەزاران بەشداریان تێدا دەکرد و دوای پۆلیس دەکەوتن، دوایی بەدەیان لەوانە دەگیران، بێ ئەوەی یەکێکیان بتوانێت رابکات، بارودۆخەکە بەم ڕەنگە بوو، لەلایەکی ترەوە پشتگیری گەلێری بێ سنوور بوو، لەوەش زیاتر بەقاڵەکان لاوەکانیان دەگرت و تەسلیمی پۆلیسیان دەکرد، خۆت بخەرە جێگەی ئێمە، پێم بڵێ چۆن هەڵسوکەوتت دەکرد، لەبارودۆخێکدا کە ئەو شێوازە باوانەی پارتییە کۆمۆنیستە کلاسیکیەکان و ئەوانی تر زاڵ بوو، پاڵیان پێوە دەنای بۆئەوە، لەژێر ناوی لینین لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەو رەنگەی نووسیوە. لینین بەو شێوەیە نووسی چونکە ئەو شێوازەی لەو کاتەدا بە خوڵقکاری دەبینی، تۆش خوڵقکار ببە و، لەشێوازی وا بگەڕێ کە بگونجێت لەگەڵ رەوشەکە..!

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: لەڕاستیدا شێوازی بەڕێوەبردنی ئێوە لەو کاتانەدا هەڵە نەبوو، ئەگەر ئەو دوو خاڵەتان تەواو بکردایە کە ئاماژەم پێکرد، سەرکەوتنێکی گەورەتان بەدەست دەهێنا، ئەگەر پێویستە ئەو قۆناخە رەخنە بکرێت، ئەوا پێویستە لەم خاڵەدا رەخنە بکرێت.

میهری بەللی: لەوانەیە سەرکەوتن پێك نەهاتبێ، بەڵام بێگومان قازانج کردن هەبوو.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: تەواو راستە، سەرکەوتن پێك نەدەهات، بەڵام دەکرا کە ئالای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و گەریلایەکی زۆر پێشکەوتوو هەڵبکرایە، هەڵوێستی ئێوە لەو قۆناخەدا هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕی بەهادارە، وەك هەڵوێستی هۆشی منە. یەکەمین وتارتان لەسەر مەسەلەی کورد لەساڵی 1967 نووسیبووتان، خاوەنی بەهایەکی بڵندە و بۆشاییەکی کردەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەنێوان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و نیشتمانی، پرسەکە کەوتە ناو ریزی کارەکان، لەگەڵ کەوتنە ناو ساڵانی حەفتاکان و باس لە پەیوەندی لەگەڵ کوردان دەکرا، لەناو ریزەکانی لاوانی شۆڕشگێڕ تێکۆشەری هەڵکەوتوو هەبوون وەك عومەر عەینە و عەونی کۆك ئۆغڵو، لەدوایدا هەموویان شەهید بوون، من ئەوانەم باش دەناسی، ئەوانە زۆر بەجۆش بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و چارەسەرییەکی شۆڕشگێڕانە، ئەمەش زۆر کاریگەری لێ کردم، گرنگ ئەوەبوو کە من کردم و دەخوازم بەکورتی بڵێم، لەوساڵەدا بەشێوەیەکی دیار چوومە ئەستەمبوڵ، کەمێك پێش 12ی ئادار، من لەوێ بووم کاتێك کودەتای 12ی ئادار روویدا.

میهری بەللی: پێش ئەوە تۆ لەگەڵ یڵدز بووی، وانەبوو...؟

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: نا من لەدیاربەکر کارم دەکرد لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی تاپۆ.

میهری بەللی: کەواتە پەیوەندی لەگەڵ یڵدز لەقۆناخی دوای ئەوە دێت..؟

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: یڵدز نا، من ئامادەیی هونەریم لەئەنکەرە تەواوکرد و بۆ ماوەی ساڵێك دامەزرام. دوایی داوای خۆنووسینم کرد لە کۆلیجی ماف، بەڵام من بەباشی بەردەوام نەبووم، لەساڵی 1970 پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی کولتووری شۆڕشگێڕی رۆژهەڵات، هەروەك ئاماژەتان پێکرد بەهیچ شێوەیەك ناوی گەلی کوردیان نەدەهێنا، پێیان دەووت "گەلی رۆژهەڵات" کاتێك ووتم: گەلی کورد بەگومانەوە سەیریان دەکردم و پرسیاریان کرد: بۆچی ئەم وشە تیژانە بەکاردەهێنی...؟ منیش وڵامم دانەوە و ووتم: مافی گەلان بۆ بڕیاردانی چارەنووس، ئەوە مافێتی بۆ بونیادنانی دەوڵەتی خۆی،

بۆچی بەوشێوەیە بۆ کوردان بیر نەکەینەوە..؟ زۆر بەسەرسوڕمانەوە گومانیان دەکرد، ئەمە ساڵی 1970 بوو و، سەرەتای ساڵی 1971 بوو.

رەوشی من لەئەستەنبوڵ بەم رەنگە بوو، داواتر خۆم بەو پەرتووکانەی لینین خەریك کرد کە باس لە مافی گەلان دەکات لەبڕیاردانی چارەنووسیان. ئەوەی باستان کرد راستە، من گوێم گرتبوو لە کۆنفرانسێکی "حیکمەت قفلجملی" ئەم زاراوەیەی تێدا دووبارە کردەوە: لاوانی میزۆپۆتامیا، بە هەمووو شێوەیەك خۆی دوور دەگرت لە وتەی لاوانی کورد، من بۆخۆم ئەوەم دی، لەو کاتانەدا هەندێك ئەندامانی لاوانی شۆڕشگێڕم بینی لەکاتێکدا کە جیابوونەوە لەنێوانتاندا دەستیپێکردبوو. لەکۆلیجی ئەندازەی تەکنیکی لە ئەستەنبوڵ من گوێم لێگرتن، لەیادمە چەکیان بەکارهێنا و فیشەکیان تەقاند، نازانم ئێوە ئەوەتان لەبیرە..؟ هەر سێ ماهیرچایان و یوسف و کازم ئۆزۆ دۆغرو بوون. باوەڕدەکەم کە کۆبوونەوەی جیابوونەوە بوو.

میهری بەللی: بێگومان تۆ دەزانیت یوسف لەدوایدا چی کرد.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ... بەڵام بەلای منەوە ماهیر توونـد و زاڵ بوو، خەریکبوون و گرێدانی من بەمەسەلەی کورد و دۆستایەتیم بۆ پارتی رزگاری گەلی تورکیا ـ بەرە، بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو گرێدراوی هەڵوێستی ماهیرە لە خستنەڕووی پرسەکە. باوەڕدەکەم ماهیر پەیوەندی لەگەڵ ئێوە هەبوو، هەندێك رەخنەشی هەبوو، بەڵام من ناوەرۆکەکەی نازانم چییە؟

میهری بەللی: هیچ کاتێك گفتوگۆ لەنێوان من و ماهیردا دەرنەکەوتووە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کەمن زۆر بەباشی هەستم بە بەهای لاوانی شۆڕشگێڕ کرد، زۆر بەگەرمی پێیەوە گرێدرام، بێگومان نەدەکرا پەیوەندیم پێیانەوە لەچوارچێوەی سۆزێکی دابڕاو بوایە، لەوەش زیاتر کودەتای 12ی ئادار زۆر نزیك بوو، ئەوەی ووتم لەو زستانەدا پێکهات و لە 12ی ئاداردا کودەتاکە روویدا، لەوکاتەی کودەتاکە هەستا بەلێدانی ملی لاوانی شۆڕشگێڕ، ئێمە بەختمان هەبوو تەنها نینۆکیان کردین.

سەبارەت بەماوەی 1970 ـ 1980 شتێك هەیە بخوازن زیادی بکەن و بیڵێن ..؟ بۆئەوەی بەدوای ئەوەدا پێناسەی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەم، سەبارەت بەو ساڵانە دەتوانیت چی بڵێیت....؟ ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی چەپ ـ سۆسیالیستی گوزارشتیان لەچی دەکرد.

میهری بەللی: ئەوەی گرنگە ئەو رووداوانە بگەیەنرێنە رۆژگاری ئەمڕۆ و بەشێوەیەکی راست تەواو بکرێن، لەو ساڵانەدا بۆ چەند جارێك من چوومە تورکیا و لێی دەرکەوتم، لەو کاتانەدا ئەجەوید ئەمەی بڵاوکردەوە: کارە ئۆغلان هیوا لەوڵاتدا بڵاودەکاتەوە. ئەو پڕوپاگەندەیەی ئەوە دیاری دەکات

کە بەرخودانی لەبەرامبەر فاشیزم کردووە، دەرکەوت کە پیاوی موخابەراتی ئەمەریکایە، ئەگەرنا چۆن دەتوانێت ئەوەندە جموجوڵ بکات، لەکاتێکدا دەوڵەت ئەوەندە ئامادەکاری کردووە، لەدوای ئەوە کە ئیتر کەسی نەبینی لەکۆبوونەوەکاندا چەپڵەی بۆ لێبدات کە لێرەو لەوێ پێکی دەهێنا، وازی لەو پڕوپاگەندانە هێنا. من لەتورکیا بووم، بڕیارمدا کە نامەیەك لەدەرەوەی وڵات بنێرین بۆ ئەجەوید لەڕێگەی مستەفا ئەکمەکچی کە نزیکی بوو، ئێستاش سکرتێری رۆژنامەی میللیەتە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەو ئۆزکۆك بوو...؟

میهری بەللی: نەخێر من بە ئاڵتان ئۆیمانم ووت: بەو پیاوە بڵێ هیچ داوایەکی تۆ رەت نەکاتەوە. تۆ جنێو بەپیاوێك دەدەیت کە بە بەکرێگیراوی دادەنێیت..تۆ ئەمڕۆ سەرۆکی پارتیت و رۆژێك ئێوە لە پلەی وەزیردا بوون، دەزگای ئیستخباراتی (هەواڵگری) ئێوە لەدەزگای ئێمە بەهێزترە، باس لەوە نەکە کە هەندێکیان بەکارهێنا بۆ ئاراستەکردنی جنێو و سووکایەتی بۆ ئەوانەی لەلایەنی چەپەوە رادەوەستن، لەجیاتی ئەوە هەندێ بەکرێگیراوی CIA دیاری بکە و پەردەیان لەسەر لابدە، ئەمە ئەرکێکی نیشتمانییە، هەروەها ووتم: ئێمە ناتوانین بۆ بێزاریمان لە کێچ هەموو شتێك بسووتێنین. رەوشی وڵات بەمڕەنگە بوو.. لەسەرەتادا هەندێك لەبەرخودان، پاڵیان پێوەناین بۆ ئەم رەوشە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: دەڵێن چەپ لەژێر کۆنترۆڵ دەرکەوتبوو.

میهری بەللی: دەوترێت ئەجەوید جارێکیان نامەیەکی لەبەر گوێی ئاڵتان ئۆیمان و ئەکمەکچی خوێندبۆوە، کە تیایدا هاتبوو: پیاوەکانی ئەم و ئەوە دەڵێن.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: لەوانەیە.

میهری بەللی: لەزیندانەکان کەسانێك دەرکەوتن و دەیان ووت: "سوڵتان عەبدولحەمید وڵاتپارێز بوو، بەڵام میهری بەللی خائینە، دیمیریل وڵاتپارێزە" وەکو شێت بووبن.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: موخابەرات وای لێکردبوون ئەو شتانە بڵێن، قسەکانیان هیچ نرخێکی نییە، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە رێکخستنی ناوەندی گروپەکان بڵاوبۆوە و لاوانی شۆڕشگێڕ لەژێر کۆنترۆڵ دەرکەوتبوون. جووڵەی ئەجەوید و کارە ئۆغلان دوای کودەتای 12ی ئادار، دەیانویست ئەو وزانە بدزن و بەخۆیانەوە گرێی بدەن، گروپەکان زۆر زیاتر بڵاوبوونەوە، سەرۆکایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پاکتاوکرا، ئێوە ئەوکاتە لەکوێ بوون...؟

میهری بەللی: من لەوکاتەدا لەزیندان دا بووم.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: بەو رەنگە چەندە مایتەوە..؟

میهری بەللی: سەد رۆژ.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: بەڕاستی غەریبە.

میهری بەللی: سەد رۆژ بەچەکەوە گیرام.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: بەڵێ، بەڵێ، تۆ بەچەکەوە دەگەڕایتەوە بۆ وڵات.

میهری بەللی: لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ و وڵات.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: لەکاتی گەڕانەوە بەچەکەوە بەو هیوایەی هەڵمەتێکی نوێ دەست پێ بکەن.

میهری بەللی: بەو شێوەیە بەگوێی مندا چرپاندیان.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: ئەوە لەکام ساڵە دابوو..؟

میهری بەللی: ئۆکتۆبەری 1971...؟

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: لەبەرامبەر فاشیزمی 12ی ئادار.

میهری بەللی: هەوڵدانێکی بێ ئومێدبوو، بەڵام پێویست بوو.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: درەنگ بوو.

میهری بەللی: درەنگە یان نا گرنگ نییە... گرنگ..

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: بەڵام جێگای بایەخ بوو، من بڵند ئەینرخێنم...

میهری بەللی: بۆ ئاماژە دەڵێم ئەوانەی لەگەڵمدا هاتن خاوەنی کەسایەتیەك نەبوون کە بەرپرسیارێتی هەڵبگرن.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: مەبەستت لە گروپی سامان داغە، نا...؟

میهری بەللی: دوانزە کەس لەو گروپە، ساتان بە بەراود لەگەڵ ئەوانی تر لە هەموویان باشتربوو، لاوێکی کامڵ بوو، بڕیاربوو ئەوانی تر بگەیەنمە چیای گاور پێویست بوو پێیان بڵێم "ئەرکی من لێرەدا تەواو بوو، پێویستە بگەڕێمەوە".

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: ئەو گروپانە چییان دەکرد.

میهری بەللی: ئەرکی من تەنها هاریکاریکردنیان بوو کە بەباشی بگەنە جێگای خۆیان. بەڵام کاری ڕێکخستن بڕیاربوو بەکادێرەکانی خۆم بیانکەم.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: لەوانەش تێکۆشانی چەکداری...؟

میهری بەللی: من بەکادێری خۆم پێی هەڵدەستام.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: بەو رەنگە..؟

میهری بەللی: ئەرکیان بەو شێوەیە بوو، پیاوی ئەو کارە نەبوون.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: واتە، دەتانوسیت بەکادێرە رەسەنەکان ئەو کارەبکەن و، گەریلایەکی بەو رەنگە بونیادبنێن.

میهری بەللی: هەبوو، بەڵام لەگەڵ هەمووشتێکدا، کارێکی بێ ئومێدبوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بێگومان هەنگاوێکی بێ ئومێد بوو.

میهری بەللی: بۆ نمونە پرسیاریان دەکرد: باشە ئەم کارە چۆن بەڕێوە دەچێت..؟ تۆ وای دابنێ کە گروپەکان لە موسڵ کۆبوونەوە و ئامانج بنکەی ئینچەرلیك بوو، هەنگاوی دوای ئەو چییە..؟ دوای گەیاندنی گروپەکان بۆ شوێنەکانیان و تەقاندنی کاتیۆشا، من زۆر دڵنیا دەبووم. کاتێك دەهاتن پێیان دەڵێم: من ئەرکی نیشتمانیانەی خۆمم ئەنجام دا، ئێوەش ئەو ئەرکەی لەسەرشانتانە پێکی بهێنن.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: تێڕوانینێکی زۆر تەسکە..! بەڕاستی گەریلایەکی سەرسووڕهێنەرە. لەکاتێکدا دەتانتوانی بیر لە بەستنی پەیوەندی بکەنەوە لەگەڵ گوندییە هەژارەکان. بەهەنگاوێکی بەو رەنگە گەریلا دەیتوانی لەسەر پێ خۆی رابگرێت.

میهری بەللی: بۆ زانین ئەو جێگایەی کە بۆ ئەو کارە دەستی دەدا زۆر بوو. لە کورجیك ـ مەلاتیە بەڕاستی جێگەی زۆر باش هەبوو، خانووی ئەوێ لە گرانیتی رەش پێك دێت، دیوارەکانی دەتوانێت خۆی لەبەرامبەر تۆپ باران رابگرێت. سینان لەیەکێك لەو خانوانەدا خۆی شاردبۆوە، لەژوورێکی دیکەدا تەسلیم تۆرە و لەسێیەمیشدا ئیبراهیم قایباق قایا.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بەو رەنگە...؟

میهری بەللی: دۆغو پەرینچەکیش لەژوورێکی دیکەدا بوو لەگەڵ گروپێك لە کچان و کوڕان کە تیایدا وێنەی من هەڵواسرابوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: ئەوەی لێرەدا گرنگە، نیاز هەبوو شەڕی گەریلا دەستپێبکەن، هەرچەندە درەنگیش بوو.

میهری بەللی: نیاز هەبوو... بەڵام بۆ پاراستنی روو سووری بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ ناڵان: بەو شێوەیە بوو، باوەڕدەکەم کە ئێوە لەدوای ئەوە هەستان بە دامەزراندنی پارتی کار. ئەوە لەکام ساڵدا بوو.

میهری بەللی: دوای هاتنمان، پارتی کاری تورکیمان دامەزراند، زۆریان لێکردین کە ئەو هەنگاوە بهاوێژین، لەڕاستیدا هەموو ئەو کادیرانەی لەگەڵماندا بوون هەڵبژاردە بوون و لەریزەکانی پێشەوەی تێکۆشەرە لاوەکاندا جێگەی خۆیان گرتبوو. هەمان ئەوانە بوون کە لەقۆناخی کودەتای 12ی ئادار بە نهێنی لەگەڵیاندا ژیابووم، بەڵام ئەوەی روویدا لەماوەی دوای ئەوە روویدا، هەندێکیان کەوتنە ژێر کاریگەری دەرەکی و، هەرچی لەدەستیان هات کردیان بۆئەوەی ئەو هەنگاوەمان بتەقێننەوە کە هاوێشتبوومان. داوای داخستنی پارتییان بڵند کردەوە. هەر لەڕۆژی یەکەمی دامەزراندنەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوە لە چ ساڵێکدا بوو..؟

میهری بەللی: 1974 ـ 1975

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەڕاستیدا هەنگاوێکی پۆزەتیف بوو.

میهری بەللی: پۆزەتیف بوو، لەگەڵ دامەزراندنی پارتیدا وشەی "**کورد**"مان خستە ناو پرۆگرام.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەبیرمە. هەربۆئەوەش داوایان لە دژی بەرزکردەوە.

میهری بەللی: دۆزیان بەرزکردەوە و داوایان لێکردین ئەو وشەیە لە بەرنامەکە دەربخەین، ئێمە رەتمان کردەوە و ئاماژەمان کرد بۆ بەندی بڕیاری یەکسانی کە لە یاسای پارتە سیاسیەکاندا هەبوو. چونکە لە دەستووردا ماددەیەك هەیە بەکارهێنانی وشەی "کورد" قەدەخە دەکات. پەسندمان نەکرد دەریبخەین، داواکەیان بەرزکردەوە و، داوای دەفتەری پارتی و سجیلەکانیان لێکرین بۆ پێشکەش کردنی لە داگایەکی سەربازی دا، لەژێر دۆسییەی: "دۆزی داخستنی پارتی" بەپێی هەردوو ماددەی 141 ـــ 183 ئێمە رەتمان کردەوە و ووتمان: "تاکە دەزگا کە رێدراو بێت بۆئەوەی لەدۆزی داخستنی پارتی بڕوانێت دادگای دەستوورییە". ماددەیەکی تایبەت هەیە لەیاسای ئیفلاس ژمارەکەیم بیرناکەوێتەوە، تیایدا هاتووە کە کەسی ئیفلاسی کرد، شەش مانگ بکەوێتە زیندان، ئەگەر دەفتەرەکانی خۆی پێشکەشی دادگا نەکات. منیان خستە زیندان. لەساڵی 1976 چەپەکانمان پارچە بوون بۆ چوار گروپ. لەنێو گروپی سوپای ئازادی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا دوو گوندی هەبوون، من ئەوانم دەناسی، باشم بینی لەگەڵیاندا بژیم. بەڕاستی لەگەڵ ئەو گروپە ناوبراوەدا مامەوە، ئەم گروپە بە بەردەوامی گوێی لە رادیۆی ئەلبانیا دەگرت، یەکێك لەئەندامەکانی کە لە فەرەنسا هاتبوو و وەریدەگێڕا و لە رێگای زیندانیەکانەوە دەینارد بۆ گروپەکەیان لە گەرەکە گەلێریەکان. ئەوانەی دەیان نووسی بەم رەنگە بوو، ئەوانی تر هەموویان خائینن هەلپەرستن، تەنها ئێمە کۆمۆنیستین. ماو و ئەنوەرخۆجە چیان گوتووە ئایەتی پیرۆزە، رەوشێك بوو کە بێزاری دروست دەکرد، بلاوبوونەوەیەك بوو بێ هیوایی لای مرۆڤ دەچاند.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوە لەساڵی 1970دابوو.

میهری بەللی: 1976

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دوای ئەوە چی تر..؟

میهری بەللی: دوای شەش مانگ دەرکەوتم و جارێکی تر کارەکانم گرتەوە دەست، زۆر بە دۆزی گرتنی پارتی خەریك بووم.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بەکورتی بەبەردەوامی لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەدا بوون.

میهری بەللی: بەکورتی دەست پێشخەری بەبەردەوامی لەدەستی دوژمندا بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: دەست پێشخەری لەدەست دوژمندا بوو، چونکە دادوەرەکان لەریزی ئەو دابوون.

میهری بەللی: بۆئەوەی جیابوونەوە و بڵاوبوونەوە بەردەوام بێت، هەندێك هەبوون چی پێویست بوو دەیانکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: دزە، پارچە بوون و جیابوونەوە، هەتا سەرمل هاتبوو.

میهری بەللی: بەرێژەیەکی ترسناك.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ئەخوازن ئاماژەی بۆ بکەن..؟

میهری بەللی: بەڵێ..

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: با وابێ دەست پێشخەری لەدەستتان دەرکەوت و پارچەبوونیش زێدە دەبوو.

میهری بەللی: رەوش بەو رەنگە بوو.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: قەرەباڵغیەکی گەورە.

میهری بەللی: رێگای شۆڕش، کە لە رواڵەتدا وەکو رێکخستنێکی زەبەلاح دیاردەبوو، دەرکەوت پووچە.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بەتەواوی پووچ نەبوو...؟

میهری بەللی: بەڵێ پووچ بوو..

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: ناوێکی دیکە هەیە...؟

میهری بەللی: نەخێر، لەوکاتەدا نەمان بینیبوو، بەڵام ئەوەی دیاربوو هەموو دەرگاکان لەبەردەمیدا کراوەبوون، بەڵام لەسەردەمی 12ی ئادار هیچ بەرخۆدانیەکی نەکرد.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: بەڵێ، لەدوای کودەتای 12ی ئەیلول بەتەواوی روونبۆوە کە گروپێکی پووچە و لەپارتی رزگاری گەلی تورکیا ــ بەرە پووچترە.

میهری بەللی: لە زانکۆ ئەوروپیەکان لەم سەردەمەی دواییدا شتێك بڵاوبۆتەوە کە پێی دەووترێت "چەپی نوێ" زمانحاڵی ئەویش "بیریکیم"ە، کە موراد بەلگە دەریدەخات و بەکەسایەتی ماهیر چاپاندا هەڵدەدات.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: گوناهە.

میهری بەللی: بێگومان....

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: تێکەڵکردنێکی هزری بێ سنوورە.

میهری بەللی: بناخەی ئایدیۆلۆژی نییە، خەباتێکی دابڕاوە، لە پاراستنی بەرخۆداندا ئامادە نییە، بێگومان نکۆڵی لەبەرخۆدانی بنکەکان ناکەین، ئەوانە راستی نەگۆڕن.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بێگومان.

میهری بەللی: لەگەڵ ئەوەی لە حەفتاکاندا پارچەبوون دەرکەوت، بەڵام بەرخۆدانی لەبەرامبەر فاشیزم بەردەوام بوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لەگەڵ نەبوونی رێبازێکی سیاسی چەسپاو.

میهری بەللی: هەروەها پێداگرتنی ئایدیۆلۆژیش نییە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: لە سوپای رزگاری کرێکاران و جووتیارانی تورکیادا هەیە.

میهری بەللی: باش نایناسم، بەڵام تێڕوانینی من بۆ ئیبراهیم قایپاق قایا پۆزەتیفە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: مەبەستم پاراستنی ئیبراهیمە لە دادگادا.

میهری بەللی: وەك شرۆڤەم کرد لەزیندانەدا بەیەکەوە بووین، لەکاتی دامەزراندندا لەوێ بووم، بەو رەنگە بوو کە باسم کرد، واتە جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو لەوەی کە ئێستا تیایدایە.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: باوەڕدەکەم ئێوە قۆناخی هەتا حەفتاکانتان لەچوارچێوەی رێبازێکی دیار بەڕێوەبرد، لەچوارچێوەی هەوڵەکانتان بۆ پێکهێنانی گەریلا و دامەزراندنی پارتیەکی ئاشکرا، بەڵام لەگەڵ ئەو زەبرەی کە لاوانی شۆڕشگێڕ لەدوای کودەتای 12ی ئادار بەریانکەوت، بزووتنەوەی سۆسیالیستی تا رێژەیەکی زۆر بێ سەرۆکایەتی مایەوە. دوای دەرکەوتن لە وڵات و دوابەدوای کودەتای 12ی ئادار، کارە ئۆغلان (پارتی گەلی کۆماری) کارەکانی بەڕێوە دەبرد، گروپەکان بەڕادەیەکی زۆر پارچە بوون و جیا بوونەوە.

میهری بەللی: لەو کاتانەدا پارتی کۆمۆنیستی تورکیا هەبوو.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەڵێ ئەمە شتێکی سەرسووڕهێنەرە کە لەوکاتەی ئەجەوید کارەکانی گرتەدەست، پاکتاوکردنی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا پێشکەوت.

میهری بەللی: هەموو دەنگەکان بۆ ئەجەوید بوون.

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەتەواوی دەیویست میراتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی سەرنەکەوتوو بخاتە ژێر دەستی خۆی.

میهری بەللی: بێ هیوایی رێکدەخست (کە تووشی دۆڕاوەکان ببوو).

عەبدوڵڵ نۆچ ئالان: بەڵێ بێ هیوایی .. رێکخستنی بێ هیوایی.

میهری بەللی: ....

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بە ڕێکخستنی بێ هیوایی دەبێتە پردێك بۆ CHP، لەبەرئەوەی گروپەکان رەخنەیەکی تایبەتی جددیان لەقۆناخی رابردوودا پێشکەش نەکرد، پارچەبوون و بەشبوون کاریگکی حاشاهەڵنەگر بوو، دەتوانین بڵێین هەوڵەکانتان بۆ دامەزراندنی پارتی کاری تورکی درەنگ بوو. لەکاتێکدا....

میهری بەللی: هەر لەڕۆژی یەکەمەوە بڕیاری مردنی بەسەردا درا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ.

میهری بەللی: هەر لەڕۆژی یەکەمەوە دادگایی کردنی بەواتای بڕیاری مردن دێت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: گرنگە.

میهری بەللی: پێش کودەتای 12ی ئەیلول داخرا.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ.. باوەڕدەکەم هەوڵەکانتان لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، بەتایبەت لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا تێکشکا، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو گروپە لەژێر کۆنترۆڵی ئێوە دەرکەوتن و، هێزی ڕێکخستنی بزووتنەوەی فاشی پەرەی سەند.

میهری بەللی: بێگومان، دەستپێشخەری کەوتە دەستی ئەوان.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەوە بێگومانە، بەتایبەت لەماوەی هەردوو بەرەی نەتەوەیی یەکەم و دووەم تاوان یەك لەدوای یەك زێدە بوو، چەپ رۆژ لەدوای رۆژ پارچە بوو، گروپە چەپەکان کەوتبوونە رەوشێك کە پێشبڕکێیان دەکرد لە جنێودان بەیەکتری، ئەمە بەتەنها بەسە بۆئەوەی بێگومان بین لەوەی کە ناپاك بوون، ئەگەر دەخوازیت با ئەم خاڵەش باش شیبکەینەوە، ئەزموونی ئێمە هەیە ناومان برد بە "نینۆك کردن".

میهری بەللی: رابردووتان....

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەکەمترین زەرەر ئەو ترسەمان تێپەڕاند، کاتێك لەزیندان دەرکەوتم بۆشاییەکی گەورە هەبوو، بەو رەنگە کودەتای 12ی ئادارمان تێپەڕاند، وەك دەزانن رووداوەکانی قزل دەرە دەرکەوتبوون و، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بەشێوەیەکی تراژیدی تیایدا سەرۆکایەتی خۆی لەدەست دابوو، زۆر کاریگەری لەئێمە کرد، تا ئەو کاتەش من سۆزم بۆیان هەبوو، لەکۆلیجی زانستە سیاسیەکان دەمخوێند، لەوکاتەدا بۆ جاری یەکەمین نارەزایەتیمان بەرامبەر 12ی ئادار نیشاندا، دوایش زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوایاندا هات، دوایش بۆ ماوەی شەش مانگ گیرام کە لە 7ی نیسان دەستپێکرد. باقی تۆغ، کە بڕیاری لەسێدارەدانی دەنیز گەزمیشی

دەرکردبوو، داوای 15 ساڵ زیندانی بۆ من دەکرد، تەنها یەك شایەت هەبوو، ئەگەر ببوایە دووان سزاکە بێگومان دەبوو، بەو رەنگەش ئەو مەترسیەم بەکەمترین زەرەر دەربازکرد، زۆر ئەزموونم لەو شەش ـ حەوت مانگە وەرگرت کە لەزینداندا بەسەرم برد.

دوای رووداوی قزل دەرە، لەزینداندا رووداوی لەسێدارەدانی دەنیز گەزمیشم چاودێری کرد، لەو کاتەدا لێکۆڵینەوەم لەسەر پرسی کورد دەکرد، دوای ئەوە دڵنیا بووم کە پارتی رزگاری گەلی تورکیا ـ بەرە ناتوانێت ریزەکانی خۆی بەپەلە رێکبخاتەوە، لە کۆتایی ساڵی 1972 و سەرەتای 1973 باوەڕم هێنا بەوەی کە ئاواکردنی گروپێك لە رۆشنبیران لەسەر راستی کوردستان هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام، بەڕای من لەو قۆناخەدا گرنگترین هەنگاو بوو، چەپی تورك سەرۆکایەتی خۆی لەدەستدا بوو و بەدەست پارچەبوون و بڵاوبوونەوەوە دەیناڵاند، پەیوەندی کردنی من وەکو تاکێك هیچی لەئەنجام نەدەگۆڕی، بۆئەوە بیرم دەکردەوە کە چارەسەرکردنی راستی کورد ـ کە وەکو زەویەکی بەکار نەهاتووە ـ لەسەر راستی و رۆشنایی ئەزموونی شۆڕشگێڕی تورکیا و پراکتیزەکردنی لەسەر راستی کوردستان دەبێت، لەژێر تێزی "شۆڕشی نیشتمانی دیموکراسی"، ئەمە گەورەترین و راسترین هەنگاو دەبوو، لەسەر ئەم بناخەیە ئازایەتی خۆمان کۆکردەوە و ئەو گروپەمان دروست کرد، کارێکی زۆر گران بوو، بەڵام ئێمە لەسەرەتای ساڵی 1973 بڕیارماندا و هەر لەبەرهاری ئەو ساڵەدا و بێ ئەوەی هیچ ناوێکی لێبکەین لە پێکهێنانی ئەو گروپەدا سەرکەوتین. ئەنجام: هەندێك پێشکەوتن ئەگەر لەسەر خۆبێت لەساڵانی 1973 ـ 1974 ـ 1975 پێکهاتن، ئەمە باشترین وەڵام بوو لەپێناوی پرسی نەتەوەییدا.

لەهەمان کاتدا رزگارکردنی ئێمە بوو لەم رەنجە بێهودە و ئانارشیزمی چەپی تورکی. تا ئەوکاتەش بەهیچ شێوەیەك لەبزووتنەوەی لاوانی تورکیا جیانەبووینەوە. من سەرۆك و دامەزرێنەری راستی کۆمەڵەی قوتابیانی خوێندنی باڵای شۆڕشگێڕی دیموکراسی بووم لەئەنقەرە، کە لەدوای کودەتای 12ی ئادار رۆڵێکی گرنگی پیادە کرد، واتە من بەڕاستی رۆڵی سەرۆکایەتیم لەناو بزووتنەوەی لاواندا پێکدەهێنا. لەلایەك بۆ وەلامدانەوەی رووداوەکانی قزل دەرە هەستاین بە بیناکردنی رێکخستنی جەماوەری دیموکراسی، لەلایەکی دیکەوە چالاکیمان لەپێکهێنانی کۆمەڵە کوردیەکەدا نواند، هەردوو کارەکەمان لەیەك کاتدا ئەنجامدا کە ئەمەش بەڕای من هەتا ئێستاش راسترین تێڕوانینە، پەیوەندیمان لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دیموکراسی تورکیای بەرفراوان نەبڕی، لەکاتێکدا کە رێکخستنی تایبەتمان بۆ

پرسی نەتەوەیی کورد دروست دەکرد، واتە بەپشت بەستن بەڕاستی کوردی، ئەمەیە هەڵوێستی خوڵقکاری، ئەمە ئەو تایبەتمەندیەیە کە بەدەر لەهەمووان رەنگ رێژم کرد، کەس نەبوو باوەڕ بە سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە بهێنێ، هەتا ئەو کاتەش نەناسرابووین، من باوەڕیەکی تەواوم هەیە کە ئێمە بەو هەنگاوەمان لەسەر ئاستی پرسی نەتەوەیی بۆشاییەکی مێژوویی گەورەمان پڕکردەوە، ئەمەش بەختی ئێمە بوو کە نەیهێشت بکەوێتە تۆڕی ئەو ململانێیەی لەنێوان گروپەکاندا هەبوو و هاوکاری کردین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە بزووتنەوەی لاوان بەجێی هێشتبوو، بەو شێوەیە ئێمە لەدوو بواردا لەناوەڕاستی حەفتاکاندا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا. یەکەمیان؛ پراکتیزەکردنی تێزی ئێوە سەبارەت بە شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی لەسەر راستی کوردی. دووەمیان؛ پراکتیزەکردنی هەڵوێستی ئێوە بۆ بزووتنەوەی لاوان. ئەمەش لەناوەڕاستی حەفتاکاندا بەگوێرەی ئەو رەوشەی کە دەردەکەوت. راستە ئەم هەنگاوە دە ساڵ درەنگ بوو، یاخود دەتوانین بڵێین دوای دە ساڵ دووبار بۆوە، بەڵام لە راستیدا هەنگاوێکی سەرکەوتوو بوو.

میهری بەللی: ئێوە پێداگرتنێکی بڵندتان نیشاندا.

عەبدوڵڵا نۆچ نالان: پێداگرتنێکی بڵند، لەگەڵماندا هەڤاڵی توركی دڵسۆز هەبوون لەنموونەی حەقی قەرار و کەمال پیر، من هەڤاڵانی تورکم لە گروپەکەدا بەشدار دەکرد، کە دامەزراندنی بوو بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ، ئەمەش بۆخۆی رەوتێکی نوێ بوو لەساڵی 1970دا و شایەنی سەرنجە و، سەرکەوتن و ئەنجامی بەدەست هێنا، لە راستیدا رێکخستنەکانی رێگای شۆڕشگێڕی کە زەبەلاح بوو هەروەها پارتی کۆمۆنیستی تورکیا و بزووتنەوەی رزگاری گەلی تورکیا هەموویان لێدران و تێکشکێنران، لەکاتێکدا کە ئێمە لەبەرامبەر ئەو رێکخستنانە گروپێکی بچووك بووین ئەوانیش بەتەواوی گۆڕەپانەکەیان لەدەستدا بوو، بەڵام بەهۆی راستی هەڵوێستمان و وانە دەرخستن لەکودەتای 12ی ئادار هەلی بەپەلەمان دەست کەوت بۆ گەشەکردن. لەو کاتەدا من پێم دادەگرت لەسەر پێك هێنانی رێکخستنێکی دوور مەودا بەبێ دەستبەردان لەکارە گشتیەکان. واتە کاری سەرتاسەری و بەرفراوان، من هەردووکیانم لەناویەکدا کۆدەکردەوە، لەو سەرەتایەوە کە ئەمە کارێکی سۆسیالیستی راستە بۆ ئەم قۆناخە، ئەمە ئەو ئەنجامە بوو کە بەدەستم هێنابوو لەو پەرتووکە تیۆریانەی خوێندبوومەوە. گرنگترین سیمای قۆناخی دوای ساڵی 1975 واتە ئەو قۆناخەی لەساڵی 1975 بۆ ساڵی 1980 درێژ دەبێتەوە. ئەمانە بوون: بەهێزبوونی رێکخستنی بزووتنەوەی فاشی، بەتایبەت کە لە سەرەتای شەستەکاندا پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستی

بەسەردا گرت و، پارتی گوندیەکانی کۆماری دامەزراند، هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵەکانی دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم و ئەم کۆمەڵانە بوونە جێگەی نوخبە. هەموو ئەم پێشکەوتنانە دەرکەوتن دوای ئەوەی تورکێش پەروەردەیەکی تایبەتی لە ئەمریکا بینی. بەتایبەت لەسەر کۆنتر گەریلا لەسەر دەستی موخابەرات (هەوالگری)ی ئەمریکی لەساڵی 1949، کە لەو کاتانەدا لەناو سوپای تورکیادا ئەفسەرێکی پایەبەرز بوو، دوای ساڵانی پەنجاکان لەشاری ئەلعەزیز مایەوە و بەشی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی دامەزراند، شیمانەی زیاتر ئەوە بوو کە لەناو دەزگای شەڕی تایبەتدا کاری بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیان پێدا بوو، لەدوای کودەتای 27ی ئادار بوو بە ئەفسەرێکی چالاك، ئەگەر لەتوانایدا بووایە کودەتاکەی دەکردە کودەتایەکی فاشی، بەڵام مەعدەن ئۆغلۆ و گروپەکەی بەرپەرچیان دایەوە و ئەو هەلەیان پێنەدا، لە دوای سەرنەکەوتنی تورکێش لە پێکهێنانی خواستەکانی لەگەڵ هەوڵی کودەتا یەك لەدوای یەکەکان، هەستا بە دروستکردنی بزووتنەوەی فاشی مەدەنی کە زۆر ناسراو بوو، لەکاتێکدا لەناو سوپاشدا پایەی بەهێزی بۆخۆی دروستکرد. پەیوەندی بەهێزی بە موخابەراتی ئەمریکیەوە هەبوو، لەچوارچێوەی ئەو نمونەیەی کە لەجیهاندا زاڵ بوو، بەئامانجی تێکشکانی کۆمۆنیزم و تاکتیکی لێدانی بەدەستێکی پۆڵایین لەهەر شوێنێك کە ڕێکخستن بونیاد بنێت، لەسەر ئەم بنەمایە بناخەی بزووتنەوەی فاشی لە شەستەکاندا دامەزراند و، بە کەوتنە نێو حەفتاکان کادێرەکانی دەرخست لەدوای ئەو بزووتنەوەی نوخبە گۆڕدرا بوو بۆ بزووتنەوەیەکی چالاك، لەدوای هەردوو حکومەتی بەرەی نیشتمانی یەکەم و دووەم کە تیایدا ڕۆڵی وەزیرێکی گرتبووە دەست. بەگەیشتنە 12ی ئەیلول و لاوازبوون و بڵاوبوونەوەی چەپ، بزووتنەوەی فاشیزمی نەتەوەیی بەهێز بوو بەتایبەت لەسەر ئاستی ڕێکخستن، لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لەگەڵ کۆنتر گەریلادا هەیبوو، لێرەدا بەکورتی دەمەوێ ئاماژە بە ڕێکخستنی کۆنتر گەریلا لەو ساڵانەدا بکەم، هەرچەندە ئەم ڕێکخستنە لەکاتی کودەتای 12ی ئاداردا هەبوو، بەڵام ئەو لە ساڵی 1975 ڕۆڵی سەرەکی خۆی پێکهێنا، وەك دەزانرێت هەوڵدانێکی کوشتنی سەرنەکەوتوو دەرکەوت کە ئەجەویدیان بەئامانج گرتبوو، خۆیان ئامادە کردبوو کە هێرشێکی بەرفراوانی گرتن دژی ئێمە ئەنجام بدەن، لەو سەردەمەدا بوو کە نامیق کەمال ئەرسۆن بە هەوڵی کودەتاکە هەڵسا، لەو چوارچێوەیەدا دەوروبەریماڵێکیان گرت کە من و هەردوو هەڤاڵ کەمال پیر و مستەفا قەرەسوو تیایدا دەماینەوە، هەر لەو کاتانەدا ڕەشەکوژی 1ی ئایار دەرکەوت لەساڵی 1977، ئەمانە هەموویان

نیشانیاندا کە کودەتایەکی فاشی جددی بەڕێوەیە، دوای ئەوە زنجیرەیەك تاوانیان ئەنجامدا کە زۆرتر ئەندامانی پارتی کرێکارانی تورکیا بوونە ئامانج، هەروەها لە چوارچێوەی پیلانێکی ورد و دارێژاو ئێوەیان بەئامانج گرت.

میهری بەللی: لەساڵی 1979.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بەڵێ.. لەساڵی 1979دا بوو، گرنگ ئەوە بەردەوامی ئەو هەوڵە بوو کە لەساڵی 1977 دەستی پێکردبوو.

میهری بەللی: من وای دەبینم کە لە ساڵی 1975 دەستی پێکرد.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: من باوەڕیەکی تەواوم هەیە کە ئەوان لەسەر فەرمانی دەزگای شەڕی تایبەت ئێوەیان کردە ئامانج.

میهری بەللی: بێگومان.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەگینا تەنها چالاکیەك نەبوو گروپێکی فاشی پێکی بهێنێ.

میهری بەللی: ئەمە کاری تورکێش نەبوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئێوە بێگومان باش دەزانن کاری ئەو نەبوو، لە راستیدا بەم کارە ویستیان پاکتاوکردنی چەپ بگەیەننە لوتکە. لە راستیدا بڕیار بوو کودەتای 12ی ئەیلول لە ساڵی 1977 پێکبهێنن. هۆکاری پێك نەهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی بەرەی نەتەوەی کە هانایان بۆی برد، ئەجەویدیان لە ساڵی 1978 کردە سەرۆکی وەزیران. ئەم دوو رووداوە کودەتاکەیان دواخست، بێگومان ئێمە ئەم هەلەمان بەکارهێنا و هێزی خۆمان پتەوکرد، ئەمەش سەردەمی سەرۆکایەتی ئەجەوید بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی بەشێوەیەکی رێژەیی تاوانی کۆنتڕ گەریلا کەم کرایەوە، لە 2ی تەمموزی 1979 دەرکەوتم بۆ گۆڕەپانی دەرەوە. بەم شێوەیەش ئەو قۆناخە مەترسیدارەم تێپەڕاند.

میهری بەللی: لە ساڵی 1979دا دەرکەوتن؟

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: لە 2ی تەموزی هەمان ساڵدا بوو، بەم شێوەیە ئێمە ئەو قۆناخەمان دەرباز کرد و ئێوە رووبەڕووی هەوڵدانێکی کوشتن بوونەوە.

میهری بەللی: لە نیسانی ئەو ساڵەدا ئێوە لە دیاربەکر بوون؟

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بەڵێ.

میهری بەللی: منیش لەوێ بووم.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: باشە تۆش دوای ئەوە بوویتە ئامانج..؟

میهری بەللی: بەڵێ.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەمە زۆر گرنگە، چونکە لە چوارچێوەی ئەو شالاوی پاکتاوکردنە بوو کە لەپێش کودەتا دەرکەوت بۆ لەناو بردنی هەموو

ناوەندەكانی بەرخۆدان. لەو كاتانەدا من دەمووت: مەسەلەكە زۆر درێژ ناكات چەند مانگێك دەربار نابێت و كۆتاییمان پێ دێت، ئەگەر دەرگایەك بۆ دەركەوتن بەرەو رۆژهەلاتی ناوەڕاست ببینین بەڵكو بواری مانەوەمان دەست بكەوێت، من لەپلەیەكی بڵنددا وشیار بووم و دەمێك پێش ئەوەی 12ی ئەیلول بێت بڕیارمدا و پاشەكشەم كرد، بە تێروانینێكی تر ئەو وانەیەی كە من لە كودەتای 12ی ئادار دەرم خستبوو، فێری كردم پاشەكشە بكەم بۆ سەنگەرەكەم پێش هاتنی..

میهری بەللی: تۆ جێگای خۆت لە سەنگەردا گرت...

عەبدوللا ئۆچ ئالان: بڕیارێكی لە جێگای خۆیدا بوو، ئەو ئەنجامەی كە بەدەستم هێنابوو ئەمە بوو: پێویستە نەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ماهیر و ئەوانی تر پێی گەیشتبوون. باوەڕدەكەم ئەم هەنگاوە وای لێكردین بۆ جارێكی تر دەست بە قۆناخێكی مێژوویی بكەین، لەكاتێكدا ئێوە لەرەنجتاندا بەردەوام بوون، لەگەڵ ئەوەی بڕیاری كوشتنتان درابوو، پێم وایە ئەوانە لە رێگەی هەندێك كەسەوە كە لەناو گروپەكانی تردابوون چاودێری ئێوەیان دەكرد. وەكو تێبینیتان كرد هیچ كام لەو گروپانە بەرخۆدانیەكی شایانی باسیان نەكرد نە لەكاتی بەرپابوونی كودەتای 12ی ئەیلول و نە لەدوایشدا.

میهری بەللی: بەڵێ... هیچ بەرخۆدانییەك نەبوو.

عەبدوللا ئۆچ ئالان: چی روویدا.... لەگەڵ بەرپابوونی كودەتای 12ی ئەیلول خاڵی كۆتایی بۆ مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و لاوانی شۆڕشگێڕ و بەشێوەیەكی تایبەت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دیموكراسی توركیا دانرا، كە پێشكەوتنی بەردەوامی لە ساڵی 1965 دەخولقاند و لە پشتەوە لەگەڵ كودەتای 12ی ئادار لێدانێكی دژواری خوارد كە لەپەلوپۆی خست. دوای ئەو لە گۆڕەپانەكەدا كەسێكی جووڵە بكات نەما. وەك دەزانرێت ئێوە لەو سەردەمانەدا دەگەڕان بەدوای ئاواكردنی یەكێتی و بەرەیەكی بەرخۆدانی هاوبەش دژی فاشیزم، لەو پێناوەدا رەنجێكی زۆرتان دا و تەنانەت چوونە گۆڕەپانی دەرەوە و هاتن بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش، بەلام رەوشی گروپە توركیەكان روون و ئاشكرا بوو، ئەوەت لەبیردێت؟

میهری بەللی: بەڵێ، رەوشی ئەوان ئاشكرابوو. ئەوەی تەنیا نیازی خراپبوو تۆ بوویت.

عەبدوللا ئۆچ ئالان: نیازی خراپ؟! ناوی نیاز خراپیم لێدەكەی؟

میهری بەللی: بەمانای نیازی باشی، یان راستترە بڵێین نیاز خراپی بۆ رژێم.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: گروپە تورکیەکان دەیانویست هەرچۆنێك بێ خۆیان رزگار بکەن.

میهری بەللی: بیرت دێت..؟ بەیاننامەیەکمان ئامادەکرد و بڵاومان کردەوە، کە تیایدا رستەیەك هەبوو باس لە پیادەکردنی هەموو شێوازەکانی تێکۆشان دەکات لەسەروویانەوە تێکۆشانی چەکداری.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بەڵکو تاقیکردنەوەی هەموو شێوازەکانی تێکۆشان.

میهری بەللی: ئەوکاتە ووتم: "مادام ئاماژە بۆ هەموو شێوازەکانی تێکۆشان دەکات، لەوانەیە تێکۆشانی چەکداری بەبناخە نەگرێت". وەڵامی تۆ بەم شێوەیە بوو. هەموو شێوازەکانی تێکۆشان ئەوانەش دەگرێتەوە کە تۆ ئاماژەت پێکرد. ئەو کاتە ئەو کورتەباڵاکە هەستا ناویم لەبیرنایەتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: تانەر.

میهری بەللی: تانەر ئاقچام.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەوەی رێگای شۆڕشگێڕی پاکتاو کرد.

میهری بەللی: ئەو رستەیەی بەتەواوی رەتکردەوە، من وام کرد کە لەکۆبوونەوەکە دەریبکەین لەکاتێکدا هیچ نیازێکی خراپم بۆی نەبوو.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەمەوێ بڵێم ئێوە شایەتی ئەو قۆناخەن.

میهری بەللی: من شایەت بووم و فێربووم کە چۆن بەتەواوی رێکخستنیان پاکتاوکرد.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: وا نییە..؟ پاکتاوکردن چۆن پێکدێت..؟

میهری بەللی: پاکتاوکردن چۆن پێکدێت.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لەڕاستیدا ئەو قۆناخە بەتەواوی قۆناخی پاکتاوکردنە.

میهری بەللی: قۆناخی پاکتاوکردن.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: من بەباشی دەزانم کە هەڵی بسەنگێنن، راستە لە دەروونی ئێوەدا بێزاری دروست کردووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا ئێوە ئەو هەوڵە جددیانە و رێژەی جددیەتتان بینی کە ئێمە خاوەنین.

میهری بەللی: بەڕاستی ئێوە جددی بوون..

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: وا نییە..؟

میهری بەللی: بەڵێ.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: ئەگەر وورد ببنەوە ئەو هەڵوەشاندنەوە بەئازار و پاکتاوکردنە تراژیدییە دەبینن کە لە هەشتاکان بەدواوە چەپی تورك تووشی هاتن، لەبەرامبەریدا ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە دەبینین کە ئێمە پێکمان هێنا، ئێوەش بەبەردەوامی بەجێگەی هیواو ئومێدتان دانا، بەتایبەت کە ئێوە کۆنترین شۆڕشگێڕی تورکیا و یەکێکن لە سیما بەرچاوەکانی، من نالێم

لەهەموویان بەتەمەنتری، باوەڕدەکەم کاتێ گوێتان لە دەستپێکردنی 15ی ئاب بوو ئەم هیوایەتان تێدا بووژایەوە و بەهێزتر بوون.

میهری بەللی: ئەوکاتە ووتم.. قاچێکی شەیتان شکا، ئەمە هەنگاوێکی مێژوویی گرنگە بۆ شۆڕشگێڕان تەنانەت ئەگەر مانگێك زیاتر بەردەوام نەبێت.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: ووتتان نا...؟

میهری بەللی: ناوزەدم کرد بە "خاڵی وەرچەرخان".

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: بەڵێ.

میهری بەللی: ئەوەی بۆ من گرنگە ناوەڕۆکی ئەنتەرناسۆنالیستیە کە بزووتنەوەکەتان لەهەموو گروپەکانی بزووتنەوەی کوردی جیا دەکاتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: ئەمە زۆر روون و بەرچاوە.

میهری بەللی: واتە خواستن و هەوڵەکانتان وەکو ئەوانی تر دوژمنایەتی تورك نەبوو.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: پێویستی دوژمنایەتی تورکەکان بڵندکردنی تێکۆشان نییە.

میهری بەللی: ئەمە بەشێوازێکی ئاشکرا و روون بەرچاو بوو.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: لەوەش زیاتر ژمارەیەکی زۆر هەڤاڵی تورك لەنێو ریزەکانماندان.

میهری بەللی: لەکاتێکدا گروپە کوردیەکانی تر ناسیۆنالیزمی سەرەتاییان لێدەتکێ.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: هەروەك چۆن رێکخستنە تورکەکان شۆڤێنیزمی نەتەوەیی سەردەستیان لێ دەتکا، گروپی بزووتنەوە کوردیەکان ناسیۆنالیزمی سەرەتاییان لێ دەتکا، ئێوە ئەو راستیەتان بینی، من بەشتێکی پۆزەتیفم زانی، بێگومان بزووتنەوەکەمان لەگەڵ قۆناخی 15ی ئاب تەنیا بەشکاندنی قاچی شەیتان رانەوەستا وەك ئێوە شیتان کردەوە، هەروەها ئێوە باش دەزانن کە ئێمە تووشی کەوتن نەبووین ئەمەش بواری کردەوە بۆ پێشکەوتنی گرنگ.

میهری بەللی: لە تورکیادا رێگا بۆ پێشکەوتنی مێژوویی دەکاتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: بەواتای ئێوە ئەوانەتان تێبینی کرد و لەو وتارانەی نوسیبووتان و بلاوتان کردبۆوە هەندێك هەڵسەنگاندنتان ئەنجام دابوو.

میهری بەللی: بەڵێ.. من وەك شۆڕشگێڕێکی تورك هەڵوێستێکی پۆزەتیفم لە بەرامبەر بزووتنەوەی بەرخۆدانی کوردی نیشاندا.

عەبدوڵڵا ئۆجە ئالان: هەڵوێستی ئێوە بە بەراورد لەگەڵ رێکخستنەکانی تر نزیکترە لە ئەنتەرناسیۆنالیزم و لەوەش زیاتر هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیە،

وەك دەزانن ئەوانی تر PKKیان بەم شێوەیە ناولێکرد، ووتیان: بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی وردە بۆرژوازیە. هەروەها هەندێك هەڵوێستی تری نابەرپرسیارانە.

میهری بەللی: من نامەیەکم لە یەکێك لە هەڤاڵانەوە بۆهات کە تیایدا هاتبوو: ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی رزگاری نیشتمانی کوردستانییە، دوای ئەوەی رێگای کردەوە بۆ سەرکەوتن، ئێمە بە شۆڕشێکی سۆسیالیستی تەواوی بکەین".

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: ئەو تورك بوو..؟

میهری بەللی: بەڵێ هەڤاڵێکی تورك بوو.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: راستە.. راستە.

میهری بەللی: لەو کاتەدا وەڵامم دایەوە و ووتم من باوەڕی بەسەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوەیە بکەم کە دەڵێن ئێمەش سۆسیالیستین، یان باوەڕی بە تۆ بکەم؟ بۆچی ئەوانە بۆ خۆیان بە شۆڕشێکی سۆسیالیستی تەواوی ناکەن.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: ئەویش لەقسەکەیدا راستە، بزووتنەوەکەمان تورکیا لە سۆسیالیزم نزیك دەکاتەوە.

میهری بەللی: بەڵێ ئەوەی وتبووی پوچە، چۆن ئەوان شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دەکەن و تۆش دێیت و دەڵێیت، خۆت لابدە سەرەی منە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: بۆ ئەوەی من شۆڕشی سۆسیالیستی بکەم، ئەم هەڤاڵەمان خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ، ئەوەی شۆڕشێکی نیشتمانی دیموکراتی پێك بهێنێت دەتوانێت شۆڕشێکی سۆسیالیستی رابپەڕێنێت.

میهری بەللی: بەڵێ.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: بێگومان.

میهری بەللی: تۆ کێیت تا کلیلی هەموو شتێکت پێ بسپێرێ.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: باوەڕدەکەم کە چۆن ئێوە ئەم وشیاربوونە کوردیەتان ژیان کرد، هەروەها ماناو بەهای سەرکەوتنمان لە دەربازکردنی چواردە ساڵەی رابردوو لەناو گەرمایی شەڕێکی توندوتیژدا و نیشاندانی توانا و چالاکیەکی ئەوەندە مەزن دەبینن.

میهری بەللی: بەڵێ.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: ئەم کارە بەو مانایە نایەت کە ئێمە تورکیامان ناچاری وەرچەرخانێکی مەزن کرد..؟

میهری بەللی: زۆر سروشتیە..

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: ئەمە روون و ئاشکرایە.

میهری بەللی: بۆنمونە هەڵسانمان بەیەکەوە بەشرۆڤەکردنی رەوشەکە بەرهەمێکی سروشتی ئەم تێکۆشانەیە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەم هەڵوێستە بۆ من وەك هەڵوێستێکی سروشتی و بەهادارە. گفتوگۆ کردنی رەوشی تورکیا بەشێوەیەکی توند گرێدراوی ئەم شەڕە شۆڕشگێڕییەیە، وا نییە..؟ وەك تێبینی دەکەن تەنانەت پارتیەکانی رژێم گفتوگۆی خۆیان پەیوەست بەم شەڕەوە دەکەن، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە هەندێك گروپ، نازانم ناوی چەپی لێبکەم؟

میهری بەللی: هەندێ گروپی چەپ.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: کە بەناو خۆیدا چۆتەوە و لەپارتە بۆرژوازیەکانیش دواکەوتووترە.

میهری بەللی: تەنانەت یەك وشەش ناڵێن وەك پرسێکی بەو رەنگە بوونی نییە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: هیچ ناڵێن. زۆر سەرسووڕهێنەرە، وا نییە..؟

میهری بەللی: چەپن، یەك وشە لەسەر پرسی یەکەمی وڵات ناڵێن، چاوی خۆیان دەگرن بۆ بەرژەوەندی هەندێ لایەنی تر.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەوە ئەو هۆکارە سەرەکییە نییە کە پێش ناکەوێ؟

میهری بەللی: ئەگەر دەخوازن با هەندێك لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە تورکیادا راوەستین.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: باشترە کە تێروانینی خۆتان لەسەری بدەن، موخاتەب کێیە؟ دوای ئەوەش ئەگەر پێویست بوو لەسەری ئەدوێم.

میهری بەللی: بەڕای من موخاتەب و ئۆپۆزیسیۆن نا.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئۆپۆزیسیۆن و مەخاتەب، چۆن دەخوازی چارەسەری بکە.

میهری بەللی: وەك دەزانرێت ئەمڕۆ لە تورکیادا چەپێك هەیە کە هزری سۆسیالیستی پەسندکردووە، ئەوە بەو مانایە دێت کاتێك دەڵێین: چەپ، لەلای ئەوەوە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی هەیە. مەبەستمان لەوەیە کە پارتی گەلی دیموکراسی HADEP لە گۆڕەپانی ئاشکرادا نوێنەرایەتی دەکات.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: باشە..

میهری بەللی: رێم بدە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەم خاڵە بکەم: ئەو گروپانەی ناوی "چەپی پەرلەمانی" لەخۆیان دەکەن، لە راستیدا ئەوانە تەنها پارتی رژێمن. دروشمی چەپیان لەکاتی ئەنجامدانی رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بەرزکردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی دیماگۆجی بوو، پارتی رەفا لەم بوارەدا لەسەرووی ئەو پارتیانەیە کە بەم شێوازە پلەی بەدەست هێناوە، ئەمە راستیەکە و پێویستە

ببینرێت، واتە پارتی رەفا بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی وانیشاندا کە ئۆپۆزیسیۆنی یەکەمە و هێزی خۆی بەرێژەی یەکەم لەم خاڵەدا بەدەست هێنا.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: دەتەوێ بڵێی زاراوەی چەپەکانی بەکارهێنا.

میهری بەللی: بەکاری هێنا و بەمەش سۆزی نیشتمانی گەلی بزواند، ئەمەش گرنگە، ساڵی پار لە رێگەی شێوازی دەسەڵاتیەوە دیار بوو کە چەندە پارتیەکی پوچە، ئەوە زۆر بەڕوونی دەرکەوت، بۆ ئەوەش ناوی چەپی لێناکەن، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتیە لە راستی تورکیادا، لە راستیدا ئەم رەوشە گوزارشت لە رەوشی پارچە بوون دەکات لە گۆڕەپانی ئاشکرا و شاراوەدا. وەك هەوڵی بەلارێدابردنە و بەناوی چەپەوە بەرێوەدەبرێ و بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو. بۆنمونە بڕوانە پارتی دۆغو پەرینچەك، پارێزەرێکی سەرسەختە لە سیاسەتی فەرمی لەژێر ناوی چەپدا.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: رێگرێگە لە رێگەی یەکێتیدا.

میهری بەللی: ناوی بەرخۆدانی نیشتمانی دیموکراسی کوردی لەکەدار دەکات و لەهەمانکاتدا وەك دوژمنایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم خۆی نیشاندەدات.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتی دەداتە بارزانی.

میهری بەللی: یارمەتی بارزانی دەدات و بەمەش پشتگیری ئەو هەوڵانە دەکات کە دەیانەوێت بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراسی کوردی پاکتاو بکەن، ئەمە بەرچاوترین سیمای ئەم پارتیەیە کە بانگەشە دەکات پارتیەکی ماویستە، بەڵام ئێمە ناوی ماوییەکی میلیتاریستی لێدەکەین کە لە زانکۆ رۆژئاواییەکانەوە بۆمان هاتووە نەك لە چین و ئەشکەوتەکانی ینان (ئەشکەوتی بەناوبانگن لە تورکیا) لەبەرئەوە ناوی "خەڵکی ئەشکەوتی ینان"مان لێکردن، ئەمەش گرنگترین سیمای خەڵکی ئەشکەوتی ینانە: دوژمنایەتی کردنی دوژمنی سەرەکی دەوڵەت.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بەم شێوەیە لەگەڵ دەوڵەت یەکانگیر بوو.

میهری بەللی: بەمەش دوژمنی خۆی دیاری کرد، دوژمنی ژمارەیەك لەژێر ناوی بانگەشە و بیانویەك کە زۆر شۆڕشگێڕانە خۆی نیشاندەدات و دژایەتی ئیمپریالیزم دەکات.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: هەروەها خۆی وەك ستالینیستێکی سەرسەخت نیشان دەدات، ئەویش بە هەڵوێستێکی ماویستانە لە رێگەی بە ئامانجگرتنی ئەو ئامانجانەی کە دەوڵەت لەبەردەم خۆی دایدەنێت. تۆ ئەم مەسەلەیەت باشتر شی بکردایەتەوە.

میهری بەللی: لەساڵی 1970 واتە لەسەرەتای شەڕی سارد بۆ نمونە یەکێتی سۆڤیەت دوژمنی یەکەمی دەوڵەت بوو، دوژمنی یەکەمی پارتی

پەرینچەکیش هەمان یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام دوای تاوانبارکردنی بەخیانەتکردن لە سۆسیالیزم بە لۆژیکێکی چەپی سەراوژێر، لەکاتێکدا دوژمنی ئەمریکی جێگەی دووەمی گرتبوو، بەشێوەیەکی زۆر گەرم پارێزگاری لەناتۆ دەکرد کە دەتوانین ناوی چەپی ناتۆی لێبکەین، دوژمنی یەکەمین دەوڵەت کێیە، بەتایبەت بەهاتنی هەشتاکان و نەوەدەکان؟

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەوە PKKیە، ئەم جارە هێرشی PKKی کرد.

میهری بەللی: ئەوە PKKیە ناوزەدی کرد بە "ماشەی خوێناوی ئیمپریالیزم".

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە بەو پارتیە دادەنرێین توندوتیژترین شەڕ لەبەرامبەر ئیمپریالیزم بەتایبەت ئەمریکا بەڕێوە دەبەین.

میهری بەللی: بەتەواوی پێویست ناکات باس لەوە بکەین، بەڵام بۆچی و ئەو هۆکارانە چین؟ بێگومان ئەم پارتیە ناچار نییە هێرشە نەزۆکەکانی کۆنترگەریلا بێ هۆ دووبارە بکاتەوە، زۆر سروشتیە کە خۆی وەك دوژمنێکی ئیمپریالیزم نیشانبدات و کراسێکی شۆڕشگێڕیانە لەبەربکات، لەکاتێکدا ئەوانی تر تاوانبار دەکات و بەزەلکاوی ئیمپریالیزم ناوزەدیان دەکات.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەتەوێ بڵێیت: دەتوانین بەڕەوتی چەپی دەوڵەت دایبنێین.

میهری بەللی: من پارتی پەرینچەك لەگەڵ چەپی تورکدا ریزناکەم، بەڵکو قەوارەیەکی دەرەکی دزێوە کە دەستکردی دەوڵەتە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: باشە.

میهری بەللی: لەوانە زیاتر تاوانباری ترسناکتر هەیە لەوانە: بزووتنەوەی کوردان بەتەواوی نەتەوەییە و، مۆرکێکی نیشتمانی رزگاری پێوەیە، لە کاتێکدا ئێمە سۆسیالیستین و لە پێناوی ئامانجی بەشکۆدا تێدەکۆشین، بۆ ئەوە پێویستە مەودا لەنێوانماندا هەبێت.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: کێ ئەوە دەڵێت...؟

میهری بەللی: بەتەواوی بەو شانە نا، بەڵکو...

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: لەو دەچێت.

میهری بەللی: بەتەواوی بەو شانە نییە... بەڵکو بەهەڵسەنگاندنەکە دەگاتە ئەو رێژەیە، واتە بچووك کردن و بێ واتاکردنی بزووتنەوەی کوردی لە رێگەی تەواو بە ناسیۆنالیزم لەقەڵەمدانی، بێگومان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بە شۆڕشی سۆسیالیستی تەواو بەرەو سەرکەوتن ببرێت، ئەمەش کاری ئێمەیە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەندێکیان بەو شانە

موخاتەبـەیان کـردم، مـن ناچـار نیـیم بڵـێم: فـلان کـەس و فـلان ڕێکخسـتن ئـەوەیان ووت. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە هەڵوێسـت لـە بـەرخۆدانی نیشـتمانی دیموکراسی کوردستان هەڵوێستێکی ئیستهلاکی ـ بازاڕییە. لێرەدا بـەهای ئـەو دیموکراسی و شۆڕشگێڕییە لە راستی تورکیادا دیاردەبێت، ئەگەر هەڵوێستی تۆ نێگەتیف بێت، هەرچیەکی لە رادەبەدەرت کردبێ، ناکرێـت تـۆ بـەدیموکرات و چـەپ دابنرێـت. دیموکراسـیەت مانـای چـییە..؟ بـەبێ جێگـەگرتنی گـەلێك لەسەر شانۆی سیاسی بەناسنامەی تایبەتی خۆی دەکرێت باس لـە گـۆڕانێکی دیموکراسی بکەین؟ بێگومان نا...

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: وەکو ئەوانە ناتوانن لەگەڵ گەلەکەیاندا دیموکرات بن.

میهـری بـەللی: بەتـەواوی ئەمـەوێت ئـەوە بڵـێم، ئەمـە هەڵوێسـتێکی ئیستهلاکییە، ئەگەر هەڵوێستی تۆ دروست بێ پێویستە هەڵوێستی هاوکاری و پشتگیری یـەکێتی ئارەزوومەندانـەی هـەردوو گـەلان لەسـەر بنـەمای یەکسانی بپارێزیـت، مـن پشـتگیری ژیـانی هاوبەشـی هـەردوو گـەل دەکـەم لـە وڵاتێکـی هاوبەشدا و لەگەڵ ژیانی جیاوازدا نـیم. بێگومـان پێکهێنـانی ئـەم یەکێتیـە نـاتوانرێ ئـەنجام بـدرێت تـەنها لـەژێر سـایەی دیموکراسـیەت نـەبێ، هەوڵـە فاشـیەکان تـەنیا پارچـەکردنی وڵاتیـان لێدەکەوێتـەوە، تێکۆشـانی ئێمـە تێکۆشـانێکە لـە پێنـاوی وڵاتێکـی هاوبـەش لـەژێر سـێبەری یەکێتیـەکی ئارەزوومەندانە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئێمە ناوی "یەکێتی لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی" لێدەکەین.

میهری بەللی: یەکێتی، راسـتە یـەکێتی ئارەزوومەندانـە. لێـرەدا پێویسـتە بووترێ: چەپی تورك، چەپی کۆمەڵایەتی تورکی.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دەکرێت چەپی تورکی سەرلەنوێ وشیار بێتـەوە؟ چی پێشنیار دەکەن بۆ چەپی تورکی.

میهری بەللی: لێرەدا دەمەوێت بڵێم کە...

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: پێویستە چۆن موخاتەبێ ئامادە بکەین؟

میهری بەللی: من بـاوەڕی تـەواوم هەیـە کـە پێکهێنـانی کار لـەژێر نـاو و ڕێکخستنی جیاوازدا و سەپاندنی ئەم یان ئەو تێڕوانین بەسـەر ڕێکخستنەکان و کـارکردن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەنجام بـەم شـێوازە ئامـانجی یـەکێتی دەگاتـە خەیاڵێکی دابڕاو و پێك نایەت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەبواری تاکتیکەوە هەڵوێستێکی زۆر هەڵەیە.

میهری بەللی: هەڵەیە.... پارچەبوون راستیەکی زیندووە، بەو شێوەیە ئامانجی ئێمە لە چەپێکی بەم شێوەیە بڵاودا پێویستە یەکێتی و کاری بەکۆردینە بێت، ئەم ئەرکەش بەزۆر خۆی دەسەپێنێ.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەخوازی بڵێیت ئامانجی یەکەم کۆردیناسیۆنە.

میهری بەللی: بەڵکو ئامانجی سەرەکی کاری بەکۆردینەیە لەنێوان رێکخستنە جیاوازەکان و، ئاواکردنی کۆمیتەیەکی کۆردینەی هاوبەشی چالاك، لەساکارترین نمونە بڕوانە. کاتێك لە بۆنەیەکدا رێپێوانێکی ئاشتیانە رێکدەخرێت، هەر پارتیەك خۆی بەتەنیا نیشاندەدات، ئەنجام سەرکەوتنێکی تەم و مژاوییە، پارتی گەلی دیموکراسی و پارتی ئازادی و دیموکراسی بەیەکەوە ئاهەنگێك سازدەکەن و تیایدا دروشمی شۆڕشگێڕی بەرزدەکەنەوە و داوای ئاشتی دەکەن، دەڵێن: "با خوێن رژاندن بوەستێت" بەدەیان هەزارکەس کۆدەبێتەوە، هەروەها رێپێوانێکیان لە ئەنقەرە لەمێژووی 12 ـ 13ی نیسان رێکخست.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: چی روویدا..

میهری بەللی: رێپێوانێك بوو کە دروشم لەدژی چەتەکانی نێودەوڵەت و شەڕی قڕێژ تیایدا بەرزکرابۆوە، زۆر سەرکەوتوو بوو، لەسەر ئاستی ئەنقەرە پارتیەکانی رژێم ناتوانن وەك ئەمە رێکی بخەن، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەسەرکەوتوویی ئەنجامی دەدات هەرچەندە بەشێکی بەشداری دەکات، کێ دەزانێ چی روودەدات کاتێك هەموو ئۆپۆزیسیۆن کۆببێتەوە؟

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: رێپێوانێکی زۆر بەرفراوان، لەوانە بڵندتر بوو کە لەحەفتاکاندا ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی پێی هەڵدەستا، وا نییە...؟

میهری بەللی: بەڵێ بەزۆریش دەربازی ئەکرد، لەگەڵ یەك جیاوازیدا رێپێوانەکانی ئەمڕۆ لاوان و بەساڵاچووەکان بەشداری تێدا دەکەن، لەکاتێکدا لە حەفتاکاندا تەنها لاو بوون.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەوکاتەدا لاوان بەتەنیا بوون، ئەمڕۆ گەل هەموو بەیەکەوە.

میهری بەللی: بەڵێ ئەمڕۆ هەموو گەل.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لاوانی ئەمڕۆ لاوازن، سەرنجی تۆ راناکێشێ؟ لەئەنجامدا پیر و پەککەوتەکان دەکەونە ریزەکانی پێشەوە.

میهری بەللی: بەڵێ پێویستە ئەو وزە مەزنەی لاوەکان کە لەو کاتانەدا هەبوو لەبیرنەکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵام ئەمڕۆ بە پلەی دووەم دێت.

میهری بەللی: ئێستا لەپلەی دووەمدایە. بەڵێ.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: بەڕاستی سەرسووڕهێنەرە.

میهری بەللی: ئەو ڕێپێوانە هەیە کە لەگۆڕەپانی سووڵتان ئەحمەد پێکهات و بەئەندازەی ئەو ڕێپێوانەیە کە باسمان لێوەکرد، مەبەستم ئەو ڕێپێوانەیە کە کەسایەتیە ئاینیەکان پێی هەستان بۆ نارەزایی لەبەرامبەر پەروەردەی عیلمانی.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: هەروەها ئەویش.

میهری بەللی: ئەویش ڕێپێوانێکی گەورە بوو لەکاتێکدا ئەو ڕێپێوانەی کە پارتییەکانی دیکە پێی هەڵدەستن خاو و بێ ڕەنگە. ئەوە ئاماژە بۆچی دەکات؟ ئەوە ئاماژەیە بۆ ناڕاستی ئەم جیاوازییەی کە لەژێر ناوی بەرەی عیلمانیەت و بەرەی ئایینیدا هەبوو.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: زۆر سروشتییە.

میهری بەللی: راستی کار ئەمەیە کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنێکی کۆمەڵایەتی ئایینی بێت، یان عیلمانی.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: دەمەوێت سەرنجتان بۆ مەرزبەندی ئۆپۆزیسیۆن رابکێشم کە لەژێر ناوی عیلمانی دایە و ناعیلمانی مەرزبەندییەکی نارێك و چەواشەیە.

میهری بەللی: بەڵێ، ئۆپۆزیسیۆنێکی چەواشەیە، ئامانج لێی ئاراستەکردنیەتی بۆ رێڕەوێکی تر.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: درێژە بەشیکردنەوە بدە...

میهری بەللی: وەك تێبینیتان کرد ئۆپۆزیسیۆنی عیلمانی و پێکهێنانی بەرەی عیلمانی دوای رووداوی سوسورلوك بوو، پرۆسەی کوژاندنەوەی رووناکی کە بە ملیۆنان بەشداریان تیایدا کرد و رووداوێکی گرنگ و جوان بوو لەم چوارچێوەیەدا بوو.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: لەیاد نەکە، ئەوەش نارەزاییە بۆ ئەو شەڕە قرێژە.

میهری بەللی: دروشمی دژی شەڕی قرێژ دەووترایەوە، دروشمێك کە کۆمەڵگای خاوێنی دەوێت، بینیان بەرەو خراپی دەچێت، لەدواییدا ئاراستەیان کرد و دروشمی عیلمانیەتیان پێش خست.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: بەلارێدا بردیان.

میهری بەللی: بەلارێدا بردیان، پێویستە تەڵەی عیلمانیەت باش بناسرێت.

عەبدوڵڵا نۆج نالان: وەکو ـ سەرنجتان رادەکێشم ـ وەکو بزووتنەوەی کارە ئۆغلان بوو.

میهری بەللی: بەڵێ ـ بەڵێ.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بینای مەزنی چەپ، لەژێر دروشمی عیلمانیەت دا بەلارێدا بردنیان پێویستە بەکاری بهێنین. راستە.

میهری بەللی: ئێستا لەم رەوشەدا، لەپێشماندا ئامانجی دیار هەیە. ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی وەکو کۆردینەیەك جوڵەی کرد؟ بە سەدهەزاران بخەینە ناو جوڵە، ملیۆنان بخەینە ناو جوڵە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: راستە.

میهری بەللی: ئەمە راستە، ئەگەر ئێمە نەیکەین، لەپێشماندا هەڵبژاردن هەیە، لەهەڵبژاردندا HADEP و ODP و پارتی رەنج و SIP رێکخستنی ئاشکرا و نا ئاشکرا و دەزگا دیموکراسیەکان، ئەگەر یەکتری بگرن و لەژێر چەتری کۆردینەیەك بەشداری هەڵبژاردن بین، ئەوکاتە دەبینە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندی، وەکو ئێمە ئاستی هەڵبژاردنمان دەرباز کردبێت، ئەو کاتە دەبینە دەسەڵات. ئەمە راستیەکە، لەڕاستی تورکیادا ئەم کارە هاتە ئێرە، چۆن هاتە ئێرە؟ بێگومان گرێدراوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردانە...

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: جێگەیەکی دیاریکەری هەیە.

میهری بەللی: دەبێ بزانین، بوونی سەرۆکایەتیەك لەسەر ئەم بزووتنەوەیە کە فیکر و رێنمایی چالاکی هاوچەرخانەیە، ئەمە بۆ تورکیا شانسێکی مەزنە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: شانسە.

میهری بەللی: شانسێکی مەزنە و، ئەم شانسەش وەکو فەرزێك دەبینین، ئەمە ئەرکی سۆسیالیستانی تورکیایە، کارێکی بەپەلەی چەپە، پێویستە لەنێوان باڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی کۆردینەیەك پێك بهێنین و بکەوێتە پراکتیك. دروشمەکان دیارن، سەربەخۆیی و دیموکراسیەتی راست ئامانجە، ئەوەی تا ئێستا بەناوی دیموکراسی پێشکەشیان دەکردین بێگومان ئەوە ناڵێم.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: دەکرێت لەپەیوەندی کورد ـ تورکدا پەیوەندی پێك بێت؟

میهری بەللی: بەواتای هەموو هێزە نەتەوەییە دیموکراسیەکان، لەبواری سیاسیدا لەسەر هێڵی چینایەتیان خۆیان رێك بخەن و، بەناسنامەی خۆیان بکەونە جوڵە، ئەمەیە دیموکراسی.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بۆ کوردەکانیش وەها بوو؟

میهری بەللی: ئەمە ئامانج بوو.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بۆ کوردەکانیش وەها بوو؟

میهری بەللی: بۆ کوردان و تورکەکان بەیەکەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بۆ داوای نیشتمانی دیموکراسی.

میهری بەللی: بەناسنامەی خۆیان ئەمە مانای چییە؟ بەناسنامەی خۆیان مانایەکی تری هەیە؟ ئەمە ئامانجێکی دیموکراسیە، بەمانای نانێك نایەت کە بچووك دەبێتەوە، بەڵکو ژیانێکی مرۆڤانەی بەرێز و ئامانجێکی مەزن و بەرفراوانی دەبێت. ئەمەویت ئەمە بڵێم.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەندێك دەنگ لە سوپاش دەردەکەون، پێویستە ئەویش بەکارێکی پۆزەتیف دابنرێت.

میهری بەللی: بێگومان پێویستە بزانین کە بڵندبوونەوەی هەندێك دەنگی نیشتمانی لەنێو ریزەکانی سوپادا و خولانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی گەلێری لەبازنەیەکدا و ژیانکردنی لەنێو رەوشێکی پارچەدا، ئەمانە دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان پێش ناخەن. ئەوانەی ئەرکی پاراستنی....

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: واتە ئەو پتەو دەبێ بەرێژەی پتەوبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی.

میهری بەللی: ئەنجامێکی تێر و تەسەل بەدەست دێت لەپێناوی پێکهێنانی ئاشتی و دیموکراسیەت.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: دەستە فاشیەکان لە رەوشی بڵاوبوونەوەدان و؛ دەستە شۆڕشگێڕی و نیشتمانیە دیموکراسیەکان لە رەوشی پێشکەوتندان؟

میهری بەللی: پێویستە لەبیر نەکەین کە دوژمن بێ ئاگا نییە و ئەمریکا بەهەموو تواناکان پشتگیری دەکات.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: چاوەڕوان دەکەیت لەڕۆژانی داهاتوودا چی رووبدات.

میهری بەللی: ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا پارتییەك نییە بەشێوازی پارتی رەفا کار بکات.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: باشە.

میهری بەللی: ئەوانە بەرێژەیەکی زۆر بە رێکخستن و کۆردینە کار دەکەن، هەل و پلەی سەرکەوتنمان چەندە؟ پارتی رەفا لە پارتیەکی بچوکەوە هەنگاوی نا بۆ گەورەترین پارتی لەرێی ئەو دروشمە چەپانەی کە بەکاری هێنا 5%ی دەنگەکانی کە بەدەستی هێنابوو لە دەوروبەرە ئایینیەکان و ئەوانەی تریش، لەراستیدا دەنگی ئێمە بوون، هەستی نیشتمانی گەلی موخاتەبە کرد و هەروەها رۆحی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم لەلای گەل و هەستی دژایەتیکردنی سەهیۆنیزم لەلایەن گەلە ئیسلامیە دراوسێیەکان و هەروەها رۆحی هاوکاری ئەوانی بەبناخە گرت. بەرەوی بە هێزی خۆی دا بەلام ئەمڕۆ تەنیا دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەسەڵات و مۆرکردنی پەیمانێك لەگەڵ ئیسرائیلدا پەردەی لەڕوو هەڵماڵدرا.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: یەکلایی بۆوە کە دژایەتیکردنی بۆ سەهیۆنیزم تەنیا قسەیە.

میهری بەللی: لە ئێستا بەدواوە ناتوانێت لەبەردەمی گەل وەك دوژمنێکی سەهیۆنیزم خۆی نیشان بدات، هەروەها ناتوانێت خۆی وەکو ئەوە نیشان بدات کە پێشەنگایەتی سەرهەڵدان دەکات، ئەگەر وایکرد زۆر ئاسانە ریسوا بکرێت و راستی نیشان بدرێت، بەڵام ئێمە کاتێك چووینە لای جەماوەر و پارێزگاریمان لە پرسی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و هەروەها پاراستنی سەربەخۆیی و دیموکراسی کرد، ئێمە راستگۆیی خۆمان بەژیانی خۆمان نیشاندا و لەگەڵ گەلی فەلەستیندا بەخوێنی خۆمان بەشداریمان لە تێکۆشان کرد دژی سەهیۆنیزم. یەك مرۆڤی ئایینی هەیە چوبێت و شەڕی سەهیۆنیزمی کردبێت؟ ئێمە باوەڕیمان زیاتر داوە، بەڵام ئەوانی دیکە لەناوخۆدا پووچن و، لەئێستا بەدواوە ناتوانن تێکۆشانی گەلی فەلەستینی و شەڕی نیشتمانی دیموکراسی بۆخۆیان بگۆڕن بە رەنجێکی درۆزنانە و بانگەشەی شەڕێکی ئایینی بکەن، چونکە ئەم بانگەشانە خزمەتی شەڕەکەیان ناکات. بەتایبەت ئەوە شەڕێکە کە حەفتا ساڵ بەردەوامە و عەرەبە مەسیحیەکانیش تیایدا شەهید بوون، نیشاندانی ئەو تێکۆشانە وەکو تێکۆشانێکی موسڵمانانە هەوڵێکی بێ هودە و بێ مانایە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەوانەی کە داوای ئاشتی دەکەن لەناو ئیسرائیلیەکاندا.

میهری بەللی: ئەوانی تریش لەگەڵ گرانی بارودۆخەکە لەسەر تێکۆشان بەردەوامن.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: بۆ نمونە ئیسحاق رابین یان کوشت چونکە داوای ئاشتی کرد.

میهری بەللی: بەڵێ ئەو باوەڕی دەکرد وەك رەوشی ئەوانی تریش.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: واتە ئەو شێوازێکی درەنگە و پشتگیرییەکی ساختەیە.

میهری بەللی: ئێمە لەم پێناوەدا شەهیدمان دا، لەکاتێکدا ئەوان خەریك بوون بە خۆنیشاندان و ئاڵا سەوزەکانیان بڵند کردبۆوە و بەردیان دەهاوێشت و دەکەوتنە سەر زەوی وەك بڵێی فیشەکێکیان لێ کەوتبێ، دروشمی "لا الە الا اللە"یان دووبارە دەکردەوە.

عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان: ئەوە تەنها خۆنیشاندان بوو.

میهری بەللی: شەهیدبوون بەم رەنگە نابێت، شەهیدبوون ئەوەیە کە سینگت بکەیتەوە لەبەرامبەر فیشەك، بەڵام بۆ سۆسیالیزمی دیموکراسی ئەوا ئەوان بارووادی خۆیان ونکردووە، لە شەستەکاندا ئەجەوید ئەلتەرناتیفێکی راستی پێشکەشی ئێمە کرد لەژێر ناوی سۆسیالیزمی دیموکراتدا، بەڵام ئەمرۆ

بەباشی بەرەو راست چووە و، لەیەك ریزدایە لەگەڵ تورکێش. بۆ ماوەی چواردە ساڵە کوالیسیۆنێکی بەناوبانگیان هەیە لەگەڵ ئینۆنو و قەرەیاڵچین و چیللەر.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەو گەورەترین هاندەرە بۆ شەڕی تایبەت.

میهری بەللی: پێی دەوترێت ئەوانەی خاوەنی جێگەیەکن، لەو ماوەیەی ستەمی فاشی گەیشتۆتە لوتکە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: هەموویان لە کوالیسیۆنی فاشیدا کۆدەبنەوە.

میهری بەللی: هەموویان بەشدارن تیایدا بەچیلەریشەوە، جیاوازی چییە لەنێوان قەرەیاڵچین و چیللەر، چ جیاوازیەکی لەگەڵ ئینۆنو هەیە. ئیتر ناتوانن بەوتەی دیموکراسیەت و شتی تریش گەل هەڵبخەڵەتێنن. لەم بوارەدا ئێمە لەوان بەهێزترین و زیاتر جێگەی باوەڕین و سەرکەوتووین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەمە راستە.

میهری بەللی: راستی قسەکانمان بەتێکۆشانمان پێکهێنا، بۆ ئەوەش ئاییندە بۆ ئێمەیە. بەتەنیا دەست لەناو دەستدا بجووڵێنەوە و بەکۆردینەیەکی پتەو خەبات بکەین.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەگەر دەخوازن با هەندێك لەسەر پرسەکە بدوێم، لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە ئێمە رەوشی ئێستای تورکیا و قۆناخی نوێمان بەهێڵە گشتیەکانیەوە هەڵسەنگاند. ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئێستا لە بزووتنەوەی خوێندکارانی ساڵی 1970 لە پێشترە و سەرتاسەری تر و، قووڵترە و بەرەو ئەوە دەچێ کە لاوان بکەونە پلەی دووەم، پێویستە لەم لایەنەوە ببینین، ئەمە یەکەم بوو، دووەم ئیدی کارە ئۆغلان ناتوانێت وەك ساڵانی حەفتاکانی بزووتنەوەی خۆی بسەپێنێت، هەرەچەندە سەرۆکی CHP بایقاڵ دەخوازێت ئەو وزەیەی لە دروشمی عیلمانیەت دەردەکەوێت کۆنترۆڵ بکات و جارێکی دیکە بەلارێیدا ببات، باوەڕناکەم سەرکەوتن بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی بەشداریان لەگەڵ چیللەر کرد لە دەستەی فاشیەکان بۆ ماوەی 5 ساڵ لەسەردەمی حکومەتی قەرەیاڵچیندا. گەلەکەمان زیاد لەپێویست راستی ئەوانە دەزانێت، تەنیا پێویستە ئێمە ئەرکەکانمان پێك بێنین، بەشێوەیەکی تایبەت کۆالیسیۆنەکەمان.

میهری بەللی: رێم بدە بەکورتی پیلانەکانی پارتی گەلی کۆماری CHP شیبکەمەوە، ئەمڕۆ زۆر بەپەلە هەوڵدان هەیە بۆ دامەزراندنی یەکێتیەکی هەڵبژاردن لەنێوان پارتی گەلی کۆماری و پارتیODP، لەپشت پەردەوە ئەرکە پەرلەمانیەکان نیشانی کەسایەتیەکان دەدەن، هەندێك خێرخواز لە رۆژنامەی "جمهوریەت" وتار بڵاودەکەنەوە و دەڵێن: زیانی بەشداری

سۆسیالیستەکانی پارتیODP لە پەرلەماندا چییە؟ جیاوازی ئەم سازشانە و ئەوانەی لەدوای 12ی ئەیلول دروست بوون چییە؟ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی توانای کار لەژێر چەتری پارتی سۆسیالیستی دیموکراسی SODEP ئەمە شتێکە و، هەڵسانی پارتی گەلی کۆماری بە یەکخستنی ریزەکانی لەگەڵ فاشیستەکان دوای ئەوەی کە بینی هەڵخەڵەتاوە و بەتایبەت، دوای بینینی هەڵسوکەوتی ئەوەی پێی دەووترێت رەوتی سۆسیال دیموکرات ئەمەیان شتێکی ترە ئەمەی دوایی...

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: ئەمە خۆکوشتنە.

میهری بەللی: خۆکوشتنێکی سیاسی و خیانەتە.

عەبدوڵڵ ئۆج ئالان: لەگەڵ بۆچوونەکەت دام، هەوڵدانی پارتی گەلی کۆماری بۆ بەلاڕێدابردنی وزە بەدەست هاتووەکان لەژێر ناوی عیلمانیەت، راستیەکی جێگیرە و بێشەرمانەیە، پێویستە دەرفەتیان نەدەین و ئەمەش ئەرکێکی بەپەلەیە و لەسەر هەموو گروپەکان، لەسەرووی هەموویانەوە چەپەکان و سۆسیالیستەکان، هیوادارم ئەم ئەرکەیان لەبیر نەکەن. سروشتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری پێویستە چۆن بێت؟ پرسیارێکە شایەنی وەڵامە، بەڵام رێم بدە لەسەرەتادا ئاماژە بە بەشداری دەستە فاشیە خوێنڕێژەکان بکەم لەشەڕی تایبەت بەدرێژایی 15 ساڵی رابردوو. پێویستە ئەم راستیە ببینرێت و لەبەر ئەو رۆشناییەدا ئەگەر پێویست بێت پارتی گەلی کۆماری لە ئایندەدا هەڵبسەنگێنرێت، ئەم پارتیە هەڵوێستی خۆی دیاری دەکات؟ لەمەش زیاتر نەك هەڵەی خۆی بەڵکو خیانەت دەبینێ، دەنیز بایکاڵ لە رەگ و ریشەوە دژی ئەم پرسەیە؟ پێویستە ئەم هەڵوێستانە گفتوگۆ بکرێن.

لەگەڵ ئەوانەدا وەك ئاماژەمان پێکرد پارتی رەفا هێزێکی زۆری کۆکردەوە لە رێگەی لەخۆگرتنی ووتە و دروشمە چەپەکان و، دەستی گرت بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتیدا. کەوتنی دەمامکی بانگەشەی درۆزنانەی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم شتێکی باش بوو، دەرکەوت کە شتێك نادادتە هەژارەکان و، رەفا تەنیا یەکێك لە بازرگانە گەورەکانی شەڕە، بەمەش رۆڵێکی پۆزەتیف دیاری دەکرێت لە رێبازی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی و کەوتنەسەر ئاراستەی سروشتی خۆی. بەکورتی هیچ شتێك نەماوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی لەشێوازی رەفا و پارتی گەلی کۆماری بیڵێن، بۆرژوازیەت ئیتر وەك رابردوو ئاسان نییە کە بۆ درێژەدان بەتەمەنی خۆی ئەم دوو پارتیە بەکار بهێنێ.

بەڵام لەوانە هەمووی گرنگتر ئەو ناڕەزاییە کۆمەڵایەتییە گەورەیەبوو لە گۆڕینی کۆمەڵەکانی نوخبە بۆ چەتەکانی نێودەوڵەت، بەم واتایە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگا بەتەواوی دژایەتی چەتە فاشیەکان دەکات، هۆکاری سەرەکی پێشنەکەوتنی دەستە فاشیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هەموو کۆمەڵگا لە رووی ئەو چەتانەی کە لەسەر دەستی دەوڵەت بەهێز دەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی شاراوە و زۆر ترسناك، پرۆسەی کوژانەوەی روونـاکی و رێپێوانی ئاشتی بەشێوەیەکی بەرچاو دیاری دەکات کە کۆمەڵگا لە پێکهاتنی دەستە فاشیەکان زۆر بێزارە.

ئەمە ئەو قۆناخەیە کە کۆمەڵگا تیایدا دەژی، ئەمە بەڕاستی گرنگە. ئەگەر کۆمەڵگای تورکیا هەتا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە رێکخستنێکی پێشڕەو و کۆردینەیەکی هاوبەش و یەکێتی هەموو رێکخستنە دیموکراسی و گەلێریەکان، بەڵام لە راستیدا ئەو لەناوەوە دەکوڵێت و بەتەواوی گۆڕاوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراسی، کۆمەڵگای تورکی بۆ جاری یەکەمین لە مێژوودا دەردەکەوێت لەوەی ببێتە بناخە بۆ دەوڵەت، جا بەرچاو بێت یان بەرچاو نەبێت، دیار بێت یاخود شاراوە بێت و، ببێتە وزە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە. لەگەڵ ئەوانەشدا ــ ئەمەش زۆر گرنگە ــ بۆرژوازیەت هەموو ئەو چەکانەی بەکارهێنا بۆ درێژەدان بەهەڵخەڵەتاندنی گەل، سیاسەتی نوخبەی فاشی و پێکهێنانی چەتەکانی دەوڵەت و بزووتنەوەی هێزی تایبەت و پارێزەرانی گوند ئیفلاسی کرد و کەوت، هەروەها سیاسەتی ئیسلامی نەرم و ئیسلامی رەفا بەتەواوی ئیفلاسی کرد، سەرباری ئەمەش ئەو سۆسیال دیموکراسیەی کە پارتی گەلی کۆماری بە ئەجەوید و ئەرداڵ و بایکاڵ پیادەی دەکات، بەتەواوی روونبۆتەوە کە چۆنە، واتە ئەم چەکانە کاریگەری خۆیان لەدەست داوە، لەگەڵ ئەوەی کە پارتی رێگای راست هەڵدەوەشێتەوە و کەوتۆتە نێو رەوشێك کە وەکو پارتیەکی راسترەو ناتوانێ ریزە ناوخۆییەکانی کۆبکاتەوە.

لەسەرووی ئەمانەشەوە لەناو ریزەکانی سوپادا بێزاری زیاد دەکات لەبەرامبەر ئەو دەستە فاشیانەی کە بەدەست بڵاوبوونەوەوە دەناڵێنن، واتە وەکو رابوردوو باوەڕی بەسوپا ناهێنێ، سوپا دوای ئەو شەڕەی لە کوردستان بەڕێوەی برد، بەهەر شێوازێك بێت داوای چارەسەری دەکات، دەزانین کێ لەهەر کەس زیاتر داواکاری ئاشتیە؟ ئەو سەرباز و سەربازە پایە بەرزانەن کە لەکوردستان شەڕیان بەڕێوەبرد، کە زۆر لە رەوشی پورتوغال و فەرەنسا لە جەزائیر و روسیا لە ئەفغانستان و چەچەنستان دەچێت، دژایەتی کردنی سەربازەکان بۆ شەڕ و داواکردنی ئاشتی، ئەمە پێشکەوتنێکی نوێیە بۆ جاری یەکەمە لەناو ریزەکانی سوپای تورکیا دەردەکەوێت، ئەمە رەوشێکە شایەنی

بەدواداچوون و چاودێری کردنە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی و کاتێك پێویست بێت پەیمانی لەگەڵدا ببەسترێت، بەڵام لەسەر بناخەی پشت بەستن بەهێزی خۆیی، رەوشی پێکهێنانی دەستەیەکی ئەلتەرناتیف لەنێو ریزەکانی سوپادا بە رەنگدانەوەیەکی پۆزەتیفانە دەرکەوتووە، لەکاتێکدا دەستەی فاشی بەرەو دواوە دەچێت و لاواز دەبێت، ئەمەش پێشکەوتنێکە شایەنی هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنە.

لەگەڵ ئەوانەدا هەروەها بلاوبوونەوە کەوتۆتە ناو ریزەکانی هێزی ئاساییش، بەشێوەیەك لەدوای رووداوی "ئەلخلد" دەرکەوت کە هێزی کۆنی نەماوە، واتە حکومەت لەقۆناخێکی کاتیدا ژیان دەکات. لەگەڵ رای ئێوەدام کە ئەمریکا لە ئێستا بەدواوە هەوڵدەدات، ریزەکانی خۆی کۆبکاتەوە و لەپیاوەکانی خۆی بگەرێت، زۆر زیاتر هەوڵبدات کە لەناو پارتیەکی ناوەندی راست کۆیانبکاتەوە و، جێ و دەسەلاتی خۆی بەسەر حکومەتی ئێستادا بەکاربهێنێ و، بخوازێت رۆڵی خۆی لەناو ریزەکانی سوپادا پتەوتر بکات. پێویستە ئەمە بەوردی چاودێری بکەین. پێویستە ئەوە ببینین کە ئەمریکا چۆن دەخوازێت دەسەلاتی خۆی لەناو سوپا و پارتیە بۆرژوازیەکان بسەپێنێ. تەنانەت لەناو بزووتنەوەی چەپیشدا و، لەسەر رووناکی ئەو پێشکەوتنانەی روودەدەن تەگبیری خۆمان بگرین، لە راستیدا پێویستە هەوڵەکانی ئەوروپاش بۆ ئەمە زیادبکەین، تەنها تێر ببین بە ووتنی ئەو: دیموکراسیە، با بەدوای دیموکراسیەتی ئەوروپادا بچین، ووتنێکی نەزۆکە و پێویستە لەبەرامبەریدا زۆر وشیار بین. ئەگەر مەسعود یەڵماز یان دەنیز بایکاڵ بخوازن دیموکراسیەتی ئەورپی بچەسپێنن، لە راستیدا دیموکراسیەتی هەردووکیان ئاشکرا بووە و، بۆ ماوەیەکە ریسوا بوون، پێویستە نەکەوینە ناو ئەو تەڵەیەوە، وەك دەبینین بارودۆخ و رێگاکان بەتەواوی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتی کراوەن، لەسەرووی هەموو ئەمانەوە شۆڕشگێڕ و چەپ و سۆسیالیستەکانی تورکیا هەموویان بۆ ماوەیەکی درێژە لە رێگەی بەخشینی خوێنی خۆیان گرێدانیان بەگەل نیشانداوە، ئەو دروشمەی دەنیز گەزمیش لەسەر سەکۆی سێدارە بڵندی کردەوە: "بژی یەکسانی و ئازادی هەردوو گەلانی کورد و تورك" دروشمێکی بەدەنگە و هەرکەس لەبەرامبەریدا دەلەرزێت، بۆ هەمان هۆ پاراستن و گیانفیدای سۆسیالیستە تورکەکان لە راستی گەلی کورد، گرنگیەکی مەزنی هەیە، هەروەها هەزارن شەهید و دەیان هەزار زیندانی هەن کە هەموویان بەیەکەوە کۆی بەهاکان پێکدەهێنن.

میهری بەللی: پێویستە ئەوانەی بەسەختی بریندارن لە یادیان نەکەین.

عەبدوڵڵا ئۆجالان: ئەوانە میراتێکی گەورەن، هەرچەندە بڵاوبوونەوە هەیە بەڵام تائێستاش زۆر گروپ هەن کە لایەنی پۆزەتیف و میراتێکن بۆ ئێمە، کەواتە چیمان کەمە؟ پێش هەمووشتێك و لەجیاتی بەهێزکردنی ئەم یان ئەو پارتی، پێویستە ئەم میراتە لە بڵاوبوونەوە رزگار بکەین و، کۆردیناسیۆنێکی ناوەندی پێکبهێنین کە ئەو کارە بکات، بەوەی کە ئێمە هێزی یەکەمی نیشتمانی دیموکراسی کوردین، ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەو کارە لەچوارچێوەی پارتی دیموکراسی گەل ـ کە دەزانن ـ ئێمە پشتگیری لێدەکەین و، بنکەیەکی جەماوەری هەیە کە بەملیۆنان مەزەندە دەکرێت، لە راستیدا چەند ملیۆنێك لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا بەدوو ملیۆن و دووسەد هەزار دانرا، لەکاتێکدا چەند جاری ئەوەش نەیانتوانی بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەمە بنکەیەکی هەڵبژاردنی مەزنە. ئەگەر بەبیر بهێنینەوە کە ژمارەیەکی مەزن لەناو بەڵگە فەرمیەکاندا نەنووسراوە، بێگومان ئەم ژمارەیە لەپێنج ملیۆن زیاتر بڵند دەبێت، ئەگەر بنکەکەمانی لەتورکیا بخەیتە سەر، ئەوا ژمارەکە دەبێتە دەیان ملیۆن، بۆ ئەوەش گرنگە کە کۆردیناسیۆنێکی ناوەندی و بەتایبەت لەپێناوی پێشخستنی چالاکیەکانی رێکخستن کە ئێستا هەیە دابمەزرێنین، بەتایبەت ئەوانەی کە پارتی دیموکراسی گەل و پارتی ئازادی و دیموکراسیەت و پارتیەکانی دیکە رایدەپەڕێنن.

میهری بەللی: پارتی کاریش هەیە.

عەبدوڵڵا ئۆجالان: پارتی کار و گروپەکانی دیکە کە تائێستاش نەبوونەتە پارتی، پێویستە کۆردیناسیۆنێکی ناوەندی پێکبهێنین کە هەموو پارتی و رێکخستنەکان لەخۆ بگرێت، بەو رەنگەش ئامادە دەبێت کە ببێتە هێزێکی مەزن، واتە ئێستا پێویست ناکات پارتی نوێ دابمەزرێنین، ئەو وزەیەی هەیە بۆ پێشخستنی کاری سیاسی و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و سازدانی رێپێوانی ئاشتیانە بەشدەکات و، دەسەڵاتێکی بڕیار پێکبهێنرێت کە کارەکانی ناردن و بەڕێوەبردن پێشبخات، هەزاران کرێکار هەن ئامادەن بۆ کاری پراکتیکی و، دەیان هەزار ئامادەن بۆ خەباتکردن لەنێو ریزەکانی گەلدا، بۆئەوە پێویستە لەسەرمان کە کۆردیناسیۆنێکی ناوەندی پێکبهێنین و، کات لەدەست نەدەین بۆئەوەی ئەو وزە و بەهایانە، بەفیڕۆ نەچن و نەکەونە ناو تەڵەی نوێ، هیچ پێویستی بەبڕیاری لەپێشدا نییە، بۆچی؟ چونکە هەر لایەنێك دەتوانێت لەسەر رێبازی ئایدیۆلۆژی و کاری خۆی بەرێدا بچێت.

میهری بەللی: بێگومان

عەبدوڵڵا ئۆجالان: ئێمە گفتوگۆ دەکەین لەسەر هەنگاوێك کە بتوانێ هێزی هەموو لایەنەکان پتەوبکات.

میهری بەللی: بێگومان

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: ئەویش "کۆردیناسیۆنی ناوەندییە" ئەو چەترەیە کە هەمووومان لە رەشەبا دەپارێزێت و، من بە کۆڵەکەی سەرەکی خەباتی دادەنێم.

میهری بەللی: ئەمە راستە....

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: کۆڵەکە هەمووومان دەپارێزێت لە کەوتنی خێوەتەکە، لە سێبەری ئەودا هەرکەس دەتوانێ بەئازادانە کار بکات و پێشبکەوێت، لەم سەرەتاگەیەوە: کۆردینە بەواتای چی دێت؟ ئەوە شێوازێکە کە نمونەی نییە.

میهری بەللی: ئەوە رێرەوی رزگار بوونە لە بچووك بوونەوە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: بەڵێ ـ تاکە رێگایە.

میهری بەللی: بەجەماوەری بوون.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: لەبەرامبەر تەڵە خۆپاراستن و، ونکردنی هێز لەشوێنی بێ مانادا و، بەتەنیا نەماین.

میهری بەللی: راستە.

عەبدوڵڵا نۆچ ئالان: وای دەبینم هەر کەس کارەکانی خۆی پێك بهێنێت و هەرکەس بەگوێرەی توانا و وزەی چەند بێت بەشداری بکات، ئێمە لێرەدا مەرجی پێشینەمان نییە و، پێویست بەهێنانەوەی بیانوو نابینین کە پارتی کرێکارانی کوردستان بیسەپێنێت. بەهێزی جەماوەری خۆمان پشتگیری دەکەین هەروەك چۆن پشتگیریمان دایە پارتی گەلی دیموکرات، سۆسیالیستە تورکەکانیش پێویستە یارمەتی کرداری بن، بۆ هەموو شێوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی گەلێری.

لەگەڵ ئەوانەشدا پێویستە هەمووومان کار بکەین بۆ بەهێزکردنی دەزگاکانی تێکۆشانی جەماوەری، لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد کە پێویستە کۆردیناسیۆنی ناوەندی بڵاوکراوەیەکی ناوەندی هەبێت کە زمانحاڵی بێت، تەنانەت رادیۆیەکی تایبەت دابنێت، ئەمانە هەموویان پێویستن، لەهەمانکاتدا یەکەمین شوێنی تێکۆشانی گەلانمان دەبێت لەسەر بناخەی ئازادی و یەکسانی هەروەها بەواتای دەرکەوتنی یەکێتی گەلانمان دێت، یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە لەهیوا و ئاواتەوە ببێتە راستی و بگۆڕێ بۆ هێزێکی مەتەریالی. لەکاتێکدا پارتەکانی رژێم بەرەو دواوە دەچن و وردە وردە هێزی خۆیان لەدەست دەدەن و ئۆپۆزیسیۆنی گەلێریش رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبێت. من لێرە باس لە تیۆری ناکەم، بەڵکو رێباز، من باسی پراکتیك بۆ خۆی دەکەم، چونکە هێزێکی کوردی تێکۆشەر و زۆر زیندوو لەپێناوی ئازادیدا هەیە و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنێکی کۆمەڵایەتی کە گەیشتۆتە ئاستێك

پێشی ناگیرێت لەنێو گەلی تورکیادا، کۆکردنەوەی ئەمانە هەموویان بەواتای دیموکراسی دێت، بۆ یەکەمین جار بواری سەرکەوتنی دیموکراسیەت لەتورکیادا دەرەخسێت. ئەمەش پێویستە بەگەرمیەوە سڵاوی لێ بکەین.

میهری بەللی: بەڕاستی بۆ یەکەمین جارە لەمێژوودا.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: بۆ یەکەمین جار تامی دیموکراسی دەکەین.

میهری بەللی: بێگومان.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: با بە ئاشکرایی پێتان بڵێم: کاری ئێمە تورکیای هێناوەتە لێواری دیموکراسیەت، زۆر لەناوەندەکان دان بەمەدا دەنێن "پارتی کرێکارانی کوردستان پارچەیەکی جیانەکراوەیە لە دیموکراسیەتی تورکیا" زۆر ناوەند دەرکیان بەمە کردووە لەناویاندا سوپاش، ئێمە دوژمنایەتی تورکەکان ناکەین بەڵکو دژی وەرچەرخانی فاشین کە تورکیا دەخنکێنێت و دوژمنایەتی دیموکراسیەت دەکات، خۆشەویستی ئێمە بۆ تورکیا ــ کە بەبەردەوامی دووپاتم کردۆتەوە ـ لە خۆشەویستی دەستە فاشیەکان بڵندترە با هەر کەس بزانێ کە ئەو فاشیانە مار و دوپشکی بکوژی تورکیان، رۆژێك دێت هەموویان بچن بۆ ئەمریکا، لەکاتێکدا ئێمە هەمووومان لەتورکیا دەمێنین و تا سەر تیایدا دەژین. ئەگەر پێویست بێت هەڵسەنگاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ تورکیا بکەین، دەکرێت بڵێین: بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراسی کوردستان ئاوێنەی دیموکراسیەتی تورکیایە، هەروەها وەك ئاماژەتان پێکرد پێوانی دیموکراسیەکەیەتی و، پشتگیری راستی گەلی تورکیایە کە دەسەڵاتداران لە رۆژئاواوە دەخوازن لەناوی ببەن، هەروەك چۆن لەمێژوودا دووبارە بۆتەوە. گەلی تورك ئەمجارەش ناتوانێت دەست لەگەلی کورد بەربدات. چونکە ئەمڕۆ جیاوازییەکی گرنگ هەیە، ئەویش سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی گەلێری و شۆڕشگێڕان و بزووتنەوەی گەلێرییە. ئەمڕۆ گەلی تورك زۆر پێویستی بە گەلی کورد هەیە کە مەزنترین نمونەیە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە رێگەی ئەو وشیارییە نیشتمانییە دیموکراسیە مەزنە و ئەو گیانفیداییە مەزنەی کە پێشکەشی دەکات. ئەمەش پێویستە رێز و سڵاوی لێبکرێت.

ئەمەیە کە ناوی لێدەکەم "وەرچەرخانی مەزن". گەلەکانمان لەسەر بناخەی ئازادی و یەکسانی بگەنە یەکتری و من هەست بە جۆش و خرۆشێکی مەزن دەکەم و وای دەبینم بواری سەرکەوتن زیادی کردووە و نزیك بۆتەوە، چونکە رۆژ بەڕۆژ دەکەوێتە واری کرداری و لەسەر بناخەیەکی نوێ بە ناسنامەی راستی خۆی و داوا نەتەوەیی و چینایەتیەکان، هەموو ناوەندەکان لەپێشیانەوە سوپا لەو باوەڕییەدان کە هیچ رێگەیەکی تر نەماوە، کاری ئێمە

لەم خاڵەدا بێگومان پێشگرتنی ئەم وەرچەرخانە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بونیادنانی رێکخستن و چوارچێوە و هاوێشتنی هەنگاوە تاکتیکییەکانە. لەو پێناوەدا ئێمە نرخێکی گرانمان دا کە بەفیڕۆ نەچوو، تەنیا ئەوە ماوە بەرەو سەرکەوتنی ببەین.

لەسەر ئەم بناخەیە و بەم بۆنەیەوە ئەم چاوپێکەوتنە بەنرخ دەبینم و لەکەسایەتی و ناسنامەی شۆڕشگێڕی مەزنی سۆسیالیستی ئێوەدا سڵاو دەکەم لەهەموو شەهیدانی شۆڕشی تورکیا و شۆڕشگێڕەکان و رێزم بۆ هەموو گروپەکانی رێکخستن هەیە و، سەرلەنوێ هیوا و باوەڕی گەورەی خۆم دەردەبڕم لە پێکهێنانی شۆڕشگێڕان بۆ کارەکانیان و داوا بۆ هەمووان دەکەم کە سەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنن و سڵاوی گەرم و رێزیان پێشکەش دەکەم.

میهری بەللی: هەروەها منیش.